# گەلاوێژی نوێ

گۆڤارێکی ئەدەبیی و رووناکبیریی بنکەی ئەدەبیی و رووناکبیریی گەلاوێژە

ئازادی .. داهێنان .. ئەقلانیەت

31

خاوەنی ئیمتیاز:

بنکەی ئەدەبیی و رووناکبیریی گەلاوێژ

سەرنووسەر:

عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی

بەڕێوەبەری نووسین:

لەتیف هەڵمەت

سەرپەرشتیاری شیعر:

سەڵاح محەمەد

راوێژکارانی وەرگێڕان:

محەمەد کەریم — محێدین مەحمود

سەرپەرشتیاری هونەری: بەختیار سەعید

مۆنتیف: نامیق حەمە

ژمارە یەکی گەلاوێژی نوێ لە (مایسی ١٩٩٧)دا دەرچووە

پەیوەندی لەڕێگەی
سەرنووسەرەوە دەبێت

یان :Email
galawizhynew@hotmail.com

ئەدرەس: سلێمانی — شەقامی سالم — بنکەی
ئەدەبیی و رووناکبیریی گەلاوێژ

پەیوەندی کردن لەهەندەرانەوە: سەنتەری سلێمانی
(تەلەفۆن ٠٠١٢١٢٨٩٦٣٣٠٤)
(فاکس ٠٠١٢١٢٨٩٦٣٣٠٥)

تایپی کۆمپیوتەر: زانا عارف

مۆنتاژو فەرز: (جلیل حسین)
ئۆفسێت: چاپخانەی داناز (شاخەوان ئیدریس)
چاپی بەرگ: ئۆفسێتی روون

تشرینی یەکەمی
2003

| بابەتەکانی ئەم ژمارەیە | لاپەڕە |
|---|---|


سپێدە ٣

سەلاح حەسەن پاڵەوان
تۆڵەو لێبوردن ٤

محەمەد رەنجاو
ئاماژەکانی دەسەڵات ١٦

د. سەروەر عەبدوڵا
ستروکتوری رووداو لە... ٢٥

دالاهوو
ئیمپراتۆر هەر زیندوو دەبێت ٣٦

سەلام مەنمی
فاکس ٣٩

شیرین . ك
چەند حیکایەتێکی کۆنی نوێ ٤٠

سەلاح محەمەد
ئیتر پەرداخەکە شکا ٤٧

هۆشەنگ شێخ محەمەد
گەڕانەوە بۆ ژوورەکانی مردن ٤٩

تەوەر
پرسیاری دامەزراندنو تایبەتمەندی رۆمان ٥٤

ئەرخەوان
چاوپێکەوتنێك لەگەڵ محەمەد موکری –دا ٦٨

سەعد هادی
گۆشە ١٠٦

گەلاوێژی نوێ
چاوپێکەوتن لەگەڵ مەریوان هەڵەبجەیی–دا ١٠٨

کامەران محەمەد
کتێبی شۆڕشی دیاریەکر ١١١

کەمال نوری مەعروف
شەنو کەوێکی (دراسە تحلیلیە لمنحوتە مدفن قزقاپان ١١٧




*ئێمە تا کتێب چاپبکەین‌و دەزگا دابمەزرێنین‌و بوار بۆ چاپکردنی بەرهەمی نووسەران برەخسێنین هێشتا هەر کەمە، سنعاتی کتێبیش لای ئێمە مێژوویەکی وەهای نییە، بەڵام خۆ لەهەموو هەنگاوێکماندا لەم بوارەدا پێویستە بپرسین چ کتێبێك چاپدەکەین، چ کتێبێك کە هەر تەنها رەشکردنەوە نەبێت‌و کارێکی ئیجابی لای خوێنەر بەجێبهێڵێت‌و بتوانین رێژەیەك داهێنانی تیا بەدیبکەین ئەگەرنا بەهانە چییە بۆ چاپکردنی کتێب.

ئاگام لێیە کەسی وا هەیە بەرهەمی زۆری هەیە، لەپاڵ بەرهەمەکانیشیا سەرچاوەی چاك بەدیدەکرێ بەڵام هەر چاپکردنی کتێبەکانی دوادەخات. لەم کوردستانەی ئێستاماندا جموجولێك کەوتۆتە چاپەمەنییەوە، واتا کتێبێکی زۆر دەرئەچێ خۆ ئەگەر وردبینەوە بەچاك‌و خراپیەوە لەچاو کتێبی ساڵانەی میللەتانی ترا زۆر نییە. باهەر ئەم پرسیارە لە خۆمان بکەین: بۆچی خوێنەری راستەقینەو قووڵبین بەدوای سەرچاوەو ناونیشانی دنیای کتێبی عەرەب‌و فارسدا دەگەرێت بەڵام ئەوەندە ناونیشانی کتێبی کوردی بەرچاو ناکەوێت.

رۆژێك دوو نووسەر بوو بەگفتوگۆیان، یەکەمیان رەخنەی لەوی تر گرت‌و وتی: باشە تۆ بۆ کتێبت بۆ فلان چاپکردووە؟ ئەویش وتی: چونکە هەر رۆژنامەکەی جەنابتان چل‌و پێنج بەناو وتاری بۆ بڵاوکردۆتەوە، کردویە بەناوێك لەرۆژنامەدا بۆیە ناتوانم بەئاسانی رێگای لێبگرم. رەنگە لەم رووەوە هەموومان-کەم تا زۆر- هەنگاوی خراپ بنێین.

لەگەڵ رێزمدا بۆ خاوەن پیشەکان، بەچاك‌و خراپیانەوە بەڵام من باوەرناکەم ئاسنگەرێك یا بازرگانێك یا عەرەبانچییەك بە ئاسانی هەموو کەسێك بە ئاسنگەرو عەرەبانچی وەربگرێ یا شەهادەتی پیشەکەی خۆی بەدوو خۆراتەکان‌و دوو سوورو ئەسپێك بەکەسانی دی ببەخشی، کەچی نووسین زۆر سووکبووە بێ خۆماندووکردن بەئاسانی سوار کۆڵی دەبن. من هیچ بیانوویەك نابینم بۆ بڵاوکردنەوەو چاپکردنی سەدەها نووسین کە ئەمرۆ دەیانبینم، چ پێویستدەکات یەکێك دەیەوێ بڵێ فلان کتێبێکی دزی یا پەرداخێکی شکان یا لەفلان ساڵدا پێی خواردانا بکرێت بە وتارێك‌و لاپەرەیەکی پێرەشبکرێتەوەو ئەویش بەبۆنەی چوار لاپەرەی کەیەوە یەخەی فلان دەزگای رۆشنبیری بگرێ‌و بڵێت دەبم بەئەندام.. یا ئەم کتێبەم بۆ چاپبکەن، کتێبەکەیش چوار بەلگەنامەیە، کە هیچ گرنگییەکیان نییە، نە پەیوەندییان بەرێکخراوێکەوە هەیە نە بەشۆرشێکەوە نە بەژیانی ناودارێکەوە، تەنها زانیاری ئاساین ئەویش لەسەر شت‌و کەسی ئاسایی رەنگە دەسکردیش بن‌و یا بۆ ئەوە باشبن لەبەشی نهێنی وەزارەتی ناوخۆدا بپارێزرێن.

من ئاگام لەوەیەو دەیەها کەس دەبینم نە کتێب دەخوێننەوە، نە بۆ خوێندنەوە سووتاون کەچی لاپەرە نیە نووسینیانی تیا نەبێ. سوودی ئەو نووسینانە چییە؟ فەیلەسوفی بەناوبانگ سیوران لەچاوپێکەوتنێکدا لەگۆڤاری (نزوی)دا خوێندمەوە دەڵێ من ئیتر کتێب نانووسم چاپیناکەم بەراستی کتێب زۆربووە.. ئێمەو سویران‌و وڵاتی هەردووکمان جیاوازن، بەڵام دەپرسین: باشترنییە بۆ هەر نووسینێکی چاك ماوەیەك بچینە خەڵوەتگەی خوێندنەوەوە.

گەلاوێژی نوێ

# تۆڵەو لێبوردن

سەلاح حەسەن پاڵەوان

چۆن ئەتوانین لەسنووری مرۆڤایەتیدا بسوڕێینەوە؟ کەی ئەتوانین خاوەنی مێژوویەك بین کە دوور بێت لە رق‌و کینەو دژەبەرایەتی؟ کەی ئەتوانین سنووری شەڕ ببەزێنین‌و لەنێو بازنەی پێکەوە ژیاندا بخولێینەوە؟ چۆن ئەتوانین مرۆڤایەتی لەناخی خۆماندا بچەسپێنین‌و بەوە ئەگەین کە ئاسوودە بین؟ هەموو خەون‌و هیواکانی مرۆڤایەتی بۆ ئەوە بووە تا لە ئاشتی ئەبەدیدا بژین، هەوڵ‌و کۆششەکانی بۆ ئەوەبوو کە رێچکەکانی دووبەرەکی لەیەك سەرچاوەدا کۆبکاتەوەو هاوسەنگییەك لەسەر ئەم گەردوونە بێنێتە دی، ئەو هاوسەنگییەی کە بە ئاسوودەبوونی بگەیەنێ...

ئاسوودەیی واتە بوار بەیەکتری دان لەچۆنیەتی هەڵبژاردنی ژیان‌و مومارەسەکردنی خۆشیەکان، هەڵبژاردنی رووبەری جوگرافی ژیان‌و سەوداکردن لەگەڵ دەستەواژەکانی سەربەستی، جووڵانەوە، وتووێژ، خۆشگوزەرانی‌و لێبوردن‌و پێکەوە ژیان.

ئاشکرایە هەر سەرچاوەیەك بۆ ئاسوودەکردنی ژیان، بێبەش نەبووە لەناکۆکی و چەرمەسەری‌و پێکدادان‌و جەنگ. کەواتە جەنگ‌و بەیەکدادان سەرەتای کێشەکەیە، سەرەتای قوڵبوونەوەی برینە، سەرەتای پەیدابوونی رق‌و کینەیەو سەرەتای دوورکەوتنەوەیە لەیەکتری‌و دابڕینی مرۆڤە لەیەکتری، شکاندنی ـەلیسمەکانی پێکەوە ژیانە، سەرەونگونبوونی ئەو وردە سەرە دەزووانەیە کە بەیەکتریمان ئەبەستێتەوە، سەرەتای کوشتنی خۆشەویستی‌و زیندەبەچاڵکردنی روخسارە جوان‌و زیباکانی ژیانە.


کەواتە سەرەتای هەر ماڵوێرانییەك شەڕو بەگژیەکداچوونە، گەر بڕوانینە مێژووی مرۆڤایەتی، ئەبینین مێژوویەکە سێ چارەکی پڕ لەجەنگ‌و درندایەتییە، پڕە لەماڵوێرانی‌و قین‌و دژەبەرایەتی، گەر ئەو جەنگانە بە ئاشکراش بەرپانەکرابن ئەوا لەناخ‌و دڵ‌و دەروونەوە بەرپاکراون‌و شێوەیەکی تر بوون لەشەڕ، کە پەیوەندیی بەناخەوە هەبووە، رێگربووە لەبەردەم گەشەدان بە پەیوەندییەکانی مرۆڤ‌و بونیادنانی پەیوەندییە روحیەکان.

ئەشتوانین جەخت لەسەر ئەوە بکەین هەموو شەڕێ دەرئەنجامی شەڕێکی تر بووە، هەموو ناکۆکییەك دەرئەنجامی ناکۆکیەکانی تر بووە، هەر بەیەکداچوونێ دەرئەنجامی ململانێیەکانی تربووە، رێگانەدان بە گەشەکردنی وتووێژو، دابڕین لەیەکتری‌و نەمانی پەیوەندی رێگای خۆش کردووە بۆ بەرپابوونی ئەو جەنگە گەورانەی کە لەمێژوودا روویان داوە.

هەموو شەڕێ دەرئەنجامی دەرچوونی رەوشتە لەمەودا ئاساییەکانی، بۆیە مرۆڤ پەنا ئەباتە بەر ئەو رەوشتانەی کە زیاتر لەم دژایەتیەی نزیکی ئەکاتەوە. یەکەمین بیری شەڕ کە لەمیسۆدەکاندا هاتووە، دەرئەنجامی ئەو ناکۆکیە سروشتیانە بووە کە مرۆڤ لەگیانلەبەرانی ترەوە وەریگرتوون.

سەرچاوەکانی بەخشین‌و لێبووردن لەزۆر سەرچاوەوە سەریان هەڵداوە، بەڵام مرۆڤ هەمیشە ئەو سەرچاوانەی پشتگوێ خستووە، بۆ چاککردنی پەیوەندییەکان بڕوای یەکتریی بەزاندن لەئارادا نەبووە، پاش یەکەمین گوناهی مرۆڤ گوناهی دووەم سەریهەڵدا، کە ئەویش گوناهی کوشتن بوو، کوشتنی مرۆڤ بەدەستی مرۆڤ، یەکەمین جەنگی مرۆڤ جەنگی براکوژی بووە، مرۆڤ دەستی چووەتە خوێنی مرۆڤ.

هەموو فەلسەفە کۆن‌و دێرینەکانی مرۆڤ بەدووی نهێنی دوژمنایەتی نێوان مرۆڤدا ئەگەڕێن، هەمیشەش ئەو



محمد جابر

پرسیارە لەئارادابووە ئایا مرۆڤ بۆچی شەڕئەکات؟ بەگژاچوونی یەکتری‌و دژایەتیکردنی یەکتری‌و خوێنڕشتن نهێنییەکە ڕەگی لە هۆشمەندی‌و ناهۆشمەندیدا داکوتاوە، هەندێك ڕایان وایە کە خەسڵەتی مرۆڤ بەشێکە لە خەسڵەتی گیانلەبەران، بەتایبەت ئەو گیانلەبەرانەی کە بەرامبەر یەکتریی زۆر دڕندانە ڕەفتارئەکەن، یا هەندێکی تر ڕایان وایە کە خەسڵەتی مرۆڤ لەچەقی خۆی دەرئەچێ‌و شێوەیەکی ناوازە ئەنوێنێ یان هەندێك ڕایان وایە کەوا شەڕ گەڕانە بەدووی بەرژەوەندی و بەدیهێنانی شێوەیەك لەبەرگری‌و بەهێزکردنی شوراکانی مانەوە، یاخود شەڕ شێوازێکە بۆ بەردەوامی‌و حوکمڕانی هێزو بەرباڵوی دەسەڵات. لێرەدا ئەمەوێ ئەوە بڵێم کە جەنگ بریتییە لە نەمانی پەیوەندییەکانی خۆشەویستی‌و نەمانی ئەو پردەی کە ئەمانگەیەنێ بە سەرچاوەکانی ڕەوشت‌و عەقڵ‌و هۆشمەندی، جەنگ ئەو ناپێویستییە بوو کە کرا بە پێویستی، ئەو نائامانجییە بوو کە کرا بەئامانجێکی پیرۆز، نامرۆڤایەتی جەنگ چاوی هەندێکی کوێر کردو و ناوی خۆی لای ئەو کەسانە کرد بە جەنگی مرۆڤایەتی‌و ناوی مرۆڤایەتییان لێنا، کەواتە ئەوەی لە سەرەتا ئەکرا بەشێوەیەکی دیکە چارەسەریکرێ بە جەنگ چارەسەرکرا، بەمجۆرە لەناو کەلتووری مرۆڤایەتیدا زاراوەکانی جەنگی پیرۆزو جەنگی پێویست‌و جەنگی چارەنوس هاتنەکایەوە، ئەوەی کە نەئەبوویکرێ کرا.

پاش هەر برینداربوونێکی ڕۆحی‌و دەروونی‌و ڕژانی خوێن‌و نگرۆیی و شێواندنی پەیوەندیی مرۆڤ پێویستی بە تەسکینییە، تەسکینی ڕۆح‌و تەسکینی جەستە، مرۆڤ پێویستی بە یەکترە، دووبارە گەڕانەوەی جۆگەلەکانە بۆ ڕێڕەوی خۆیان، دووبارە هەڵوەشانەوەی ئەو تەلە دڕکاویانەی کە لەبەردەم دەستگوشینی ئاشتیدا بەریەستن، یان وێرانکردنی ئەو دیوارانەی کە ناهێڵێن لیوەکانیان ماچی یەکتری بکەن، مرۆڤ هەتا هەتایە ناتوانێ لەشەڕو دژایەتیدا بژی. ناتوانێ لەبازنەی ڕق‌و قیندا بسوڕێتەوە.

هەر بۆیە پاش هەر جەنگێك مرۆڤ پێویستی بە ئاشتییە، بۆ ئەوەی ئاشتی بەرپابێت، هەموو زیان‌و ماڵوێرانی‌و قوربانیەکان ئەبێ لەیادکرێن، ئەبێ بە چاوێکی دیکەوە بڕوانرێتە پەیوەندییەکانی نێوان مرۆڤ، بۆ بەئەنجام گەیشتنی ئەم کارەش مرۆڤ پێویستی بە پرۆسەی بەخشینە ((بەخشین)) بەمانای بیرچوونەوە..

## (بەخشین)

مرۆڤ بەو هەموو سەرچاوە جوان‌و مەزن و نایابانەی کە بەرهەمی ئەهێنێ‌و بەرهەمی هێناوە چ دونیای سەرسوڕهێنەری ئێستاو چ ئەو دونیایەی فیرعەونەکان‌و ئەنکاکانی ئەمریکای باشوورو کارە سەرسوڕهێنەرەکانی بابلیەکان و دامێزرنیەکانی دیواری چین و شیعرە جوانەکانی هۆمیروس و داستانە مەزنەکەی گلگامش‌و..بێت، هەموویان لەسەرچاوەی جوانی‌و مەزنییەوە هەڵقوڵاون، هەڵئەقوڵێن، سەرەڕای جوانی ئەو شتانەو مەزنییان هەریەکەیان تێکەڵەیەکە لەجوانی‌و ناشرینی، چاکەو خراپە، شەڕو ئاشتی‌و مرۆڤ پەرستی‌و داپڵۆسینی مرۆڤ.

ئیدگار مۆران جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە کۆمەڵگا دێرینەکانی ئەم سەرزەمینەی ئێمە بەبێ هیچ دڵسوتانێ پێیان ئەڵێن کۆمەڵگای سەرەتایی، ئەوان لەسەر ئەم کەونە ژیاون‌و بونیادیان ناوە، مرۆڤایەتییان دامەزراندووە کەچی هەندێکی دیکەیان بەبێ هیچ دڵ نەرمییەك‌و بەوپەڕی دڕندەیی دائەپڵۆسێ‌و دەسەڵاتی بەسەردا پەیدا ئەکات..[1] ئیدگار مۆران باس لەدوو لایەنەی جوانی و

درندەیی مرۆڤ ئەكات، جوانی ئەو پەیكەرو ساختمانانو پرۆژە سەرسورهێنەرانەی كە ئاماژەن بۆ دەستڕەنگینی مرۆڤ، لەهەمان كاتدا وێنەی سەر ئەشكەوتەكانو پاشماوەی ئەو پارچە جوانانەی توانای مرۆڤ لەناسكیو شیعرو وردبینی دەرئەخات، هەروەها وێرانكردنی شارو سووتاندنی تابلۆو كتێبە بەنرخەكانو ژەهر دەرخواردانی فەیلەسوفو تێكدانی دەستڕەنگینەكانی مرۆڤ نیشانەی درندەیی مرۆڤ دەرئەخات، بۆیە ئەتوانین بڵێین مرۆڤ خاوەنی دوو مێژووە كە پڕە لەجوانیو درندەیی، ئەمڕۆش لەسەر هەمان ریتمی رابردووی خۆی ئەڕوات. ئەزموونی سەدەكانی ناوەڕاست، كارەكانی مرۆڤی سەرەتایی دووبارە ئەكاتەوە، هەمیشە و پاش هەموو ئەو ترازیدیایە هەمان مێژوو، هەمان ترادیژیا دووبارە ئەكاتەوە.

پاش ئەو هەمووە مرۆڤ پێویستی بە چاككردنو گۆڕینی روخسارە دزێوەكانە، پێویستی بە لێبوردنو بەخشینە لەیەكتری چونكە مرۆڤایەتی وا پێویست ئەكات مرۆڤ لەیەكتری ببورێ، هەرچەندە لە سروشتی تاكبڕواییدا یاسایەك هەیە كە تاك لەسەرووی هەموانە، بۆیە مەسەلەی بەخشین لەبەردەم مەترسیدایە، لەبەرئەوەی هاتنەدی لێبوردن تەنیا لەبازنەی فرە دەنگیدا دێتەدی، بۆئەوەی پرۆسەی -بەخشین-و- لێبوردن- بێتەدی، ئەوە ئەبێ ئەو دەرگایانە بخرێنە سەرپشت كە بڕواكانی وتووێژو گوێڕایەڵی لێوەی بێنە ژوورێ.

\لەڕاستیدا وشەی لێبوردن هەمیشە پەیوەندی هەبووە بەئەو بازنە ئاینیو كۆمەڵایەتیو رامیارییەوە كە لە هەرزەمەنێكدا باڵی بەسەر بارودۆخدا كێشاوە، هەندێك رایان وایە ئەم وشەیە بەتەواوی لە (ئاین)ەوە سەریهەڵداوە، نموونەشیان بۆ ئەم وتەیە سزاو پاداشتەكانی خوایە، گەر پەیڕەوی داواكانی خودا بكەیت ئەوە لەدنیای دووەم ئەبی بەخاوەنی هەموو شتێك، یاخود گەر خاوەنی گوناهو كاری خراپە بێت، ئەوا ئەبێ چاوەڕوانی سزابكەیت، چەمكی لێبوردن رەگو ریشەی لەناخو بڕوا ئاینییەكاندا هەیە، هەموو ئاینێ بڕوای بەوەیە كە مرۆڤ لە قۆناغێ لەقۆناغەكانی خۆی تووشی سستی ئەبێو ئەكەوێتە نێو هەڵەوە، بەڵام سەرەڕای هەموو ئەو شتانە داواكردنی لێبوردنە ئەتوانێ مرۆڤ لەئازاری سزا دووربخاتەوە.

هەندێك رایان وایە كە زاراوەی لێبوردن لەعەقڵی فەلسەفیدا هیچ جێگایەكی نییە (دكتۆر محەمەد عابد ئەلجابری) لەمەڕ مەسەلەی لێبوردن ئەڵێ:

((لەڕاستیدا زاراوەی "لێبوردن" لەوتاری فەلسەفیدا بەشێوەیەكی گشتی نائامادەیە، ئیتر چ فەلسەفەی عەرەبی یا یۆنانی یاخود فەلسەفەی ئەورووپی هاوچەرخو نوێ بێت (تەنیا لەوتاری سیاسی-لاهوتیدا نەبێ كە هەندێ لەفەیلەسوفەكانی سەدەی هەژدەم لەبارودۆخێكی دیاریكراودا بەرهەمیان هێنا))ii.

بە بڕوای پەیڕەوانی فەلسەفەی لاهوتی بەخشینو پۆزش جۆرێكە لەگەڕانەوە بۆ رەوشتی خودایی، هەروەها هۆكاری گرنگی ئامادەبوونی ئەم چەمكە لەنێو فەلسەفەی لاهوتی زیاتر بۆ تۆماركردنی بەها ئەخلاقییەكانەو بۆ ئەوەشە كە پەیوەندی مرۆڤو ئاین پتەوبكرێ.

((هەروەها بە بڕوای من چەمكی بەخشین چەمكێكی رەچەڵەكدار نییە لەفەلسەفەدا، بەڵكو چەمكێكە ئەكەوێتە نێوان فەلسەفەو ئایدۆلۆژیاوە، بەڵگەشمان ئەوەیە كە ئەم وشەیە لەدەرگای خودی فەلسەفەوە نەهاتووەتە ژوورێ، بەڵكو ل دەرگای بیرەوە هاتووە كە تەعبیر لەململانێی كۆمەڵایەتی یاخود كەمكردنەوەی ململانێی كۆمەڵایەتی ئەكات))iii .

یەكەمین جارو یەكەمین بەكارهێنانی (لێبوردن) هەر لەكتێبە ئاسمانیەكانەوە بەدی ئەكرێ، وەك لێبوردنی مەسیح لەبكوژانی، لێبوردنی محەمەد لەبت پەرستەكانی مەككەو هەروەها لەئایندا لێبوردن زیاتر لەگەڵ چەمكەكانی تۆڵەو تاوانو هەڵەو نابڕواییدا هاتوەتە گۆڕێ، وانە لەسێ گۆشەی تاوانو تۆڵەو گەڕانەوەدا ئەسوڕایەوە، هەڵەی گەورەی ئادەم تاوانەكەی ئەو سزایەی بەركەوت بەوەی لەبەهەشت دەركرا.

لەمونازەرەیەكی تایبەتی نێوان جاك دریداو ئێدگار مۆران لەمەڕ مەسەلەی لێبوردنو گەردنئازاییدا، هەردووكیان لەسەر ئەوە رێكن كە لێبوردن میراتیەكە لەحەزرەتی ئیبراهیمو مەسیحیەتو ئیسلامەوە بۆمان بەجێماوە، هەروەها دریدا بڕوای وایە كە لێبوردن لەیەك كاتدا مەحاڵەو ئەشكرێ بكرێ، بۆیە لێبوردن بیرچوونەوە


نییە هەر بۆیە پێی ئەڵێ ((لێبوردنی مەحاڵ)، هەروەها راشی وایە کە لێبوردن بە هیچ شێوەیەك لەبیرچوونەوەی ئازارو قوربانیەکان نییە، چونکە کەس ناتوانێ بەناوی قوربانیەکانەوە ئەو لێبوردنە قبوڵ بکات، گەر قوربانیەکان مردووبن کەواتە هیچ لێبوردنێ مومکین نییە، تاقە لێبوردنێ کە ئەکرێ بکرێت لێبوردنی مەحاڵە.

هەروەها مەسەلەی لێبوردن بووەتە جێی مشتومڕی زۆر لەفەیلەسوفەکان، لەلای نیچە ژیان لەو بێهودەییو پڕ ئازارو نەهامەتیەی کە پڕە لەشتی چاوەڕوان نەکراو پێویستە مرۆڤ خۆی لەترسو تووڕەییو شەهوەتو تۆڵە سەندنەوە خاڵی بکاتەوە، بەدویژدانیی مرۆڤ لەوەدایە کە گوناهی مەزن ئەنجام بداتو ئاسوودە بێت، هەروەها هنری برجسۆن لەمەڕ مەسەلەی ئەخلاقو ئاین گەلێك جەخت لەسەرئەوە ئەکات کەوا هیچ کەسێك لەدەرەوە نایەت، بەڵکو هەر کەسێ لەئێمە سەربەکۆمەڵگاو سەر بەخۆشیەتی، کەواتە بۆمان هەیە ئەو کارانە هەڵبژێرین کە لەخزمەتی کۆمەڵگادایە، چونکە لەو کاتەدا لە خزمەتی خۆشماندایە، بەم بۆچوونەی ئەو، ئەو هەڵبژاردنانە باشن کە پڕن لەگیانی لێبوردنو بیرکردنەوە لەپۆزشو وازهێنان لەتووڕەییو تاوان.

ئیدگار مۆران شێوازێکی پارێزگارانە بەکارئەهێنێ بۆ باسکردنی تۆڵەو تاوانبارو لێبووردن، بەڕای ئەو سەرکوتکردنی تاوانبار زێدەتر برینی تاوان قوڵ ئەکاتەوە، بۆ پشتیوانی ئەم وتەیەی، کەلتوری ئیسلام بە نموونە ئەهێنێتەوە ((لەجیهانی ئیسلامیدا، هەروەك خۆی ئەڵێ بیرۆکەی ئەمان هەیە بۆ تاوانبار یان بۆ دوژمنی شکێنراو: کرداری رەحمو لێبوردن))[iv] هەروەها مۆران رای وایە کە کۆمەڵگا ئەبێ بۆ مەسەلەی لێبوردن تێگەیشتنی هەبێت.

ئەگەر لە پانتاییەوە بڕوانینە ئەو بۆچوونە جیاوازانەی کە لەسەر مەسەلەی لێبوردن خراونەتەڕوو ئەبینین گەلێ بۆچوونو بڕواو تەوژمی جۆراو جۆر هەن، کە هەریەکەیان لەسەرچاوەیەکی ئاینی یاخود فەلسەفی یا ئایدیۆلۆژی جیاوازەوە هەڵئەقوڵێن، کۆمەڵناسەکان لەڕووی پەیوەندی ئاینیو خێڵەکیو خێزانی ئەڕواننە کێشەکانی شەڕو ئاشتیو تاوانو سزاو لێبوردنو تۆڵە، هەرهەمان چەمك لەبواری سایکۆلۆژیدا ئەگەڕێتەوە بۆ مەسەلەی دەروونی مرۆڤو ئەو هۆکارانەی کەوا لەمرۆڤ دەکەن پەنابەرێتە بەرتاوانو رق لێبوونەوەو یەکتری ئازاردانو سزا، هەروەها لێکدانەوەی کێشەکانی مرۆڤ لەناخی یەکتریی، وردبوونەوە لەو ئاستانەی وا لەمرۆڤ ئەکەن دڵو دەروونی پاك بکاتەوە، کە هەندێکی بە پەنابردنەبەر چارەسەرکردنی دەروونی تاکەکانو دانانی یاسای گۆڕانکاری، یاسادانان بەمانای چاککردنی خاڵە لاوازەکان، نەك ئەو یاسایانەی کە ئەبنە هۆی شێواندنی هەموو کۆمەڵگا وەك یاساکانی رژێمە دیکتاتۆریەکان.

گەر ئیستێك بکەین و بڕوانینە داستانو ئەفسانە دێرینەکانی کەلەپووری مرۆڤایەتی، لەنێو زۆربەی بەرهەمەکاندا چەمکی تۆڵەو لێبوردنو شەڕو ئاشتیو هێزو پشتەوەی هێزو سەرکەوتنو ئاشتبوونەوە ئەبینین، پەیوەندی ستوونی نێوان تاوانو لێبوردن پەیوەندییەکی ئامادەیە هەمیشە پاڵەوان بۆ چاککردنەوەی هاوسەنگی نێوان ئاشتیو جەنگ پەنا ئەباتە بەر تۆڵە، تۆڵەسەندنەوە واتە خولقاندنی شێوەیەك لە هاوسەنگی، دیاردەکانی دوولایەنەو سێینەی نێو ئەفسانەو داستانەکان پەیوەستن بە راگرتنی ئەو هاوسەنگیەوە، دوو لایەنی لەمەسەلەی تۆڵەو بەیەك گەیشتن هەمیشە تەوەرەی هەموو بەرهەمێکی دێرین بووە، هەروەها ونبوونو گەڕانەوە، مەرگو زیندوبوونەوە بەکارهاتووە.



ئیدگار موران

بۆ پاڵپشتی مەسەلەی بەخشین، ناشبێ ئەوەمان لەیادبچێت کە گریکەکان لەزۆربەی میتۆدو ئەفسانەکانیاندا مەسەلەی لێبوردنیان بەکارهێناوە، بگرە پۆزش لای ئەوان روویەکی پیرۆزی هەبووە، ناشبێ ئەوەمان لە یادبچێت کە پۆزش داوانەکردنی سوکرات لە دادگاکەرانی سەرکەوتنێکی گەورەبوو بۆ فەلسەفەی یۆنانی.

## حەقیقەتی بەخشین و حەقیقەتی تاوان

کاتێك کە تاوانکار و تاوانلێکراو رووبەڕوو ئەبنەوە لەم نێوەندەدا راستییەك هەیە ئەویش خودی تاوانەکەیە، ئەکرێ ئایدیۆلۆژیاو ئاین لەم نێوەندەدا رۆڵی گرنگ بگێڕن، کاتێ کە سەلمان روشدی رۆمانی ئایەتە شەیتانیەکانی نووسی گەر بە مەبەست بێت یاخود بێ مەبەست ویستبێتی کەسێتی محەمەد بداتە بەر رەخنە، ئەوە ئەو کارەی لەسەرچاوەی ئازادیی نووسینەوە ئەنجامداوە، دیارە لەوبەریشەوە کەسانێك هەن ئەو کارەی (ئەو) هەستە رووحیەکانی بریندارکردوون و ئەمەشی بەگوناهێکی گەورە لەقەڵەم ئەدەن، کەسی نووسەر لەبەرچاوی ئەوان تاوانبارە، ئەم تاوان و تاوانبارکردنە کارێکی رێژەییە.

لەکۆمەڵگایەك کە سەربەستیەکان دیاریکراون و ئافرەت تیایدا هیچ جۆرە سەربەستییەك نایگرێتەوە، بێگومان یاخیبوونی ئافرەت لەو بارودۆخە تاوانەو سزا ئەیگرێتەوە، لەکۆمەڵگا خێڵەکیەکان تێکشکاندنی یاسای خزمایەتی و خێزانی و ژن و ژنخوازی کارێکە پڕ لەتاوان و لەیاسا دەرچوون، بۆیە لەو بارەدا سزاو تۆڵە لەئارادایە، هەرچەندە یاسایەکی هەمیشەیی نییە بۆ ئەو جۆرە تاوان و یاسایانە، چونکە رێژەیی لە تێگەیشتن بۆ ئەم جۆرە سزاو تاوانانە پەیوەستە بە روانینی کەسەکان و بارودۆخی کۆمەڵگاکان، رێژەیی و موتڵەقی تاوان لەبەردەم ئەم جۆرە پەیوەندیانە هەمیشە گومانێکی لەپشتەوەیە، ئەوەی لێرە تاوانە لە جێگایەکی تر شتێکی ئاساییە، ئەوەی لای ئەوان ئاساییە لای ئێمە تاوانە، بۆیە شێوەکانی داواکردنی بەخشین و پۆزش لەهەر جێگایەك جیاوازی خۆی هەیە، ئەبێ ئەو تاوانانە هەڵبسەنگێنرێ و بەپێی لێکدانەوەکانی کۆمەڵگاو بەپێی ئەو بڕوایانەی پابەستن بەمومارەسەکردنی چەمکی لێبوردن و تۆڵە بڕیاری بەسەردا بدرێ، بۆیە هەر تیۆرو هەر رێچکەیەکی لێکدانەوەو هەر کۆمەڵگایەك بڕیاردانێکی تایبەتی بۆ تاوان و دزێوی و خراپەکاری هەیە. هەندێ رەوشت هەن بەپێی رۆژگارو تێڕوانینی کۆمەڵگا ئەگۆڕێن، هەروەها سیستەمی دەوڵەت و رژێمی سیاسی رۆڵی گرنگ ئەگێڕن لەچۆنیەتی بڕیاردان لەو کارانە.

سەربەستی سێکسی لەکۆمەڵگای ئەوروپی رەگێکی دێرینی هەیە، هەندێك لەو سەربەستیانە، ئەوەندە پەرەی سەندووە کە لە هەموو دونیا بە شێوەیەکی ناماقوڵ ئەڕوانێتە ئەو جۆرە سەربەستیانە. یەکێك لەو یاسایانە یاسای مارەبڕینی نێوان هاوتخومبازەکان کە هەندێ لەوڵاتە ئەوروپیەکانیش تا ئێستا ناتوانن ئەو جۆرە یاسایانە قبووڵ بکەن، سەرەڕای بڕوابوونیان بەسەربەستی، بەڵام لەوڵاتێکی وەکو هۆڵەندا یاسا پاڵپشتی ئەکات و پەرلەمان و پارتە سیاسیەکان دەنگی بۆ ئەدەن، هەر بۆیەش بەپێی روانینی یاسایی ئەم وڵاتە، هەر جۆرە دژایەتییکردنێکی ئەم گروپە بەشێوەیەك لە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ دائەنرێ و ئەوەشی دژایەتی بکات ئەبێ باجی ئەو دژایەتییە بدات، لەلایەن چەند ئیمامێکی مزگەوتەکانی هۆڵەندا هێرشی توند کرایە سەر ئەو توخومبازانە لەو ئیمامانە (ئەلمومنی) کە لە رەچەڵەکدا مەغریبییە، هەروەها ئیمام (عەبدوڵڵا هاسیلهۆف Abdulla haselhoef)پاش ئەوەی لەچەند چاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنی دژایەتی خۆیان بەرامبەر راست بانەکوژێنەوە بەو بۆچوونانە دەربڕی بۆیە بە شێوەیەکی رەسمی داویان لێکرا کە لەو وتانەی خۆیان پاشگەزببنەوەو هەروەها لێبوردنی خۆیان بەو گروپانە پێشکەش بکەن، لەدوایشدا دادگا دادگایی یەکێکیانی کرد لەسەر ئەو بۆچوونەی و لەسەر پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و سەربەستی، ئەمە نموونەیەك بوو لە تێگەیشتنی ئازادی.

هەندێ ئازادی هەن دیسان لەهەندێ وڵاتی سەربەستدا ئەکەونە بەر مەترسی، هەروەك چالاکیەکانی رێکخراوەکانی دژ بە پیسکردنی ژینگە و ئەوانەی دژ بە جەنگ و بەجیهانیبوون لەڕووی یاساییەوە بۆیان هەیە هەبن، بەڵام کاتێك دێنە وەڵام لەدژی هەندێ کاری پێچەوانە بە بیروبۆچوونی ئەوان، رێگایان لێ ئەگیرێ بگرە لەرووی یاساییەوە سزاش ئەدرێن وەك

چالاکییەکانی ئاشتی سەوز دژ بە پیسکردنی ژینگە.. لەهەندێ لە وڵاتانی دیکتاتۆریدا چالاکی سیاسیو سەربەستی نووسین قەدەغەیەو تەنانەت لەوڵاتێکی وەك تورکیا حەقی قسەکردن بەزمانی کوردی بۆ کوردەکانی ئەوێ بەتاوان لەقەڵەم ئەدرێ یا لە چین تیبتیەکان مافی ئەوەیان نییە ئازادبن لەمومارەسەی ئاینی، مەسەلەی مافدان و ماف نەدان پەیوەستە بەڕوانینو لێکدانەوەی عەقڵی ئەو کۆمەڵگایە، بۆ هەندێ لەو پەیوەندیانەی کە دەستنیشانی تاوانەکان ئەکەن، کەواتە مەسەلەی روانین بۆ حەقیقەتی تاوان مەسەلەیەکی ڕێژەییە، بەڵام هەندێ روانینو ئایدیۆلۆژیاو سنووری دیاریکراو رۆڵ ئەگێڕن لەدیاریکردنو بڕیاردان لەسەر ئەو جۆرە تاوانانە، بۆیە کارو پرۆسەی لێبوردن لەم میانەدا بەهەمان شێوە بەپێی پەیوەندییەکان مامەڵەی لەگەڵدا ئەکرێت، هەندێ بارودۆخ هەیە کە هیچ شێوە لێبوردنێك لەلایەن ئەنجامدەرانییەوە هڵناگرێت، بەڵام ناچاریان ئەکەن کە ئەنجامی بدەن یاخود هەندێ لێبوردن بەپێی یاسا کۆمەڵایەتیەکان ئەبێ بە زەرورەتو ئەبێ ئەنجام بدرێت.

لەبەرامبەر ئەم ڕێژەییە هەندێ تاوان کە موتڵەقنو هەمووان لەسەری ڕێکن کە تاوانەو ناوی حەقیقەتی تاوانی لێ ئەنرێ، ئەو جۆرە تاوانانە هەڕەشەن بۆ هەموو مرۆڤایەتی، هەموو پەیوەندییەکان لە یەکتری ئەترازێنێو شیرازەی خۆشەویستی ئەشێوێنێ. بۆ نموونە تاوانەکانی جەنگی جیهانی دووەم تاوانن کە تیایدا ملیۆنەها مرۆڤ کوژران یان برینداروو ماڵوێران بوون، تاوانی داپڵۆسینی گەلان لەلایەن وڵاتانی سەردەستەوە، تاوانی ئاپارتهاید لەباشووری ئەفریقیاو بەکۆمەڵکوژی کوردەکانی کوردستانی عێراق لە لایەن رژێمی سەدامەوە، کۆمەڵکوژی توتسیەکان لەرواندا و شیشانیەکان لەقەفقازو جینۆسایدی ئیسلامەکانی سربرینیتشا لەبۆسنەو هەرزەگۆڤینیا، بڵاوکردنەوەی بەردەوامی چەکی بەکۆمەڵکوژو پیسکردنی ژینگە بە فڕێدانی پاشەڕۆکی پیسی ئەتۆم بۆ نێو دەریاو رووبارەکانو بەجەنگکردنی دنیا لە ڕێگای زیاتر چەك بڵاوکردنەوە لەکونو قوژبنی جیهاندا، ئەمانەو سەدەها نموونەی دیکە کە ئەکرێ بێ دوودڵی تاوانی قەتعی بەسەردا بدرێت.

هەرچەندە پاش ئەو هەموو تاوانانە هەندێ وڵات لەکردارەکانی رابردووی خۆیان پاشگەزبوونەوەو لێبوردنی خۆیان پێشکەش بە قوربانیەکانیان کرد، هەروەك لێبوردنەکانی ژاپۆن بۆ کۆریاو داوالێکردنی لێبوردن لەلایەن سپیەکانەوە لە باشووری ئەفریقیا بۆ ئەو کارانەی کە ئەنجامیان داوە، بەڵام ئەو تاوانانە ویژدانی مرۆڤایەتییان بریندارکردو، هەرچەندە تا ئێستاش هەندێ کەسو رژێمو دەستە بەردەوامن لە ئەنجامدانی ئەو کارانە.

کەواتە لێبوردن

هەروەك پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد تاوان بەچەند قۆناغێکدا تێئەپەڕێت، کەواتە لێبوردنیش ئەبێ بەهەمان شێوە بەچەند قۆناغێك ئەنجام بدرێت، ئەمەش بۆ ئەوەیە ئەو بڕوایەی کە لەنێواندا سڕاوەتەوە دووبارە بگەڕێتەوە، یاساکەش بەو شێوەیەیە گەر یەکێك ئەبەخشیت ئەبێ بڕوات بەرامبەر بەو کەسە راست ببێتەوە، واتە پاکبوونەوە رووبدات، لەم پرۆسەیەدا سێ لایەن ئامادەیە، تاوانکارو تاوانلێکراو، بەهای پێشێلکراو، بەخشین بەو مانایەی کە من لەسەر حەق نیمو تۆ لەسەر حەقی.. هەندێك ئەڵێن گەر هەستای بە کاری بەخشین ئەبێ لەبەرامبەرەکەت ئەوە دروست بکەیت کە بەڕاستی بەخشیوتە، ئەگەر ئەو کەسە وای هەست نەکرد مانای وایە کە تۆ کەسێکی راستگۆ نیت. ئەشبێ ئەوەمان لەیاد نەچێت کە راستبوونەوەی بڕوا لە پرۆسەی لێبوردندا کارێکی پێویستە.

ئەگەرهاتو ئەو بەخشینە نەگاتە ئاستی ئەوەی کە تووڕەییەکان لەناوبەرێت مانای وایە ئێمە هیچمان نەکردووە، بەخشینو لێبوردن لەهەردوولا ئەبێ کاریگەری خۆی ئەنجام بدات. لەمەسەلەی دامەزراندنی لێبوردندا هەندێ خاڵ هەن کە پێویستنو ئامادەییان زیاتر بناغەی بەخشینەکە پتەو ئەکات:

١-کراوەیی (دانەخراویی لەبیروناخو دەروونیدا).

٢-ڕێز.

٣-ئاشتیو قبوڵکردنی پەیوەندییە ئاشتیخوازەکە.


٤-دووبارە دامەزراندنەوەی پەیوەندی لەنێوان هەردوولایەن.

٥-بڕواهێنان بەیەکتری.

هەروەها هەندێ یاسا هەن پەیوەندییان بەمەسەلەی لێبوردنەوە هەیە وەك: یاسای شێوەی تاوانو ئەنجامدانی هەروەها شێوەی مومارەسەکردنو پێ

لەسەرداگرتنی، کەواتە بۆ ئەوەی زیاتر مەسەلەی (( لێبووردن))و ئەو کارانەی بەر بەخشین ئەکەون وردبکەینەوە، با بڕوانینە ئەو لایەنانەی کە گرنگن لە چۆنیەتی پێشکەشکردنو قبووڵکردنی بەخشین، کەسێك کە لەتاوانی کۆمەڵکوشتنی مرۆڤدا بەشداربووەو ئەنجامی داوە، بەهیچ شێوەیەك ناکەوێتە بەر بەخشینو هیچ لێبوردنێك نابێت ئەو بگرێتەوە، چونکە لێبوردنی ئەوانە ئازاری گەورە بەزەرەرمەندەکان ئەگەیەنێ، ڕەنگە قوربانیەکان نەوە لەدوای نەوە بەو ئازارەوە بتلێنەوە.. ڕاستە کە لێنەبوردن مردووەکان ناگەڕێنێتەوە، بەڵام تەسکینیەکە بۆ ئەوانەی زەرەرمەندن کاتێك کە ئەو تاوانبارانە بەر سزا ئەکەون.

ئەگەرهاتوو بەشێوەیەکی بونیادگەرانە بڕوانینە مەسەلەی پەیوەندیی نێوان لێبوردنو تاوان، ئەبینین هەردوو تاوانکارو تاوانلێکراو هەمیشە لەسەر هێڵێکی ستوونی ڕووبەڕووی یەکتری ئەبنەوە، واتە بەهیچ جۆرێ لەگەڵ یەکتریدا هەڵناکەن، تەنیا لەحاڵەتی لێبوردندا ئەچنە سەر یەك هێڵو ڕووبەڕووی یەکتری ئەبنەوە.




تاوانبار پرۆسەیەك ئەگرێتە بەر لەئەنجامدانی کارەکەی، بەڵام تاوانلێکراو هیچ پرۆسەیەکی نییە، پەیوەندیی نێوان تاوانو لێبوردن بریتییە لە زاڵبوونی هێزی یەکێکیان بەسەر ئەوی تریاندا، واتە سڕینەوەی یەکێکیان، لەتاوانی گەورەدا، لێبوردن ناتوانێ ئەو تاوانە بسڕێتەوە بۆیە پێی ئەوترێ لێبوردنی مەحاڵ. لەهەندێ حاڵەتی ناوازەدا ڕەنگە ڕووبدات.

لەپرۆسەی نێوان تاوانکارو تاوانلێکراودا (بەزەیی، مرۆڤایەتی، دیالۆگ). بوونیان نییە، بەڵام ئەوەی بوونی هەیە درندەییو بێ دەنگیو ناعەقڵانییە.. لەپرۆسەی نێوان تاوانو لێبوردندا بە پێچەوانەوە. هەموو شتەکان دێنە ئاراوە، دیالۆگو بەزەیی، گەردن ئازادیو مرۆڤایەتی، لەم نێوەندەدا برینێکی گەورە هەیە پێویستی بە ساڕێژبوونە.

لەچاوپێکەوتنێکی کەناڵێکی تەلەفزیۆنی ئەمریکیدا ڕووبەڕووبوونەوەیەك ئەنجامدرا لەنێوان ئەو کەسانەی تاوانی کوشتنیان دەرهەق بەکەسانێك ئەنجامدابوو، ئەو کەسانە لەزینداندا ماوەی حوکمی خۆیان بەسەر ئەبرد، لەڕێگای ئەو چاوپێکەوتنە تەلەفزیۆنییەوە ڕووبەڕووکرانەوە لەگەڵ کەسو کاری قوربانیەکان، چرکەیەك بوو پڕ لەدڵگەرمیو هەستیاری، یەکەم پرسیار کە کرا لە تاوانباران ئەم کارانەی کە کردوویانە بۆچیو هەست بەچی ئەکەن؟ تاوانبارەکان یەك بەیەك بەسەرهاتی تاوانکردنەکەی خۆیان گێڕایەوەو پەشیمانی خۆیان دەربڕییو بەکوڵی گریان داوایان لەگەردن ئازاییو لێبوردن کردو پەشیمانی خۆیان دەربڕی، هەندێك لەکەسوکاری قوربانیەکان ئەو پەشیمانبوونەوەیان قبووڵ کردو باوەشی خۆشەویستییان کرد بە بکوژەکانیاندا، هەندێکی دیکەشیان نەیانتوانی ئەو پەشیمانیە قبووڵ بکەنو نەیانتوانی تاوانەکە لەیادبکەن.. هەرچەندە هەندێکیان ئەوەیان دەربڕی گەر ئەو لێبوردنەیان بەرنەکەوێ هەتا مردن ویژدانیان ئازاریان ئەدات.

Paul Tillichی فەیلەسوف لەنووسینەکانی لەمەڕ مەسەلەی پۆزشو ئاشتی، زۆر پێ لەسەر ئەوە دائەگرێ کە بەخشین واتە دووبارەکۆکردنەوەی ئەو پارچە شکاوانەی دڵ. لەبەخشیندا ئەو دڵەی بەتۆ دراوە ئازادی ئەکەیت. کەواتە پۆزش ئەوەندە کارێکی ئاسان نییە، دووبارە دروست کردنەوەی دڵێکە، دووبارە بەخشینی هیواو بیرکردنەوەیە کەواتە (لێبوردن بڕیاردانە، کارکردنە پرۆسەو شێوازێکە بۆ ژیان، شتێکە ئێمە پێشکەشی ئەکەین بەکەسانی ترو بۆ خۆشمان قبووڵ کردنە))[v]. کافکا لەنامەکانیدا بۆ باوك خۆی بەتاوانبار ئەزانێ بەرامبەر بەو باوکە دڵرەقە، سەرەڕای ئەوەی کە باوك ئەو هەموو ئازارەی ئەدات، بۆیە حیکمەتی لێبوردن ئاژاوەکانی گەردوون کەم ئەکاتەوە، کاتێك کە بکوژانی لۆرکا دەستیان چووە ئەو دڵە ناسکەی لەو تاوانەی خۆیان پاشگەزنەبوونەوە، چونکە ئەوان خۆیان تاوان بوون، بۆیە ئەڵێن حیکمەتی قوربانی لەوەدایە کە دەستبەرداری تۆڵە بێت، تۆڵە زیاتر ئازارەکان قووڵ ئەکاتەوە Nico Frijda ئەڵێ: ((تۆڵە شەرمی من لەپشتی شەرمی ئەو ئەشارێتەوە، تۆڵە ژانی من لەدوای ژانی ئەو ئەشارێتەوە))[vi]. کەواتە

تۆڵە شێوازێکە لەدووبارەکردنەوەی هەمان ئەو پرۆسەیەی کە تاوانبار ئەنجامیداوە، ڕەنگە ڕوویەکی تری هەبێت، بەڵام لەو پرۆسەیە دەرناچێت کە تیایدا دووبارە قوربانیو برینی قووڵتر دێتەئاراوە.

## تۆڵەو لێبوردن

لەئاینەکاندا ئەم دوو زاراوەیە هەمیشە بەردەوامە، هەمیشە مرۆڤ ترسێنراوە چ بەهەڕەشەی بێبەریکردنی لەشتە خۆشەکانو چ بەسزادانی جەستەییو شەهەوانی، مرۆڤ لەئاینەکانەوە فێری ئەوەبوو کە سزایەك هەیە زۆر مەزنە لەسزای مرۆڤ دژ بەمرۆڤ، مرۆڤ لەترسی ئەوەی بێبەری بکرێت لەشتە خۆشەکان بەرگریی لەخۆی کردووە، بەرگری لەمانای هێشتنەوەی پەیوەندیی لەگەڵ ئەو شتانەی کە ژیانی خۆش ئەکات، بۆیە ئەبینین لەئاینەکاندا بەرامبەر هەر زاراوەیەکی پاداشت تۆڵەش دانراوە، بۆ نموونە دۆزەخ لەبەرامبەر بەهەشت، ئاگر لەبەرامبەر باخچەو ڕووباری شیرو هەنگوین، لێدانو سزادان لەبەرامبەر حۆریو فریشتەی خزمەتکار.. هتد. کەواتە خوا تۆڵە لەوانە ئەکاتەوە کە ملکەچی داواکانی نین، مرۆڤیش سزا ئەخوات، بۆیە هێزی خوایی ئەیەوێ ئەوە بسەلمێنێ کە مرۆڤ لەهەڵسوکەوتیدا ئەبێ بەرەو ئەو ڕێچکانە بڕوات کە خوا بۆی دیاری کردووە، کەواتە ئەزەلیەتی سزاو تۆڵە لە ئاینەکانەوە سەرچاوەی گرتووە، لە هەمانکاتدا لێبوردن بەشێکە لەو کەلتوورە ئاینیانەی کە مرۆڤی لەبەردەم تاقیکردنەوەدا داناوە، گوناهکردن تەنیا بەداواکردنی تۆبەو لێبوردن دێتە دی، مرۆڤ لەداواکردنی ئەم جۆرە لێبوردنەدا هیچ وەڵامێکی بیستراو یاخود بینراوی دەست ناکەوێت، بەڵکو وەڵامەکە وەڵامێکی ڕوحییەو تاوانکار یاخود سزاکار تەسکینی لادروست ئەبێتو ئەو تەسکینیە لەناخیدا وەڵامێکی گەورەیە.

بۆیە چەمکی تۆڵەو لێبوردن لەئایندا پەیوەستە بە ڕوحو پەیوەندی ڕوحی نێوان تاکو یەزدان یاخود کۆمەڵو یەزدان، بەڵام لەپەیوەندیەکانی تردا ئەم دوو چەمکە لێکدانەوەی تری هەیە.

هەروەك وتمان تۆڵە دووبارەکردنەوەی تاوانە، مەبەست لەدامرکاندنەوەی دڵێکە کە ئەیەوێ کەوتنو لاوازی یەکێکی دیکە ببینێ، ئەیەوێ ئەو ڕۆحە کوێربکاتەوە کە بووەتە هۆی دروستکردنی ئازارەکەی، واتە دووبارەکردنەوەی ئازار.

ڕەنگە زۆر کەس بەتایبەت ئەوانەی لایەنگری چەمکی تۆڵەن بڵێن (تۆڵە جوڵانەوەیەکی یاخود ڕەوشتێکی ئاساییە بۆ سەندنەوەی مافێ یان وەرگرتنەوەی شتێك کە لێی سەنراوە، یاخود شێوازێکە بۆ بەرگریکردن لەبڵاوبوونەوەی دەسەڵاتی شەڕخوازان) بەڵێ ئەگەر یاسای خۆشەویستی نەبێتو شەڕخوازان ئامادەی ئاشتبوونەوەنەبنو هیچ جۆرە لێبوردنێ پێشکەش نەکەن، بە ئەو کەسانەی کە ئازاریان پێ گەیشتووە، هیچ جۆرە پەشیمانییەکی لادروست نەبێت بەرامبەر بەو کارە خراپانەی ئەنجامی داوە، بەرامبەر ئەو هەموو بکوژیانەی کە کردویەتی، بێگومان لەم حاڵەتەدا ڕووبەڕووبوونەوە تاقە ڕێگایە بۆ چارەسەرکردنی تاوانەکانو بنبڕکردنی ئەو جۆرە سیفەتانە، چونکە لەم حاڵەتەدا هیچ جۆرە ئاڵوگۆڕکردنەوەیەك نییە لەنێوان تاوانکارو تاوانلێکراو.

لەڕووی سایکۆلۆژییەوە کاری تۆڵە حەزکردنە بە چارەسەرکردنی ئەو ئازارانەی کە کەسێك پێوەی ئەناڵێنێ، شێوەیەکە لە پراکتیزەکردنی توورەیی، هەروەك چۆن تاوانبار توورەیی بەکارئەهێنێ بۆ ئەوەی ئەنجامی تاوانەکەی بدات، هەروەها لەعەقڵی تاوانباردا هەمیشە تاوان شێوازێکە بۆ دەستپێکردنو مومارەسەکردنی کاری تاوان، لەبەرئەوە پەیوەندی خۆی لەگەڵ تاواندا پیرۆزئەکات بۆ ئەوەی بیسەلمێنێ کە داواکانی ڕەوانو مرۆڤ بەرەو پیرۆزی ئەبات، پەیوەندیەکانی ناخ لەگەڵ تۆڵە هەمیشە شانبەشانی توورەیی ئەڕۆن، یەکێك لە گرنگترین هۆکارەکانی گەشەکردنی پەیوەندی قوڵی مرۆڤ بەتۆڵەوە ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو زەمینانەی کە مرۆڤ لێوەی ئەڕوانێتە پەیوەندییەکان، لەکۆمەڵگایەك کە پەیوەندی مرۆڤەکانی لەسەر هێزو پەیوەندیی هێز دامەزرابێت، بێگومان عەقڵەکانیش بەو ڕێڕەوەدا ئەڕۆن.

مەسەلەی تۆڵە لەو نێوەندەدا ئەکتیفە کە سەرچاوەکان بەیەك چاو ئەڕواننە پەیوەندی نێوان مافو هێز، یاساو هێز، بەهێزو بێ هێز، ئەوانەی کە زیاتر پرۆسەی تۆڵە ئەنجام ئەدەن ئەو کەسانەن کە لەناخەوە بڕوایان بە بەزاندنە، تۆڵە ئەکرێ لەچەند شێوەیەکدا خۆی نیشان بدات، یەکەم وەك کارێك کە بەشێوەیەکی

خودبەخودی رووبدات‌و هێزی عەقڵ هیچ مافێکی بەسەر کردارەکەوە نەبێت، یاخود لەشێوەی پرۆسەیەکی نەخشە بۆ دانراوو بەگشتی کردنی، بۆ نموونە پارتێکی سیاسی ئەندامەکانی لەسەر چەمکی تۆڵەو هێز بەخێو ئەکات بێگومان ئەوە کارێکە دارێژراوەو بەشێوەیەکی ئەنقەست پەیڕەو ئەکرێت. لێرەوە ئەتوانین بڵێین هەرچەندە زۆرجار پرۆسەکردنی کاری تۆڵە رەنگە ئامانجەکانی خۆی بپێکێ، بەڵام هەمیشە ئەگات بەبنبەست‌و ئەشبێتە هۆی ئەوەی بوار بۆ لێبوردن تەسك بکاتەوە، نێوانەکانی ئاشتی بشێوێنێ.

لەکۆمەڵگای ئێمەی کوردەواریدا، بەهۆی هەلومەرجە رامیاری‌و کۆمەڵایەتییەکانیەوە هەمیشە لەژێر پاڵەپەستۆیەکی مەزندا کاروبارەکانی خۆی بەڕێوەبراوە، دیارە ئەو بارودۆخەش لەمێژوو و سایکۆلۆژیەتی کەسێتی کورددا کاریگەرییەکی گەورەی هەبووە، هەر لەسەرەتای پەیدابوونی ململانێی جوگرافی‌و رامیاری لەدەوروبەریدا ناچارکراوە شێوازەکانی بەرگری بەکاربهێنێ بۆ پارێزگاری کردن لەمانەوەی خۆی، وشەکانی شۆڕش‌و خەبات‌و راپەڕین هاتووەتە نێو، فەرهەنگیەوە، ئەم وشانە خۆی دروستی نەکردووە، بەڵکو پێی دروستکراوە، دابینکردنی ژیانێکی ئاسودەو دوور لەگرفت وایکردووە بەدووی چارەسەرێ بگەڕێ، بۆیە ئەم گەلە بڕوایەکی پتەوی بە پاراستنی خۆی‌و کەلتوورەکەی هەبووە، ئازاردان‌و پەلاماردان‌و پێشێلکردنی ماف‌و شتە پیرۆزەکانی وای لێکردووە بڕوایەکی پتەوی بە خۆپاراستن هەبێت، هەمیشەش ئازاردان وای لێکردووە کە بیر لەتۆڵە بکاتەوە، پەیوەندیی سۆسیۆلۆجیەتیکی سەرچاوەیەکی باش بووە بۆ گەشەکردنی چەمکی تۆڵە. سەرەڕای ململانێی هێزو مانەوە، پێکهاتەی چینایەتی کورد پێکهاتەیەکی خێڵایەتییە رۆڵی خێڵ‌و هۆزو تاك‌و ئاین‌و پەیوەندیەکان وای کردووە کە زەمینە بۆ دروستبوونی چەمکەکانی پیاوەتی‌و شەرەفی هۆزو خێڵ‌و دەمارگیری خۆش بێت، ئەم پەیوەندیانە ئەوەندە گەورەبوون کە رێگربوون لەبەردەم گەشەکردنی چەمکەکانی عەقڵانی‌و دیالۆگ، پەیوەندییەکانی ئەم کۆمەڵگایە بە گۆڕانکارییەکانی جیهانەوە هەمیشە کزبووە کە رێگربووە لەبەردەم پەلهاویشتن بەرەو پانتایی‌و سنووری بەرفراوان، هەروەها کاریگەرییە سلبیەکانی دەوروبەرو ئەو رۆشنبیرە ژەهراویانەی کە لە کەلتوورە دواکەوتووەکانەوە لەنێو کۆمەڵگای ئێمە زۆر زوو جێگای خۆیان ئەکردەوە، کاریگەرییە دەرەکییەکانی ئەوەندە پتەو بووە کە نەیتوانیوە بەئاسانی خۆی لێ دەربازبکات.

کەواتە ئەو مێژووەی کە ئێمە بۆی ئەگەڕێینەوە بریتییە لە پەیوەندییەکان‌و هەوڵدان بۆ مانەوە، مانەوەش بە مانای بەرگری لەوەی کە هەتە، هەرچەندە مێژووەکەمان پڕە لەخاڵی لاواز، بەڵام لەهەمان کاتدا دەوروبەرەکانیشمان پڕ بووە لەو خاڵە سستانەی کە نەمانتوانیوە خۆمانی لێ دەربازبکەین. سیاسەتمەداران‌و پیاوانی سیاسیمان هەمیشە لەخزمەتی دەوروبەردابوون، خۆیان لەو بازنە تەسکەدا ئەبینیەوە کە نەدەکرا خۆیانی لێ دەربازبکەن، پیاوانی سەربازیمان بەرۆح‌و چاوی خۆیان نەجەنگان، بەڵکو هێزەکانی دەرەوەی توانای خۆیان یارییان بە تواناکانیان کردووە.

کەواتە ئەو پەیوەستییە کاریگەری هەبووە بۆسەر شێوەکانی ژیانی کۆمەڵگاشمان بۆ پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانمان، لەم نێوەندەدا زۆربەی زۆری ئەو رەوشت‌و هەڵسوکەوتانەو کاروکاردانەوانەی پەنامان بۆ بردووە بەردەوام لە ژێرکاریگەریدا بوون، وەك نەتەوەیەك لاسایی دەوروبەرمان کردووە لە هەڵبژاردنی سیاسەت‌و تەکتیکە سیاسیەکان، زۆربەی زۆری بەها ئەخلاقیەکانمان لەژێر کاریگەری بەهای ئەخلاقی دەوروبەربووە، بۆ نموونە شێوەی رەفتارو ئادابی دیوەخان‌و کۆشك‌و تەلارو هەڵسوکەوتی خان‌و ئاغاو سەرکردەکان، رێکوپێککردنی کاروباری ماڵ‌و نەخشەکانی نێوان سەرەوەو خوارەوەو چارەسەرکردنی گرفتە ئەخلاقیەکان‌و هەڵگیرساندنی ئاشتی‌و بەرپاکردنی جەنگ..هتد.

کەواتە هەندێ بەهای ئەخلاقی هەن کە پەیوەستدارن بە مەسەلەی جەنگ‌و ئاشتی‌و بەشێکن لەو بەهایانەی کە هیچیان کەمترنییە لەوانەی دەوروبەرمان، سەرەڕای ئەو کاریگەرییەی دەوروبەر بۆ سەر ئێمە لەمەڕ مەسەلەکانی رەوشت‌و بەهای رەوشت، کاریگەری ئێمەش لەهەندێ بواردا کەمترنەبووە، مامەڵەکردن لەگەڵ زاراوەکانی پۆزش‌و گەردن ئازایی‌و لێبوردن لە کەلتووری ئێمەدا هەندێ لەکاریگەری ئاینی بەسەرەوەیە، هەروەك چۆن لێبوردن میراتیەکی حەزرەتی ئیبراهیمەو لەئاینەکانی

مەسیحیو ئیسلام پەیڕەوکراوە، هەروەها ئەم زاراوەیە لەسەر ئێمەی کورد وەك زۆربەی گەلانی سەر ئەم کەونە کاریگەری خۆی هەبووە، بەڵام پێش سەرهەڵدانی ئاینی ئیسلامیش مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم چەمکە لای گەلی کورد کاریگەری قووڵی هەبووە، ئەم کاریگەریەی لەئاینەکانی ئەو سەردەمەوە وەرگرتووە، مەسەلەکانی ئاشتیو پۆزشو هێمنی و تەحەمولکردن، زاراوە گەلێکن کە بەقووڵی لەئاینی زەردەشتیدا باسکراوە، هەروەها ئەو ئاینە لای کۆمەڵگای ئەو سەردەمە ئەوەی دروستکردووە کە تاریکیەکان بەرووناکی لەناوبەرن، خۆشەویستی بونیادبنێن، هەمیشەش جەخت لەسەر ئەوەکراوە کە نابێ بڕواتان بە ڕژاندنی خوێن بێت، دیارە بەم جۆرەش مامەڵەکراوە لەگەڵ شەڕخوازان، نەك ئەمەش بگرە زۆرجار گەیشتوەتە بەخشینی پلەکانی ئاسایش بەخشین بە شەڕخوازان، لەتێکستە کۆنەکاندا ئەم ڕاستیانە ئەخوێنینەوە، ئەگەر بڕوانینە کتێبەکانی مێژوو هەمیشە هێرش کراوەتە سەریانو ئەمانیش بەرگرییان کردووە، بەرگریکردن بە مانای نەویستنی ئەو ناکۆکییە، بۆ زیاتر خوێندنەوەی ئەم ڕاستیانە ئەتوانین لەکتێبەکانی مێژوودا ئەم ڕاستیانە بخوێنینەوە.

خۆ ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە مێژوی ئێمە ناپاکیو شەڕخوازی تیا نەبووبێ، بەڵکو ئەمیش مێژووەکەی وەك مێژووی هەموو گەلان جۆرێك لەتاوانی تێدابووە، ئەگەر مێژوومان پڕبێ لەوەی کە غەدرمان لێ کراوە، خۆ ئێمەش کەم تازۆر غەدرمان کردووە، گەر کورد بەدەسیسەی تورکەکان وای لێ کرابێ بەشداری لە قەسابخانەی ئەرمەنی قڕان بکات، خۆ خۆی ئەیتوانی ئەو بکوژو بڕیە ئەنجام نەدات، یان ئەنفالی کورد گەر بە دەستی دوژمنی کورد کرابێ،خۆ بەشدارو ئەنجامدەرانی هەر چەکداری کورد بوونو ئەوان پێش سوپای دوژمن ئەکەوتنو گوند بەگوند بەشدارئەبوون لەڕوخاندنو وێران کردن.

ئەگەر بڕوانینە خیانەتەکانی مێژووی خۆمان، درك بەوە ئەکەین کە مومارەسەکردنی تۆڵە شێوازێك بووە بۆ هاوکاری کردنی دوژمن، خیانەتی سیاسیو کۆمەڵایەتی لەبەسەرهاتو حیکایەتە فۆلکلۆریەکانیشدا ئەبینرێ، خیانەتی هەندێ لەدانیشتوانی قەڵا لەقەڵای دمدمداو هاوکاری کردنیان بۆ سوپای ڕەزاشا بۆ داگیرکردنی قەڵا جۆرێکە لەتۆڵە سەندنەوە لەپێناوی دەسکەوتە ماددیەکان، هەروەها خیانەتی کەسێتی موشیری حەمەی سلێمان دژ بە شۆڕشی شێخ مەحمود هاوکاری کردنە لەنێوان هاوولاتیو دوژمن، هەروەها لەنێو داستانەکان مێژوو و خۆشەویستیمانیش تۆڵەو دووبەرەکیو خیانەت و چەقۆ وەشاندن لەپشتەوە ئەبینی، بڕوانە ڕەفتارەکانی بەکری مەرگەوەڕی لەداستانی خۆشەویستیی مەمو زین.

لەمێژووی هاوچەرخیشدا گەلێك نموونەی سەیر ئەبینین لەچۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ چەمکەکانی تۆڵەو تاوانو خیانەت.

پاش گۆڕانکاریەکان لەبونیادی کۆمەڵایەتی کوردی، هەروەها سەرهەڵدانی هەندێ دیاردەی نوێ لە پەیوەندی سیاسیو کۆمەڵایەتی، هەندێ شێوەی دیکە لە هەڵسوکەوتی تۆڵەسەندنەوەو خیانەت سەری هەڵدا، هەرچەندە لەناوەڕۆکدا هیچ جیاوازییان لەگەڵ بەسەرهاتەکانی کۆندا نییە، بەڵام مومارەسەکردنێکی نوێی هەبوو، چاندنی تۆوی دووبەرەکی هەروەها تەوزیف کردنی شەڕ وەك دیاردەیەکی پیرۆز، زاراوەکانی شەڕو تۆڵە بەتەواوی بوون بە کەلتورو ئەرك، لەقوتابخانەو مزگەوتو کۆڕو کۆبوونەوەدا، بوون بە زاراوەیەکی پیرۆز ئەگەر یەکێك بڕوای بەو زاراوانە نەبوایە ئەوە ڕێك ناوو ناتۆرەی سەیری لێ ئەنرا و تانەو تەشەریان لێ ئەدا، هەرچەندە دوژمن هۆی سەرەکی بوو لەگەشەدان بەو زاراوانە، بەڵام خۆشمان وەك زاراوەگەلێکی پاکیزە تەماشای ئەو زاراوەمان ئەکردو لەسەر ئاستی پانتایی کۆمەڵگا بەوە ڕازی بووین کە ناوی جەنگاوەرێکی شەڕکەرو نیشانەشکێنو سەرپەڕێنمان لێ بنێن، تا کەسێکی ئاشتیخوازو دیالۆگخواز، دەردەکە لەوەدا بوو پەروەردەو خودی کۆمەڵگاو سیاسیەکانو دوژمنەکانمان بەو جۆرە بوون، ئێمەش بێ ئەوەی هەستمان بە خۆمان بکردایە جەنگاوەرێ بووین دەستەکانمان یەکەمین شت ڕووی لێ ئەکرد چەك بوو تا گوڵ، ئەمانەش دیاردەیەك بوون نەك تەنها لای ئێمە بەڵکو هەموو گەلانی دەوروبەر جارپیان بۆ ئەو ڕەوشتو هەڵسوکەواتانە لێ ئەدا، ئەوەندەی شەڕکەرێو بکوژەرێ لەمێژوودا ناوی هەیە، کەسێکی ئاشتیخوازنییەتی!، دەردەکە لەوەدابوو کە تەوژمی دنیا تەوژمێ بوو پەرەی بەکوشتن ئەدا تا بەئاشتیو لێبوردن، ئەو تەوژمە ئێستاش پەرەی سەندووە بەرەو باڵاتر ئەڕوات زیاتر دنیا خوێناوی تربووە

لەجاران. گەلی کورد وەك نەتەوە لەژێر پاڵەپەستۆی داگیرکردنی نیشتمانو سڕینەوەی زمانو تێکدانی کەلتوورو سڕینەوەی مۆرکە نیشتمانیەکەی چاوەڕوانی ئەوەبووە کە هەمیشە دوژمنانی دەستی لێبوەشێنن، بۆیە ترسی لێدانو لەناوبردن بواری پێ نەداوە کە بیری لێبووردن لای دوژمنەکەی ببینێ، بەڵکو هەمیشە چاوەڕوانی ئەوەبووە کە زیاتر دوژمنایەتی لەگەڵ قووڵ بکاتەوە پاش ئەو هەموو تراژیدیاو نەبوونی هیچ جۆرە دەستێك کە تەوقەی لەگەڵ بکات، کەواتەی وشەکانی پەیوەندی لەیەکتری ئەترازێنو ماناکانیان لەدەست ئەدەن.

گەڕ بڕوانینە تراژیدیەکانی ئەم گەلە، ئەبینین هەموو زاراوەکانی تۆڵەو تاوانو پۆزش جێگاو ڕێگای تایبەتیان هەیە ئەم زاراوانە لەگەڵیا ژیاونو لەگەڵیا گەشەیان کردووە، لەسایکۆلۆژیەتیدا ڕەنگ ئەداتەوەو ئازاری لەگەڵیا چەشتووە، ئەگەر تەنیا لەوشەی تاوان بکۆڵینەوە هەست دەکەین سەرتاپای مێژوومان تاوان لێکردنە، بڕوانە کودەتا بۆ سەر شێخ سەعیدی پیرانو لەسێدارەدانی قازی محەمەدو راونانو دەربەدەرکردنی شێخ مەحمودو توانەوەی شۆڕشی گوڵانو ئاوارەکردن بارزانییو بەندکردنی شاعیرانو تا ئەگاتە ئەنفالو کیمیابارانو گوندسووتانو منداڵ سەربڕینو مەنفاکردنی گەلێكو لەخاك کردنە دەرەوەیان.. ئەمانەو دەیان نموونەی دیکە کە پڕن لەئازارو تاوان پڕن لەژان، کە ناکرێ کاریگەرییە دەروونیەکەی ئەوەندە کەم بێت تا لە یاد بکرێ، سووتاندنی جولەکەکان لەجەنگی جیهانی دووەم بەدەستی نازیەکان، ئەوەندە ئازاراوییە کە ئێستاش نەوەکانی پێوەی ئەناڵێنن، جا ئەبێ ئەو ئازارانەی ئێمە چ مەزن بێت کە لەمێژووداو تا ئێستاش دەرهەق بەم گەلە ئەکرێت، بۆیە گەر بە پیرۆزیش بڕوانیتە وشەی تۆڵە دەرئەنجامی ئەو هۆکارانەیە کە لەسەرەوە ئاماژەمان بۆی کرد.

بەهای ئەخلاقی سەرەڕای ئەو هەموو تاوانو پێشێلکردنە وای لێنەکردووە کە واز لەزاراوەی لێبووردن بێنێت، هەرچەندە تۆڵە شێوازێك بووە بۆ راگرتنی هاوسەنگی لەمانەوەدا، بەڵام لێبووردن شێوازێك بووە بۆ نزیکبوونەوە، نزیکبوونەوە بەمانای لەبیرکردنو دووبارە روانین بەرەو ئاسۆیەکی نوێ، بەڕاستی لە مێژوودا نازانین چەند لێبووردنمان پێشکەش بەوانە کردووە کە ئازارمان داون، بەڵام گومان لەوەدا نییە کە مێژوومان بێ هیچ گومانێ نموونەی پۆزشو بەخشینی تیایە، تەنانەت لەکەلتوورو ئەدەبیاتماندا گەلێك بەرهەم پێشکەش کراوە لەبارەی بەخشندەییو لێبووردنی دەسەڵاتدار لەبێ دەسەڵاتو لێبووردنی ئازاردەر لەئازارلێدراو. تەوەرەکانی جەنگ و ئاشتی وای لێکردووە بەگومانەوە بڕوانێتە هەندێ پەیوەندی، بەتایبەت پەیوەندییەکانی نێوان لێبووردنو لەبیرچوونەوە، چونکە بەرامبەرەکانی هەرگیز بیرچوونەوەیان بەکارنەهێناوە بۆ دووبارە پێکەوە ژیان بۆیە ئەم گومانی هەبووە، گومان لەدەوروبەر وای لێکردووە کە لەپەیوەندیدا لەگەڵ لێبووردن زۆر بەئاگا بێت، چونکە دوژمنەکانی هەمیشە وەك (میلیتۆس) وان هەموو خەونیان ئەوەبووە بە تاوانباری لەقەڵەم بدەنو بیانەوێ حوکمی مەرگ بیگرێتەوە، بەرامبەرەکەی لە جۆرە ناکۆکیەك بووە رۆژێ لەرۆژان وشەی لێبووردنیان لەسەر زار نەهاتووەتە دەرێ.

ئەو پرسیارەی، کە زۆرگرنگە ئەوەیە ئایا کورد ئەبێ لێی ببوردرێ یاخو لێبووردن پێشکەش بکات؟؟ بێ سێو دوو وەڵامی ئەم پرسیارە ئاشکرایە ئەوەی کە لێبووردنی پێشکەش ئەکرێت، بورراوە لەوانەی هەڵەیان بەرامبەر ئەکەن، کورد وەك نەتەوەیەك بە حوکمی ئەوەی زیاتر لەبەرەی ژێردەستدا بووە، بۆیە جێگای خۆیەتی کە لێبووردنی پێشکەش بکرێت، لێبووردن بەرامبەر بەو هەموو ساڵانەی کە تاوانی بەرامبەر کراوە، لێبووردن بەرامبەر ئەو هەموو برینانەی کە لەناخو بەها ویژدانیەکانیدا دروستیان کردووە، پۆزشێ کە بتوانێ هەموو برینەکانی بیربەرێتەوە، پۆزشێ لەبازنە داخراوەکان دەریبێنێ و بیخاتە خانەی پەیوەندی ئاساییەوە.

### ئەنجام

ئەزموونی ژیان بە هەموو تاڵیو شیرینیو ئازار و خۆشیەکانیەوە بریتییە لەدەریایەكو شەپۆڵ ئەدا، ئێمەی مرۆڤیش لەنێو کەشتیەکدا بەسەر ئەو دەریایەوەین، چاوەڕوانی شەپۆلێکی بەتینین، لەنێو ئەو کەشتیەدا کەس ناتوانێ بڵێت ئەو شەپۆڵە هاوڕێی منەو بەرەو رووی ئەچم، کەس ناتوانێ ببێ بە هاوڕێی ئەو شەپۆلە، کەس ناتوانێ باوەشی خۆشەویستی بۆ

بکاتەوە، چونکە ئەو شەپۆلە تووڕەییە، تووڕەیش نابێ بەهاوڕێی کەس.. لەم ژیانەدا تووڕەیی و عەقڵ لە ململانێی هەمیشەییدابوون، عەقڵ ناتوانێ لەنێو تووڕەییدا هەبێت، بۆیە گەر بمانەوێ لەژیانی بیرو دیالۆگەوە نزیک بین ئەبێ عەقڵانی بین لە پەیوەندیەکانمان، واتە ئەبێ لەیەکتری نزیک بینەوە، مرۆڤیش تەنیا بە لێبوردن لەیەکتری ئەتوانێ ببێ بەهاوڕێو بەرگری شەڕخوازان بکات. کەواتە بە لێبوردن ئەتوانین بەسەر شەپۆلی تووڕەییدا زاڵ بین. بۆ ئەوەی بتوانین لە لێبوردن بگەین ئەبێ ئاوڕ لە رابردوو نەدەینەوە، لەخۆمانەوە دەست پێ بکەین، پێش هەموو شتێك ئەبێ لەخۆمان ببورین، گەر لەخۆنەبورین ناتوانین لەکەسێکی تر ببورین.. چەمکەکانی پەیوەندیو نزیکبوونەوە زیاتر هاوڕێیەتیمان لەگەڵ مەسەلەی پۆزشو بەخشیندا بەهێزئەکات، ئاسوودە بوونی ویژدان بەوە دێتەدی کە ناخی خۆمان لەشەڕخوازی پاك بکەینەوە، واتە ئەبێ بڕوامان بەهەڵوەشاندنەوەی ئەو پەرژینانەبێت کە سنوور ئەخەنە نێوان منو تۆ، منو ئەو، تۆو ئەوان، ئەوانو ئێمە.

بۆیە بەردەوام ئەبێ بپرسین تۆڵە چییەو بەرەو کوێمان ئەبات و کەی کاتێ لێبوردنە؟؟

---

[i] -ترجمة: مصطفى العسري-ادغار موران-منبع الحب-٢٠٠٢.

[ii] -محمد العابد الجابري-التسامح كموضوع للتفكير الفلسفي - جريدة (الشرق الاوسط) الثلاثاء ١٤/١/١٩٩٧-العدد ٦٦٢٢


[iii] -هەمان سەرچاوەی پێشوو...

[iv] -الكرمل-العدد٦٧ ربيع ٢٠٠١، الغفران موضوع مناظرة بين جاك دريداو ادغار موران.. تلخيص.ك.ج.

[v] -ROBIN CASARYAN / VERGEVEN EEN MOEDIGE KEUZE VOOR INNERLIJKE VREDE .. UITGEVERIJ ANKH- HERMES BV- DEVENTER::::::1997

[vi] -VERGEVEN OF VERGELDEN/ HELMI GOUDSWAARD VAN GENNEP 2000...P:7

## گەلاوێژی نوێ



یازدە دەقیقە ناونیشانی رۆمانێکی نوێی باولو کۆیلۆیە ساڵی ٢٠٠٣ لەباریس چاپکراوە، یازدە دەقیقە دوو جیهانی جیاواز لەخۆ دەگرێت، جیهانی سۆزانیو جیهانی سووتانی رۆحی، ئافرەتێك زوو لەزێدی خۆی هەڵئەکەنرێو ونگەی ژیان دەیخاتە بەر تاقیکردنەوەیەکی سەیر. ماریا دەبێت بەلەشفرۆش خەونە سادەو جوانەکانی لادێکەی بەجێدێڵێو لە ریودیو جانیرو لەدواکاتێکدا دەکەوێتە کارکردن بەڵام هونەرمەندێکی ئیشکەر دەیبینێت لەگەڵ خۆی دەیبات بۆ فەرەنسا لەوێ وەك لەشفرۆشێك سەرنجی کەسانێکی زۆر رائەکێشێ، ماریا رۆحی پڕە لەپرسیاری خۆشەویستیو سێکس تا هونەرمەند رالف مارتی لەقاوەخانەیەکی جنێفدا تووشی دەبێتو بڕیار دەدات لەتابلۆیەکدا روخساری ماریا نەمربکات..

رۆمانی یازدە دەقیقە گەشتێکە لەجیهانی لەشفرۆشییەوە بۆ جیهانی پاکێتی واتە خلیسکانە بەرەو شیوی لەشفرۆشیو دەربازبوونە لێی. لە روویەکەوە پاولو کوێلۆ دەیەوێ بڵێ کە بەپیسبوونی جەستە رۆح پیسنابێت، لەش گەرد دەیگرێت بەڵام رۆح نا، هەر بۆیە لەکۆتاییدا ماریا لەدەستی مشتەرییەکان رائەکات. ئەو ئەیەوێ خۆی نەفرۆشێ بەخۆڕایی پەیوەندی دروستبکات. ئەگەر پاولۆ کوێلۆ لە ٢٠٠٣ بگاتە ئەم ئەنجامە ئەوە جبران خەلیل جبران لەبیستەکانی سەدەی رابردوودا لەدەقێکی دە دێڕیدا مانایەکی لەم بابەتەی لەقەفەزی شێوەدا دەربڕیوە.

# ئامازەکانی دەسەڵات لەرۆمانی (خۆری تار)دا

محمد ڕەنجاو

(عەبدولاٌمن سێ ڕۆژ نیە برسیمە ... سێ هەزار ساڵەو.. بە هیچ دانامرکێم ... ئەوەی دەمانەوێت لە هەموو گەنجینەکانی پاشاکاندا چنگ ناکەوێت .. لە کوێیان بوو؟ ئەو گوناهانە نیانە، چی بکەن، شکی نابەن.. لە کوێ دەتوانن ڕۆژی نانێك و تۆزێك ئازادی بۆ ئەو خەڵکە مسۆگەر بکەن ؟ تەنیا تۆزێك ئازادی و نانێك... بەرامبەر دەریایەك ئارەقەو ماندوێتی .. نا .. ناتوانن .. نە نان شك دەبەن و نە ئازادی من هیچیانم لێ نەدیون)

لە ڕۆمانی- خۆری تار- ەوە

هەر لەم پەرەگرافەی وەك نمونە کردمانە بەرایی گوتاری نوسەر، دوای مەرگی خۆی وەك خاوەندارێتی، ئەو گومان و دڵە ڕاوکێیەی تاکی کوردی زیاتر بەرجەستە دەکا بۆ نائومێد بوون بەرامبەر بەو سونبولە دەلالیەی کە دەسەلاٌت دەیەوێ شانازیی پێوە بکاو، گومان لە هەر مژدەیەك دەکات کە سیستەمی ناوەند بە تاکەکانی دەبەخشێت، مژدەیەك کە هەمیشە لەناو ئامازەکانی دەسەلاٌتدا لە دایك دەبێت.


مێژووی زەبروزەنگ هاوجووتە لەگەڵ مێژووی دەسەلاٌتداو لەناو بونیادی سیستەمە سەرەتاییەکانی دەسەلاٌتدا پڕۆژەکانی سڕینەوەی تاك و هەمەجیەت چەکەرەی کردوە، دەکرێ بوترێ مرۆڤ هەر لەگەڵ بوونیدا بەشێك لە شەڕانگێزی و شەڕە چڕنووك لە بونیادی سایکۆلۆژی و بیرکردنەویدا سەر هەڵدەدا، ئەمەش سەرەتاکانی لەو گازانەوە دەردەکەوێت کە کۆرپەیەك دوای هەر تێر بوونێك لە گۆی مەمکی دایکی دەگرێ.

ئەم ڕۆژهەلاٌتە دڕندەیەی ئێمە کانگەی شەڕو داپڵۆسین و یەکتر قڕ کردنەو هەمیشە دەسەلاٌتیش سەرچاوەی شەڕو خوێنڕشتنەکان بوەو هاوولاٌتێتی لەم ڕۆژهەلاٌتە نەگریسەدا هەمیشە لە بەردەم هەڕەشەدا بووەو شمشێرەکەی دیمۆکلێت سێبەرێکی بەردەوام بووە بۆ ملە لاوازەکەی، سوکایەتی کردن بە مرۆڤ و هەوڵدان و دەستەمۆ کردن و ڕام کردنی، ئەرکی دەسەلاٌتە بەردەوامەکان بووە.

حکومەت کە نوێترین چەمکی مێژوویی دەسەلاٌتە، ئامازەی ئەو داپڵۆسین و زەبروزەنگە بووە کە هاوولاٌتی زەندەقی لێی چووە. هاوولاٌتی لە مێژووی نوێی ولاٌتی ئێمەشدا هەمیشە مەحکوم بووە بە زەلیل بوون و ، داوای لێ کراوە گوێڕایەڵی یاساو نەریت و سیستەمە باوەکان بێ، ئەو یاساو نەریت و سیستەمانەی کە هەر دەسەلاٌت خۆی بەرهەم هێنەرێتی و ، هاوولاٌتی چ نەخشێکی لە دارشتنیاندا نییە. هاوولاٌتی ولاٌتێك کەلە پەراوێزی مرۆڤەکانی ڕۆژهەلاٌتیشدا دەژیت چ جای جیهان، ئەو ڕۆژهەلاٌتە دڕندەیەی مێشێل فۆکۆ لە بارەیەوە دەڵێت

(مرۆڤ لە کۆمەڵگای رۆژهەڵاتدا تەنها ناوێکە لەسەر لمی کەنار دەریاکاندا نوسراوە)

–خۆری تار– یان کۆچی سوور، ئەو رۆمانە کوردییە رەئوف حەسەن نووسیویەتی و دەیەوێ بەو ئاقارەدا بڕوات کە لە رێگەی نموونەیەکەوە ئاماژەکانی ئەو دەسەڵاتەمان نیشان دەدات. ئەو نموونەیەی کە لە فەرهاد حوسێن کاکەلاو _ حەمە _ بەرجەستە کراوەو رەئوف حەسەنیش کردویەتیە پاڵەوانی سەرەکی رۆمانە ٢٠٠ لاپەڕەییەکەی و ، سەرجەم کاراکتەرو روداوەکانی دیکەی ناو رۆمانەکە لە دەوری ئەو دەسوڕێنەوەو لە خزمەتی زیاتری پراکتیزە کردنی رۆڵ و کەسایەتی وەگەڕ خراون. فەرهاد بەو ئاراستەیە ئیشی پێ کراوە کە بکرێتە ئاماژەیەك بۆ سەر سەختی و ناڕەزاییەکانی دەسەڵات و ، وەك بەشێك لەو ئۆپۆزسیۆنە کایەکانی پێ رایی بکرێ دژ بەو دەسەڵاتە، بەڵام لە سیاقی جوڵەی رووداوەکانی ناو رۆمانەکەدا ئەشێ گومانێك لەو نەخشەیە سەرهەڵبدا کە پاڵەوان بەو ئاڕاستەیەدا ببات، چونکە ئەو بەر لە دەستگیرکردنی پرۆژەی ژیانێکی بێوەی لە بەرنامەدا بوو بە ئاڕاستەی مەئلوفیەت لە ژیاندا، پەیدا کردنی تاکسیەك و رۆیشتن لە شاری خۆی و نیشتەجێبوون لە پایتەخت و بیر کردنەوە لە ئایندەیەکی دوور لە گێرمەو کێشە، ستراتیژی بیرکردنەوەکانی فەرهاد بوون بەڵام لەم رۆژهەڵاتە درندەیەی ئێمەدا هەموو شتەکان لەناو بازنەکانی رێکەوتدا ، کارەکانی خۆیان رایی دەکەن، چونکە لە رۆژهەڵات دا بەرنامەیەك نییە بۆ ژیان، چونکە دەسەڵات لە رۆژهەڵاتدا هەر لە بنچینەدا بۆ هەلا هەلا کردنی جەستەی تاکەکان پیادە کراوە، ئەوەتا فەرهاد دەیەوێ هەموو رابوردووی لە بیر خۆی بەرێتەوە، ئەو لە گەرمەی پیادە کردنی خەونە زاتیەکانیدا، کە هیچ خەونێکی دەرەکی گەمارۆی نەداوە، پرۆژەکانی ئایندەی هەرەس دێنن و پیاوانی دەسەڵات راپێچی زیندانە شوومەکانی دەکەن، بەندیەوان بێ رەحمترین ئامێرە، کەدەسەڵات، زیندانەکانی پێ دەسپێرێ،زیندانەکان ئەشکەوتێکە لە بیابان بۆ بە پەراوێز کردنی تاکەکانی کۆمەڵگا، ئەو تاکانەی دەسەڵات بە بومەلەرزەیەکیان دەزانێ بۆ خۆی و ، زەندەقی لێیان چووە. چونکە زیندان تەنها لەو چوار دیوارە پۆڵاینەدا قەتیس ناکرێ، کە جەستەی مرۆڤێکی تیا جەڕێنراوەو، زرمەو تەقە تەقی



رەئوف حەسەن

پڕ لە سامی شەوانەی چەکمەی بەندیەوان دڵە کوتێی پێدەخا، بەڵکو زیندان بۆ گۆشەگیر کردنی تاکە لە هاوولاتێتی، بۆ دابڕانی تاکە لەو مێگەلەی دەسەڵات دەیەوێ هەمیشە گوێڕایەڵی قامچیەکانی بێت، لە دوا جاریشدا زیندان بۆ تۆڵەکردنەوەیە لەو تاکە زیاتر لەهەر پێناسەیەکی ترو هەڕەشەیەکی بەردەوامیشە بۆ تاکەکانی تر، کۆمیدیاکەش لەوەدایە کە بەناوی ئیسلاحکردن و بەرپرسیارێتیەوە مەشروعیەتێیەکی یاسایی بۆ مەیسەر کراوە، دەسەڵات کە تاکێك دەخاتە ناو چوار چێوە ساردەکانی زیندان. پاساوی خۆشی بۆ دادەتاشێ، لەهەمانکاتیشا زەنگێکە بۆ تاکەکانی تر کە گوێڕایەڵی سیستەمی باو خواستەکانی دەسەڵات نەبن هەمان چارەنووس چاوەڕێیان دەکات، زیندان لەم رۆژهەڵاتەی ئێمەدا هەوڵێکە بۆ گێڕانەوەی مرۆڤەکان بۆ وەهم و میسالیەت، مرۆڤ کە ترسێکی چاوەڕوان نەکراو وەك مۆتەکە رووبەرووی دەبێتەوە، مرۆڤ کە دادەبڕێ لەهەموو کائینێکی ئولفەتدار و لەهەموو پەیوەنییەکانی دادەماڵرێ شۆڕ بوونەوەیەك بۆ ناخ دێتە ئاراوە بیرکردنەوەکانی زیاتر بۆ دواوە دەگەڕێنەوە، ئایندەی تیا بکوژن و پڕۆژەی خەونەکانی تیا بوەستێنن، ئەو لەو تەنیاییەی خۆیدا دەبێتەوە بەشێك لە وەهم وڕێنەو ئەو ناچارە لەگەڵ دارو دیوارو دەرگا پۆڵاینەکاندا ئولفەتێك ببەستێ، ئەوەتا زیندان بۆ فەرهاد بۆتە کائینێکی رۆحی، جۆرێك لە جۆرەکانی دیالۆگ لە نێواندا بەرهەم دێت، ئەوا لە پەنا کۆنکرێت و دەرگا ئاسنینەکانەوە، لەپەنا ساردو سڕی رۆحی بەندیخانەوە ، کەسێکی وەهمی دروست دەکا، ئەشێ کەسێکی راستەقینەی بێکەس بەر لە چرکە ساتەکانی ئێستای ئەم بەم ئەزموونەدا تێدەپەڕێ کە خۆم لەم یەك دوو دێڕە نوسینەدا بەدیی

دەکا کە لەسەر دیواری بەندیخانە کە بە ئیمزای عەبدولا ناوێك نوسراوە، ئەم نوسین و ئیمزایە، زیاتر ئاماژەیەکە بۆ مێژووی ئەشکەنجەدان و زیاد بوونی ژمارەی قوربانیەکان، ئاماژەیە بۆ زەمەنێك کە چرکەساتی فەرهاد بەردەوام بوونی ئەو زەمەنەیە.

—ئەی ئەو کەسەی دێتە ئێرە ... توبی خودا ئاگادار بە، من بێتاوانم و ئەشمکوژن ... (عەبدولا) — ئەمە لالانەوەو دوا نووزەی مرۆڤێکە بەر لە مەرگی حەتمی خۆی، ئەمە هەوڵی هانایەکە کە هەرگیز ناگاتە فەریاد ڕەسێك . چونکە دەسەڵاتی زەبرو زەنگ و ڕەشەکوژی ڕۆژهەلات هەمیشە لە دەرەوەی یاسا مەدەنیەکاندا ئیش دەکات و، دەست بەسەرا گرتن و ونکردن و مەرگە نهێنیەکان دەخاتە گەڕ بۆ تۆڵە کردنەوە لە تاکەکان، دادگایەك نەبوو بۆ عەبدولا لە ناو قەفەزەکانی تۆمەتباریدا داکۆکی لە خۆی بکاو ئەو بێتاوانیەی خۆی بسەلمێنێ، ئەوەتا ناچارە ئەم پرۆسەیە لە شێوازێك لە شێوازەکانی چەپاندندا ئەنجام دات ئەم هاوارەشی داکۆکی کردن نییە لە خۆی بە مەبەستی ئازاد بوون و سەلماندنی بێتاوانیەکەی، بەڵکو ئەوەی عەبدولا ئەنجامی داوە بەم نوسینەی هاوارێکی روحییە بۆ قەرەبوو کردنەوەی ئەو زەمەنە بەسەر چووەی کە مافی داکۆکی لەخۆکردنی ئەوی تیا سڕاوەتەوە، چونکە ئەو دەزانێ کە دەیکوژن و کەسیش نیە گوێ لە دوا نووزەی بگرێ.

فەرهاد لەم ڕۆمانەدا وەك کەسایەتیەك مامەڵەی لەگەلا کراوە کە دیدی بۆ ژیان و ڕوبەڕو بوونەوەی دەسەڵات تەواو جیاوازە لەگەڵ عەبدولاو ، ئەمە وەك ئەو جەدەلە وەهمیەی کە لەگەڵیا سازی دەدا کە زیاتر لە سەفسەتە دەچێ، هەندێ جاریش گفتوگۆکان حاڵەتێك لە هێستریا نیشان دەدەن، حاڵەتێك کە تێکەڵەیە لە نائومێدی و پاڵەوانیەتێکی دۆن کیشۆتانە، ئەشێ ڕۆماننووس ویستبێتی لەم ڕۆمانەیدا مامەڵەیەکی هۆشمەندانەی لەگەڵدا بکات. فەرهاد دەیەوێ بە شێوازو جۆرێکی جیا لە تێگەیشتنی عەبدولا بیر لە تاوان بکاتەوە، ئەو لەناو چەمکی زاراوەیەکی ڕێژەییدا مامەڵە لەگەڵ ئەم مەسەلەیەدا دەکا، ئەو وا بیر دەکاتەوە کە تاوان بەلای دەسەلاتەوە هەمان ئەو تێگەیشتنە نابەخشێت کە دیدی هاوولاتیتی مەزەندەی دەکا. مرۆڤی بێ تاوان لە تێڕوانینی دەسەلاتی ڕۆژهەلاتدا واتە ملکەچ و گوێڕایەڵ و تا سەر ئێسقان دەبەنگ و بێوەی. ئەوەتا فەرهاد وای دەبینێ کە مرۆڤ دەبێ لە ئاستی قالۆنچەو شەمشەمە کوێرەدا بێ ئەوجا بێ تاوانە.

هەموو چەمکە ئەخلاقیەکان لە حاڵەتێکی بەردەوامی گۆڕاندان، لە دەسەڵاتێکەوە بۆ دەسەلاتێکی تر، دەسەلاتی خێر بۆ دەسەلاتی شەڕ، کە ئەمەش زیاتر ڕەنگدانەوەی ئەو بۆچوونەی سەردەمەکانی رابووردویەو دەکرێ ئێمە بە بۆچوونی باو ناوزەدی بکەین هەر لێرەوەیە تاوان لای پاڵەوان چەمکی تایبەت بە خۆی وەردەگرێ و بەلای پاڵەوانەوە مرۆڤ لە تاوانباریدا گەورەو بە بایەخەو لە بێتاوانیدا گچکەو بێبەهایە، ئەم بۆچونە سادەیە دەکرێ بەشێك بێ لە سیماو قسەی هەر تاکێکی ڕۆژهەلات لە بەرامبەر دەسەلاتدا، ئەمەش زیاتر لە هەست کردن بە گرێی کەم وکوڕییەوە دێ یا پەرچە کردارێکە بەرامبەر زەبرو زەنگی ئەو دەسەلاتە، کە هەمیشە لە دەستەمۆ کردنی هاوولاتیاندایەو، گوێڕایەڵ نەبوون بۆ ئەم رام کردنەش، دەسەلات بە تاوانی دەزانێ، هەر ئەوەشە وای کردووە هەر تاکێکی ئەم ڕۆژهەلاتە شانازی بەو هەوڵەی خۆیەوە بکات کە یاخی بوونە بەرامبەر دەسەلات و ئەمەش ڕەنگدانەوەی بۆچوونەکانی نوسەری ڕۆمانی خۆری تارەو فەرهادیش ئەو بێ تاوانیە ڕەفز دەکات کە بەرەو بێ بەهایی و گچکەیی دەبات. عەبدولا هیچ تاوانێکی نەکردوە، لەمەشدا ئاماژەی عەبدولا بۆ تاوان کردن دژایەتی کردنی دەسەلاتە، بەلام ئاماژەی تاوان بەلای فەرهادەوە رام بوونە بۆ دەسەلات، تاوان کردن وەك تێگەیشتن و بۆچوون لای فەرهاد تەواو پێچەوانەی دیدی عەبدولایە، تاوان کردن لای فەرهاد، تاوان نەکردنە بەرامبەر دەسەلات و رام بوونە بۆی.

فەرهاد لەو چوار دیوارە پۆلاینەی بەندیخانەکەیدا بە هێستریاوە دیالۆگێکی وەهمی لەگەڵ عەبدولا دا ساز دەداو بە دەمارێکی گرژەوە کە زیاتر لە نوزە نوز دەچێت دەڵێ ( عەبە ... من ئەمشەو شانازی بە خۆمەوە دەکەم ... گاڵتەیش بە تۆ دەکەم. تۆی بێ تاوان نەماویت و منی تاوانبار ماوم ... تاوانبار هەر نەمرەو دەمێنێت ... بێتاوان هیچ نیەو سەد ساڵیش بژی هەر تۆپیوە )

١. پاڵەوان لە سیزیفەوە بیگرە تا سپارتاکۆس و عیساو تا هەموو ئەو چەمکە غەمگینانەش کە بە بەرگی

شەهید بوون داپۆشراون لە نائومێدیەکی رەهاوە دەستیان پێکردوەو لە هەمان نائومێدیشدا کۆتاییان پێهاتوە، چونکە ژیان ئەو گەمە سەرمەدییەیە نە سەرکەوتووی تیایە نە ژێرکەوتوو، چونکە ژیان خۆی گەمەیەکی ناچارییە، وەك ناچاری لە شۆڕشکردناو ناچاری لە نوشوستەکاناو لە دوایشدا ناچاری لە ژیان و مردنا، بەڵام کارەساتەکە لەوەدایە کە نائامادەگی پاڵەوانیش لە ژیانی مرۆڤەکانا گەورەترین مەرگەساتە. چونکە مرۆڤ هەمیشە خەونی بە پاڵەوانێکەوە بینیوە بۆ قەرەبوو کردنەوەی تێکشکانە بەردەوامەکانی خۆی و پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی‌لە روحی کلۆڵیدا لە داڕمانێکی بەردەوامدایەو داوای فریادرەسێکی لیٚ دەکا. پاڵەوان زادەی بیری گریکەکانەو چارەنووسی پاڵەوانیش هەمیشە مەرگێکی تراژیدیانە بووە، رۆماننوس لەم دەقەی خۆیدا پاڵەوانێکمان بۆ بەرهەم دێنێ کە زیاتر رەنگدانەوەی ئایدیاو دنیا بینی خۆیەتی چونکە رەئوف حەسەن لەژیانیدا هەرگیز ملکەچ نەبوە بۆ دەسەڵاتە بەردەوامەکان و هەمیشە ئۆپۆزسیۆن بووە، فەرهادیش کە سەر بەسەردەمێکی پێشوتری ئەم قۆناغەی ئێمەیە سەردەمی شۆڕشگێڕی رۆمانسیانەیە، ئەو ساتانەی کە ئایدۆلۆژیا ئەفیونێك بوو لە بوونی هەر تاکێکی ئەم وڵاتەداو رەهەندێکە مەرگدۆستی هەبووە، فەرهاد ئەو کاراکتەرەیە کە دەیەوێ پاڵەوانی سەرەکی رۆمانەکە بێ، دەیەوێ لەناو چەقی روداوەکاندا گەمەی خۆی هەبێ و سەرجەم روداوو کەسایەتیەکانی تر لە دەوری بازنەی ئەودا بێن و بچن. رۆماننووس ئەو نەخشەیەی بۆ کێشاوە کە سەرسەختێکی تێکۆشانی چینایەتی بێ دژ بە دەسەڵاتی دیکتاتۆری، یا رونتر قسان بکەین دژ بە چەمکی دەسەڵات. ئەو لەو پێناوەدا بە عەزرەتەوە خۆی دەهاوێژێتە ئامێزی مەرگ.

٢. رۆژهەلات مەکۆی دیکتاتۆران و دەسەڵاتدارانی بەریەری هەمیشە بەو ئاراستەیە کاری کردووە، مرۆڤەکان رووبەڕووی پەرچەکردارێك بکەنەوە بەرامبەر ژیان و، مەرگدۆستی بکەنە ئامانج ( مردن خۆشترە لەم ژیانە ) وێردی سەر زاری هەر یەك لە مرۆڤەکانی رۆژهەڵاتە، چونکە لێرە دەسەڵات هیچ بەهایەکی بۆ مرۆڤ نەهێشتۆتەوەو هەر ئەمەشە وای لە میشێل فۆکۆ کردوە کە بڵێت ( مرۆڤ لە کۆمەڵگای رۆژهەڵاتدا، تەنها ناوێکە لەسەر لمی کەنار دەریاکاندا نوسراوە) .

دەسەڵات چیانێکی شەرەفمەندانەی بۆ هاووڵاتیان نەهێشتۆتەوە. ئاماژەکانی دەسەڵات بە ئیدارەو رۆژنامە نووسی و دەزگا هەواڵگریەکان و کاری لەشفرۆشیەوە تێکەڵاوی یەکتر دەکرێن، بەمەش دامەزراوەی دەسەڵات لە رۆژهەڵاتدا لە دامەزراوەیەکی مەدەنی دادەبڕێ و زاراوەی دامەزراوەیەکی موخابەراتی بەخۆوە دەگرێ، ئەوەتا پاڵەوانی رۆمانەکە هەتا لەگەڵ ئاتەی مام هۆمەریش بەرەو رووی ئەم کێشەیە دەبێتەوە کاتێ ریکۆردەرەکە لە ژانتاکەیدا دەدۆزێتەوە کە بۆ هەواڵگری و تۆمار کردنی قسەکانی فەرهاد بەکار هاتووە، هەر ئەوەشە هاووڵاتێتی لە رۆژهەڵاتدا بەرەو مەترسی زیاتر دەکاتەوەو گیان فیدا کردن و پێشمەرگایەتی و قوربانیدان و چالاکی خۆکوژیش ئەو زاراوە سەقەتانەن کە دەرهاویشتەی ئەو پەرچەکردارانەن دژ بە دیکتاتۆران و دەسەڵات، ئەوەتا پاڵەوانی رۆمان هەمیشە حەسرەت بە مەرگەوە دەخوازێ و، مەرگ واتای ئازادی و سەرفرازی دەگەیەنێ بەلایەوە _ ئاوازی تەنیایی _ کە بەشی یەکەمی رۆمانەکەیە چەقی ئەو ئاراستەیەیە بۆ شۆڕبوونەوە بە ناخی مەرگدۆستی و قوربانیدان لە پێناوی ئازادیدا، ئەگەر ئازادی خەونێك بێ بۆ بەردەوامی ژیان بەلای گشتەوە، ئەوا مەرگ لە پێناوی ئازادیدا سڕینەوەی ئەو بەردەوامیەیە بە نیسبەت تاکی خەوناوییەوە، لێرەوە دیدێك خۆی دەخاتە روو بەوەی ئەگەر ئازادی بەرهەمی بەدیموکراسی کردنی کۆمەڵگاو پێشکەوتنێکی سروشتی قۆناغەکانی گۆڕانی کۆمەڵگابێ، ئەشێ سڕینەوەیەکی فسیۆلۆژی و خۆبەکوشتدان بۆ ئەو ئازادیە چ پاساوێکی ئەوتۆی نەبێ بۆ هەر تاکێکی مرۆڤەکان.

پێکهاتەی بیرکردنەوەکانی فەرهاد پێکهاتەیەکی شۆڕشگێڕانەی کلاسیکە. ئەو بڕوای بە ئایندەیەکی تر هەیە بۆ ژیان کە دەسەڵات تیایا مانایەکی تر بدات بەو ژیانەو پێکهاتەیەکی تری کۆمەڵایەتی لیٚ بکەوێتەوە، ئەمەش سەرچاوەی بەدحاڵی بوونەو ئیشکالیەتی جیاوازیەکان لێرەوە دەست پێ دەکات،چونکە ئەم دیدە سەرچاوەی هەموو خەونە رۆمانسیەکانە، چونکە دەسەڵات لە هەموو مێژوو رابوردوی بوونی خۆیدا

نمونەیەکی ئەو خەونەی بەرهەم نەهێناوە کە بەها مرۆییەکانی تیا پارێزراو بێ بەدەر لەو رێنووسانەی لە ناو وەهمەکانی یۆتۆپیادا بەهەشتێکمان بۆ دەسازێنن، لێرەوەیە بە ئاوڕدانەوە بۆ هەموو مێژووی مرۆڤایەتی فرمێسکێکمان پێویست نابێ بۆ بەها بەسەر چووەکانی رابوردوی هەلڕێژین، چونکە لە هەموو دەسەلآتەکانی مێژووی مرۆڤایەتیدا بەهایەکی راستەقینەی بۆ مرۆڤەکان نەخستۆتەوەو دەسەلآت هەر لە بنچینەدا بە مەبەستی ناوەندارێتی کۆنترۆلکەر لەلایەن هێزە بالآ دەستەکانەوە ئامادە کراوە بۆ پەراوێز کردنی ئامازەکانی دەرەوەی خۆی و شەڕانگێزی مرۆڤی بالآ دەست کایەکانی دیاری دەکات و هەر ئەوەشە فەرمانی نووسین لە زەمەنی ئێستادا بیر کردنەوە لە چرکەساتەکانی رابوردودا قەتیس دەکاو دابڕانێك لە زناکەکانی پرۆسەی نووسیندا دێنێتە کایەوە. دابڕانێك کە بە پێچەوانەی ئاراستەکانی خۆی کار دەکا، شێوازی ریالیزمیش لە نووسیندا بۆ ئەمرۆی ساتەکانی بێهودەیی، جۆرێك لە جۆرەکانی لەبارچوونی پێوە دیارە بۆ ئەمرۆی دنیای نووسین، چونکە ئەم رێبازە زیاتر کارکردنە لەناو روداوداو بە پەراوێز کردنی دەقەو سوڕانەوەیە لەناو سڕینەوەی دەقدا، ئەمەش وادەکا خۆری تار زیاتر کارێکی بەرنامە بۆ داڕێژراو بێتە بەرچاوان بۆ ئیش کردن لە رووداودا، ئەو دیالۆگە وەهمیەی نێوان فەرهاد و عەبدولآ زیاتر بەوەهم کردنی رووداوەکانە، گەمەیەکە لەناو بەمێژوو کردنی تاوان و سزادا، زیاتر مۆرفینێکە بۆ ئەو جەستە سڕبوەی دوای سێ رۆژ بەند کردن و ئەشکەنجەدان لەو پێگە جوگرافیە تەسکەدا کە ناوی زیندانی ئینفیرادیە، هەر ئەمەشە وای کردوە ئەم پرۆسە روحیە وەك شۆڕبوونەوەیەك بۆ ناخ و لەناخیشەوە بۆ پەیدا کردنی ئولفەتێك کە لەگەلّ دەرەوەی خۆیدا سەرچاوەی گرتبێ جێگیر بێت. فەرهاد دەیەوێ لەناو ئەم بە پەراوێزکردنەشیدا قسەیەکی هەبێ بۆ وتن، ئەو دەیەوێ لە رێگەی ئەو دیالۆگەوە گوتارێك بخولقێنێ کە زیاتر ئایدۆلۆژیا ئاراستەی دەکات. ئەو دەیەوێت سەرجەم رووداوەکانی ژیانی رابوردوی لە رێگەی ئەو دیالۆگەوە بە فلاشباك جارێکی تر بەرهەم بێنێتەوە، ئەوەتا فەرهاد لەو دیالۆگەیدا لەگەلّ عەبدولآ، سیمای گشتی ژیانی مام هۆمەرمان پیشان دەدا، مام هۆمەر کارەکتەرێکی فەرامۆشکراوی ناو رۆمانەکەیە کە زیاتر ئاتەی کچی (پەری) مانایەکی بۆ دەستەبەر کردووە. ئاتە نموونەیەکی رۆژهەلآتیانەیە بۆ پەرتەوازەیی و لادانەکان، بەردەوامبوونێکی هەمیشەیی هەیە لە رۆمانەکەداو هەر ئەو ئامادە بوونەشیەتی وەك کەسایەتی دووەم دەردەکەوێ لەو رۆمانەدا. ئەشێ ئەم (ئاتە)یە دەسەلآت و قوربانیەکان و تیاترۆکان و شۆڕشگێڕەکان و هەموو مانا دژەکانی تر لە بوونی خۆیدا کۆبکاتەوە، ئاتە هێمای ئافرەتێکی سادەو پاکیزەیە لە سەرەتاداو دەگۆڕێت بۆ کچانی شەوانی سووری پیاوانی دەسەلآت، دەشێ هێمای ئایدۆلۆژیایەکیش بێ کە لە بەهاکانی سەرەتای رێڕەوی شۆڕشگێڕی و پاکێتی و خەونی رۆمانسیانەی ئاراستەکانەوە بوبێتە بەشێك لە پۆخلەواتەکانی رۆژهەلآت. بەلآم وەك رەنگدانەوەی ئیزدیواجیەتی هەر تاکێکی ئەم رۆژهەلآتە لە بوونی ئەویشدا ئاتە دەیەوێ ببێ بە قەحبەیەکی شەریف، بەلآم ئەو بێ ئاگایە لەوەی کە لەم رۆژهەلآتە دڕندەیەدا شەریف بوون، لە دەرەوەی وزەو دەسەلآتی هەر تاکێکدایە، هەر ئەمەشە وا دەکات لە دواجار دا وەك قوربانیەك بێ ئیرادە بکەوێتەوە.

ئەوەتا ئاتەی مام هۆمەر کە لەناو موچرکە لەزەت بەخشەکانی شەوانی سووری پایتەختدا ناوی (پەری) بە سەرا بڕاوە، خۆی لە خێزانێکی هەژارو بە پەراوێز کراو دەکەوێتەوەو مالّەکەشیان بە هۆی ئارامی برایەوە دەبێتە شوێنی کۆبونەوەی هەلسوڕاوانی ئۆپۆزسیۆن، لە دوایشدا رام بوونی بۆ دەسەلآت وادەکا رۆلّی بەچەشە بوونی بۆ ماسیەکانی دەرەوەی گۆمی دەسەلآت پیادە بکات، هەر ئەوەشە وا دەکات زیاتر فەرهاد نیگەران بکاو لە زوربەی روداوەکانی ناو رۆمانەکەدا ئاتە لەناو بیرکردنەوەکانی فەرهادا ئامادە بێت، چونکە پێشینەیەك هەیە کە ئەم بوارەی بۆ دەڕەخسێنێ، ئاتە لە رابوردودا دلّخوازی فەرهاد بووە، ئەو ساتانەی فەرهاد (حەمە)ی دایکی بووەو ئاتەش نەببوو بە (پەری) و هێندەش بە (ئافتاو) بانگیان نەدەکرد، هەموو ئەو یادەوەریانە کە لە رۆمانەکەدا فەرهاد بەرهەمیان دێنێتەوەو زۆر جاریش وەك ئامازەیەکی مەلموس بەر دەکەون، لەماوەی ئەو سێ رۆژەدا کاریان لەسەر دەکرێ کە فەرهاد لە ژوورە ئینفیرادیەکەی بەندیخانەدایەو زۆر جاریش هەمان دیالۆگ و یادەوەری ناو زیندانی ئینفیرادی هەر لە وڕێنە دەچن

که ئەشێ ئەمە پێویستیەکی روحی بێ بۆ فەرهاد و بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو تەنیایی و دابڕانەی نەخشە کێشرابێ که ئەم تیایا ئەژیت.

* * *

فەرهاد بە روکەش لەسەر کوشتنی بەڕێوەبەری گشتی زیندانی کراوە بەلاّم هەر زوو ئەو تۆمەتە پوچەلّ دەبێتەوەو مانای خۆی لە دەست دەداو شانۆگەریەکە دەکەوێتە روو،بەوەی کە ئەمنەکان، یا جەلادە دڕندەکانی دەسەلاّت، لاشەی سەگێکی توکنی لە ئالاّ پێچراوی مردووی نیشان دەدەن، گوایە ئەم ئۆتومبێلەکەی شکاندۆتە سەری و کوشتویەتی، ئەمەش هەموو لەو مانۆڕە قێزەونانەن کە دەسەلاّت لە رۆژهەلاّت دا سازی دەدا بۆ تێوەگلاندنی هاوولاّتیان و بێدەنگ کردن و ئەشکەنجەدان، وەك تۆلّە کردنەوەیەك لەو کەسانەی کە لە دەرەوەی ئەو دەسەلاّتەوە بیر دەکەنەوەو مل نادەن بۆ خۆ گونجاندن لە گەلّیدا و هەر ئەمەشە وادەکات سیمایەکی روون دیار نەبێ بۆ زیندانیکردنی هەر هاوولاّتیەك و تۆمەتەکان لە کۆمەلّێ گوماندا نیشان بدرێن .

چونکە ئەوان هەمیشە پێویستیان بە داتاشینی تۆمەتێك هەیە بۆئەوەی یەکێکی پێ تاوانبار بکەن، چونکە ئەوان جەلادیان هەیە دەبێ کاری خۆی رایی کاو بێ ئیش نەبێ، زیندانیان هەیە دەبێ پڕ بێ، دەسەلاّتیان هەیە دەبێ سام و هەیبەتی بەردەوامی خۆی بپارێزێ ئەگینا بەلای ئەوانەوە کێشەی کوشتنی بەڕێوبەرێکی گشتی یا توتکە سەگێك نەمەبەستە و نە جیاوازیشی هەیە ، ئامانجەکە لە داو خستنی هاوولاّتیەکە، دەسەلاّت لە رۆژهەلاّتدا، دزێوترین ئاکار دەنوێنن بۆ لەداو خستنی هاوولاتیان بەتایبەت ئەو هاوولاّتیانەی تاوانباران بە گوێ رایەلّی نەکردنی ئەو دەسەلاّتە و هەموو رێگایەکی چەوت دەگرنە بەرو شەرم لە گرتنە بەری چەپەلّترین کاری بەدڕەوشتیش ناکەن، بە بەکارهێنانی ژنانی دۆڕاو و پێگە هەلّکەنراوی کۆمەلّگاو بە چەشە کردنیان بۆ راو کردنی کەسان. ئەوەتا ئاتە دوای رفاندن و گوم کردنەکەی لەناو دەزگا داپلۆسێنەرەکانی دەسەلاّتدا رام دەکرێ و دەبێتە بەشێك لەو دەزگایانە بۆ بەرهەم هێنانی جۆرێك لە جۆرەکانی ئەشکەنجەو، بە ناوەڕۆك و روخسارەوە گۆڕانی بەسەرا دێ و لە ناوە راستەقینەکەی خۆشی دادەمالّرێ و هەلّبژاردنی ناوی (پەری)ش لە شوێن ناوی ئاتە دەلالەت و مانای خۆی هەیە و دەسەلاّت پەری زیاتر وەك چەشەی ژار بۆ راو کردنی هاوولاّتیان بەکار دێنێ، تەنانەت بۆ کەسانێکیش بەکار دێت کە لەوە ناچێت سۆزێکیان بۆ ئەو تێوە گلانەی نەبێت. ئەوەتا دوای ئەو ماوە زەمەنیە دورو درێژەی نێوان حەمەو ئاتە یا روونتر قسان بکەین نێوان فەرهادو پەری، پەری وەك بەشێك لە پیلان بەکار دێت بۆ ئەو سەرەتایەی، کارەساتی پڕلە ئەشکەنجەی، ناو زیندانی فەرهادی لێ دەکەوێتەوەو، لەوە ناچێت پەری خۆشی زۆر سەرسەخت بووبێ بۆ مل نەدان. مرۆڤ لە کۆمەلّگایەکدا کە دەسەلاّتی زەبرو زەنگ بە سەریا زالّ بێت هەمیشە هەولّی شێواندنی دەدرێت. دەسەلاّتی زەبرو زەنگ دەیەوێ وزەکانی مرۆڤ، بە هەموو شێوازە جۆراو جۆرەکانیەوە لە خزمەتی مانەوەی خۆیدا بەکار بێنێت. مرۆڤ بۆ شەڕ کردن لە بەرەکانی جەنگدا، مرۆڤ بۆ لافیتە بەرز کردنەوەو هوتاف کێشان و چەپلّە لێدان بۆ بەخششە بەردەوامەکانی سەرکردە، مرۆڤ بۆ بەکار هێنانی گوێ و جاسوسی کردن بەسەر هاوڕێکانیداو راپۆرت نووسین، مرۆڤ بۆ روخاندنی شیرازەی کۆمەلاّیەتی، مرۆڤ بۆ وەگەڕ خستنی ئامرازە سێکسیەکانی و کردنی ئەو ئامرازە سێکسیانە بە چەشەیەك بۆ راو کردنی خەلّکانێك کە خۆیان مەبەستیانە، دەرەنجام لە رۆمانەکەشدا ئاتە بۆ بەرجەستە کردنی زیاتری رایەلّی رووداوەکان دەبێتە بەشێك لە ئامێرەکانی ئەشکەنجەدان هەرچەند راستەوخۆ ئەم رۆلّە نابینێ بەلاّم لە کۆتاییدا بەم ئاراستەیەدا دەشکێتەوە، شەوانەش دەبێتە خوانێکی گەرم بۆ مرخەکانی ناو تەلّەزگەو، شۆڕشگێڕانیش دەخاتە ناو کەمینەکانی دەسەلاّتەوە. چونکە دەسەلاّت لە مێژووی بوونی خۆیدا لە هەموو بەهایەکی ئەخلاقی مرۆیی بێ بەری کراوە، چونکە دەسەلاّت هەمیشە ئەرکی خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە سەرجەم دامەزراوە کۆمەلاّیەتیەکان لە خزمەت بەرهەم هێنانی ئەشکەنجەدان و چاودێری کردنەکانی خۆیدا بن، جا بە هەر شێوازو رێبازێك بێ هەر لە کارگەوە کە فەرهادی لێ دەردەکرێ، تا دائیرەی رەگەزنامە کە ئافتاوی تیا گوم دەکرێ، تائەو پێوەندیە هۆمۆسێکسیەی نێوان نەریمان و عەلی چاوشین و لە دوایشدا مارە کردنی ئافتاو لە عەلی چاوشین کە

ئەمەش لە پێناوی بەردەوامبوونی عەلی وەك ئۆبژێکتی سێکسی بۆ نەریمان واتە عەلی هەر لە سەرەتاوە بابەتی سێکسی بوە بۆ نەریمانی هەتیوباز (هۆمۆ سێسوالٚ). لە دوایيشدا بەکار هێنانی ئافتاویش بۆ شەوانی سووری بەرپرسان و بەکار هێنانی وەك ئامرازێکی سەرکوت کردن چونکە دەسەلاٚت هەموو وزەکانی مرۆڤ بە وزە ئاڵۆشاویەکانی ئافرەتانیشەوە بۆ دژایەتی کردنی بەرهەڵستکارانی بەکار دێنێ، دەسەلاٚت بە هۆی چڕبوونەوەی ئەو ئەزموونە مێژووییەی لە سەرکوتکردنی هاوولاٚتیاندا هەیەتی ئێستا لە دوا قۆناغی هێستریای خۆیدایەتی لە کارە چەپەڵەکانیداو ئەو ئامرازانەی ئێستا بەکاریان دێنێ بۆ چاودێری کردن و ئەشکەنجەدان هەرگیز لە رابوردوی خۆیدا هێندە بە توندوتیژی پیادەی نەکردوە. هەر ئەوەش بوو وای لە میشێل فۆکۆ کرد بەدوای ئەوەدا بگەڕێ و ئەوە ئاشکرا بکات کە (بەکار هێنانی دەسەلاٚت لە رۆژگاری تازەداو بە تایبەتیش لە کۆمەڵگای هاوچەرخدا بێ پەردە ترو نائەخلاقیترە لە بەکار هێنانی دەسەلاٚت لە کۆمەڵگا کلاسیکی و کۆنەکاندا) بەکار هێنانی ئافتاویش لە لایەن دەسەلاٚتەوە لە هەمان ئەو بێ ئەخلاقیەوە سەرچاوە دەگرێ کە نمونەیەك لە نمونەکانی رۆژهەلاٚت پیادەی دەکاو رۆماننوس لە دەقەکەی خۆیدا نەخشەکانی دارشتوە.

* * *

ئافتاو وەك ئەوەی سەر بە کۆمەڵگاو دەوروبەرێکی دواکەوتوە لە پەیوەندیەکان و سادەیە لە ژیاندا، بە رابوردویەوە بەدی دەکرێ، هەمان بێ ئەزمونی و سادەییش بە سەرجەم ژیانی داهاتویدا دیارە، ئەوەی هاتۆتە سەر ئەزمون و ئاکارەکانی ژیانی ئێستای تەنها ئەو ئەتەکێت و ماکیاژەیە کە تەنها جەستەیەکی برۆنزی و رۆخسارێکی درۆزنانەی پێ بەخشیوە، چونکە دەسەلاٚتیش هەر بۆ ئەو فەرمانە ئیشی پێیەتی و ئەو مەبەستی نیە لە بواری هۆشمەندی و بیرکردنەوەیدا نەشونما بکات. ئەوەتا حەمە (فەرهاد) لەناو زیندانەکەی خۆیدا هەموو ژیانی رابوردوی ئاتەو ئەو ساتانەش کە لە بەغدا بە تەڵەکەوە دەبێ دەگێڕێتەوە هەر لەو ساتەی لەگەلٚ مام هۆمەری باوکیدا لە کۆلیتێکدا بە دیار چەند مانگایەکەوە ژیاون و ونبونی ئارامی برای ئاتەو تا ئەو ساتە گوماناویەش کە لە ئوتێلەکەی بەغدا یەکتری دەبیننەوەو تا ئەو ساتە زۆر نزیکەش کە هێمایەك لەو چارەنووسەی ئێستای زیندانی کردنەکەی بۆ دەدرکێنێ، ئەو ژوورە ئینفیرادیەی سەرجەم یادەوەریەکانی تیا ئەگێڕێتەوە، سەرجەم ئەو دیالۆگانەی تیا لە دایك ئەبێ لەگەلٚ (عەبە) دا سازی داون، هەر لەو زیندانەشدا ئاگاداری حاڵەتی شێتگیرانەی ئەو زیندانیە دەبێ کە وەك سەگ دەوەڕێ، بەرامبەر بە پرسیاری جەلادەکان تەنها بە وەڕین وەلاٚم دەداتەوە.

خوێنەری رۆمانی خۆری تار کاتێ ئەو دیمەنەی ناو زیندانەکەی فەرهاد دەبینێ و کەسایەتی ئەو بەندیەی وەك سەگ دەوەڕێ کت و مت هەمان ئەو شانۆگەریەی دێتەوە یاد کە ئۆزف دراگۆن بە ناوی ئەو پیاوەی بوو بە سەگ نوسیویەتی و لە کۆتایی حەفتاکان لەسەر شانۆی کۆمەڵەی رۆشنبیری کورد لە بەغدا پێشکەش کرا، کە وەك بێتەوە یادم ئەویش هەر کاك رەئوف حەسەن کردبووی بە کوردی، هەر ئەو ژورە ئینفیرادیەی زیندان دەبێتە ئەو پێگە جوگرافیە تەسکەی لە دەلاقە هۆشیەکەیەوە دنیا بەرینەکەی ژیانی حەمە دەبینێ و تیایا سەرجەم ژیان و رووداوەکان، کارەساتە بەردەوامەکان، گومان و دڵە راوکێکان لە وروژانێکی بەردەوامدان، ئەم بەر لە زیندانی کردنی مارانگاستەی دەسەلاٚت بووەو، دەکرێ وەك شەکەت بوویەك هانای بۆ سائقی تاکسی و ژیانی بێوەی پایتەخت بردبێ، چونکە ئەم، ئەو رۆژانەی هەر لە یادە کە لەگەلٚ دایکیدا لە ئوتومبێلێکدا دەبێ و بە پیلانێکی دەسەلاٚت ترێلەیەك دەشکێنێتە سەری بە بریندداری رزگاری دەبێ و لە نەخۆشخانە دەکەوێ و هەر لەو نەخۆشخانەیەش نامەو چەپکە گوڵەکەی ئارامی برای ئاتەی بەهۆی سستەرێکەوە پێدەگا،کەتا ئەو ساتە وای دەزانی سەرەو گوم کراوەو ئەم هەواڵەشی لە دیدارەکەی ئاتە بە نهێنی پاراست و ئاشکرای نەکرد، زیندانی کردنی فەرهاد پێشینەی خۆی هەیە، کاتێ عەلی چاوشین و نەریمانیش لە رێگەی ئاتە (پەری)یە وە تێکەڵی گەمەکە دەبن بەرنامە رێژیەکە چڕتر دەبێتەوە، چونکە کاتێ نەریمان ئاتە بۆ عەلی چاوشین دێنێ، ئاتە بە بەرنامەوە تێکەڵی پیلانەکان دەبێ. دەسەلاٚت بۆ مانەوەی خۆی هەمیشە زیاتر لەو کەسایەتیانە سودمەند دەبێ کە دۆڕاوو پاشەڵپیس و بەدرەوشت و خلتەی کۆمەڵگان، ئەوەتا

نەریمان کە دار دەستێکە بۆ مەرامەکانی دەسەڵات لە رەوشتی ئاسایی کۆمەڵگا لادەداو زیاتر عەودالّی نێربازییە، ئەوەتا لە رۆمانەکەدا هاتووە کە (نەریمان گەرچی سەروساختی لەگەڵ ئافرەتاندا نەبوو) یا رونتر ئەمە دەربڕاوە کاتێ پەری دەڵێ (عەلی خۆی ژنی نەریمانە) عەلی مێردی ئاتەیەو بەهۆی نەریمانەوە بوونەتە ژن و مێرد هەر نەریمانیش ئەم دەست و ئەو دەستی پێ دەکات و بۆ بەرپرسانی دەباو، راوی کەسانی ئۆپۆزسیۆنی پێدەکات.

کەسایەتی هەتیو بازێك هەمیشە کەسایەتیەکی شێواو و بە پەراوێز کراوی کۆمەڵایەتییە، دەرەنجامیش دەبێتە کەسایەتیەکی لەرزۆك بۆ دەسەڵات ئەوەتا کەسایەتی نەریمان لە رۆمانەکەدا کەسایەتیەکی بێ پێگەو نادروستە لەڕوی کۆمەڵایەتییەوە، بەوەی کە ژنان نابنە بابەتی سێکسی (ئۆبژێکت) بۆی و، مەیلداری رەگەزی خۆیەتی، کە ئەمەش وەك دیاردە بە هۆمۆسێکس ناوزەد دەکرێ هەر وەك فرۆید پێناسەی دەکات ئەمەش لەناو کۆمەڵگای دواکەوتووی رۆژهەڵاتدا کە هیچ پێکهاتەیەکی تەجاوزی شارستانی و ژیاری تێدا نییەو هیچ هەڵسوکەوت و ئاکارێکی رۆژانەی هۆشمەندیش لە پشتیەوە نیە و بە تایبەتی لە دەوروبەری خۆمانداو لە شوێنە حەساسەکانیشدا، بەلاّم هەر وەك فرۆید پێمان دەڵێ کە (نمونەی ئەم جۆرە هۆمۆسێوالانەش زۆرو زەوەندن گەرچی زۆر جار بە ئاسانی نادۆزرێنەوەو دەستنیشان ناکرێن بەلاّم ئەو کەسەی لە دیدو بۆچونی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقیەوەو لە هەر بوارێك لە بوارەکانی ژیاندا کەسێکی نادروست بێ ئەوا بەردەوام لە ژیانی سێکسی خۆشیدا نادروستە بەلاّم وێڕای ئەمەش زۆر لەو کەسانەی لە روی سێکسیەوە نادروستن بە چەشنی کەسە دروستەکان، یا بە هەمان شێوەی خەڵکی ئاسایی بەشداری سەرجەم بوارەکانی دیکەی ژیان دەکەن )

نەریمان هەمان ئەو رایەی سیگمۆند فرۆیدی بەسەرا دەسەپێ ئەو لە کاتێکا بەهۆی ئەو نادروستیەی لە ژیانی رۆژانەیدا بەدی دەکرێ لە حەز نەکردن بە رەگەزی بەرامبەر مەیلداری بۆ رەگەزی لە هەمان کاتیشدا ئەو مەیلە نادروستەی خۆی وەك ئامرازێك بۆ داکۆکی کردن لە دەسەلاّت و سەرکوت کردن و پیلان دژی هاوولاّتیان بەکار دێنێ، ئاکاری نا دروست بەرامبەر هاوولاّتیان دەکات هەر ئەوەشە وای لە رۆماننوس کردوە ئەو کاراکتەرانەی رۆڵی نێگەتیڤ دەبینن لەو دەقەیدا کەسانی بە پەراوێز بوون لە کۆمەڵگادا لە روی سایکۆلۆژی و ، پێگەی کۆمەڵایەتی و چارەنوسیان بەسراوەتەوە بە مانەوەی دەسەلاّت، چونکە ئاماژەکانی دەسەلاّت لەو ئامرازانەدا خۆیان دەنوێنن کە لە توانایاندایە هاوولاّتیان سەرکوت بکەن، سەرکوت کردن بە مەبەستی ئەوەی ترس و دڵەراوکێیەك لەناو دەروونی هەر یەك لە تاکەکاندا بچێنن بۆ ئەوەی وەك مێگەل گوێ رایەل بن، بۆ ئەوەی بێدەنگ بن بەرامبەر زەبرو زەنگی دەسەلاّت، بەرامبەر سنور شکێنیەکانی، بەمەش ترس و بێدەنگی هاوولاّتیان هاوکاریەکی تر دەبێ بۆ مانەوەی دەسەلاّت، لێرەوەیە ترس و بێدەنگی وەك ئامرازێکی تری مانەوەیە دەسەلاّت دەکەوێتە روو ، چۆن پۆلیس و دەزگا داپلۆسێنەرەکان، عەلی و نەریمان و هاوچەشنەکانیان بۆ پاراستنی ئەو دەسەلاّتە بەرهەم هێنراون ،ئەوانیش دەبنەوە بەرهەم هێنەری ئەو ترس و بێدەنگیە.

* * *

سەرجەم روداوەکانی رۆمانی خۆری تار لە هەڵکشان و داکشانێکی بەردەوامدان، دیمەنەکان لە ئاڵوگۆڕیەکی سەرنج راکێشەردان .

سەرجەم روداوەکانی ژیانی فەرهاد لەو سێ رۆژەی ناو زینداندا بە فلاشباك زیندوو دەبنەوەو جەدەلیەتێك بەو مەرگەساتە دەدەن کە لەناو ئەو زیندانەدا روو دەدەن. دەکرێ مرۆڤ کاتێ بە دیقەتەوە سەرنجی روداوەکانی رابوردوو ئێستای پاڵەوان بدات وای بۆ بچێ کە ژیانی پاڵەوان لەم سێ رۆژەدا بە شێوازێکی کۆمیدی دووبارە بوبێتەوە، هەڵوێستەکانی پاڵەوان لەو رۆمانەدا کە رەئوف حەسەن ویستویەتی وەك ستراتیژی کارکردن ئیشی لەسەر بکات دنیابینی نوسەرمان زیاتر نیشان دەدات بەوەی جۆرێك لە جۆرەکانی کۆنترۆڵ کردن بە هۆشمەندی پاڵەوانەوە دەبینرێ، ئەو دنیا بینینەی کە خۆی لەسەرکێشی و ملنەدان و روبەروبوونەوەی دەسەلاّتدا دەبینێتەوە، بەلاّم لێرەدا خوێنەر روبەڕوی جۆرێك لە ئیشکالیەت دەبێتەوە بەوەی پێگەی ئەم جۆرە دنیا بینینەی پاڵەوان تووشی جۆرێك لە داڕمان هاتووە لە رابوردودا، بۆیە دەکرێ وەك ناچاری ئەم دنیا

بینیە کاری لەسەر کرابێ. چونکە فەرهاد بەر لە زیندانی کردنەکەی جۆرێك لە شەکەتی روحی پێوە دیار بوو بەوەی بە هاوکاری هاوەڵە دێرینەکەی (ڤۆلگا)کەی چاك کردەوە بۆ ئەوەی کاری تاکسی پێ بکاو خۆی تێکەڵ بە ژاوەژاوی پایتەخت بکات و هەموو رابوردوی پڕ لە گێرمەو کێشەی لەبیر خۆی بەرێتەوە، ویستی ئەم ئەوە بوو لەمەودوا ژیانێکی بێ وەی بگوزەرێنێ ئەوەتا فەرهاد دوای ئەوەی ڤۆلگاکەی دەخرێتە بەردەست ئاوا بیر دەکاتەوە کە بێگومان ئەم قسانە لە زمانی رۆماننوسەوەیە (لە خۆشیاندا هەر ئەوە بوو باڵ نەگرێتەوە واتدەزانی خۆشەویسترین ئافرەتت بۆ کراوەتە پەردەوە... ژیان و گوزەرانێکی نوێ دەست پێ دەکەیت) ئەمە نیازو مەبەستی ئایندەی فەرهاد بوو بەر لە دەستگیرکردنی و ئەشکەنجەدانەکەی.

کەواتە فەرهاد هیچ پرۆژەیەکی بەرنامە رێژکراوی نەبوە بۆ پیلان گێڕان دژ بە دەسەلات، ئەم ویستوویەتی ئیتر دەست بە کلاوی خۆیەوە بگرێ با بۆ پشویەك بەرامبەر ئەو هەمو ئازارو راکەڕاکەی رابوردوی و بە ئاشکرا ویستویەتی ژیانێکی نوێ دەست پێبکات. بەلام کەی چاوەڕوانی ئەوە دەکرێ مرۆڤ لەناو دەسەلاتێکی کۆنی لێواولێو لە ئەشکەنجەو سەرکوتکردندا، ژیانێکی نوێ بگوزەرێنێ.

دەسەلات لەم رۆژهەلاتەی ئێمەدا مێژوویەکی لە داپلۆسین و تێشکاندنی کەرامەتی هاوولاتیاندا هەیە، بەردەوامیش زەبرو زەنگ بەرهەم دێنێتەوە بۆ بەبیر کردنەوە لەوەی مرۆڤ بتوانێ لەگەڵ دەسەلاتدا مرۆڤانە بژیت جگە لە خەونێکی پووچ زیاتر چی تر نییە. ئەوەتا پاڵەوانی رۆمانەکە لە گەرمەی ژیانە ئاساییە نوێکەیدا دەکەوێتە ناو تۆڕی پیلانەکانی پیاوانی دەسەلات و لەناو زیندانەکەشیدا بە ناچاری جارێکی تر رێنووسی پەرەگرافە تۆزاویەکانی ژیانی پڕ لە شۆڕشگێڕانەی رابوردوی دەکاتەوە، ئەمیش وەك عەبدولا بێتاوان خۆی دەخاتە روو هەر چەند رۆماننوس حەز ناکا ئەم پێناسەی پێ بدات و دەیەوێ بەو گاڵتە پێکردنەی بە عەبدولا روخسارێکی ترمان نیشاندات، چونکە فەرهادیش بێ تاوان بوو، لەسەر کێشیەکانی رابوردوی وازی هێنابوو،ببو بەو هاوولاتیە بێوەیەی کە خوازیاری ژیانێکی نوێ بوو، وەك ئەو قالۆنچەیەی دابوویە پاڵ عەبدولا. ئەو تەنها بەرامبەر پێشهاتەکانی دوای دەستگیر کردنی شۆڕشگێڕو سەرکێشەکە، دەشێ ئەویش لە ناچاریەوە بێت، یا لە بەرز ترین نمونەشدا ئەشێ هەڵچوونی حالەتێکی هێستریای ساتە وەختی ئەو بێزاری و نا ئومێدیە بێ کە لە گەرمەی حەز کردن لە ژیانی بێوەییدا، یا وەك خۆی دەڵێ لەژیانێکی نوێ دا بەسەر ئەو تۆمەتە بۆ دروست کراوەدا دەکەوێ، ئەو جنێوو تف کردنەش لە جەلادەکان زیاتر بەرهەمی ئەو حاڵەتە هیستریایە بێ کە ناوەوەی پاڵەوانی داڕماندوە. بۆیە لێرەدا خوێنەر وا هەست دەکا کە هێڵە گشتیەکانی ئەم رۆمانە بەو مەبەستە نەخشەیان بۆ کێشراوە کەوەك رەتکردنەوەی زۆرداری و دەسەلات خۆیان بخەنە روو، بەلام هەر زوو خوێنەر هەست دەکا هەمو هەوڵەکان لە ناچاریەوە سەرچاوە دەگرن.

ئەلبیر کامۆ دەڵێ‌من هەموو روداوەکانی رۆمانی (نامۆ)م لەیەك رستەدا کۆکردۆتەوە کە ئەشزانم ئەم رستەیە لە روکاردا زۆر ناماقوڵە ئەویش ئەوەیە کە( لە کۆمەڵگای ئێمەدا هەر کەسێك لە مەراسیمی ناشتنی تەرمی دایکی دا نەگری، سزای مردنی بەسەرا دەدەن)

لێرەدا دەکرێ ئێمەش سەرجەم روداوەکانی رۆمانی (خۆری تار) لە یەك رستەدا کۆ بکەینەوە ئەویش ئەوەیە کە (دڵەڕاوکێی دەرونی و ، شەکەتی جەستەیی هەر تاکێکی ئەم رۆژهەلاتەیە، بەرامبەر مێژووی زەبرو زەنگی دەسەلات)

لەکۆتاییدا من حەز ناکەم حوکمی ئەوە بدەم کە ئەم دەقەی کاك رەئوف حەسەن تا چەند لە تێکستێکی هونەری و بە پێناسەبوونی رۆمان نزیك بۆتەوە، هەرچەندە من گومانم لە روناکبیری و دەستڕەنگینی ئەو نییە لە کارەکانیدا، بەلام بە ئاشکرا دەمەوێ ئەوە بڵێم کە ئەمە خوێندنەوەی منە بۆ روداوەکانی ناو رۆمانەکە، یان رونتر قسان بکەین ئەمە دیدی منە بۆ کێشەیەك کە رۆمانی (خۆری تار) قسەی لێوە کردووە، میشێل فۆکۆش لە سیستەمی گوتاردا بە راشکاوی ئەوەی نوسیوە کە هەر تەفسیرێك خولقاندنی قسەیەکە کە بڕوامان وایە دەبوو بگوترایە.

# ستڕۆکتووری ڕووداو

# سیلەی گێڕانەوە لە چیرۆکدا

## نموونە چیرۆکی (میم) ی (شێرزاد حەسەن) لە خوێندنەوەیەکی دیکەدا*

د. سەروەر عەبدوڵڵا - بەرلین 2001

١.بەرایی

بەکار هێنانی هەرسیلەیەك لە سیلەکانی ڕەگەزی گێڕانەوە لەستروکتووریچیرۆکدا سیماو هۆکاری تایبەت بە خۆی، هەیە بگرە فەلسەفەیەکی تایبەت بە خۆی هەیە؛ لە ڕێگەیەوە ڕووداو دەستەمۆ دەکرێت ودەخرێتە ڕوو، بێگومان ئەم ڕووداوەش ڕۆڵێکی باڵا دەگێڕێت لە هەڵبژاردنی ئەو سیلەیەی کە بۆ ستروکتووری گێڕانەوەی دەگونجێت. پێویستە ئەوەش لە بیرنەکرێت هەرسیەیك؛ (دەرەکی) یان (ناوەکی) بێت ئەوا لەپاڵ زمانی گێڕانەوە بنەماو ئەندازەی ستروکتووری گشتی ڕەگەزی گێڕانەوەی چیرۆکەکە پێکدێنێت.

چیرۆکی (میم) یەکێکە لەو چیرۆکانەی (شێرزاد حەسەن) کە تیایدا برەوێیکیتایبەتی بە ڕەگەزی گێڕانەوە داوەو چاوپۆشی لە جۆرو قەوارەی ڕووداوەکە نەکردووە لە ئاست ئەو سیلەیەی کەلەگەڵیدا دەگونجێت.

بەر لەوەی بێینە سەر باسکردنی ڕەگەزی گێڕانەوەو ئەو سیلەیەی تیایدا خراوەتە کارو ڕاددەی گونجانی لەگەڵ سروشتی ڕووداوی چیرۆکەکە، وا بە چاك دەزانین گرنگترین هێڵە ڕووناکەکانی ڕووداو و بیرۆکە بخەینە ڕوو، ئینجا بێینەوە سەر باس و هۆی بەکار هێنان و داڕشتنی جۆری گێڕانەوەکەی.

1-2 چیرۆکی (میم) بەسەر هات و تلانەوەی چیرۆکنووسێك کە ناوی (ئەمین) دەخاتە ڕوو؛ تیایدا(ئەمین) دووچاری نەخۆشییەکی سەخت بووە ئەویش (ئفلیج)ە، هەر لە ناوکییەوە تا دەگاتە کۆئەندامی نێرینەو هەردوو پێیشی مردووە، ئەم مردنەی کۆئەندامی لە پیاوەتی خستووە- وەك خۆی دەڵێت-:

" نایشارمەوە...هیلاکی کردووم...لە ناوك بە ژێرەوە ئیفلیجی کردووم...نایشارمەوە لە پیاوەتی خستووم "[i] .

ئەمەش وای لێ کردووە بە تەواوەتی فەرامۆش بکرێت، تەنانەت لەلایەن خێزانەکەشییەوە.. (ئەمین)ی چیرۆکنووس کە کەسی سەرەکی چیرۆکەکەیە خۆی ڕووداوەکانی ژیانی خۆیمان بۆ دەگێڕێتەوە،لە پێشدا هەوڵدەدات بمانگەڕێنێتەوە سەرەتاکانی تووشبوونی بەم نەخۆشییەو لە پەلوپۆ کەوتنی،ئینجا تیشك دەخاتە سەر ئەو بۆشاییەی کە قۆناغ بە قۆناغ لە نێوان خۆی و خێزان و کۆمەڵەکەی دروست دەبێت و پێشانمان دەدات چۆن پلە بە پلە هەڵوێستی (گوڵنان) ی ژنەکەی لێ دەگۆڕێ تا وای لێدێت دژواری ڕوانگەی خۆی و گوڵنازی ژنی؛ خۆی وەك ڕۆشنبیرێك بەڵام پەککەوتە لە ڕەگەزی نێرایەتی و پێویست بە ڕاژەیەکی زۆر تایبەت، لەمەڕ ڕوانگەی(گوڵنان)ی ژنی ئەویش وەك مرۆڤێکی خاوەن ئارەزوو و (هێشتا تەڕ و هەوەس بزوێن) بەڵام دابڕاو لە ڕەگە ڕووحییەکانی کۆمەڵی خۆی، بە شێوەیەکی ڕەمەکی بە ئەنجامی ئەوەی بگەیەنێ دوا جار تەڵاقی بدات، ئەمین دوای ئەوەی خانووەکەی جێدێڵێ بۆ

خێزانەکەی . ئەویش چونکە خانووەکەی لەسەر ژنەکەی تاپۆ کردووە، (ئەنوەر)ی برا گەورەی کە یەکێکە لە پیاوە سەرمایەدارەکان دەیگرێتە بەرەخۆی و دەیگوازێتەوە ماڵی خۆی، ئەمەش نەك لەبەر ئەوەی بەزەیی بە (ئەمین) دادێت بەڵکو تاوەکو قسەی خەڵکی نەیەتەسەرو بەر تیرو توانجی کەس نەکەوێت، هەر هەمان هۆش پاڵ بە (ئەنوەر)ەوە دەنێت بۆ کوشتنی (گوڵنان) کاتێك لە داب و نەریتی کۆمەڵەکەی سەرەوڕۆ دەبێتەوە دەترازێ. لەماڵی (ئەنوەر)یش هێندەی تر گرفتی (ئەمین) قووڵتر دەبێتەوە کاتێك رووبەڕووی رەفتاری (ئەنوەر)ی کاکی و هەڤاڵانی دەبێتەوە کە هەر هەموویان پیاوی موڵکدارن، لەم وێستگەیەدا کێشە سەرەکییەکە کە سەر جەم پەیوەندی پۆپکەی رووداو بە بەشەکانی ترییەوە پێکدێنێت خۆی ئاشکرا دەکات، ئەو زۆرانبازییەی نێوان ئەوانەی باوەڕیان بە کۆمەڵ و یەکسانی و مافی گشت هەیە و ئەوانەی باوەڕیان بە تاکەکەس و سەرمایەداری و چینایەتی هەیە. (ئەمین)ی چیرۆکنووس باوەڕێکی تەواوی بە کۆمەڵ و یەکسانی و مافی گشت هەیە، باوەڕی بە سەربەستی هەیە، لە روانگەیەکی پڕ مرۆڤایەتییەوە دەڕوانێتە شتەکانی دەوروبەری خۆی، مرۆڤێکە جیاوازی ناخاتە نێوان خۆی و هاوسەرەکەیەوە، تا رادەیەك هەرچی هەیەتی لەسەری تاپۆی دەکات، لەکاتێکدا پێچەوانەی ئەم کارە باوە لەکۆمەڵەکەی ئەودا نەخاسمە لەو بارودۆخەی کە پێیدا تێدەپەڕێت:


" دەساڵ بەر لە جیابوونەوەمان هەرچیم هەبوو...خانووەکە...تفاقی نێو ماڵ ..بگرە دەرزی و شخارتەکانیشم لە سەر ژنەکەم تاپۆ کرد".[ii]

(ئەمین) ئەوەندە دژی خودویسی و خۆپەرستییە ڕق و قینێکی گەورەزەق لەپێتی (میم) هەڵدەگرێت کە پاشگری موڵکایەتی (تملك)ە، لای ئەو جەڤەنگی نامرۆڤایەتییە. بەڵام ئەم هەڵوێستەی حاڵی ناکات بەڵکو زۆر بە توندی دەیتەکێنێتەوە کاتێك ڕوو بە ڕووی کۆمەڵەکەی دەبێتەوە، تەنانەت بەرپەرچی سەرجەم بیرو باوەڕو بۆچوونەکانی دەداتەوە، ئەو کۆمەڵەی بەشێکی لە زۆربەی بنەماو ڕەگە ڕووحییەکانی هەڵکێشراوە وێنەکەشی لە دوو تەوەردا گەلاڵە بووە، یەکەمیان هەر لە سەرەتای تووشبوونی (ئەمین) بەتەواوەتی، دووەمیان لە مرۆڤایەتی دابڕان و وێنەکەشی هەر لە هاتنی بۆ ماڵی (ئەنوەر)ی کاکییەوە بگرە هەتا دەم گۆڕەکەی دایکی دەخرێتە بەرچاو، (ئەمین)ی ڕۆشنبیرو باوەڕ بە مافی مرۆڤ و یەکسانی و سەربەستی ڕووبەڕووی ڕاستییەکی وا سەخت و ئەستەم دەبێتەوە لەناخەوە بۆی دەتلێتەوە، ئازارو ئەشکەنجەی قووڵی بۆ دەکێشێ و خەم بڕە بڕەدەیخواتەوە، جەربەزەی بەرپەرچدانەوەی ڕاستی ئێستای کۆمەڵەکەی ئەوەندە تووندە لە بەرییەوە بەرگە ناگرێ نەك هەر تێکدەشکێ و دەڕووخێ، بەڵکو تووشی شکستییەکی پڕ نەهامەتی دەبێت و ڕادەکات، ڕاکردنێك لە مەرگ و گۆڕستان خۆی دەبینێتەوە، بەڵام لە گۆڕستانیش ڕوو لە کۆتایی ناکات بەڵکو بە سکەخشکێ ڕوو دەکاتە گۆڕەکەی دایکی بۆ شۆڕ بوونەوە بەرەو ناواخنی گۆڕەکە بە هیوای گەڕانەوە بۆ منداڵدانی دایکی تا لەوێ جارێکی تر لە بازنەیەکی کراوەدا بەگژ کۆمەڵەکەیدا بێتەوەو لە ناخییەوە شۆڕشێکی توند بەرپا بکات وسەرکەوتنی ڕاستەقینە لە دەمارەکانیدا بەدەست بێنێ، بێگومان گەڕانەوە بۆ منداڵانی دایك گەلێك هێماو چەڤەنگی جیاجیای لێدەبێتەوە کە هەر یەکەیان دەمانباتەوە سەر بنەمایەکی فەلسەفی یان ڕووحی یان ڕەوتێکی هزری خۆی. مەبەستی (ئەمین) هەوڵدانی گەڕانەوەیە بۆ ئەو ڕەگە ڕووحیانەی کە لە بنەڕەتدا لە کۆمەڵەکەیدا هەبوونە بگرە هەتا زەمانێکی زووش، بەڵام ئێستا بنگڵ کراوەو لەیاد کراوە. (ئەمین) بە هەموو توانای خۆیەوە هەوڵدەدات گڵی سەر ئەم ڕەگە ڕووحییە لابەرێت. بێگومان لێرەدا پێویستە ئاماژەی ئەوەش بکرێت کەوا (دایك) کراوەتە جەڤەنگی ئەم ڕەگەو زۆر هونەریانە بەرجەستە کراوە بۆی. دوای ئەوەی گڵی سەر سنگی ئەم دایکە لادەبات ڕێگە دەشەقێنێ بەرەو خوار لەوێدا تاوەکو لەمنداڵدانی دایکی ، لە مەڵبەندی تۆڕی ڕەگەوە ڕۆحییەکانی ژێرەوەی هزری ئەم کۆمەڵەی خۆی خودی خۆی ببینێتەوەو لەوێ سەقامگیر ببێت، ئەمەش بە توانەوەو تێکەڵ بوونی بە ئاوی کارێزەکان، ئەو کارێزانەی کە خەڵکی لێی دەخۆنەوە، گەر لەوانیش بمرێت دیسانەوە تێکەڵ بە ئاوی کارێزەکان دەبێتەوە، ئەوە دوای ئەوەی لێی دەخۆنەوە نەوەك تەنها یەك نەوە لێی بخۆنەوە، چونکە ئەمەی دواتر وا دەگەیەنێ بازنەی کێشەی (ئەمین) دابخرێت و دووبارە بوونەوەی هەمان تراژیدا لە ئاراوە هەڵنەگرێت و لای کەسانی تر

دووباره ببێتـەوه، بێگومـان (کـارێز) هونەریانـه کراوەتـه یـادی سـتروکتووری ڕەگـەزی هـزری و دەروونـی کۆمەڵەکـەی (ئەمین).

3/1 لـێرەدا شکستی (ئـەمین) و ڕاکردنـی لـه ڕووبـەڕوو بوونەکـەیدا بـه هیـچ شـێوەیەك دۆڕاندنـی یـەکجارەکی ناگەیەنێت، بەڵکو به پێچەوانەوه بـه ڕاکردنـه پـڕ نشوسـتی و تراژیدییەکـەی سـەرکەوتنێکی گـەورەی بەدەسـت هێنـا، چونکه ئەم هەڵهاتن و ڕاکردنەی (ئەمین) ئەگەر چی لەئاستی بابەتییەوه ڕوخساری هەڵهاتن و ڕاکردنـی راستەقینەمان بۆ دەخاته بەر چاو بەلاّم له جەوهەردا پێچەوانەی ئەم کـرداره خـۆی دەقۆزێتـەوه، (ئـەمین) ڕووگەیـەکی پێچەوانـه لـه تەوژمی کێشەکەی وەرناگرێت، بەڵکو ڕاکردنه به مەبەستی شۆڕبوونەوه بەرەو ڕەگـه پاکـەکانی ژێـرەوەی کۆمەڵەکـەی خۆی.

پێویسته لێرەدا ئاماژەی ئەوەش بکرێت کەوا گرێـی چیرۆکەکـه لـێرەدا دەگاتـه پۆپکـەی خـۆی ، گرێیـەکی تایبـەت بەخۆی جیاوازو بەدەر له جۆرەکانی تری چیرۆك، دەتوانین ناوی لێبنێین گرێی ڕووەو سەری سـەرکەوتووی دووبـارەکی بێ کۆتایی .



گرێی چیرۆکی (میم)

دیـاره (ئـەمین) نایـەوێت بازنـەی ئـەو دابخرێـت بـەڵکو هـەر بـه کراوەیـی و ڕوونـاکی خـۆی بمێنێتـەوه بگـره وەك شانۆگەرییەك ستروکتووره دراماتیکییەکەی (مردن و ژیانەوه) بێت و نەوه بەدوای نەوه نمایش بکرێت.

ئا ئەوەتا دوای ئەوەی (ئەمین) شۆڕ دەبێتەوه بەرەو ڕەگەکانی ڕووح و بنەما قووڵەکانی دەڵێت :

" تا ئەوان دەگەڕێن من گۆشت و ئێسقانم له نێو فرمێسکی گۆڕەکەدا

دەتوێتەوه... دەتوێتەوه...دەتوێتەوه...زەوی تینووش...تك تك من هەڵدەمژێ" [iii] ...


پاشان دەگەڕێنەوه بەهێزێکی تر، هێزێك وێڕای ئەوەی بێت بەرپەرچی تەوەری دژ بداتەوه لەناو کێشەکەدا :


" لەگەڵ ئاوی کارێزەکان تێکەڵ دەبم... ئێوه مانان دەمخۆنەوه..بێ ئەوەی بزانـن گۆشـت و ئێسـقانی تـەواوەی مـن دەخۆنەوه...لەگەڵ خوێنی دەمارەکانتان تێکەڵ دەبم..کەواته مـن نـەمردووم...لـەنێو خوێنـی ئێـوەدا دەژیـم...کـه ئێوەش دەمرن و دەتوێنەوه...من دیسانەوه تێکەڵ به ئاوی کارێزەکانتان دەبمەوه..." [iv]

بێگومان ئەم مردن و گەڕانەوەیەی (ئەمین) ونـەمری کێشـەکەی لـه هـزرو گیـانی نـەوه دوای نـەوەکانی میللەتەکـەی مـردن و ژیانـەوه گیانییەکـەی (مەسـیح) مـان دێنێتـەوه یـاد کـه لــه شکسـت و فیداکارییەکـەی خـۆی سـەرکەوتنی ڕاستەقینەی لەناخی میللەتەکەی بەدەست هێنا. (مەسیح)ێك جەستەی کـرده قوربـانی گـۆڕان، لـەخاچ دراو لـه گیـانی میللەت و نەوه دوای نەوەکانی ڕاست بووەوه و خۆی گەلاّله کرد. (ئەمین)ێکیـش ڕۆشـنبیر و بـاوەڕ بـه مـافی مـرۆڤ و یەکسانی و گیان پڕ له ئازار ڕووەو گۆڕ شۆڕ کرایەوه، بەلاّم به بیروگیانی نەوەکانی دوای خۆیدا دەچێتـەوه. تلانـەوەی (ئەمین) تلانەوەی به کوڵی (مەسیح)ه مردن و ژیانەوەی هەردووکیان له یەك ئاسـتی گشـتییه لـه یـەك ئاوێنـەدا ڕەنـگ دەداتـەوه، چونکـه ئەگـەر چـی هـەردووکیان لـه جۆری مردنەکـەیان و جۆری ژیانـەوەیان لــه گیـانی میللەتەکـەیان هاوشێوەن، بەلاّم جیاوازییەکه تەنها له تەکنیکی دروست بوونی هەردوو کردارەکەیه چونکه مردنی (مەسـیح) مردنێکـی ڕاستەقینه بوو بەلاّم مردنی (ئەمین) مردنێکی ڕاستەقینه نییـه، بـەڵکو مردنێکـی فانتازییـه لـه زنجیرەی ڕووداوەکـان،


فانتازیای یاد لە ناو دەقێکدا دروستی کردووە،ئەمەو جگە لەوەی مردنی (ئەمین) مردنێکە دووبارەکییە واتا زیاتر لە جارێك بگرە بێ کۆتایی دەمرێ و دەژیێتەوە. واتا وەك (مەسیح) بازنە کراوەکەی بە یەك کرداری مردن و ژیانەوە تەواو نەکرد، بگرە تەواویش نابێ. ئەمەو بۆشمان دیارە کەوا هەردوو کردار لە سروشتی ئادەمیزاد بالآترەو لەسەر بوونی ئەم سروشتەی دەوەستێت .






هێلکاری ژمارە (٣)
کرداری مردن و ژیانەوەی مەسیح




نشوستی (ئەمین) شۆڕشێکە لە ناخی کۆمەڵەکەی خۆی، هەوڵدەدات لە ڕێنمایەکانی بەکوڵ شتە نائاسایەکان ئاوەژو بکاتەوە بۆ شێوی ئاسایی و پێویستەکەی خۆی. لێرەدا (ئەمین) نابێتە بارگەیەك ئێش و ئەشکەنجەو تلانەوەی خودی و بەس بگرە دەبێتە مێژووی تراژیدیای ناوەوەی کۆمەڵێك دووچاری نەخۆشی ون بوونی هەردوو (ژێر خان) و (سەرخانەکەی) بووە کە دەرەنجام خۆیان بە نرخترین ڕووی خۆیان بنگڵ دەکەن، بەڵام دواتر لە زیندووبوونەوەیەکی ڕووحی دەگەڕێتەوەو سەردەکەوێت بەسەر هۆکارو ئاکامەکەی .

6-1 (ئەمین)ی چیرۆکنووس ڕوویەکی ڕووناکە بۆ ڕەنگدانەوەی چالاکی ڕەفتاری کۆمەڵەکەی، ژیانی ناوەوەی ئەم مرۆڤە لە وردترین شتەوە بگرە هەتا درشتترینی بەر لە هەموو شتێك بیرو بۆ چوون و ڕای نائاسایی کۆمەڵێك لە قۆناغێکی نائاسایی دا ڕووت دەکاتەوەو ئاشکرای دەکات لە ئاست چۆنیەتی بوونی خۆی، ئەم ڕاو بیرو بۆچوونانەش دەرەنجامی کۆمەڵێك هۆکاری کاریگەری کۆمەڵایەتی و سیاسی و مێژوویییە کە ئێستای ڕووداوو ئەنجامەکەی ئاماژەی ڕوونی بۆ دەکات.

7-1 لە ڕووی تەکنیکی چیرۆکەوە وردبوونەوە لە پێکهێنەرەکانی ویستی ئەم مرۆڤە و قووڵبوونەوە لە خودی ئاڵۆزو دۆخە نامۆکەی شتێکی وا ئاسان نییە. گرانتریش دیاری کردنی سنووری ئاوارە بوونە ناوەکییەکەیە هەروەها هەڵێنجاندنی کاردانەوەی دەروونی لە مەڕ تێڕوانینی لاوەکی خەڵك سەبارەت بە بارودۆخەکەی لە ڕووی پەککەوتنی یان بیرو بۆچونەکانی، ئەمەش لەبەر ئەوەی کەسی (ئەمین) کەسێکی ئاڵۆزە، ئەم کەسە ئاڵۆزەش کەسی سەرەکی چیرۆکەکەیەو مەڵبەندی گشتی سەرجەم ڕووداوەکە پێکدێنێت.

2-1بۆ ئەوەی ئەو توخمە هزری و دەروونیانەی کە هێڵەکانی چۆنییەتی (ئاڵۆزی) ئەم کەسە پێکدێنێت کە ئەویش دواجار ڕووداوەکە پێکدێنێت واتای تەواوی خۆیان لە دەست نەدەن و وەك قۆناغێکی سەرەتایی خۆیان لە ئاست خوێنەر گەڵاڵە بکەن و بدەن بە دەستەوە،ستروکتووری گێڕانەوە ئەندازەیەکی گونجاو وتایبەتی بە خۆوەگرتووە لە ڕووی کات و سیلەی گێڕانەوەدا.

2-2 لـە رووی کـاتی گێڕانـەوەدا : هـەموو رووداوەکـانی نـاو چیرۆکی (میــم) خراونەتــە نــاو چوارچێــوەی (کــاتی دەروونی)یەوە ،تیایدا دوو خاڵی گرنگ هەیە پێویستە ئاماژەی بۆ بکرێت :


یەکـەمیان : خراوەتـە نـاو ئـەو چوارچێـوە (کـاتی دەروونـی)یـەوە کـە هــەردوو شـێوازی (گێڕانــەوەی رابــردوو) و (گێڕانەوەی ئێستا)ی دەچنە ناو یەکەوە، بە گێڕانەوەی رابردوو دەستپێدەکات پاشان وەردەگەڕێتە سەر ئێستای وەك چەکەرە کردنی تلانەوەی خودی خۆی لە ماڵی (ئەنوەر)ی کاکی، بەڵام دەبێ ئاگاداری ئەوەش بین ئەگەر چـی رووداوی ئێستای بێت بەڵام لە بنەڕەتدا وەك رووداوێکی رابردوو لەناو کاتە دەروونیەکەدا رەفتاری لەگەڵدا دەکرێت .

دووەمیـان : کـاتێك کـە گەڕانـەوەی رووداوەکـان دەگاتـە قۆنـاغێك کۆتـایی پێبێـت ئـەوا لـە (شـێوە رابـردوو)ەکـەی سـەرەوڕۆ دەبێتـەوە بـۆ شـێوەی (گێڕانـەوەی داهـاتوو) (لەگـەڵ ئــاوی کارێزەکانتــان تێکــەڵ دەبم... ئێـوە مانـان دەمخۆنەوە...

بێ ئەوەی بزانن گۆشت و ئێسقانی تواوەی من دەخۆنەوە.. لەگەڵ خوێنی دەمارەکانتان تێکەڵ دەبم....) هتد

ئەمەو لێرەدا لە سنوری گێڕانەوەی رابردوو دەردەچێت بەڵام هەر لە چوار چێوەی کاتە دەرونییەکـەی دەمێنێتـەوە. بێگومان دارشتنی کاتی دەرونی وا بەوردی کردارێکی گەلێك گرانەو بە ئاسانی نایەتە دی، ئەمەش بە هـۆی ئـەو هەوڵـە زۆرەی کە دەخرێتە کار بۆ چاودێری و دەستگیر کردنی رووداو و کەسەکان.

بێگومان (کاتی دەروونی) رۆڵێکی باڵا دەبینێت لـە دەسـتەمۆ کردنـی هەسـت و سـۆز و هـزرو تلانـەوەی کەسـی نـاو چیرۆك بەم شێوەیە ئەم (کاتی دەرونــی) یـە هـەلێکی گـەلێك لـە بـارە و ڕەخسـاو بـووە لـە رێگەیـەوە کەسـی ئـاڵۆزی (ئەمین)ی پێ دەستەمۆ کراوە.





هێڵکاری ژمارە (٥)

جۆرەکانی گێڕانەوە لەناو چوارچێوەی (کاتی دەروونی) لە چیرۆکی (میم) دا.

2-3-1لە رووی سیلەی گێڕانەوەدا. چیرۆکی (میم) لە رێگەی سیلەی ناوەکی (جێناوی کەسی یەکەمی تـاك –مـن –) خـۆی بـۆ خۆێنـەر دەخاتـە روو ئـەم جـۆرە سـیلەیەش بـارودۆخێکی وا بـۆ پێکهێنـەرەکانی رووداوەکـە دەگونجێنــێ و

راستەوخۆ رووبەرووی خوێنەر ببێتەوە و هیچ بەربەستێك لە نێوانیان نەمێنێ ، بەپێچەوانەوە ئەگەر (سیلەیدەرەکی) بەکار بهێنرا بوایە ئەوا هەرگیز خوێنەر لە سەرجەم رووداوی چیرۆکەکە نزیك نەدەبووەوە، چونکە ئەم سیلەیە بێ توانایە لە رەنگدانەوەو دەستەمۆکردنی کەسی ئاڵۆزی چیرۆك و بەناچاری روو دەکاتە شێوازی دەرەوەی کەسەکە و لە ئاکامدا خوێنەر لە رووی دەرەوەی دەوستاوە برێکی کەم بگرە شێواویش لە رووداوی چیرۆکەکە تێدەگەیشت، نەك ئەمە و بەس تەنانەت گرفتێکی گەورەتریش دەهاتە کایەوە ئەگەر ئەم سیلەیە بەکار هاتبوایە ئەویش –وەك زانیمان– کەسە سەرەکییەکە توشی نەخۆشی ئیفلیج بووە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە لە جووڵەی سەربەست کەوتووە ، جووڵەی سەربەستیش لەپاڵ پۆشاك و گفتوگۆ و شێوەی جەستە رووی دەرەوەی کەس پێکدێنێ. بەم شێوەیە جۆری کەم و کورییەك زەق دەبووەوە لەمەر چالاکی سیلەی دەرەکی دواجار بۆشاییەکی فرەوان لە نێوان خوێنەر و بابەتی چیرۆکەکە دروست دەبوو، بۆشاییەکی تاریك خۆێنەری ون دەکرد لەئاست کێشەکەدا .

2-3-2 راستە گفتوگۆ رۆڵی هەیە لەناساندنی کەس و بەدەرخستنی تلانەوەی یان هزرو بۆچوونی. بەلاّم ئەم رۆڵەش سنووردارە چونکە گفتوگۆ هەرچەندە فرەوانیش بێت لەناو چیرۆکدا ئەوا چەند پیشەیەکی جیا جیای تایبەت بە خۆی هەیە لەپەیوەندیەکانی بەپەرەپێدانی رووداو و کەس و کات و شوێن و سۆز...، مەرجیش نییە سەرجەم گفتوگۆ بخرێتە کار تەنها بۆ دارشتنی بیروبۆچوون و هزری کەسەکان، ئەگەر وا بوایە ئەوا هەموو چیرۆکێکی بێ گفتوگۆ جۆرە کەمو کورییەکی تێدا دەبوو. ئەمانەو جگە لەوەی سیلەی دەرەکی بەبەردەوامی دەنگی چیرۆکنووس لە نێوان چیرۆك و خوێنەردا دەهێلیتەوە، بەشێوەیەکی راستەوخۆ راو بۆچوونی خۆیمان بۆ دەخاتە رووسەبارەت بە رووداو یان کەسەکان، بەم شێوەیە روانگەی خوێنەر دەخاتە قاڵبێکی داخراوەو رێگەی پێنادات خۆی بیر بکاتەوەو ئەنجام هەلێنجێنێ، دواجار چەشەی ئەدەبی لە دەست خوێنەر دەدات، هەروەها خوێنەر نابێتە توخمێکی تێکهەڵکێشراو لەگەڵ دەقە ئەدەبییەکەدا.




**هێڵکاری ژمارە (٦) سیلەی دەرەکی**

3-3-2 لە چیرۆکی (میم) دا دەبینین چیرۆکنووس تەنها بە کارەکەی خۆی راپەریوە بەوەی رێگەی بۆ(ئەمین) والآ کردووە خۆی کێشەی خۆیمان بخاتە بەردەست، چیرۆکنووس خۆی و دەکێشێتەوەو (ئەمین) خۆی دەبێتە زمانحاڵی خۆی وکێشەکەی، سیلەی (جێناوی کەسی یەکەمی تاك – من – )یش راستەوخۆ دەکاتە گەیەنەری ئەم زمانحاڵە بۆ خوێنەر بەم شێوەیە مەبەستی سەرەکی چیرۆکنووسیش دێتە دی.

4-3-2 بەکار هێنانی سیلەی دەرەکی لە داستان یان ئەفسانە یان سەرگوزەشتەی کۆن ، یان لە چیرۆکی مێژوویی کارێکی ئاساییە، بەڵکو پێویستیشە چونکە مەبەستی سەرەکی روونکردنەوەی رووداوێکە نەوەك بیرو بۆچوون ودەروونی تاکە کەس و هزرو تلانەوە، ئەمەش چونکە ئەم جۆرە ئەدەبییاتە زیاتر بابەتین و نابێت هزرو بیرو بۆچوون لە یاسای (خودا) یان (هۆز)ەوە بەدەر بێت بەهۆی پیرۆزییانەوە . بەکار هێنانی سیلەیەکی تر شکاندنێکە بۆ ئەم بنەما کۆنە. چونکە ئەم سیلە نوێیانە هەوڵدەدەن لە چەند سووچێکەوە بڕواننە کێشەو گرفتەکانی ئەم ژیانە، دواجار گەیشتن بە تێگەیشتنێکی فراوانترو وردتر لەوەی پێشوو.

شێوەی گرفتی (ئەمین) گرفتێك نییە بچێتە قاڵبی مێژوویی یان ئەفسانەییەوە، گرفتی ئاڵۆزی ئەم مرۆڤە تراژیدیای تلانەوەی خود و تێکشکان وهەڵهاتنییەتی بەهۆی چەندین روداوی سیاسی و گۆڕانکاری ئایدیۆلۆژی و کۆمەڵایەتییەوە، ئەم روداوو گۆڕانکاریانەش رەگەکانیان لە مێژووی کۆن و نوێی کۆمەڵەکەی داکوتاوەو ئاسەواری خۆی بە زەقی

هێشتۆتەوە . (ئەمین) ئەگەر چی لە کەشێکی تەم ومژاوییەوە هێڵێك لە نێوان خۆی و هۆکارەکانی دروست دەکات، بەڵام خوێنەر ناخاتە ون بوونێکەوە لە دۆزینەوەی و تێگەیشتنی ئاستەکانی و سەرچاوەکەی.

2-3-5 بەڵام ئەوەی لێرەدا گرنگەو پێویستە ئاماژەی بۆ بکرێت ئەوەیە ئایا تا چ رادەیەك(ئەمین) خۆی لە کێشەکەی خۆی گەیشتووە ؟ ئایا توانیویەتی بیرو بۆچوون و دەروونی خۆی دەستەمۆ بکات و بگاتە ئاستەکانی ژێرەوەی گرفتی خۆی ؟ ئایا راستگۆ بووە لەو شتانەی گوتوویەتی؟ گیرو گرفتی مرۆڤ لە ناسینی خودی خۆی و دەربڕینی خۆی لە خۆیدا دەروازەیەکی نیمچە تەم و مژاوییەو جۆرە خۆهەڵکوتانێکە بە تونێلی قوڵاییەکانی خۆی بەبێ پێشبینی کردن. بەڵام ئێمە لە چیرۆکی (میم) دا بەرامبەر بە کەسێکی سەیرین، مرۆڤێکی رۆشنبیرو چیرۆکنووس خاوەن بیروباوەڕ، ئەمەش نامانخاتە بازنەیەکی داخراوەوە بەقەد ئەوەی گرێیەکمان بۆ شل و دەکاتەوە (ئەمین) ئەگەر چی خۆی لەناو کێشەکەدایەو خۆی کەوتۆتە گێژاوێکی ترسناکەوە. بەڵام ئەو سیماو خاسییەتانەی کەسی خۆی هەیەتی وەڵامی پرسیارەکانی پێشوومان دەداتەوە. بوونی کەسی (ئەمین) وەك رۆشنبیرێك یەکسەر وەڵامی تێگەیشتنی خۆیمان دەداتەوە لە خۆی و کێشەکەی، جگە لەوەی رەفتارو گفتوگۆکانی ئەوە دەگەیەنێ کەوا توانیویە تا رلدەیەك بەقەد تواناو پێویستی چیرۆکەکە بیرو بۆچوونی خۆی دەستەمۆ بکات و بگاتەئاستێکی دیاری گرفتی خۆی و بوونی (ئەمین) لە چیرۆکەکەدا وەك چیرۆکنووسێك یەکسەر وەڵامی ئەوەمان دەداتەوە کەوا ئەم کەسە تارادەیەك توانیویە لە وردە شتەکانی خۆی بدوێ و بتوانێ پێمانی بناسێنێ و دەروون و هزروبۆ چوون و وێنەکان دەربڕێ. بەڵام راستگۆیی دەق لە بنەڕەتدا پەیوەستە بە خوێنەرەوە و خوێنەر تا رادەیەکی زۆر دووریش سەنگی مەحەکە بۆ ئەم لایەنە.

2-3-6 لەچیرۆکی (میم) دا چەند وردە رووداوێك هەیە لە پشت کەسی (ئەمین)ەوە روودەدات و راستەو خۆ پەیوەندی بە کێشەکەیەوە هەیەوگەیشتنی بە (ئەمین) تەواوکەرێکە بۆ رووداوەکەو پێویستە بخرێتە روو، ئالێرەدا چەند دەنگێك لە رێگەی چەند دەروازەیەکەوە ئەم وردە رووداوانە دەگەیەننە (ئەمین)ەوە...گرنگترینیئەم دەنگانە دەنگی ئەو کەسە نەناسراوو نادیارەیە کە لە دەروازەی تەلەفۆنەوە رووداوەکانی دەرەوەی، پشت (ئەمین) بە (ئەمین)ەوە دەگەیەنێ.

چەکەرە کردنی دەنگێکی دەرەکی بۆ راژە کردنی رووداو یان کێشەی سەرەکی شتێکی نوێ نییە لە جیهانی چیرۆکی ئەمڕۆدا، پێشتریش (نامە) و (یاداشت) و (خەون)...هەبووە. بەڵام لە (میم) دا چاومان بە دەنگ و دەروازەیەکی وا دەکەوێت رۆژانە کراوەتەوەو رووداوەکانی دەرەوە یەك بە دوای یەك بۆ (ئەمین) دەگوازێتەوە، ئەمەش دەبێتە خاڵێکی دەستپێکەر و کاریگەری هزرو یاد و جووڵەو گفتوگۆو نیگەرانیی و گۆڕانی پلە بە پلەی تلانەوەی کەسی (ئەمین). نادیاری و نەناسراوی کەسایەتی ئەم دەنگە دەرەکییە هەر زوو سەرنجی خوێنەر رادەکێشێ بۆ نزیکی کەسەکە لە رووداوەکانی پشت (ئەمین)ەوە، دواجار تەواوی زانیارییەکانی و راستی ناوەڕۆکی وتەکانی کاتێك ئاخاوتنی یەکانگیر دەبێتەوە لەگەڵ وردە پێشبینییەکانی (ئەمین) دا، کەواتە دەتوانین بڵێین ئەم دەنگە فلیمی پشتەوەی ژیانی ئەمینەو لەبەر چاو (ئەمین)ەوە پیشان دەدرێت. لێرەشدا دەقەکان ناچنە ناو یەکەوە بارتەقای ئەوەی پارچەکانی یەك دەق یەك دەگرنەوە چونکە هەر لە بنەڕەتدا جۆرە یەکیەتییەکی بابەت هەیەو لە نێوان پارچەکانی دەقەکەدا گەڵاڵە بووە، دەنگەکانی ناو دەقیش کارکەری سەرەکین بۆ کۆکردنەوەی ئەم پارچانەو توند کردنی پەیوەستی لە نێوانیاندا، سەرجەم ئەم کردارەش لە ناو یەك چوارچێوەی ئەندامیدا چالاکیەکەی خۆی دەبینێ و دەگەشێتەوە.

2-3-7 دوور نییە ئەو پرسیارە رووبەروومان ببێتەوە؛ بۆ ئەو دەنگەی کە ئاگاداری رووداوەکانی پشت (ئەمین)ە وەك کەسێکی سەربەخۆ نەدەهاتە ناو چیرۆکەکەو هەم بەسەرهاتی (ئەمین)ی بۆمان دەگێڕایەوەو هەمیش رووداوەکانی پشت (ئەمین)ی بۆمان بەدەر دەخست؟.


پێش هەموو شتێك پێویستە بگوترێت گۆڕینی سیلەی گێڕانەوە پەیوەستە بە گەلێك هۆکارەوە، لێرەدا گۆڕینی سیلەی (جێناوی کەسی یەکەم – من – ) بە سیلەی (یەکێك لە کەسەکانی ناو چیرۆك رووداو بگێڕێتەوە) دەمانگەڕێنێتەوە بۆ گەلێك لەو پەیوەندییانەی کە (ئەمین) خۆی هەیەتی لەگەڵ کەسەکانی تری ناو چیرۆکەکەو

شێوەی پەیوەندییەکەو بگرە رادەدەی بەشدار بوونیشی لە رووداوەکان. ئەو کەسەی رۆژانە رووداوەکانی پشت (ئـەمین) بە (ئەمین)ەوە دەگەیەنێ لە هەمان کاتدا ناتوانێ رووداوەکانی ژیانی (ئەمین) یشمان پێبگەیەنێ چونکە پێش هـەموو شتێك پەیوەندییەکەی بە (ئەمین)ەوە ناڕاستەوخۆیە جگە لـەوەی ناسنامەکەی نادیارە، ئـەم دوو هۆیـەش دوو خـاڵی گرنگمان بۆ شی دەکاتەوە، یەکەمیان : ئەم پەیوەندییە ناڕاستەو خۆیە بە سروشتی خۆی رێگە بۆ ئەم کەسـە نادیـارە والاّ ناکـات گشت بەسـەرهاتەکەی – نزیـك و دووری – (ئــەمین) بزانێـت، ئەمــەش کــەم و کورپیــەکی زەق دەخاتــە زانیارییەکانییەوە. دووەمیان : نادیاری ناسنامەی ئەو کەسە خوێنەر دەخاتە گومانەوە لە راستگۆیی قسەکانی و بگـرە جۆرە نیگەرانییەکیشی بۆ دروست دەکات.

ئەمەو خۆ ئەگەر پەیوەندی ئەم کەسە راستەوخۆش بێت بە (ئەمین)ەوە، بگرە ناسنامەکەشی دیـار بێـت دیسانەوە بە تەواوەتی رێگای بۆ والاّ نابێت سەرجەم بەسەرهاتەکەی (ئەمین) بزانێت چونکە تراژیدیایتلانەوەی (ئەمین) ئەوەندە خودییەو ئاکامی هۆکارەکانی ئەوەندە لە قووڵایی ئەوەوە رەنگی داوەتـەوە جـۆرە ئەستەمێك دەخاتـە بـەر چاو هـەر کەسێك بیەوێت کێشەکەی بزانێت، ئەمەش وادەکات زانیارییەکانی ئـەم کەسـە لاوەکی بێت. ئەمـەو جـۆرە گۆڕانێکی زۆریش لە زمانی گێڕانەوە دروست دەبوەوە کە رەنگە چیرۆکنووس مەیلی بۆ نـەبێت. ((هیـچ مرۆڤێـك نـاتوانێت ژیـانی مرۆڤێکی تر بنووسێتەوە لە خـۆی زیـاتر چونکـە چۆنییـەتی بوونـە ناوەکییەکـەی و ژیـانی لـە خـۆی زیـاتر کەسـی تـر نایزانێ...)) . راستە هەندێك جار بۆ ناسینی مرۆڤێـك پێویست بـەوە دەکـات چـەند کەسـێکی تـر بێنـە دەنـگ بـەلاّم ئەمەش لە ئەزموونی رۆژانەدا نامانگەیەنێتە ئەو باوەڕەی کە کەسانی تر ئەگەر پەیوەندیشیان بەم مرۆڤەوە تونـد بێـت ئەوا گەلێك شت لە بارەیەوە دەزانن .

ئەمانەو دوور نییە ئەو کەسە بەسەرهاتی کەسە سەرەکییەکە وەك چۆن بیەوێت ئاوا بیگێڕێتــەوە نـەوەك وەك چۆنـە لە راستییدا .


ئەمـەو ئەگـەر چـی لـە بنـەڕەتدا چیرۆکنووسێك هەیــە رووداوی شـانۆی نـاو چیرۆکەکــە دەجووڵێنێتــەوە، بــەلاّم پەرەسەندن و گۆڕانی کەس لە چیرۆکدا وەك کاردانەوەیەکی رووداوە یـەك بـە دوای یەکـەکان دەجوڵێتـەوەو دوور نییـە هەندێك جار ئەم جووڵەیەی پەرە سەندن و گۆڕانی کەسەکان لە رەوتی پێویست لە لای چیرۆکنووس سەرەوڕۆ ببێتەوە و بترازێت بگرە بیخاتە گێرەو کێشەشەوە. ئەم هۆکارانەو گەلێکی تر کە لە بـواری سیلەی دەرەکیدا ئامـاژەی بـۆ کـرا رێگە بۆ چیرۆکنووس والاّ ناکات سیلەی گێڕانەوە بگۆڕێت ئەگـەر چـی سیلەی نـاوەکی (یـەکێك لـە کەسـەکانی چـیرۆك رووداو بگێڕێتەوە) هەنگاوێك لە سیلەی دەرەکی لەپێشترە بۆ خوێنەر.




هێڵکاری ژمارە (٧)
سیلەی ناوەکی (یەکێك لە کەسەکان چیرۆك بگێڕێتەوە) .

2-3-8 کەواتە هەڵبژاردنی سیلەی (جێناوی کەسی یەکەمی تاك – مـن – ) بـۆ گێڕانـەوەی بەسـەرهات و کێشـەکەی ناو چیرۆکی (میم) گەلێك هۆکاری تایبەتی خۆی هەبووە، گرنگترینیان ئەوەیە کەسی سەرەکی چیرۆکەکە لە قۆناغێکـە پێویستە راستەوخۆ لەگەڵ خوێنەردا بدوێت و هەگبەی خۆی بۆ بکاتەوەو تلانەوەی خودی خۆی بۆ هەڵڕێژێت، دوا جار لەگەڵ خوێنەر دا ببێتە یەك پارچە.


چیرۆکنووس کاتێك قەوارەی خۆی دەکێشێتەوە لەنێوان رووداو و چیرۆك و خوێنەردا ئەوا سیلەی (جێناوی کەسی یەکەمی تاك – من – ) کە مەڵبەندی رووداوەکەیە شوێن چیرۆکنووس دەگرێتەوە– لە پەیوەندییەکەی لەگەڵ خوێنەردا– و لەگەڵ خوێنەردا لە تان و پۆیەکی پوختدا دەچنە ناو یەکەوە. ئەو کاتەش دەق متمانەو باوەڕی خوێنەر وەدەست دێنێت، دوا جار راستگۆیی هەڵدەنجێنێ، بێگومان ئەفراندنی دەقی هونەری راستگۆش بە دەستکەوتێکی چاك لە قەڵەم دەدرێت.




هێلکاری ژمارە (٨)
سیلەی ناوەکی (جێناوی کەسی یەکەمی تاك – من – ) لە چیرۆکی (میم) دا .

4-3-2 سیلەی ناوەکی (جێناوی کەسی یەکەمی تاك –من– ) لە بواری بنیات نانی کەسی (ئەمین) رۆڵێکی باڵای بینیوە بە تایبەت لە هەردوو ئاستی (گفتوگۆی ناوەکی) و (پێشکەش کردنی هزرو دەروون).

یەکەم : ئاستی گفتوگۆی ناوەکی؛ (ئەمین) لە ئاخاوتنە ناوەکییەکەیدا رووناکی دەخاتە سەر خودی خۆیەوەو بوونی خۆیمان بۆ دەخاتە روو لە تەوەرێکی سەربەخۆدا. بەڵام بوون و پلەو پایەی لە کۆمەڵەکەیدا ئەو دەمە بە دیار دەبێت کاتێك لەناو ئاخاوتنەکەی خۆی دا (مۆنۆلۆجەکان) دەخاتە روو، ئەم مۆنۆلۆجانەش وەك ئاخاوتنی (ئەمین) لەگەڵ هاوڕێیانی (ئەنوەر)ی کاکی یان لەگەڵ (شیرین)ی کچی یان لەگەڵ (گوڵنان)ی ژنی وەك تەوەرێکی تر لە ئاست تەوەرەکەی پێشوو دێنە ئاراوە، دوا جار کەسی (ئەمین) مان بۆ ئاشکرا دەکات.




هێڵکاری ژمارە (٩)
بنیادی کەسی (ئەمین) لە ڕێگەی گفتوگۆی ناوەکی

کەواتە کۆبوونەوەی ئەم دوو تەوەرە راژەیەکی راستەو خۆیە بۆ بنیادی کەسی سەرەکی و میکانیزمی پەرە سەندنی دەبێ ئەوەش لە بیر نەکەین بە میکانیزمی پەرەسەندنی، ئەم کەسە لە ئاسمانە دەروونیەکەی خۆیداو ئەو ئاکامەی پێی دەگات روانگەی چیرۆکنووسیشمان بۆ بە دیار دەکەوێت، یان با بڵێین دەگەین بەو شتەی کە چیرۆکنووس ویستی بیڵێت.

دووەم: ئاستی پێشکەش کردنی هزرو دەروون؛ لەم ئاستەدا کەسی (ئەمین) دەگاتە پۆپکەی سەربەستی خۆی لە ئاست وێنەکێشانی دەروون و بەدەرخستنی هزرو بیرو بۆچوونەکانی خۆی چونکە —هەر وەك وتمان— راستەوخۆ لەگەڵ خوێنەردا دەدوێت.

دەتوانین بڵێین (ئەمین) هەر لە سەرەتای گێرانەوەی بەسەرهاتەکەی هەتا دوا وشەی درکاوی دارشتن و وێنەکێشانێکە بۆ هزرو دەروون و تلانەوەو گریان و ئێش و ئازاری خۆی ئەمانەش راستەوخۆ دەبنە تابلۆیەکی گەشاوەی جۆری کەسی ئەمین و شوێنی لە ناوەندی بەسەرهاتەکەی.

لەم ئاستەدا خوێنەر دەگاتە دۆخێك لە تێگەیشتن لەم کەسە تەنانەت ئەو شتانەی پرسیاریشی لێ دەکات لە راستیدا دەبێتە جۆرێك لە پێناسە کردنی تایبەت بە خۆی بۆ نموونە کاتێك پرسیاری ئەو ناوچەیە دەکات — بە سەر سورمانەوە— کە ماڵی (ئەنوەر)ی براکەی لێیە. یەکسەر بۆ خوێنەر روون دەبێتەوە کەوا (ئەمین) بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەیەوێت بڵێت : ژیانی دەوڵەمەندو پارەدار لە هەموو پەیوەندییە گیانی و کۆمەڵایەتییەکان دابڕاون، سۆزو بەزەیی و خۆشەویستی چەند شتێکن لەلای ئەوان بە پلەی دووەم یان سێیەم یان چوارەم دێت.

---

پەراوێز:

گوڵی رەش: شێرزاد حەسەن، دارالحریة، بغداد،1988 ، ل (14-260).

هەمان سەرچاوە، ل 150 .

هەمان سەرچاوە.

هەمان سەرچاوە، ل (25-26) .


هەمان سەرچاوە ل 206.

عالم الرواية: رولان بورنوف و ريال أوئيلية . دار الشئوون الثقافية العامة، بغداد، 1988 ، ل 160.

هەمان سەرچاوە، ل 167 .

هەمان سەرچاوە ل (167-170) .

*دەقی ئەم لێکۆڵینەوەیە لە هاوینی ١٩٩٣ وەك سمینارێك کە لە کۆلێژی ئەدەبیات/ زانکۆی سەلاحەدین. هەولێر، هۆڵی (کامەران موکری) پێشکە شکرا.



# ئیمبراتۆر هەر زیندوو دەبێت

گۆنتەر برونو فوکس
و: دالاهۆ

جاران ئیمبراتۆر بەسواری ئەسپەکەیەوە بە شەقەمەکانا دەڕۆیشت جەماوەرێکی زۆر بەڕاستو چەپیدا دەوەستانو دەیانەویست خۆیو ئەسپەکەی ببینن. کەسانێکی زۆر لەڕیزی پێشەوە دەوەستان، ژمارەیەکی زۆریش لەڕیزی دووەمو سێهەمو چوارەمدا. بەڵام ئەوانەی لەڕیزی چوارەمدا دەوەستان کاریان بەوەوە نەدەما چی لەڕیزەکانی ترا دەکرێ.

بۆیە رووی ئەدا کەسانێکی زۆر بەوەستانەوە گەورەبن، لەوەش زیاتر ملیان درێژ دەکردەوە لەشیان بەشێوەیەکی وەها دەبردە پێشەوەو سەرەوە کە پاش تێپەڕبوونی ئیمبراتۆر لەخۆڕئاوابوونیشا بەدرێژایی ژیانیان ملیان هەر بەدرێژی دەمایەوە.

ئەمە ئەوە دەگەیەنێت: ئێمە ئەگەر چاومان بە هەر مل درێژێك کەوت نابێت سەرسووڕماوبین یا گاڵتەی پێبکەین، ئەوە کوڕەزا یا کوڕە زازای ئەوانەن کە دەیانویست ئیمبراتۆر ببینن‌و بەپەرۆشەوە بوون بۆ ئەم کارە، ئەوانەی کە لێمان دوورکەوتنەوە ناشێت هەست بەوە بکەین تا بزانین چی بەدڵو دەروونیاندا دەهات.

**گۆنتەر برۆنۆفوکس ساڵی ١٩٢٨ لەبەرلین لەدایکبووە نازییەکان لەگەڵ کۆمەڵێك منداڵی ترا، بۆ دوورخستنەوەیان لە مەترسی شەڕ ناردنیان بۆ نەمسا. کە پێویستیان بە خەڵك بوو برۆنۆیان بانگردەوە بۆ بەرلین‌و لەساڵی ١٩٤٢ لە چوارە ساڵیا بوو بەسەربازو ساڵی ١٩٤٥ بەدیل گیرا. پاش گەڕانەوەی کاری جۆراو جۆری کردووەو خوێندنی هونەریی باڵای تەواوکردووە. هەر زوو لەبواری نووسیندا ناوبانگی دەرکرد چەندەها رۆمان‌و چیرۆکی هەیە لەوانە: تەپڵی قەرەج (١٩٥٦) حیکایەتی مۆسیقاژەنێکی بریمەن (١٩٦٨)مۆرکێکی گاڵتەئامێزو رەخنەئامێز لە نووسینەکانیا بەدیدەکری. لەم کورتە چیرۆکەدا وێنەی کاریکاتۆریی کۆمەڵێك خەڵك دروستدەکات کە تا ئێستاش لەسەر شێوەی بیرکردنەوەی ئیمبراتۆر ڤیلهلمی دووەم دەنوارنە هەموو شتێ.**

# فاکس

سەلام مەنمی

دەی نیسانی ٩٩ نەوەدو نۆ لەماوەی چەند کاتژمێرێکدا زیاترلەبیست فاکسی پیرۆزبایی بەرەو شاری —بەرلین— باڵیان گرتەوەو لەسەرمێزەکەی —فەلاحوزری تیرەشانی— بەنوقڵانە لێدان‌و ئارامییەوە نیشتنەوە، فاکسەکان لەیەك ئاواز دەیانخوێند، لەبازنەیەکدا دەخولانەوە، ماستاوی ناو قازانێك‌و هەگبەی مارو مێرووبوون.. نەیدەزانی چۆن گوزارشت لەو خۆشییە بکات‌و کامیان بخوێنێتەوە، دوای یەکەم‌و دووەم بەتەنها سەیری ناوو ئیمزاکانی دەکرد.. هەندێ بیری کردەوە زەردەخەنەیەکی ساردکەوتە بان لێوی دەستی بەسمێڵە پاکۆداراوەکەیدا هێناو لای خۆیەوە وتی: (ئەمشەو لەخەوما هەورێکی چلکنی چاو مۆنی ئاوس سکی دادابووە سەر زەوی‌و دەینالاند، چەخماخەی ئەدا، هەڕەشەی دەکرد، رەشمارێ بەسکە خشێ دەڕۆیشت‌و دەیفیشکان، هەندێ جار هەورەکە دەبووە مارو زمانە مەلاسکێی بوو، بۆ وەزەن لەسەرپێ بوو. بەفیشك‌و هوڕ ئامبازم دەبوو، دەکەوتم‌و هەڵدەسامەوە، لەکۆڵم نەدەبۆوە، ئەم وت:— ئێستا وەك بۆق‌و قرژاڵ قووتم ئەداو گەدەی خۆیم پێ ئاوەدان دەکاتەوە، مارەکان هەتابوو لەزەهاکدابوون، منیش هەتابوو زیاتر پێم هەڵدەگرت‌و کەمتر لام دەکردەوە، سەیرە لەباتی باران‌و بەفر، مارو، تارمایی‌و ترس دەبارێن، وابڕوات ئەم وڵاتە دەبێتە مارستان‌و مرۆڤ قڕانە..

لەمانەیش سەیرتر ئەوەیە لەهیچ شوێنێکەوە سەنگ‌و سووژنی نییە، تیشکەکانی گڵەبان کراون وەك دەڵێن رۆژی حەشرە!!


هەڵوێستەیەکم بۆ کردو لایەکم کردەوە، سەیرم کرد مارەکان چنگ لەسەرشان بەرەو دوا دەگەڕێنەوە، هەورێکی سووریش تانجی‌و کەروێشکی هەورە رەشەچاو مۆنەکە راودەنێ، هەتابوو شەپۆلی هەورە چڵکنەکە لەکۆمانجەدا بوو، ئەتووت بەدەم فریشتەوە پێدەکەنێ، ئەستێرەکان رەشبەڵەك هەڵدەپەڕین مانگ سەرچۆپیی گرتبوو، سروودی سەرکەوتنی دەچڕی..)

بەڕاستی خەوێکی چەمووش‌و ئاڵۆزبوو لەلایەکەوە هەورو مارو، تارمایی تەنگیان پێهەڵچنیبوونم گۆڕیان بۆ هەڵکەنبووم‌و ئەو دنیام بەچاوی خۆم بینی.. لەلایەکی تریشەوە مانگ‌و ئەستێرەکان بە بەرچاومەوە ئاهەنگ دەگێڕن..

ئەم خەوە گوزارشت لەئێستای من دەکات‌و ئاوێنەیەکی باڵا روانەو نهێنییەکانی من پێچەوانە دەکاتەوەو پڕ بەپێستی ئەمڕۆمە..

بەشی یەکەمی خەوەکەم ئەوەیە لەمۆتەکە دەغەزارەکەی تەمەنم دوور دەکەومەوە، ئەو مۆتەکە هەژدە ساڵە وەك مارەکەی شێخ هۆمەر ئاڵاوە بە ملمەوەو ئەڵێی قیری کەوای سپییە.. ئێستا بەرز دەفڕێ بەرخی بازی دەکات‌و بەدەنگی بەرز دەڵێت بەرد لەجێی خۆی سەنگینە، بەتەمای فرۆی مانگازەردەو دەیەوێ لەگەڵ خۆم بیبەمەوەو لەوێ پێی بڵێین ژنە وەزیر ئەی نەخۆرانی بێ مەگەر هەر بڵێ ئەو نانە بەو رۆنە. بەخەویش ئەوە نابینێ مەگەر بمرم، بۆ کوێی بەرم نان بۆ چێشتخانە دەبرێ..؟!

وادەربازدەبم دەمی دەکەمە تاقی چرا.! بەعسییەکان درەختەکانیشیان هەڵکێشا کەچی ئەمیان بۆدانەپاچرا.. سەری لێشێوانووم، خەریکە بڕوام بەنووشتەو جادوو پتەودەبێ‌و دەڵێم ئەڵێی نووشتەی خدری زیندەی لەملایەو هیچی لێنایەت.. بەلام ئەوەندە هەژارنیم‌و




بەپەڕێك سەرنابڕێمو بۆ دەسماڵێك قەیسەرییەك گرێدەدەم. بۆ هەردەردە مەردێك.. بەلاوێتی ژیان لەگەڵیا تاڵ بوو، ئێستا بووەبەقۆڵەفەرەنجیو داداشی خانبڕو مەنجەڵە ماست لەچاویا قولکە جەوتە، ئەوە سەیرە ئێستایش خۆی بە بوخچەی نەکراوە دادەنێ.! دنیا لای ئەو چاتۆڵەو شەشی بەتەشپییەکە لای ئەو حەوتی رەبەیەکە.. بەشی دووەمی خەوەکە، ئەم فاکسو پیرۆزباییانە بوو کە وەك پوورە هەنگو پۆلی پەپوولە دابارینە سەر مێزەکەمو ئەو هەورە سوورە بوو کە بووە داری سەرەڕێو شەوە زەنگی راوناو دەوڵەتی هیوای پێکهێنا، ئەڵێن رەنگی سوور ژیان دەبەخشێتە مرۆڤ و زاخاوی چاو ئەداتەوەو دڵ بەهێز دەکات، دەمارەکانی لەش چالاك دەكات، دەمی مۆتەکە دەکاتە تەڵەی تەقیو، جا لێرە وام بۆ بکرێو ئەو هەموو پیرۆزباییانەم بەسەردا بباریێ دەبێ لەوێو لەوەزارەتەکەم چیم بۆ بکرێ..؟! لەبەر چاومە گوڵباران‌و نقوڵباران‌و تەلەفون باران دەکرێم.. بزانە چی لەو مۆتەکەیە دەکەم، ئەو رۆژەیە بۆیدەگەڕام، با باریکان بڕێسێو سیر بخواتو زۆڕنالێدا.. سەیر ئەوەیە خاوەنی هەندێ لەو فاکسانە کاتی خۆی ناحەزمبوون، چەندەها پاشقولیان لێگرتووم، وادەزانن لەگوێی گادا خەوتووم..؟! فیکەی خۆم باش ئەناسم بەسەریانەوە ناچێتو بۆ ئەوان دەڕۆمەوەو بەدەستی ئەوان ماردەگرم.. دوای دوو مانگ یان زووتر پارچەیەك زەوی لەناوەڕاستی شاردا وەردەگرمو هەنار لەباخەڵێکی پاژنە میچ دەگەوزێنم، سەد نەحلەتو شۆبۆ مۆتەکەی تەمەن دەنێرمو لفکە شۆرەکەی دەخەمە دۆڵیانەی ئاسیاوەوە، دەمەوێ لەبیری خۆمی بەرمەوە کەچی وەك سیچکە سڵاو لەبەرچاومدا قووت دەبێتەوەو چاوشارکێم لەگەڵ دەکات، بیر لە هەر پرۆژەیەك دەکەمەوە تارماییەکەی بەرچاوم تاریك دەکاتو ناوی خۆیشم لەبیردەباتەوە.. هەتا ئەو رۆژەی دەمرم رووداوەکەی شەقامی —گۆتە—م لەبیرناچێت، ئەوەبوو لەگەڵ مادام—ریڤاری—دۆستمدا قۆڵمان بەقۆڵی یەکتر کردبوو پیاسەمان دەکرد، کاتێکم زانی مادام، زریکانیو قۆڵمی راتەکان، لام کردەوە سەیرم کرد مۆتەکەی تەمەن قەپی بەقۆڵیاکردووەو خوێنی لێدەچۆڕێ، وەك بینی ئاو دەلەرزێ هەتا توانی پالێکێشی بەمنەوە ناو لەترێکی

پێدام، نازانم ئەو گورگە ئێمەی چۆن دۆزییەوە.؟! ڕۆژ نییە لەسەر ریڤاری- کۆڕێکم پێنەگرێ، لەو ڕۆژەوە - ریڤاری- ناوی ناوە گورگەکەی شەقامی -گۆتە- لەهەمووی خۆشتر ئەوەیە: لەوێ سوێندی یاسایی لەتەلەفزیۆندا دەخۆم دڵسۆزیو دڵپاکی خۆم بۆ گەلو نیشتمانم دەردەبڕم، دەروونی ناحەزان دەکەمە شیفەلەتە، گورگەکەی شەقامی -گۆتە- یش باهەر خەڕەکو گێسەك بڕێسێو بەمانگە شەو بووەڕێ ئەوەی لای ئەو خەیاڵە لای من بەتاڵە..

لەبەرچاومە هەر لەئێستاوە چەندەها ئەلبوومیان ئامادەکردووە کە گەیشتمە ئەوێ لاپەڕەکانیانم بۆ هەڵدەدەنەوەو دەڵێن:-ئەوە قوتابخانەی -مەولەوی- یە خۆت بناسەرەوە، ئەوە سەیرانەکەی-ئەزمڕ-ی ساڵی ٦٩یە ئەوە نەورۆزی (٧٠)یە سەیرکە قەشقۆڵی جمەی دێ... ئەوە شانۆنامەی-بووکی ژێر دەواری ڕەشە- لەو پەڕەوە وەزیرانە دانیشتوویت-کە سەیرم کردن یادەوەرییەکان لاچڕدەبنەوەو زاووزێ دەکەن.. ئەوە سەیرە خاوەنی ئەم ئەلبوومانە کە لەبەندیخانە بەربووم نەیان وێرا بێن بۆ لام.. بەڵام کە بووم بەوەزیر لاپەڕەی کۆنو نوێم بۆ هەڵدەدەنەوەو ئەڵێی لەئاسمان بەربوومەتەوە. وادەزانن دەوار بەگاز سپی دەبێتەوە!!

هەتازووە دەچم بۆ بازاڕی تابلۆکانو سێ تابلۆی دەگمەن دەکڕم، لەو تابلۆیانە ژووری هیچ وەزیرێك بەخۆیەوە نەیدیبێو بینەران سەرگەردان کات..

٢٠٠٢/٧/٢٠






ئەمجارەیان پێویستمان بەهەناسەیەکە ژەهراوی نەبووبێت، دڵێك لەئاسن تا بەرگەی ئازاری ئەم حەسرەتە بگرێت!!

ڕۆژی ٢٠٠٣/٩/٤ بەشی شانۆی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی بەیارمەتی مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتییەکانی (ی.ن.ك) شانۆیی (یاداشتەکانی عەر عەر)ی لەخانەقین نمایش کرد.. لەدەقی هونەرمەند دڵشاد مستەفاو ئامادەکردنو دەرهێنانی هونەرمەند موەفەق عارف لهۆنیو نواندنی کۆمەڵێك خوێندکاری بەهرەمەندی بەشی شانۆی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی.

یاداشتەکانی عەر عەر باس لەمەینەتییەکانی ئەنفالو جینۆسایدکردنی میللەتی کورد دەکات، لەناوچە جیاجیاکانی کوردستان، هەر ناوچەو بەشێوازی زمانو جلو بەرگی تایبەتی خۆی، کە دەرهێنەر زۆر بە وریاییەوە مامەڵەی لەگەڵ هەموو قۆناغەکانی ئەنفالدا کردووەو لەقاڵبێکی هونەری جواندا داڕشتبوو. جەماوەریش بە فرمێسكو چەپڵە ڕێزان پێشوازیان لەم نمایشە شانۆییە کرد.

دەق

# چەند حیکایەتێکی

## کۆن-ی نوێ

شیرین. ک

(١)

هێشتا نیوەی شەوە

حیکایەتەکەش تەواو

شەهرەیار بێدارە

کەڵەشێرەکە جارێ خەوتووە

جەللادەکە حازرو ئامادەیە

کێ بەفریای شەهرەزاد ئەکەوێ ،کێ؟

کێ بەیتێکی دڵداری پێدەڵێ

بەیتی عەشقێکی گڕگرتوو

لەتەک ئەستێرە گەشەی

ئێوارەدا هەڵهات و

لەگەڵ مانگیشدا ئاوا بوو..

کێ بەهانای شەهرەزادەوە دێ کێ؟

کێ لاوکێ


حەیرانێ

حیکایەتێکی بۆ دەبێژێ

حیکایەتی

عەشقێکی نەمر بێ






پایزان گەردەلوول بیباو
بەهارانێ
لەمەرگ ڕابێ

بوولێڵە
حیکایەتەکەش
بەردەوامە
شەهرەیار وەنەوز ئەیا
کەڵەشێرەکە ڕێوی خواردی
جەللادەکەش
بەمۆبایل موغازەلەی
کچە بێدارەکانی شەو دەکا

وابەیانەو
حیکایەتەکە لەلووتکەدایە
وەلێ کەسێ نییە
گوێ لەشەهرەزادو
حیکایەتە خورافیەکانی
عەشق بگرێ..
(٢)
ڕۆژێ دێ
چیتر لەنێو ئاپۆرەی خەڵك و
ڕێبواراندا بۆ باڵای
پیاوێ ناگەڕێم
کەزرۆم بیرکردووە
گوێ هەڵناخەم
بۆ دەنگێ بەئاوازەکەی
ئاشنابووم و
بەبیستنی دڵم دەکەوتە سەما




ڕۆژێ دێ
لەدەفتەری تەلەفۆنەکەما
جگە لەژمارەی دکتۆرەکان و
قاوەگرەوەو
فاڵچییەکان
چ ژمارەیەکی تری تیا نامێنێ
ڕۆژی دێ
نەبەرگی جوان و
نەئاریشتم ناوێ
شووشەی عەترەکانم بەتاڵ بەتاڵ
دەبنەوە
نەچاوەڕوانی ژوانێ دەکەم
نە ئەو پیاوەی خۆشی دەویستم
لەپڕێکا دێ
ڕۆژێ دێ
تەنیا دەبم
پیر ..لەبیر کراو
هەروەکو وێستگەیەکی چۆڵ
ڕۆژانێ پیاوانێك
هەر بۆ پشوویەك
لایان ئەداو
لەناکاوێکدا وون دەبوون
پیاوانێ جگە لەیادگاریی کاڵو کرچو
خەونی سوریالی و
ئەدگاری پەرش و بڵاو
چیتریان
بۆ جێنەهێشتم
ئەو ئەدگارانەی
چەند دەکەم بۆم کۆنابنەوە

ئەو خەونانەی نازانم لێکیان
بدەمەوە
ئەو یادگارییانەی
هێند کاڵن
نایانناسمەوە
ڕۆژێ دێ
دەمرم
لە بێدەنگیش بەولاوە
چیترم لەلانییە
هەر بەتەنیا
بیدەنگیو
بیدەنگیو
بیدەنگی

(٣)

تۆ لەپشت پەنجەرەی تاریکو
پەردەی تیشکەوە وەستاوی..
دەتبینم
دەستی سلاوت بۆ نادیارێ
بەرز رادەگریو
زەردەخەنە دەبارێنی..
رەنگە بۆ من بێ.. رەنگە.. نا
من لەپشت پەنجەرەی بارانو
پەردەی تەمەوە
وەستاوم
نامبینی..
دەستی سلاوم
لەنیوەی رێ
باران دەیباو
بزەم تەم دایدەپۆشێ





وەرە باچینە

ژێر ئەو بارانە

کێ ناڵێ ئەمە دوا باران نییە

وەرەو

بالە ژێر ئەو بارانەدا

منالانە راکەین..

راکەین و

بەهەناسە برکێوە

پێت بڵێم؛

خۆ.. شم.. ئە.. وێ.. ی

بەهەناسە برکێوە

پێم بڵێ

من.. ی.. ش..

(٤)

لەپەنجەرە بچووکەکەمەوە

چەپکێ لەزەردەپەڕو

تەڵی ئاسۆیەکی نارنجی ئێوارێ

دەبینم

جگەرەیەکی تر پێدەکەمەو

رۆژێکی تری تەمەنم

بەسەرابە بێکۆتاکانو

دووکەڵی جگەرەکەم دەسپێرم

–عەرافەکە درکی بەو کارەساتە نەکردبوو

قاوە گرەوەکە راستیی نەووت

کتێبی بورجەکانیش درۆی کرد


چ خەونێکی خراپیشم نەدیبوو


هەر دڵم بوو

هەر خۆی بوو بەتەنیا

ختوورەی خراپی دەکرد..

(لە نیوەڕۆیەکی گەرمی بەهارێکی
درەنگ وەختا
وەرە
خۆت بکە بەماڵەکەمدا..
بەقەد خونچە زەردەکانی
سەر کراسە رەشەکەم
ماچم کە..
منیش بەقەد ئەو رۆژو شەو
ساڵانەی دووریت
تێت دەڕوانم
لەپەنجەرە بچووکەکەی روانینمەوە
دەریایەك شەودەبینمو
تاشەو تۆخو تۆختر دەبێ
ئەستێرەکان یەکە یەکە پێدەبنو
ئەو خەیاڵاتانەی دەمکردن
دانە دانە دەکشێنو لەفەزادا
بزر دەبن
تۆش جارێکی دی
نا، بۆ دواجار
دەکشێیتو
بەناو تاریکی زەینو
تەمتوومانی عاتیفەدا
ئاوا دەبیو وێنەیەکی
نازداری یادەوەریم بۆ جێدێڵیو
ئیدی نەخەیاڵم دەفرێو
نەخەوێکیش دێتە ژوورێ..
(٥)
ئێستا
بەیانیان





وەرسی بەنێو ژوورە چکۆلەکەمدا
ئەمسەرو ئەوسەر دەکاو
نایەڵێ دڵم بسرەوێ
گەڵا سووریاوەکانی
سەر شووشە هەمیشە
تۆزاوییەکانی پەنجەرەکەش
نە تاقەتی وەرینیان هەیەو
نە شنەبایەکی فێنکیش
دەیان وەرێنێو
نە زەردەزیڕە عەجوولەکانیش
وەکو جاران دێنە ژوورێ


ئێستا ئێواران
تەنیایی میوانێکی ڕەزاقورسەو
لەژووره نیمچە تاریکەکەمدا
پێکەوە
لەیەك پیاڵەدا
چای ساردەوەبوو
دەخۆینەوەو
بەشەریکی
یەك جگەرەی
ستۆك دەکێشین‌و
بۆ ئەبەد
گوێ لە (پاییزی تەلایی)دەگرینەوە
ئێستا بەیانیان‌و
ئێوارانیش
بێهودە بیرت دەکەم‌و
تۆش بەئەنقەست
هەر بەئەنقەست نایێت

# ئیتر پەرداخەکە شکا..

سەلاح محەمەد



لەبەرئەوەی نەدەکرا
دڵێك لەبەفر
پیاوێك لەگڕ
پێکەوە بچن بۆ سەیران
لەبەرئەوەی نەدەبوو
پەرداخێك پڕپڕ لەنورو
حەوزێك پڕپڕ لەتاریکی
لەیەکتری بخۆنەوە
ئیتر کەسێك
دەستێ جلی ئێوارەی لەبەرکردو
سواری ئۆتۆبیسەکەی سەفەربوو
بۆیە شوشەکانی سەفەر
چواردەست دەبڕن
بەڵام دوانیان سوردەبن‌و
دوانیان فرمێسکیان لێ دەتکێ
چوار چاو تەماوی دەکەن‌و
دوانیان لێڵ‌و
دوانیان دەسڕن
هەموو شتێ



لەودیوی شوشەکانەوە وادیارن،
راوەستاون
بەڵام لەگەڵ تەمەنا هاوبەشن،
دەفڕن
رۆژانێك دێن
بەموی سەرسنگی رەش دەبن‌و
شەوانێك دێن وەکو سواڵکەر
لەدەرگاکانی سۆزدەدەن
بەڵامماڵێکی لێوان لێو
لەخاپووربوون
دەرگای نیە بکرێتەوە
بۆیە ریشۆڵەکانی ئۆقرەش
لەسەر تەل‌و
لەدرەختەکانی بەر دەرگای
باخە گەورەکەوە،
بەردەبنەوە

٢٠٠٣

دەق

# گەڕانەوە بۆ ژوورەکانی مردن

هۆشەنگ شێخ محەمەد

کانونی یەکەم ۲۰۰۱ دهۆک

ئەمجارەیان تۆ لەئێوارەیەکی زۆر زۆر هێمندا هێمنتر لەچاوەکانی تاووس و لەرەی کاژو ڕۆیینی هەورێکی بەناز لەئاسمانی وەنەوشەدا

لەئێوارەیەکی زۆر زۆر ئارامدا .. ئارامتر لەدەنگی باران و پێیەکانی نێرگز لەسەر سۆمای لاسکە گیایەکی کێوی

تۆ ئا لەم نەرمیو ئارامیو هێورییەدا هێورتر لەخشپەی لاسکە گیا لەکاتی نوێژداو هێورتر لەشۆڕبوونەوەی شەنگەبی بەسەر ئەبرۆی مێکوکەکانی جوانیدا

لەدەمێکی زۆر ناسکدا..، ناسکتر لەهەتاوو بۆنی ڕێحان و کەمەری یاسەمین و قەدی نیسانۆکێك..

لەکاتێکی نازك..، نازکتر لەبەنازو نازنازۆك و نازی زەیتون بەسەر گۆڕستاندا

تۆ وەك تۆفان.. هاتیتەوە ژوورەکانی مردنمدا...

وەك بارۆقە خۆت کردەوە بەساپیتەکانی فەنابوونمەوە.. لەو ئێوارەیەدا یەقینێك پێی دەگوتم تۆ ئەبەد جارێکی دی سەرناکەیتەوە بەسەر مەرگەکانداو ئاوڕ لەفەنابوونەکاندا نادەیتەوە.. تۆ هاتیتەوە

هاتیتەوە مەرگەکان بلاوێنییەوە.. فەناکان بنازێنییەوە

هاتیتەوە وەك بارانی توڕە.. سەرکەیتەوە بە باخچە توڕەترەکان

وەك بای توڕە خواربیتەوە بۆ ماڵە تووڕەترەکان.. هاتیتەوە وەك نامەیەکی زویرو زەبر بۆ خوێندنەوەیەکی توڕەتر لە کوڕەکانی تۆران..

هارتر لەکچی حەرفە هاجەکانی دەفتەری بیرەوەرییەکانی مردن

وەك خوای توڕە لەپێغەمبەرە شەرمنەکانی.. وەك گیای توڕە لە لاسکە نەرمۆڵەکانی ..هاتیتەوە

لەم ئێوارە نەرمەدا.. نەرمتر لەزمانی مارو گەشتر لەپەڕەکانی کۆلکە زێڕینە

هاتیتەوە ژوورەکەمت پڕکرد لەحەرفی توڕەو وشەی یاخی..

ماڵەکەمت تژی پاییزو وەرزی تووش کرد..

باخچەکەمت بردەوە دەورانی گوڵە تۆراوو پرتەقاڵە زیزەکان و سێوە زوویرو گەرازە عەسەبییەکان و خۆخە فێگرتووەکان

لەم ئێوارە سووك‌و ئاوییەدا.. هەموو کوریکە بەهارییەکانت سەرخۆشکردن بە بۆنی ئەو پەیڤانەی لەدەفتەرەکانی مردن‌و فەنابوونتەوە دەڕژێن...

بەم ئێوارە پڕ جریوەی نیان نیان.. نیانتر لەلۆکەو پەنجەکانی پەپوولە،لەدەسماڵەکانی هەنگ.. لەخورجینەی رێحان.. لەئامەکانی کوریك ماست

بەم ئێوارە ئاسوودەیە.. ئاسوودەتر لەهێلانەی شالوورو لەویژدانی گول محەمەدییەکان.. لەهەیوانی ماڵی کنێر لەبەژنی باریکی ئێوارە خۆی

گەڕایتەوەو باخچەکەمت.. گەڕاندەوە کۆشتەوە.. کۆشی تورەتر لەسەبارەکان

مێدی تر لەدەنگی خوناوو وەفای پەلکە گیاو هەنسکی کۆتر..

لەم ئێوارەیەدا بەخۆت‌و گەردەلوولی پەیڤەکانی خۆشەویستییە تاریکەکەت دەستت لەو برینانە دایەوە

ئەو برینانەی چەندین سەدەیە وەك زەخیرەی زستان لە وێستگەکانی دووریدا هەڵم گرتوون

ئەو برینانەی تەنیا بە تۆفانەکان‌و گەردەلوولەکانی مردن‌و تاعونەکانی تۆوە ئەکولێنەوە

ئەو برینانەی تەنیا بەپەنجە خوێناوییەکانی حەرفەکانت ئەسووتێنەوە..، حەرفە بێ دین‌و ئیمانەکانی فەنابوونت

حەرفە جەهەنەمییەکانی مەرگت

مەرگی یەکانەو مژاوی‌و نوتەکت

ئای لەو مەرگە تاریکەی تۆ

ئای لەو فەنابوونە نارِوون‌و مژاوییەی تۆ

ئای لەتۆ لەبرینەکانی من‌و دەستەکانت

لەحەرف‌و وشەو دەستەواژەو گەردنەکانی من... گەردنی گوڵەکانم.. مەچەکی باخچەکەم.. ئەژنۆی هەیوان‌و حەوشەی دەفتەرو کتێبەکانم

ئای لە منداڵیم لەنێو پەنجەکانی تۆدا

ئای لە عەشقم لەنێو باوەشی تۆدا، ئای لەعومرم لەکۆشی تۆدا، ئای لەخەونەکانم لەنێوان مەمکەکانی تۆدا

ئای لەخۆم لەتۆدا، ئای لە فەنابوونم لەتۆدا، ئای لەمەرگم لەچاوانی تۆدا

ئای لەدەنگم لەنمایشەکانی تۆدا، ئای لەژیان‌و وجود لەدارستانەکانی رۆحت

ئای لە جواناوی وەفاو جوانی لەسەر ئەنیەت

ئای لەو دڵە ئای لەو سەرە لەنێو رەفتە سپییەکانی سەر ملانی ئەندێشەت

ئای لەو ئاهانەی لەبەژنمەوە هەڵئەوەرێن لەحزوری تۆوە

ئای لەو جەستەیە کە تۆ دێیتەوە..

تۆ لەم ئێوارە هێمنەدا لەدوورەوە وەك بروسکە دێیت لەماڵی پەپوولەوە نایێت.. لەپاییزێکی ئاوس بە بەرق‌و ئاگرەوە دێیت

لەپایزێکی تاریك وەك شەوە نووتەکەکانی وێستگەکانی مەحف بوون

لەدیوانێکەوە دێیت وشەکانی لەمەرگ‌و دەستەواژەکانی لەجەهەنەمەوە بەرەو قووڵترین فرمان ئەڕۆن

تۆ لەهەیوانێکەوە هەڵدەکەیت کە هەرگیز لەساپیتەکانی مەرگەوە نایەتەخوار.هەرگیز تێرنابێ لەدیمەنی فەنابوونم

تۆ لەزستانی سەدەکانی بەفرینەوە خراپتر.. قەت لەو دەریایانە بێ شەختەو کرێوەو زریانەوە دەرباز نابیت..

رووبارێ ناتوانێ دوا تنۆك سەرمایی خۆییت نەداتێ.. دارستانێك ناتوانێ دوا قەترە تاریکی خۆییت بەشەوەکانتەوە نەبەخشێت، سپێدەیەك ناتوانێ

دوا هەناسەی خووس گرتووی نەکاتە دیاری بۆ چاوەکانت..

تۆ لەو دوورییەوە وەك عاجباتییەك دێیتەوە.. عاجباتییەکی دڵڕەق، رەقتر لەئایەتەکانی جەنگو ئاوازەکانی ئەڵماس..

دێیتەوەو هەموو ئەو باقو بریقو شەوقەی پەیڤەکانم چەندین سەدەیە لەباخچەکانی عەشقەوە کۆی ئەکاتەوە بەنەفخێك لەسوورەتەکانی چاوەکانت

ئەم پەیڤانە وەك پەلکی رێحانێك لەپەنجەیەکت دەبەستیەوە.. وەك لاسکە گیایەك دەیخەیتە نێو ددانەکانت.. وەك خوناوێك دەیخەیتە سەر برژانگێکت

تۆ کە گەیشتیتەوە باخچەکەم ئیدی ئاسانە.. وێرانم کەیت.. ئاسانە بمکوژیتەوە.. ئاسانە لەگەڵ چاوی زەردی پرتەقاڵێکەوە بمخۆیتەوە..

ئاسانە لەگەڵ پەلکە گیایەك پەنجەکانم داعویری

ئاسانە لەگەڵ ماڵو کتێبەکانمدا تاڵانم کەیت.. ئاسانە لەگەڵ دارخۆخەکاندا بمبڕیتەوە.. لەگەڵ سێوەکاندا قاش قاشم کەیت...

لەگەڵ رێواسەکاندا هەڵمکێشی.. لەگەڵ بەڕوەکاندا بمبەیتەوە ئەو بەرەکەی هەبوونو پشت پشتی چیاکانی وجود..

ئاسانە لەگەڵ کەنارییەکان باڵم بکەیتو لەگەڵ پاسارییەکان ئاوارەم کەیت..

تۆ کە گەیشتیتەوە هەیوانەکەم.. ئیدی ئاسانە مردنم، ئاسانە خۆکوشتنم.. ئاسانە فەنابوونم

تۆ کە گەیشتیتەوە سەر مێزەکەم ئاسانە لە شیعرێکدا، لەوشەیەکدا، لەحەرفێکی نابووتدا فەنام کەیت..

ئاسانە لەگەڵ دەستەواژەیەکدا ونم کەیت.. ئاسانە بمبەیتەوە سەرەتای سەرەتاکان.. سەرەتای مەرگو ژیان.. بمبەیتەوە ساتی لەدایك بوونو ساتی جیابوونەوەم لەیەکەم گۆڕو پێنانە دواهەمین ماڵو زەوی..

ئاسانە زویرم کەیتەوە لەگەڵ ساتەکانی تووڕەبوونم لەخواو لەپێغەمبەرە دڵرەقەکان.. لەگەڵ حەرفە بێ جوانییەکانی مەکتەب و مامۆستا دار لە دەستەکان کە هەمیشە شەیدای لێدانی منو کوشتنی کۆترەکان بوون کە هەمیشە کوشتەی گریانی منو فرمێسکی نێرگزبوون.. کە هەمیشە عەودالی هاوارەکانی منو ئێشی دالیاکان بوون.. کە هەردەم لەجوگرافیادا لەزەوییەك ئەگەڕان تا لەوێ بمکوژن لەگەڵ حەزەکانو رەشۆڵەکاندا بمکوژن لەتاریخێك ئەگەڕان لەوێ بمشارنەوە لەوێ لەگەڵ ئازادیدا بن ئاخم کەن هەمیشە لەحسابێك ئەگەڕان لەقیامەت توندتربێت.. هەمیشە لە گۆرانییەك لەنەشیدێك ئەگەڕان تا منی تیادا سەر گەشتە کەنو ئەو مامۆستا بێ رەحمانەی بەلێدانی منو یاسەمینو دالیاو کۆترەکانو هەنگەکان نەخۆش بوون.. هەردەم لەدینێك ئەگەڕان تا جیهادو فەتواکانی خۆیان لەسەر لەشی منو کۆترە کێویلکەکان ئەنجام بدەن.. ئای لەتۆ کە ئێستاکە حاکمی دیوانو ماڵو دڵو دەماغی منی.. تۆ ئێستاکە تەواو لەو مامۆستایانە ئەکەیت کە دڵت بەو دەرسانە ئاو ناخواتەوە کە بۆنی بارووتو خوێنی لێنایەت

تۆ کە گەیشتیتەوە سەر من وەك ئەوەی گەیشتیتەوە گەنجینە دزراوەکانت.. وەك ئەوەی گەیشتیتەوە بەو شعرانەی لەدیوانێکتەوە دزراون وەك ئەوەی گەیشتیتەوە ئەو ئاوازانەی لە گۆرانییەکانتەوە هەڵفڕیوون..

لەم ئێوارە هێمن هێمنو ئارام ئارامو نەرم نەرمو ناسك ناسکەدا.. بەو تۆفانو بروسکەو زریانانەوە گەیشتیتەوە ماڵەکەم.. بەو پاییزو زستانو رەنگانەوە لە باخچەکەمەوە سەردارو سەرورەریت..

ئێستاکە ئاسانە لەدار ئازارێکەوە موتربەم کەیت

ئاسانە بە لقی ئەرخەوانی ئێشێکەوە گرێم دەیت..

بەداری مردنەوە بمبەستیتەوە.. بەلقی کوشندەترین کوشتن هەڵمواسی

ئاسانە لەگەڵ دارخۆخێکدا ئینتحارم پێ بکەیت..

ئاسانە لەگەڵ گژوگیادا بەرەڵای ناو ئاگرێکی سەرمەدیم کەیت..

سانایە لەگەڵ بخورەکاندا دامگیرسێنی..

تۆ لەماڵی گوڵەکانەوە نەهاتوویت..، لە باخچەکانی گۆرانییەوە نەهاتوویت..،

تۆ لە بێزارییەکەوە دێیت.. بێزارییەك یەقینەکانی بەهەشت بەجەهەنەمەکانی گومانەوە ئەگۆڕێتەوە، ئنجانەکانی ژیان پڕ ئەکا لەنازنازەکانی مردن،

تۆ لەئازادییەکەوە دێیت پڕە لە کەلەبچەو ژوورەکانی فەنابوون .. پڕە لە کۆترە شینکەی گیراو لەدلۆپە ئاوی خنکاو

تۆ لەبەهارێکەوە دێیت.. پەلکە زێرینەکانی فڕێدەدەیتو گیانت پڕدەکەی لەدوکەڵو ئاگر.. خۆت لەبۆنی بخورەکانی فەنابوونەوە هەڵدەکێشی..

تۆ کە هاتیتەوە سانایە دەست لەئاگر بدەیت.. پەنجە لەو برینانە بگێڕیت.. دەست لەو ڕۆحانەوە بوەشێنی. پەنجە لەو هەتاوانە بئاڵێنی..

سانایە، شاتانەکانت بدەیتە بەر رەشەبا، رەنگەکانت بەر زریان ،

سانایە تێکەڵم بیت.. پەنجەو هەناسەو سێبەرت لەپەنجەو سێبەرو هەناسەم بئاڵێنی

سانایە، ئەمجارەیان لەنێو دەفتەرێکدا بمکەیتەوە بە بارانو بەخۆرەتاو

کە گەیشتیتەوە بەهرەکانی نووسینەوە، سانایە لە شیعرێکدا بمکەیتەوە بە رەشەباو بەرەگەکان.. سانایە لەمنەوە بەرەو ناونیشانەکانی نەمرییەوە بەرەو مێژووی گوڵو سەرەتای بۆن بگەڕێیتەوە..

بگەڕێیتەوە بەر دەروازەکانی مردنو فەنابوونی منو خۆت، بگەڕێیتەوە ساتەکانی بەر لەتێکەڵاوبوونمان.. ساتەکانی جودابییمان..

لەحزەکانی دووری لێوەکان لەماچ.. دووری پەنجەکان لە گووشین.. دووری چاوەکان لەنەزەر.. دووری زمان لەخۆشەویستی.. دووری گیان لەعەشقو دووری روح لەفەنابوون..،

تۆ لە هەراسانییەکەوە دێیتو، تەنیا دەرگەی ماڵی من ئەبینی، تەنیا گوڵەکانی بەر هەیوانی من بۆن ئەکەیت، تەنیا هەستی پەیڤەکانی ئەم دیوانەم ئەکەیت،

تۆ.. ئەی گوڵە نێرگزی توڕە..، ئەی گوڵە گەنمی تۆراو.. ئەی خوای تووش، ئەی خاڵی سفری شێتبوون

لەم ئێوارە نەرم نەرمەدا.. تۆ چیت ئەوێ لەهەورە بەنازەکانی سەربانی من..

تۆ چیت ئەوێ لەزەوقی شیعرو کەیفی پاسارییەکانم.. چیت ئەوێ لەخۆشی ڕێحانو شۆخی یۆگاکانم، چیت ئەوێ لە مردنم لەو مردنە خۆشبەختەم.. چیت ئەوێ لەفەنابوونم لەو فەنابوونە بەخشندەم..، چیت ئەوێ لەو باخچە میهرەبانەم، لەکۆترە دلۆڤانەکانم لەپەنجە سۆزاوییەکانی هەتاوی ژوورەکەم

ئەزانم تۆ لەدوورەوە دێیت لەئێوارەیەکی هارو هاجەوە دێیت.. ئێوارەی تۆ جیایە لەئێوارەی من..

تۆ لەئێوارەیەکەوە روو ئەکەیتە من..، پڕە لەماسکو پاییزو تاریکی..

پڕە لە تووڕەبوونو فرمێسکو گریان.. پڕە لەپەشیمانی

پەشیمانی لەسەفەرو جێهێشتنی ژوورەکانی مردن.. جێهێشتنی ژوورە تاریکەکانی عەشق..

پەشیمانی لەهەڵاتن بەرەو خۆرەتاوی ئێوارە تووشەکانی ژیان.. بەهەشتە دوورەکانی فڕین

پەشیمانی جەستەت دایە بەر بارانەکان ئەو بارانانەی واتئەزانی قەرزی خۆشەویستیت لەلا هەن

واتئەزانی نمە دەرمانی پەسیوی خۆشیو چپکی شرووبی بەختەوەریان بۆ هەڵگرتوویت

سانایە تۆ کە بەم بێ زەوقییەوە بێیتەوە، بەم تۆفانو زریانەوە بێیتەوە
سانایە کە تۆشەیدای مردنو فەنابوونی منو خۆتی
کە هێندە کوشتەی تێکەڵکردنی ئێوارەیەکی منو خۆتی..
ژوورەکانی مردنی من پڕ لە ژیانو باران کەیت
لەهۆڵەکانی فەنابونم شتگەلەکانی عەشق تێکەڵاو کەیت
ژەهرێك بۆ خۆشەویستیمان بگرییەوە، ئەفیونێك بدەیتە چیرۆکەکانم..
جێیەك لەم هەیوانەم بۆ خۆت راخەو تا ئەبەد تیایدا بمرە .. تیایدا مومارەسەی جوانترین مەرگو دڵبەرترین فەنابوونو ئەزیزترین لەناوچوونو شیرینترین نەمان بکە. لەگەڵ مندا لەگەڵ دەفتەرو رێحانو یاسەمینو شلێرو مێلاقو خەونەکان.. لەگەڵ نازداری هەنارەکانی حەقیقەتو سوورو سپیاتی سێوەکانی وەفاو گەرازەکانی جوانیو قازمانە ترشەکانی سەماو خۆشی.. لەگەڵ هەموو گرێیەکانت.. نەخۆشییەکانت..
حەزەکانت.. گریانەکانت.. زریانو توڕەبوونەکانت.. لەگەڵ هەرچی سەرمایەی هەتە لەزمانو سیحرو جوانی.. لەگەڵ هەموو خەونو تووڕەبوونو نووسینو پیاسەکان.. تۆخۆتو وشەوو تاریکییەکانت.. دارستانو گژوگیاو دەریاکانت.. هەموو کوریکە پەمبەکانت.. دار خۆخەکانت..
لەناو جوانترین حەرفی مندا لەناو شەنگترین وشەی مندا لەناو شۆخترین دەستەواژەی منو لەناو ئازیزترین دێڕو لەناو خۆشەویستترین شیعرمدا بمرە..بمرە..بمرە.. ئارامترین مردن.. ئارام ئارام.. وەك سنەوبەرەکانی سەرگۆڕستانەکان نا.. وەك ئێوارەی کێڵگەکانی گەنم نا.. وەك هەناسەی من ئارام..
نەرم نەرم وەك رۆیینی مارو چاوەکانی کاژ نا.. وەك پیاسەی خوناو لەسەر پەلکی سێپەڕەنا.. وەك دەنگی من نەرم.. بمرە..
نەرم نەرم وەك ئەم ئێوارەیە نا، وەك چاوەکانم ئارام بمرە ..بمرە..بمرە..
لێرەدا لەژوورەکانی مردنمدا لەگەڵ کتێبە کۆنەکانی خۆتدا لەپاڵ سێبەری چاوەکانتو تاریکایی خۆشەویستیتدا..
لێرەدا ئازادی و یاخی بوونو سەفەرو گوڵو شیعرەکانت بە مەرگێکی ئاسوودەوە بگۆڕەوە،
بمرە تۆ لێرەدا پێویستیت بە سێبەرو سنەوبەرو کاژ نیە، لێرە بێدەنگییەکی بەخشندە هەیە..
بێدەنگییەك وەك باخچەکەم میهرەبان..، وەك ئێوارەکانم شەنگو شۆخ..، لێرە بمرە.. لەو ژوورانەدا..
تۆ لێرەدا گەورە بوویت.. لێرەدا فێرە قسەو زمان بوویت..، لێرەدا فێرە شێتیو یەکەم شەتحە بوویت..
ئێرە مەڵبەندی دڵبەندیو دلگیریتە..، ئێرە رووبەرەکانی جوانیت پێکدەهێنن.. بێرەدا ئەچیتەوە مردنەکانم..، بێرەدا ئەچیتەوە جەهەنەمەکانی عەشقی من، بێرەدا رەت بە، بێ رەشەباو زریان، بێ هەموو شتێك..
بارگەو بنەی زمان لەبەر دەروازەی ئێرەدا فرێدە..، لێرەدا پێویستیت بەهیچ نییە.. نە وشەو نە خەنجەر.. نەجوانیو نەهەڵاتن.. نەهەتاوو نەباران
نەماریفەو نەخوا.. نە پێغەمبەرو نەسۆزانی.. تەنیا خۆت رووت رووت رووت، وەك باران رووت.. وەك شاتانێکی تەنیا.. وەك خوایەکی تەنیا،
لێرەدا تەنیاو تەنیا بە رووتییەوە ئەگەیتەوە مەرگی من، بەتەنیایی ئەگەیتەوە فەنابوونی من،
تەنیا بێرەدا.. بەمەرگی منو فەنابوونی منەوە..
ئەگەیتەوە بە ژوورەکانی مەرگو فەنابوونی خۆتەوە..

# پرسیاری دامەزراندن و تایبەتمەندیی رۆمانی کوردی

بەشداربووان : سابیر رەشید، سەلاح عومەر

رۆمان لەجیهاندا، بەتایبەتی لای میللەتانی رۆژهەلات، زیاتریش لای کورد هونەرێکی تازەیە، بەلام لە رۆژئاوا لەچاو تەمەنی خۆیدا چەندین شێوازی جۆراوجۆری بەخۆیەوە بینیووە، هەزارەها رۆمان بەچاپگەیەنراوە، سەدەها خانەی چاپکردنی کتێب سنگیان بۆ رۆمان کردۆتەوە، دەیەها دەزگا خەلاتی تایبەتی و بەنرخیان بۆ رۆمان تەرخانکردووە، بگرە ئەگەر ئامارێك بۆ ناوی ئەو کەسانە ئامادەبکەین کە بەدرێژایی سەدەیەکە خەلاتی نۆبل وەدەستەهێنن، ئەوە دەبینین زۆربەیان رۆماننوسن. بۆیە دەکرێ بلێین رۆمان بە بایەخی چاك و فراوان تێرکراوە، لەمانەیش زیاتر لە رۆژئاوادا مونافەسەی ژانرەکانی تر ئەکات.. بەلام لای کورد تازەیەو بەباشی و چاکی تاقینەکراوەتەوە، لەسەر ئاستی چەندێتیش هەر لەسەرەتادایە. پرسیارەکانی ئەم تەوەرە روو لەکێشەی دامەزراندن و تایبەتمەندیی دەکات. رەخنەگر سابیر رەشیدو رۆماننوس سەلاح عومەر بەوەلامدانەوەی بەشدارییان کرد:

پ١/ *رۆمان لەرۆژئاوادا بەچەند قۆناغێکدا تێپەڕبووەو چەندین مەزهەبی ئەدەبیی لەخۆگرتووە، ئایا مەرجە رۆمانی کوردیش بۆ مەسەلەی دامەزراندن بەو قۆناغانەدا تێپەڕبێت؟

پ٢/ چ دەبەیەک دادەنێیت بەوەی کە رۆمانی کوردی تیا دامەزرابێت، ئەگەر بە هەموو مانای وشەی دامەزراندن دامەزرابێت.

پ٣/ رەخنەی بواری رۆمان توانیویەتی نیشکێک بخاتە سەر داهێنان لەرۆمانی کوردیدا، ئەگەر داهێنانی تیاکرابێت؟ ئایا دەتوانن ئاماژە بۆ چەند هەولێک بدەن؟

*رۆمانی سۆڤێتی جاران و دەولەتە ئیشتراکییەکان تایبەتمەندییان لەبابەخدانابوو بە کارو دروست کردنی پالەوانی ئیجابی، رۆمانی ئەمریکای لاتین تایبەتمەندیی خۆی لە واقیعیەتی سیحریدا دۆزیبیەوە . بۆ تایبەتمەندیی رۆمانی کوردی چ بکرێت ؟

*دیار ترین رەوت کەکاری لە رۆمانی کوردی کردبێت چییە؟ لەگەلّ چەند نموونەیەکدا.

سابیر رەشید



– ئەگەر رۆژئاوا بکەینە پێوەر بۆ هەڵسەنگاندنو دیاریکردنی قۆناغبەندیو دامەزراندنی رۆمانی کوردی ئەوا هەڵەیەکی گەورە دەکەین چونکە دیارە بارودۆخی سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابووریو ژیانی میللەتی ستەمدیدەی کورد دەگەڵ رۆژئاوادا بەراورد ناکرێو زۆر لێکتر دوورن، رۆژئاوایەك لەوەتەی دنیا هەیە لەئارامیو سەقامگیری سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتیدا دەژین چۆن وەك میللەتێك دەبن کە هەمیشە باری لەسەر ولاغ بووەو هەمیشە لەگەڵ دەوروبەری خۆیدا جەنگاوەو داکۆکی لەمانەوەی خۆی کردووەو خەریکی شۆڕشو داکۆکی بووەو نەیتوانیوە سەقامگیربێت لەهەموو بوارەکانی ژیاندا؟ بۆیەشە نەیتوانیوە لەڕووی ئەم ژانرە گرنگەدا کە رۆمانە تۆماری خۆی بکاتو شەمەندەفەری خۆی بەهەمان سکەی دنیا بەڕێخات.. دیاریشە یەکێك لەمەرجەکانی سەرهەڵدانو نووسینی رۆمان پێویستی بە ئارامیو سەقامگیریو ئاسوودەییو توانایی رۆماننوسەکەو بوونی بارودۆخێکی گونجاو دەکات لەهەموو بوارەکانی سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتیدا، کەواتە لەم بارودۆخەدا کە کورد پێیدا تێپەڕیوە تۆماری خۆی بەشیعرکردووە، بۆیەشە بەر لەنووسینی رۆمانو ئەدەبی پەخشان لەناو کورددا ئەگەر بیرۆکەی رۆمانیش هەبووبێت ئەوا بە شیعربووە، چونکە لەڕووی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیو پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیشەوە نەتوانراوە رۆمان بنووسرێت، چونکە باری چاپەمەنی دواکەوتوو بووەو خوێندەواریش لەحوجرەو مزگەوتەکان بووەو باشترین ژانریش بۆ ئاسانی بڵاوبوونەوە شیعربووە کە توانای لەبەرکردنی خێراتربووە، تا سەرەتای سەرهەڵدانی پەخشانی کوردی نووسراو کە هاوسەنگە دەگەڵ بوژاندنەوەو بەدیارکەوتنو پەرەسەندنی رۆژنامەگەری کوردی.

رۆمانی کوردی بەم قۆناغانەدا تێپەڕنەبووە کە ئەورووپا پێیدا تێپەڕبووەو بەم مەزهەبانەشدا رەت نەبووە کە ئەوروپا بەخۆیەوە دیوە، ئەوەی کە هەبووە تا دەیەی دامەزراندن لەرووی چەندایەتییەوە چەند تۆمارێك بووە لەرۆمان و ئاوبێنەو دەستان بشۆ!. میللەتێك باری رۆشنبیری بەم جۆرە بێت کە رۆمانیش بە بڵاوکردنەوەی فراوانو چالاكو بازاڕی گەورەو گەرمەوە پەرەدەستێنێو گەشە دەکات چۆن دەگاتە ئاستی میللەتانی رۆژئاوا کە چەندان قۆناغی جیا جیایان بڕیوەو ئێستاکە رۆمان لای ئەوان بەنوێترین تەکنیكو دەیان رێبازو میتۆدی جیا جیا دەنووسرێت، ئەمە ئەگەرچی لەڕووی مێژووییەوە تۆماری رۆمانی کوردی کۆنەو دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی بیستەکان لەسەرئاستی کوردستانی عێراقدا کە رۆمانی (مەسەلەی ویژدان)ی (ئەحمەد موختار جاف)ە وەك یەکەم تۆماری رۆمان کە ساڵی (١٩٢٧-١٩٢٨ی ز)نووسراوە، ئەگەرچی ئەم رۆمانە لای رەخنەگرو پسپۆڕانی چیرۆكو رۆمانی کوردی بە چیرۆكو چیرۆکی درێژو کورتە رۆمانو رۆمان، دانراوە وەلێ منیش وەك زۆربەی پسپۆڕانی دیکەی چیرۆكو رۆمان بەرۆمانی دادەنێم چونکە هەموو خاسیەتەکانی بوونی رۆمانی تێدایە.. ئەمە وەك تۆماری کوردستانی عێراق بەڵام لەسەر ئاستی کوردستانیش یەکەم تۆمار رۆمانەکەی (عارەبی شەمۆ) (شڤانی کورد)ە کە ساڵی (١٩٣٥) لەئەرمینا چاپکراوە.

دوای ئەمانەش لەساڵی ١٩٣٦ رۆمانەکەی محەمەد عەلی کوردی دێت بەناونیشانی (نازدار کچی کورد لەلادێ) کە بەزنجیرە لەگۆڤاری (رووناکی)دا بڵاوکراوەتەوە، بەڵام بەداخەوە تەنیا سێ ئەڵقەی لێ بڵاوکراوەتەوە.

ئینجا ساڵی (١٩٦١) ڕۆمانی (پێشمەرگە)ی (د. ڕەحیمی قازی) بڵاوکراوەتەوە.

بەپێی بیبلۆگرافیاکەی مامۆستا (حسێن عارف) کە بۆ چیرۆکی کوردی کردووەو وەك کتێب چاپی کردووە، لەماوەی ساڵانی ١٩٢٥–١٩٨٣ لەم ماوەیەدا تەنها چوار ڕۆمان چاپکراون کە ئەمانەن:

١–(مەسەلەی ویژدان)ی ئەحمەد موختار جاف.

٢–(پێشمەرگە)ی د. ڕەحیمی قازی.

٣–(ئاشتی کوردستان)ی محەمەد ساڵح سەعید.

٤–(ژانی گەل)ی ئیبراهیم ئەحمەد.

مەبەستم لەم پێشەکییە ئەوەیە کە ڕۆمانی کوردی لەچاو ڕۆژئاوا درەنگ لەدایك بووەو تۆمارەکانیشی سستو لەسەرخۆن، بۆیە ئەگەر قۆناغبەندیشی بۆ بکرێت بەم شێوەیە دەبێت:–

١–قۆناغی لەدایك بوونو هەوڵە بەراییەکان (١٩٢٧–١٩٧٠).

٢–قۆناغی دامەزراندنو گەشەکردن (١٩٨٥–١٩٩٠).

٣–قۆناغی پێشکەوتنو نوێبوونەوە (١٩٩١–تا ئێستاکە).

منیش وەك لێکۆڵەرەوەو پسپۆڕانی دیکەی ڕۆمانی کوردی، نیوەی دووەمی دەیەی هەشتاکان بەدەیەی گەشەکردنو دامەزراندنی ڕۆمانی کوردی دادەنێمو ئیتر لەم مێژووە بەدواوە ڕۆمانی کوردی تۆماری خۆی کردووەو لەرووی چەندایەتیو چۆنایەتیشەوە پێشکەوتووە، لەچاو قۆناغی بەرایی خۆی کە پێشتر هەنگاوەکانی سست بووە، ئیتر لەناوەڕاستی دەیەی هەشتاکانەوە بوژانەوەی ڕۆمانی کوردی دەستپێدەکات.

بۆنموونە د. ئیبراهیم قادر محەمەد لەماستەرنامەکەیدا کە ساڵی ١٩٩٠ بەناونیشانی (ڕۆمانی کوردی لەعێراقدا) پێشکەشی کۆلیجی ئادابی زانکۆی سەلاحەدینی کردووە، ئەو هیچ قۆناغبەندییەکی بۆ ڕۆمانی کوردی دانەناوە، بەڵام بۆ مەسەلەی دامەزراندنەکە نیوەی دووەمی دەیەی هەشتاکان لەعیراقدا بەدەستپێکردنی بوژانەوەی ڕۆمانی کوردی لەقەڵەم دەداتو وەك لەباسی ڕۆمانی کوردی لەعێراقدا لەلاپەڕە (٢٠)ی ماستەرنامەکەدا هاتووە ناوەڕاستی ئەم دەیە لە بارەی ڕۆمانی کوردییەوە بە دەیەی گەشەکردنو دەستپێکردنی بوژانەوەی ڕۆمانی کوردی دادەنێت.

هەروەها لای د. عادل گەرمیانیش کە ماستەرنامەکەی لەبارەی ڕۆمانی کوردییەوە بەناونیشانی (ریالیزم لەڕۆمانی کوردی هاوچەرخ لە عێراقدا)یەو ساڵی ١٩٩٦ پێشکەشی کۆلیجی پەروەردە (ئیبن روشد)ی زانکۆی بەغدای کردووە. ئەویش ناوەڕاستی دەیەی هەشتاکان بەدەستپێکردنی سەردەمی زێڕینی ڕۆمانی کوردی دەزانێت لەکوردستانی عێراقدا وەك لە ل(٢٨)ی ماستەرنامەکەدا هاتووەو دەڵێ (ئەم جۆرە هەنگاوە سستو کیسەڵانەی ڕۆمانی کوردی لەعێراقدا تا ساڵی ١٩٨٦ بەردەوام بوو، پاشان سەردەمی زێڕینی دەستپێکردو لەماوەی ساڵانی (١٩٨٦–١٩٩٥)دا شانزە ڕۆمان بەچاپ گەیەندراوە..)..

بێگومان د. عادل گەرمیانی نەیتوانیوە باسی سێ ڕۆمانەکانی شاخ بکات کە لەساڵی ١٩٨٥ (هەرەس) بەشی یەکەمو ڕۆمانی (تۆڵە) ١٩٨٥و (هەرەس) بەشی دووەم لەساڵی ١٩٨٧ کە ئەمانە هەرسێکیان بەرهەمی (محەمەد موکری)نو ڕۆمانی دیکەیش نووسراون وەك (کۆچی سوور)ی حەمە کەریم عارفو کورتە ڕۆمانی (کێوی مەزن)ی کاروان عەبدوڵڵاو هی دیکەش، بێگومان ئەوسا ژمارەکە لەشانزە زۆر زیاتر دەبوو. تا ساڵی (١٩٨١)یش وەك زاراوەی ڕۆمان بۆیەکەمجار لەسەر بەرگی (نازە)ی ئیسماعیل ڕۆژبەیانی نووسرا، چونکە پێشتر ئەوەی هەشبووە ناوی ڕۆمانی بەسەرەوە نەبووە.. ئینجا تا ساڵی ١٩٨٥ هیچ ڕۆمانێك نابینرێ تا (هەرس) و (تۆڵە)ی موکری چاپ دەکرێنو ساڵی (١٩٨٦)یش (شار)ی حسێن عارف ناوی (ڕۆمان)ی بەسەرەوە دەنووسرێ، لێرەوە دەگەڕێمەوە بۆ مەبەستی پرسیارەکەو دەڵێم مەرج نییە ڕۆمانی کوردی بۆ مەسەلەی دامەزراندن بەم قۆناغانەدا تێپەڕێت وەك ئەوروپا پێیدا تێپەڕبووەو چەندان مەزهەب و تەکنیکو

ڕێبازی جیاجیاشی لێبۆتەوە، چونکە میللەتی کورد تایبەتمەندی خۆی هەبووەو زروفی سیاسیو بارودۆخی خۆشی هەبووەو لەمیللەتانی دیکەی جیا دەکاتەوەو تا مەسەلەی دامەزراندنی رۆمانی کوردی بەسستی رۆیشتووە بەڕێداو ئەوەی پێش دامەزراندن کە هەشبووە ئەوەندە کەم بووە دەتوانرێت بە پەنجەکانی تاقە دەستێك بژمێردرێن، بەڵام لەگەڵ ئەمەش وەکو خۆی حیسابی خۆی بۆ دەکرێو قۆناغبەندیشی بۆ دەکرێو دامەزراندنی خۆشی کردووە وەك ئەم رۆمانانەی کە هەر لەساڵی (١٩٨٥)ەوە تا کاتی ئێستامان، بێشك دەتوانم بڵێم رۆمانی کوردی هەنگاوی چاکی هەڵێناوە.

د. مارف خەزنەدار لەکاتی لێدوان لەرۆمانی کوردی لای وایە ئەگەرچی رۆمانی کوردی تۆماری خۆی کردووەو بەدیارکەوتووە ئەگەرچی بە بەراورد لەگەڵ رۆمانی جیهانی هەموو مەرجەکانی بەوێنە هێناوە وەك دەڵێ (زاراوەی رۆمان لەئەدەبی کوردی لەعێراقدا دەرکەوت بێ ئەوەی لەیەکچوونێکی تەواو لەهەموو مەرجەکانی رۆمانی جیهانی لەو بەرهەمانە بەدی بکرێت، کەوا دانەرەکانی بەرۆمانی دادەنێن. لێرەدا شتێکی سوودمەندە بڵێین ئەو بەرهەمە ئەدەبییانە کە لەلایەن نووسەرەکانی بەڕۆمان دانراون سەرەتایەكو تاقیکردنەوەیەك بوون بۆ دەرکەوتنی رۆمان.. ئەم قسەیەش هەندێ بەرهەم ناگرێتەوە وەکو (ژانی گەل)، هەروەها رۆمانەکەی مارف بەرزنجیش ناگرێتەوە، کە بزربووە!).ز ل١٣–عادل گەرمیانی –ماستەرنامە– ریالیزم لەڕۆمانی کوردی هاوچەرخ لەعێراقدا.

–وەك لەوەڵامی پرسیاری یەکەم تەئکیدم لەسەرکردووە، دەیەی هەشتاکان بە دامەزراندنی رۆمانی کوردی دادەنێم وەك لە ناوەڕاستی ئەم دەیە بەدواوە رۆمانی کوردی لەرووی چەندایەتیو چۆنایەتیشەوە تۆماری خۆی کردووەو ئیتر گلەیی نەبوونی رۆمانی کوردی وەلانراوەو بەرهەمی باشیش چاپکراون.

کەواتە ئەم دەیە واتە دەیەی هەشتاکان بە دەیەی دامەزراندنی رۆمانی کوردی دادەنرێت، چونکە جگە لە چاپکردنی دەیان رۆمانو کورتە رۆمان چەندان رۆمانی بەناوبانگی جیهانیش وەرگێڕدرانو مشتومڕێکی چاکیش هەر لەم دەیەدا لەبارەی بوونو نەبوونی رۆمانی کوردی هاتە ئاراوە، بەتایبەتیش راپرسییەکەی عەبدولڕەحمان پاشا کە بەچەند ئەڵقە لە رۆژنامەی (العراق) بڵاوکرایەوەو بەناونیشانی (هل بدأ عصر الروایە الکردیە؟!)و ئەڵقەی یەکەمی لەژمارە (٣٩٦٠)ی رۆژی ١٩٨٩/١/٢٤ بڵاوکرایەوە.

لەم راپرسیەدا ژمارەیەکی زۆر لە نووسەرو رۆماننوسو چیرۆکنووسانی کورد رای خۆیان تێدا بڵاو کردەوەو پاشانیش لە ساڵی (١٩٩٤) لەئێران بەناونیشانی (الروایە الکردیە) لەشێوەی کتێب چاپکرا..

ئەمەو زۆر نووسینی دیکەیش لەبارەی رۆمانی کوردی چ لەگۆڤارو رۆژنامەو بڵاوکراوەکانی شاخو چ لە گۆڤارو رۆژنامەکانی دیکەش کە دەرچوون لێرەو لەهەندەران کەمو زۆر باسی رۆمانی کوردی کراوە.

دوای ئەوە رۆمانی کوردی گوڕوتینێکی دیکەی دایە بەرخۆی بەتایبەتیش زۆربوونی ژمارەی ئەم رۆمانانەی کە جگە لەشار لەشاخیش دەردەچوون، وەك رۆمانەکانی موکریو حەمەکەریم عارفو کاروان عەبدوڵلاو هی دیکەیش شان بەشانی بڵاوکردنەوەو چاپکردنی چەندان رۆمانی وەرگێڕدراوی بێگانە.

کەواتە لەم دەیەدا رۆمانی کوردی خۆی دامەزراندووە ئەگەرچی رەنگەلەڕووی چەندایەتیو چۆنایەتیشەوە بە بەراورد لەگەڵ رۆمانی میللەتانی دنیا لەدواوەبێت، بەڵام ئەمەش نابێتە خەوش چونکە دەبێ بارودۆخی سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتیو ژیاری میللەتەکەشمان لەبەرچاوبگرینو بەپێوانەو بەراوردی رۆشنبیری میللەتانی دیکە حیسابی لەگەڵدا نەکەین، بەڵکو وەکو رۆمانی کوردی لەم دەیەدا تۆماری خۆی کردووەو دامەزراوەو دواییش لەدەیەی نەوەدەکاندا باشتر دەرسکێو بەرهەمی چاکترو زیاتر چاپو بڵاودەبنەوە، دوای راپەڕینیش نەك هەر لەچەندایەتییەوە بەڵکو لەڕووی چۆنایەتیشەوە زیاتر تەکانی دایە خۆیو خۆی نوێکردەوەو توانی بەگوێرەی

ئاستی خۆی نەك ئاستی ئەوروپایی‌و ئەمریكای لاتینی بەرگێكی هونەریی نوێتر خۆی بە دنیا بناسێنێ، دەقەكانیش باشترین بەڵگەن.

ئەگەر جاران بەر لەدەیەی هەشتاكان ڕۆمانی كوردی لەڕووی چەندایەتی‌و چۆنایەتییەوەهەژار بووبێت ئەوا لەدەیەی هەشتاكاندا وەك زاراوە وشەی (ڕۆمان) كەوتە سەر بەرگی ڕۆمانی كوردی، بۆ یەكمجاریش لەساڵی (١٩٨١) بوو كە زاراوەی ڕۆمان لەسەر بەرگی (نازە)ی ئیسماعیل ڕۆژبەیانی نووسراو ساڵی ١٩٨٥ یش ڕۆمانی (هەرەس) بەرگی یەكەم–موكری و (تۆڵە)ی موكری‌و لەشاخ بڵاوكرانەوە.. دوای ئەمەش لەساڵی ١٩٨٦ بەرگی یەكەمی ڕۆمانی (شار)ی حسێن عارف ناوی ڕۆمانی لەسەر تۆماركراو هەر لەساڵی ١٩٨٦ ڕۆمانی (كوێخا سێوی)ی عەزیزی مەلای ڕەش بڵاوكرایەوەو لەساڵی ١٩٨٧یش بەرگی دووەمی (هەرەس)ی موكری لەشاخ بڵاوكرایەوە... ئینجا لەساڵی ١٩٨٨ هەردوو ڕۆمانی (كانگای بەلا) ی حیسام بەرزنجی‌و (توانەوە)ی غەفور ساڵح عەبدوڵلا بڵاوكرانەوە.. لەشاخیش لەساڵی ١٩٨٩ ڕۆمانی (كۆچی سوور)ی حەمە كەریم عارف‌و كورتە ڕۆمانی (كێوی مەزن)ی كاروان عەبدوڵلا بڵاوكرانەوە. بێگومان ساڵی ١٩٨٩ گورپوتینێكی دیكەبوو بۆ ڕۆمانی كوردی بەتایبەتی بڵاوكردنەوەی ڕۆمانی (كۆردەرە)ی (خەسرەو جاف)و (هەڵكشان بەرەو لوتكە)ی عەبدوڵلا سەراج‌و (بەهژین)ی دكتۆر نافیع ئاكرەیی‌و (عەزیزی مەلای ڕەش)یش ڕۆمانێكی تایبەتی بەزمانی گیانداران بۆ منداڵان نووسی بەناونیشانی (گورگ‌و بزن).

ئەم ڕۆمانانەش مشتومڕێكی زۆریان لەسەر كراو گۆڤارو ڕۆژنامەكانی ئەوسا بوونە شوێنی بڵاوكردنەوەی ئەم نووسینانە، وەك گۆڤاری ڕۆژی كوردستان، بەیان، كاروان، ڕۆشنبیری نوێ، هەروەها ڕۆژنامەكانی هاوكاری، پاشكۆی عێراق، لەشاخیش گۆڤاری (نووسەری كوردستان)و (بانگ)و (گزنگ)و هی دیكەیش. لەهەندەرانیش ئەم گۆڤارو ڕۆژنامە كوردییانەی دەردەچوون لەناساندن‌و نووسینی بابەت لەسەر ڕۆمانی كوردی درێغییان نەكردووە. ئەمانەو دەیان ڕۆمانی دەستنووسی دیكە كاتی خۆی نووسراون‌و بڵاوكرانەوە، بێگومان ئەمەش كاری كردۆتە سەر كەمیی ژمارەی ڕۆمانە چاپكراوەكان، چونكە ئەگەر لەكاتی خۆیدا بڵاوبكرابوونایەوە ئەوا هاوكێشەكانیان دەگۆڕێ. بۆنموونە كاتی خۆی لە ساڵی (١٩٧١)دا یەكێتی نووسەرانی كورد گرەوێكی ئەدەبی سازدا بۆ شیعر، چیرۆك، ڕۆمان، شانۆ.. لەم گرەوە ناوی ڕۆمان هاتووە لەجیاتی (الروایە)ی عەرەبی‌و (٦) ڕۆمان پێشكەشكراون‌و ناوی نووسەرو ڕۆمانەكانیشیان ئەرانەی بەرهەمیان ناردووەو ئەنجامی گرەوەكەش لە (١٤)ی تەمووزی (١٩٧١)ڕاگەیەندراوەو خەڵاتی یەكەم ڕۆمانی (ئاگری بن كا)ی سەعید ناكام وەریگرتووەو خەڵاتی دووەمیش ڕۆمانی (ڕێگا)ی محەمەد مەولود مەم بووە.

ئەنجام‌و ناوەكانیش هەمووی لەژمارە (٣)ی گۆڤاری (نووسەری كورد) بڵاوكرایەوە، مەبەست لەم باسكردنە ئەوەیە ئەگەر لەكاتی خۆیدا ئەم (٦) ڕۆمانە كە بەرهەمی ساڵانی حەفتاكانەو بۆیەكەمجاریش ناوی ڕۆمان هاتووەو ڕۆمان خراوەتە گرەوی ئەدەبی، ئەگەر ئەوسا بڵاوبكرابووانایەوە بۆ ساڵانی حەفتاكان دەبوو بەتۆمارێك‌و قاتوقڕی ساڵانی حەفتای ڕۆمانی كوردی نەدەهێشت‌و تۆمارەكە ڕەنگە لەناوەڕاستی هەشتاكانەوە ببوایە ساڵانی حەفتاكان‌و بەدەیەی زێڕینیش لەقەڵەم دەدرا، چونكە هەر بۆنموونە ئەو دوو ڕۆمانەی مامۆستا سەعید ناكام‌و محەمەد مەولود مەم هەردووكیان لەڕووی هونەرییەوە ڕۆمانی سەركەوتوون‌و لەڕووی داڕشتن‌و گێڕانەوەش وەك ڕۆمانی هونەری دنیا نووسراون، چوار ڕۆمانەكەی دیكەیش ڕەنگە ئاستی هونەرییان خراپ نەبوبێت بەڵام كەچاپ نەكراون ناتوانین هیچ حسابێكیان بۆ بكەین.. ئەوەندە هەیە خەمی بڵاوكردنەوەیان بۆ دەخۆین!! بەڵام چی دەكەی نووسەری كورد لەبەر گرانی چاپ هەمیشە بەرهەمەكانی لەدەلاقەكاندا تۆزی لێ نیشتووە، ئەم نموونەیە بۆ دەیەكانی دیكەیش هەر ڕاستە چونكە ڕەنگە جگە لەم تۆمارانەی كە لەدەیەی

هەشتاکاندا چاپ کراون رۆمـانی دیکـەیش هەبوونـە بـەڵام بەداخەوە نەتوانراوە چاپ بکرێن، کەچی تێبینـی دەکرێ زۆربـەی ئـەم رۆمانانـەی کـە لـەم دەیـەی حـەفتاکان‌و هەشتاکاندا ماونەتەوە لەدوای راپەڕیندا چـاپ کـراون، بۆ نموونـە رۆمـانی (رێگـا) ی مـەم کـە بەرهـەمی حەفتاکانـە لەگەڵ (ئاگری بن کـا)ی ناکـام دوای راپـەڕین چـاپکراون، رەنگە ئەگەر لەکاتی خۆیدا چاپ بکرابوونایـە بۆ ساڵانی حـەفتاکان حیسابێکی دیکـەبوو بۆ ئـەوان‌و بـۆ رۆمـانی کوردی.. هـەمان نموونەشـم بـۆ رۆمانەکـەی (مـەرگی تاقانەی دووەم)ی بـەختیار عـەلی هەیـە کـە مـن ئاگـادارم ئـەم رۆمانـە ناوەڕاسـتی سـاڵانی هەشـتاکان درایـە (سـەعدوڵڵا شـێخانی) کـە ئەوسـا وەك دەزگایـەکی چاپەمەنی کتێبی بۆ نووسـەران لـەچاپ دەداو مـن خـۆم ئەم رۆمانەم لەچاپخانەی (الحوادپ) لای سەعدوڵڵا بینـی، کـەچی مخابن بزریـان کـرد! ! بێگومـان ئەگـەر سـاڵانی هەشـتاکان چاپکرایـە ئێسـتاکە تـەواو هاوکێشـەکەی گۆڕیبـوو چونکـە رۆمـانێکی هونـەری وەهـا بـۆ ئـەم سەردەمەو ساڵانی هەشتاکان شـتێکی رێگـا خۆشـکەربوو بۆ بەرهەمی باشتر.

ئەوەی جێگای سەرنجە هەر لـەم دەیـەدا واتـە دەیـەی هەشتاکان جۆرێکی دیکەی رۆمان زۆر پـەرەی سـەندو بـۆ یەکەمجار لەم دەیـەدا نـاوی (کورتـە رۆمـان) و (نۆڤلێـت) وەك زاراوەیەکی نوێ لەئەدەبی کوردی کەوتە سـەربەرگی ئـەم رۆمانانـەو لـەڕووی چەندایـەتی‌و چۆنایەتیشـەوە گرۆتینێکـی دیکـەی بـەخۆوە بینـی.. کورتـە رۆمانـەکانی (پـایزە خـەون–محەمـەد مـەولود مـەم)و (زەلیـل -حسـام بەرزنجی)و (ماڵئاوا گوڵی خەم–هیمداد حسـێن)و (کێـوی مەزن–کاروان عەبدوڵڵا)و دەیان کورتـە رۆمـانی دیکـەیش بوون بـە تۆمـارێکی زێڕیـن بـۆ دەیـەی هەشـتاکان کـەبوو بەدەیەی دامەزراندن‌و پێشکەوتنی رۆمانی کوردی.

– بێگومـان ئەگـەر دەق نـەبێت رەخنـەش دروسـت نابێت، ئەگەر تەماشای هەڵکشانی ئاستی رۆمانی کـوردی بکەین دەبینین، رەخنەی کـوردی لـەبواری رۆمـاندا شـان بەشـانی هەوڵـەکانی نووسـینی رۆمـان روو لـە زیـادبوون دابـووەو کـەم‌و زۆر توانیویـەتی تیشـکێك بخاتـە سـەر داهێنان لەرۆمانی کوردیدا.. بەڵێ داهێنان چونکە هـەوڵی جوان‌و هونـەریش هەیـەو دراوە، ئێمـە ئەگـەر بـەگوێرەی ئاسـتی میللـەتی خۆمـان‌و بـەگوێرەی ئـەم تاقیکردنـەوە کەمەی رۆماننووسـانمان‌و تەمـەنی کورتـی رۆمـانی کـورد حیسابی بۆ بکەین‌و بەتایبەتمەندی خۆمانەوە پابـەندبین، کە هەردەشبێ وابێـت‌و ناشکرێ رۆمـانی کـوردی دەگـەڵ رۆمانی دنیاو دەوروبەر بخرێتە یەك تای تـەرازوو، چونکـە تاقیکردنـەوەی ئـەوان‌و بـارودۆخی ئێمـەو ئـەوان لێکـتر جیاوازن.

بەڵێ لێرەوە دێمەوە ناو مەبەستی وەڵامی پرسـیارەکە کە ئەگەر ئێمە بـەم چاوە تەماشـای هەوڵـەکانی رۆمـانی کوردی بکـەین، چـەندان هـەوڵی جوان‌و داهێنـانی جـوان خراونەتە نـاو کتێبخانـەی کوردییـەوە.. نـاتوانرێ نکوڵـی لەم رۆمانە جوانانە بکرێت کە تا ئێستاکە نووسـراون وەك (قـەڵای دمدم–عـەرەب شـەمۆ)، (خـاتی خـانم–عـەلی عـەبدولڕەحمان مامـەدۆف)،(پێشـمەرگە–د. رەحیمـی قازی)، (ژانی گەل–ئیـبراهیم ئەحمـەد)،(رێگـا– محەمـەد مولود مەم)، (ئاگری بـن کـا– سـەعید ناکـام)، (هـەرەس بەرگی/١–٢ و تۆڵە و ئەژدیـها–محەمـەد موکـری) (شـار–حسێن عارف)، (کوێخا سێوی و غەوارە و خاك و کێشـەی مـان – عـەزیزی مـەلای رەش) ، (کانگـەی بـەلا_ حسـام بەرزنجی) ، (توانەوە_ غەفور ساڵح ) ، (هەڵکشان بـەرەو لوتکەو کاولاش_ عـەبدوڵڵا سـەڕاج) ، (کۆردەرەو هیـچ و رازو گـەماڵ_ خەسرەو جـاف) ، (پێدەشـتی کارمـامزە کوژراوەکان _ شێرزاد حەسەن) ، (گەڕیان ل بابـێ بـەرزە _ ئـەنوەر محەمـەد تاهـیر) ، (مـەرگی تاقانـەی دووەم و ئێـوارەی پەروانـەو دواهـەمین هـەناری دونیـا _ بـەختیار عەلی) ، (شاربەدەر _ حسێن شێربەگی) ، (چناری شـێر و شێخی دامـوس _ جـەبار جـەمال غـەریب) ، (درز _ کاکـە مـەم بۆتـانی) ، (ئاوێنـە سـەرابیەکان _ هیـوا قـادر) ، (چاوەڕوانی _ ئـارام کاکـەی فـەلاح) ، (وڵاتـی تارمـایی و میتامۆرفۆس _ سەلاح عومەر) ، (زاکیرەی با _ ئەحمەدی مەلا) ، (خۆری تـار_ رەئـوف حەسـەن) ، (ئـای لـەڤیلیا

لەڤیلیا _ کاروان عومەر کاکە سور) ، (مۆسیقای مەرگی ناوەختە _ سەلاح جەلال) ، (کەوتنە خوارەوەی گورگێك _ ئیسماعیل حەمەدەمین) ، (پەرەسێلکەکانی کۆچ _ فەروخ نیعمەتپوور) ، (تەونی جاڵجاڵۆکە _ حەکیم کاکە وەیس) ، (کۆچی سوور _ حەمە کەریم عارف) ، (رێبەندان _ تەها ئەحمەد رەسوڵ) ، ئەمانەو رەنگە دەیان رۆمانی باشی دیکەیش هەبن من ئاگام لێیان نەبێت یان لەبیرم کردبن، جا باسی کورتە رۆمانەکانیشم نەکردووە کە ئەوانیش پێویستیان بە بیبلۆگرافیایەك هەیە، مەرجیش نییە ئەم رۆمانانەی کە من ناوم هێناون هەموویان رۆمانی باش و دەقی دانسقە بن، بەڵکو مەبەستم ئەوەیە بەبیرخوێنەران بێنمەوە کە ئەگەر ئەو کەسانەی ئیدعای ئەوە دەکەن کە کورد رۆمانی نییەو بە داهێنان دانانرێت چونکە دەقی زیندووی نەهێناوەتە بەرهەم لە رۆماندا ... ئێمەش پێیان دەڵێین نەخێر وانییە، دەقی رۆمانی چاکیشمان هەیەوداهێنانیشی تێدا کراوەو هەشیانە لەم رۆمانانە هیچی لە رۆمانی دنیا کەمتر نییە.. کەواتە رۆمانی کوردی داهێنانی تێدا کراوەو بە گوێرەی ئاستی خۆشی هەنگاوی چاکی هەڵێناوە، بە تایبەتی لەدوای راپەرینەوەتا ئێستاکە کە خەریکە وردە وردە رۆمان دەبێت بە بەشێك لەخەمی ئەدیب و رۆشنبیران و بەتایبەتیش رۆماننوس و چیرۆکنووسانی کوردو دەزگاکانی چاپیش لە جاران زیاتر بایەخی پێدەدەن و مێزگردو تەوەرەی تایبەتیشی بۆ دەبەسترێ و خوێندنەوەی نوێش بۆ ئەم رۆمان و کورتە رۆمانانە دەکرێت کە چاپ دەکرێن و لێکۆڵینەوە و رەخنەی ئەم بوارەش شان بە شانی ئەم پێشکەوتنە تەکان بە خۆی دەدات‌و لێکۆڵینەوەی زانستیەکانیش بە تایبەتی لە بەشی کوردیی هەردوو کۆلێژی ئاداب‌و پەروەردەی زانکۆکانی کوردستان چەندان ماستەرنامە و دکتورانامە لەبارەی رۆمان و چیرۆکی کوردی نووسراون بە تایبەتیش دوو ماسترنامە تا ئێستا لە بارەی رۆمانی کوردی لە کوردستانی عیراق نووسراون و دەشتوانرێت بەسەرچاوەیەکی چاکیان دابنێین لە بارەی توێژینەوە لە رۆمانی کوردی لە کوردستانی عیراقدا کە ئەمەش مایەی دڵخۆشییە ئەوانیش ماسترنامەکەی (د. ئیبراهیم قادر محەمەد) کە لەساڵی ١٩٩٠ بە ناونیشانی (رۆمانی کوردی لە عێراقدا) پێشکەشی بەشی کوردی زانکۆی سەلاحەدینی کردووە، هەروەها بە ماسترنامەکەی (د. عادل گەرمیانی) کە لە ساڵی ١٩٩٦ دا بەناونیشانی (ریالیزم لە رۆمانی کوردی هاوچەرخ لە عێراقدا) کە پێشکەشی کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی بەغدادی کردووە.

ئەم دوو توێژینەوەیە بە سەرچاوەیەکی زانستی دادەنرێن لە بارەی رۆمانی کوردییەوە، جگە لەمانەش وەك لێکۆڵینەوەو ووتارو رەخنە گەلێك بابەتی باش و گرنگ لە بارەی رۆمانی کوردی بڵاوکراونەتەوە و بەمەش ئەم قسەیە رەتدەکەینەوە کە هەندێك کەس بێ ئەوەی لە رۆمان و چیرۆك بزانن و بێ ئەوەی بگەرێنەوە سەر گۆڤار و رۆژنامەکان‌و لە خۆیانەوە بۆ هەوای نەفەس و پۆزلێدان هەمیشە ئەم هەوڵە جوانانە نابینن یا مەبەستیان نییە باسی بکەن یانیش ئاگادارنین و دەڵێین وەك چۆن رۆمانی کوردی لە قەیران دایە، نەخێر وانییە ئێمە نامانەوێ بە بیبلۆگرافیا ئەم وەلامەیان بدەینەوە بەلام ئەوەندەی لە بیرم بێت تا ئێستا کە چەندان بابەتی جوان‌و شایستە چ وەك لێکۆڵینەوەو چ وەك وتارو چ وەك رەخنە لە یادەوەریمدا ماونەتەوە، من وەك موتابعێك لەم بوارەدا هەندێك هەوڵی چاك و جوانم دیوە لە بواری لێدوان لە رۆمانی کوردی بە نووسینی باشیان دەزانم و بەڵکو هەندێکیان لەکاتی خوێندنەوەشدا سەرەنجیان راکێشاوم و سودیشم لێوە وەرگرتوون و ئەوانەی لە یادم بێت ئەم بابەتانەن:.

١-ماستەرنامەی د. ئیبراهیم قادر مەحەمەد بە ناونیشانی (رۆمانی کوردی لە عێراقدا) کە ساڵی ١٩٩٠ پێشکەشی کۆلێجی ئادابی زانکۆی سەلاحەدینی کردووە.

٢-ماستەرنامەی د. عادل گەرمیانی بە ناونیشانی (ریالیزم لە رۆمانی کوردی هاوچەرخ لە عێراقدا) کە لە

سالّی ١٩٩٦ پێشکەشی کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی بەغدادی کردووە.

٣-مەلەفەکەی عەبدولڕەحمان پاشا کە بە ئەلّقە لە ڕۆژنامەی (العراق) بلاّویکردەوە، بە ناونیشانی (هل بدأ عصر الروایه الکردیه؟!).

٤-تەوەرەیەك لە ئامادەکردنی مامۆستا عەبدوللاّ سەراج کە لەژمارەی (١٠٨) ی شوباتی ١٩٩٧ ی گۆڤاری (کاروان) بلاّوکرایەوە، چەندان نووسەر باسی جیاجیایان لەبارەی ڕۆمانی جیهانی و ڕۆمانی کوردی نووسیوە.

٥-د. عەبدوللاّ دەباغ- تێڕوانینێکی نوێ بۆ (مەسەلەی ویژدان) گۆڤاری (ڕۆشنبیری نوێ) ژ ١١٢-١٩٨٦.

٦-فەلەکەدین کاکەیی — ئایا ڕۆمانی کوردی لە دایك بووە؟ گۆڤاری (بانگ) ژ ٢-١٩٩٠.

٧-حیکمەت محەمەد کەریم — ئاستەنگی ڕۆمان لە ئەدەبیی کوردی دا گۆڤاری (نووسەری کوردستان) ژ ١٧-١٩٩٠.

٨-د. عیزەدین مستەفا ڕەسولّ — موکری و ئەژدیها- گۆڤاری (گەلاوێژی نوێ) ژ ١٦-١٩٩٩.

٩-شێرکۆ بێکەس — هەرەسم خوێندەوە- گۆڤاری (نووسەری کوردستان) ژ ١١-١٩٨٦

١٠-جەلیل کاکە وەیس — ڕۆمانی ڕێگا هەلّوێست و پشووی هونەری — گۆڤاری (تاو) ژ ٢-١٩٩٦

١١-عەتا قەرەداغی- گەڕانەوەیە بۆ ڕەمزەکانی رابردوو لە کورتە ڕۆمانی (سۆناتای ڕۆح) ی عەبدوللاّ سەراج دا- گۆڤاری گەلاوێژی نوێ ژ ٢٢-٢٠٠١

١٢-هاشم سەراج — خوێندنەوەی شوونەکانی دەسەلاّت لە نێو دەقی (ڕێگا) دا — گۆڤاری (رامان) ژ ١٣-١٩٩٧.

١٣-ئازاد سوبحی — مەرگی تاقانەی دووەم گێڕانەوەی زیندوو.. خەونی مردوو- گۆڤاری (رامان) ژ ٤٣-٢٠٠٠.

١٤-د. ئەحمەدی مەلا — پالّەوانی ئەدەبی پالّەوانێکە لە کاغەز — گۆڤاری (گەلاوێژی نوێ) ژ ٢٧-٢٨-٢٠٠٢.

١٥-دلّشاد عەلی — مەسەلەی ویژدان وەك بەرهەمێکی بزووتنەوەی روناکبیری — گۆڤاری (بەیان) ژ ١٣٣-١٩٨٧.

١٦-عەبدوللاّ سەراج — ڕۆمان پێناسە .. بنەما.. تێبینی — گۆڤاری (کاروان) ژ ١٠٨-١٩٩٧.

١٧-غەفور سالّح عەبدوللاّ — هەلّکشان بەرەو کوێ..؟ ڕۆژنامەی (هاوکاری) ژ١١٨٦ — ١٩٩٠/٦/١٤

١٨-نەجم ئەلّوەنی — بونیادی گێڕانەوەی لە کورتە ڕۆمانی مولازم تەحسین و شتی تریش — گۆڤاری (رامان) ژ ٦٩-٢٠٠٢.

١٩-سیامەند هادی- (کەسێتی (شالّ سەون) لە ڕۆمانی مۆسیقای مەرگی ناوەختە) دا _گۆڤاری (رامان) ژ ٤٢-١٩٩٩.

ئەمەو دەیان نووسینی دیکە لە بارەی ڕۆمانی کوردی لێرەو لەوێ نووسراون، ڕەنگە نووسینی چاکیش بن بەلاّم من نەمدیون یانیش لەو دەمەدا هەر ئەوەندەم بیر ماوە .. ڕەنگە ئەگەر وەك بیبلۆگرافیا یا بۆ کاری لێکۆلّینەوە بە وردتر بۆی بگەڕێم زۆر شتی دیکەیش خۆیان دەخەنە پێش چاوان .. خۆشم چەندان لێکۆلّینەوەو ڕەخنەو خوێندنەوەم بۆ ژمارەیەکی زۆری ڕۆمانی کوردی لە چەندان گۆڤارو ڕۆژنامەی جیاجیاوە نووسیوە، بەلاّم حەزم نەکرد باسیان بکەم، کارەکەشم بیبلۆگرافیا نییە لەمبارەیەوە بەقەد ئەوەی ئەم نموونە هێنانەوە بۆ بیرخستنەوەو تەئکید کردنی ئەوەیە کە نووسینی ڕەخنەیی و لێکۆلّینەوەمان لە بارەی ڕۆمانی کوردی هەیەو لەمبارەوە زۆر هەژار نین وەك هەندێك کەس تێی گەیشتوون یا هەمیشەو لەهەموو بوارێکدا تەنیا باسی قەیران دەکەن، کەچی ئەگەر بۆ سەرچاوەکان بگەڕێنەوە دەبینن ئێمەی کورد لەهەموو بوارەکاندا تۆماری خۆمان کردووە کەم تا زۆر ئەمەش مزگێنی بەخشە، چونکە ڕەخنەو ڕۆمان وەك لەگەلّ هەموو ژانرەکانی دیکەشدا تەواوکەری یەکترین و هۆیەکی هاندەریشە بۆ پێشخستن و زیاتر نووسین لەم بوارەدا.

– ئەوان لەدوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر بە پێی رەوتێکی فەلسەفی هزری و ئایدۆلۆژیای مارکسی تەماشای ئەدەبیان دەکرد بۆیە چیرۆکنووس و رۆماننووسەکانیشیان بەو ئاقارەدا دەبرد کە دەبێ کۆمەڵگەی سۆشیالیستی ئەوان پاڵەوانی ئیجابی تێدا بزوێنەری بەرەوپێشبردنی کۆمەڵ بێت و پاڵەوان و کەسایەتی دوورەپەرێزو گۆشەگیرو لەیاد کراوو بێزار لە ژیان لەناو ئەوان نەدەبوو باس بکرێت، بەڵکو لە ریالیزمی شوسیالیستی زیاتر قەدەغە بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەش ئەگەر تەماشای ئەدەبەکەیان بکەین بە تایبەتیش رۆمانی رووسی هەست بەوە دەکەیت کە بۆخۆیان توانیبویان جۆرە ئەدەبێکی تایبەتی و جیاواز دروست بکەن تا سەردەمانێکی درەنگیش لە دنیاو ئەدەبی ئێمەشدا کاریگەرییان هەبووە. ئەمەش تایبەتمەندییەکی بۆ دروستکردبوون کە لەگەڵ ئەدەب و رۆمانی رۆژئاوادا جیاواز بوو، بەڵکو نووسەرانیان نەیان دەتوانی وەك ئەوان بنووسن، ئەوانەش کە ویستیان خۆیان لادەن لە یەکێتی سۆڤێتی جاران لەولاتی خۆیان دوورکەوتنەوە و لە ئەوروپا شتی جیاوازیان نووسی وەك (باسترناك) و (سۆلجنستین)..

رۆمانی ئەمریکای لاتینیش بە تایبەتمەندی ریالیزمی سیحری خۆی توانی خۆی بە هەموو دنیا بناسێنێ و بۆ ئەمەش سوودیان لە کەلەپووری لە بن نەهاتووی خۆیان بینی و لاسایی رۆژئاواشییان نەکردەوە، بۆیەش رۆژئاوا رێزی لێگرتن) چونکە توانییان شتێکی جیاواز بنووسن و لاسایی ئەوان نەبێت و بە ئەدەبە جوانەکەشیان توانییان خۆیان بەسەر دنیادا بسەلمێنن.

ئێمەی کوردیش گەنجینەیەکی لەبن نەهاتوو و نەنووسراومان هەیە لە کەلەپووریٔ میللی و داستان و ئەفسانەکانمان ئەوەندە جوان و بەهێزو بەلەزەتن هیچیان لە هی دنیا کەمتر نییە، بۆیە دەتوانرێ رۆماننووسەکانی ئێمەش سوودی لێوەرگرن، بەلام گواستنەوە نا بەڵکو هەزراندنی هونەری لەناو سیحرو فەنتازیاو شیعرییەتی زماندا ... بۆیەش دەبێ رۆماننووسەکانمان هان بدرێن کە واقیعی ئێمە چۆنە ئاوا رەفتار لەگەڵ ژانری رۆماندا بکەن و دەتوانن ئەوانیش لەگەڵ کەلەپووری خۆماندا دەستەملانێ بن و تێکەڵ بە خەیاڵ و جیهانبینی رۆماننووسەکانمان بکرێن و پێویستە رۆماننووسی کورد واز لە لاسایی کردنی رۆمانی ئەورووپاو ئەمریکای لاتین بێنن‌و لەژێر پاڵتۆی نووسەرانی ئەمریکای لاتین و فەرەنسا بێنە دەرەوە، دەبێ لە هەموو دنیادا ئەگەر رۆمانی کوردی وەرگێڕدرا بۆن و تام‌و رەنگی خۆی ببەخشێ نەك لاسایی، چونکە ئەوان ئەگەر هەر لاسایی خۆیان بۆ وەربگێڕیت بۆچیانە.. خۆ ناشکرێ رۆنی خۆیان لە خۆیاندا هەڵبسوینەوە ! ! ئەوسا چیمان پێدەڵێن! ئەی باشە پێمان نالێن کوا ئێوە باسی چی دەکەن؟ ئێمە میللەتێکین ژیانمان ئەوەندە تاڵە پڕیەتی لە ئەنفال _ دەرکردن لە خاك _ کۆڕەو، ماڵوێرانی ... هەموو ژیانمان پڕیەتی لە کەرەستەی رۆمان بەلام کێ دەیاننووسێتەوەو هونەرەکەیشی دەپارێزێ و وەك تایبەتمەندی خۆمان بە دنیامان دەناسێنێ ! ؟ خۆزگە !

– رۆمانی کوردی لەسەرەتای نووسینیدا وەکو خۆی واقیعی میللەتەکە چۆنە ئاوا نووسراوە، بەڵکو زۆربەشیان دەربڕی ئەم ئێش و ئازارو کێشەی بەرگری میللەتەکەمانیان نوسیوەتەوەو دەربڕی کێشە کۆمەلایەتییەکان بووینە، وەك دواکەوتن و نەخوێندەواری و هەژاری و کێشمەکێشی ئاغاو جوتیارو مەسەلەی زەوی و زاری لادێو تێکەڵ کێشە نەتەوەییەکانی شار بووینە بە کۆچ و کۆڕەو و کێشە ئاڵۆزەکانی ژیانی شارو ئەم جەنجاڵییەی کە تێیدا هەبووە. لەهەمان کاتیشدا رەوتە شۆڕشگێڕییەکەی خۆی بەر نەداوە وەك لاگیرێك بۆ شۆڕشی ئازادیخوازی میللەتەکەمان و هەلگەڕانەوەو بەرگری کردن لەزوڵم و زۆرداری و کێشمەکێشی میللەت لەگەڵ زۆرداران و دەسەلاتە داگیرکەرو هەلپەرست و کۆنەخوازەکاندا، کە ئەمانەش دەربڕی ئازارەکانی مرۆڤی کوردن، بۆ نموونە رۆمانی (مەسەلەی ویژدان)ی ئەحمەد موختار جاف کێشەی نێوان میللەت و دەسەلات بەدیار دەخات، باسی کێشمەکێشی نێوان خوێندەوارو

نەخوێندەوار دەکات، باسی دواکەوتنی کۆمەڵایەتی میللەت دەکات ... ڕۆمانی (ژانی گەل)ی ئیبراهیم ئەحمەد باسی بەرگری میللەت دەکات بە دەست زۆردارو داگیرکەران، باسی سووتانی خاك دەکات، باسی کێشەی نێوان خوێندەوارو نەخوێندەوار دەکات، باسی دواکەوتنی کۆمەڵایەتیو هەژاری میللەت دەکات، باسی دەربەدەریو ماڵوێرانی دەکات، کە مرۆڤی کورد بەدەست جەنگەوە دەیچێژێ...

ڕۆمانی (قەڵای دمدم)ی عەرەب شەمۆ باسی ڕووخانی (قەڵای دمدم)ی سەختی کوردان دەکات کە خیانەت و غەدر دەیخاتە بەردەم دوژمنانی میللەتی کورد... ڕۆمانی (ڕێگا)ی محەمەد مەولود مەم باسی هەژاری و کۆڵەواری و دواکەوتوویی میللەت دەکات، کەچۆن لەبەر دواکەوتوویی و هەژاری خۆی و دابەشکردنی دەستی لە بینەقاقای گیر کراوە... ڕۆمانی (تۆڵە)ی موکری باسی بەرگری میللەت و پێشمەرگە دەکات لەشەڕی دەستەو یەخەی کورد لەگەڵ دەسەڵاتی مەرکەزیدا... بەکورتی ڕۆمانی کوردی تا ڕاپەڕین وەك ئاوێنەیەکی میللەت بوو و گوزارشتی لە خۆشی و ناخۆشیەکانی مرۆڤی کورد دەکرد... گوزارشتی لە کێشمەکێشی میللەت و دەسەڵات دەکرد.. گوزارشتی لە ڕادەی تێگەیشتنی میللەت دەکرد.. گوزارشتی لە کێشەکانی شارو لادێ دەکرد.. گوزارشتی لە خەونەکانی میللەت دەکرد.. ڕۆمانی کوردی تۆمارێکیریالیزمی بووەو بۆنی خۆی لێهاتووەو وەك خۆی خوێندراوەتەوە، ئەگەر کاریگەری بووشبێت بە ڕێبازی ڕیالیزمی سۆسیالیستی ئەدەب و ڕۆمانی یەکێتی سۆڤێتی جاران کاریگەر بووە، هەر بۆ نموونە هەندێك ڕۆمانی (عەرەب شەمۆ) لە ژێر ئەو کاریگەرییە نووسراون و هی لای خۆشمان لە شێوەی ڕیالیزمی ڕەخنەگرانەو ڕیالیزمی سۆشیالیستی و ڕیالیزمی شۆڕشگێڕی نووسراون.. بەڵام لە دوای ڕاپەڕین ڕۆماننووسەکانمان بە تایبەتیش لاوەکان لەژێر کاریگەری ڕیالیزمی سیحری ئەمریکای لاتین و ڕۆمانی فەرەنسی نوێ ڕۆمانیان نووسیوە، بگرە هەندێکیان کاریگەری مارکیزو بۆرخیس و جۆرج ئەمادۆو خوسێ سێللاو ئەستۆریاس و هی دیکەیشیان بەسەرەوەیە و لاسایی ئەوان دەکەنەوە بەتێکەڵ کردن لەگەڵ شێوازی ڕۆمانی فەڕەنسی نوێ وەك ئالان ڕۆب گرێ و کلۆد سیمۆن و میشیل بۆتۆرو هی دیکەش..

بەڵام لەگەڵ ئەمەش ڕۆماننووسانی دیکەشمان هەن کە تا ئێستا بە شێوەی ئاسایی جاران دەنووسن و هەشمانە بەرەوتی ریالیزمی سیحری کاریگەرە، بەڵام تەنیا وەك شێواز سوودی لێوەرگرتووەو کەرەسەکانی خۆماڵین و هەشە ڕۆمانەکانی بە کەرەستەی خۆماڵی دەنووسێ، بەڵام لەناو شیعریەتی نووسیندا ڕۆمانسیەت و لەزەتێك بەخوێنەر دەبەخشێ، هەشە لەناو سیحری زماندا دەقی فانتازیا ئامێز دەنووسێ و تایبەتمەندی ڕۆمانی کوردیشی پاراستووە، بەهەرحاڵ ئەمانە هەموو پێویستیان بەباسکردنی دوورودرێژ هەیەو ناکرێ هەروا بە سانایی تەنیا ناوی ڕۆمانەکان بێنین و بەس، ئەمانە لە نووسینەکانماندا دەیانکەین بە باسی جیاجیا و نووسەرو خوێنەری زیرەك و بە سەلیقەو ئاگاداریش هەست بە کاریگەرییەکان دەکات، بەڵام دیارترین ڕەوت کە کاری لە ڕۆماننووسەکانمان کردبێت بەتایبەتیش ڕۆماننووس و چیرۆکنووسە لاوەکان، ڕەوتی ڕیالیزمی سیحری ئەمریکای لاتینە.

**سەلاح عومەر**



*وەك چۆن شیعرو چیرۆكو هەموو ژانرە ئەدەبیو هونەرییەكان مێژوویان هەیەو قۆناغ بەقۆناغ هاتوونەتە پێشو لەسەرەتادا بەسادەیی سەریانهەڵداوەو پاشان بەرە بەرە گەشەیان كردووەو چوونەتە ئاستێكی بەرزترو پێشكەوتووتر تا ئەو ئاستە بەرزو هونەریو پێشكەوتووەی ئەمڕۆ پێی گەیشتوون، ئەوهاش ڕۆمان لەوكاتەی لەسەدەی هەژدەهەم سەریهەڵداو لەكۆمەڵگای پیشەسازی ئەوروپا دەركەوت بەشێوەیەكی سادەو ساكارو سەرەتایی لەسەردەستی كۆمەڵێك ڕۆماننووسی ئەوسا هاتە بەرهەمو زەرورەتی قۆناغەكە وایكرد خەڵك پێویستی بەجۆرە ئەدەبێك هەبێ جیا لەشیعرو شانۆ تەعبیر لەو ساتە مێژووییانەیان بكات كە كۆمەڵگای شارستانی پێویستی پێی هەیە. بۆیە ڕۆمان مێژووی هەیەو بەقۆناغدا تێپەڕیوەو هەر قۆناغێكیش سیماو ئەدگارو خەسڵەتو تایبەتمەندیی خۆی هەیەو كاری لە ڕەوتی بەرەوپێشچوونو توكمەكردنو بەهونەری كردنی كردووەو ژانرەكە پێی كاریگەربووەو بزاوتو جوڵانەوەی تایبەتی پێبەخشیوە. تەكنیكی تازەتر جێی تەكنیكی كۆنی كردۆتەوە، گۆڕانكارییە كۆمەڵایەتیو فیكریو فەلسەفیو ڕۆشنبیرییەكان گۆڕانیان لەشێوەی نووسینو شێوازو تەكنیكو زمانو هەموو ئەو ڕەگەزانەی بەشداری لەژانرەكە دەكەن بەرپا كردووەو خودی ژیان خۆشی قۆناغ بەقۆناغ گۆڕانی بنەڕەتی بەسەرداهاتووەو پێشكەوتووە، ئەو پێشكەوتنەی لەژیاندا ڕوویداوە كاری لەپێشكەوتنی ئەدەب بەگشتیو ڕۆمان بەتایبەتی كردووە. ڕۆمان وەك بەشێكی گرنگو لكاو ژیانو تاسەر ئێسقان بەرجەستەكەری ژیان لەگەڵ هەموو ئەو قۆناغانەی كە پێیدا ڕەت دەبێ بەژیانو كۆمەڵگا كاری تێدەكەنو دەیگۆڕنو بەرەو پێشەوەی دەبەن. بۆیە ڕۆمان لەسەردەمی سەرهەڵدانیەوە قەتاو قەت وەك ڕۆمانی ئەمڕۆ هونەری نەبووەو بەم شێوازو تەكنیكەی ئێستا پێی دەنووسرێ نەنووسراوە. ڕۆمانەكانی دانیال دیفۆو هاوەڵەكانی لەڕووی شێوەو تەكنیك سادەو ساكاربوونو لەسەرمەنتقی ئەرستۆیی -سەرەتاو ململانێو كۆتایی نووسراونو بریتی بوون لەشێوە گێڕانەوەیەكی سادەو ساكار. ئەگەر بەراوردی ڕۆمانی ئەمڕۆ و چەند ساڵێك لەمەوبەرو ڕۆمانەكانی سەدەی نۆزدە بكەین جیاوازییەكی زۆریان لەنێواندا دەدۆزینەوە. شێوازی تەقلیدی بلزاكو فیكتۆر هۆگۆ كەی وەك ڕۆمانەكانی فرجنیاولفو جۆیسو فۆكنەرو بروستو كافكا بوون. ئایا قۆناغو سەرهەڵدانی ڕێبازو تەكنیكی تازە هۆی پێشكەوتنی ئەدەب بەگشتیو ڕۆمان بەتایبەتی نین. شتێكی بەڵگە نەویستە زانینو مێژووی ئاستی هەر ژانرێكی ئەدەبی پێویستی بەدیاركردنی قۆناغو ڕادەی پێشكەوتنی ئەو ژانرە هەیەو لەوێوە بۆمان دەردەكەوێ ئەدەبو ڕۆمان بەڕادەی پێشكەوتنی ئەو ژانرە هەیەو لەوێوە بۆمان دەردەكەوێ ئەدەبو ڕۆمان بە قۆناغدا تێپەڕیوەو بەرە بەرە پێشكەوتووەو هاتۆتە پێشو گەشەی كردووە. وەك لەچەمكی (تناس)دا دەردەكەوێ ئەدەب زنجیرەیەكی نەپچڕاوەو هەر لەسەردەمی یۆنانو ئەغریقیەكانەوە.. واتا لە هۆمیرۆسو ئەلیادەو لەفرجیلو ئەینادە، بەشێوە سەرەتاییەكەی هاتۆتە پێشو سەردەمو قۆناغەكانی دواتر گۆڕانیان بەسەردا هێناوەو بەرەبەرە پێشكەوتووەو لەوێشدا شتێكی بۆ بەرهەمی پاشتری خۆی جێهێشتووەو لەزاكیرەی جەمعی ماوەتەوەو پاشان گوێزراوەتەوەو هیچ

بەرهەمێکی ئینسانی نییە پەرەپێدەری بەرهەمی پێش خۆی نەبێ و هەربەرهەمێ شتێکی لەوەی پێش خۆی تێدا نەبێ. کەواتە قۆناغەکان تەواوکەری یەکن‌و هۆیەکن بۆ دیارکردنی رەوتی پێشکەوتنی ئەدەب بەگشتی‌و رۆمان بەتایبەتی. کە ئەمە وابێ، کەواتە مەسەلەکە لای هەموو میللەتێ وادەکەوێتەوە. بۆیە بیست‌و سییەکانی سەدەی رابردووو پاشتریش کە تەکنیکی تازە لەلایەن جۆیس‌و برۆست‌و فۆکنەر داهێنراو ئینجا ئالان رۆب گرێ‌و هاوەڵەکانی هاتن چەمکی رۆمانیان بەتەواوی گۆڕی‌و بوونە هۆی بەرپاپوونی جۆرە رەوتێکی تازەو لەهەموو دنیادا کاریان لەجۆری شێوازی رۆماننووسین کردو ناکرێ بەسەر ئەوانەدا بازبدەین. ناکرێ ئەڵقەکان لەبلزاک‌و پێشتر هۆمیرۆس‌و دانیال دیفۆ بپچڕێنین‌و یەکسەر بێینەسەر رۆماننووسەکانی ئەمڕۆ. ناکرێ پاش سەرهەڵدانی رێبازی واقیعیەتی سیحری‌و دەرکەوتنی رۆماننووسانی ئەمریکای لاتین‌و مارکیزو ئەستوریاس‌و بۆرخیس یەکسەر بێینەسەر رۆماننووسێکی ئەمڕۆ، کە رەوتێکی تایبەتەو خۆی بەهەموو دنیادا سەپاندووەو خەیاڵ‌و فەنتازیاو سیحر دەور لەرۆمانەکان پتر دەگێڕێ پشتگوێ بخەین. بۆیە ئەدەبی کوردی بەگشتی‌و رۆمان بەتایبەتی دەچێتە ژێر هەمان بارو بەهەمان ئاڕاستەدا دەڕوات‌و دەبێ باوەڕمان بە قۆناغی پەرەسەندن‌و پێشکەوتنی هەبێ‌و گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان کاری خۆیان بکەن‌و رۆماننووسی کوردیش قاڵتر بێ‌و شارەزاتر تەعبیر لەژیان‌و کارەساتەکانی بکات‌و هونەرمەندانەتر تەکنیکە تازەکان بەکاربێنێ. کاتێ ئێمەش بووین بەخاوەن بیرمەندو فەیلەسوف‌و زاناو دەورمان لەپێشکەوتنی کۆمەڵایەتی هەبوو بەرەو کۆمەڵگایەکی شارستانی هەنگاومان ناو رۆمان وەك کاڵاکان بازاڕی پەیداکرد، بڵاوکەرەوەو چاپخانەکان بەدوای چاکترین رۆمان گەڕان‌و عەقدیان لەگەڵ رۆماننووسانمان بەست. ئەوسا رۆماننووسی کورد پێویستی بەکارکردن نابێ لەدەرەوەی رۆماننووسین‌و بەڕۆمانەکانی دەژی.

—دەکرێ هەشتاکان بەسەردەمێکی پێشکەوتووی چیرۆکی کوردی دابنێین‌و هەر ئەم دەیەش بەمێژووی سەرهەڵدانی رۆمانی کوردی بژمێرین کە لەنیوەی دووەمی لەلایەن چەند رۆماننووسێك، شارەزا لەتەکنیکی تازەو خاوەن ئەزموون لەنووسینی چیرۆك،

بەردی بناغەی رۆمانی کوردی دامەزراو سەرەتایەکە بۆ دروست بوون‌و دامەزراندنی باڵەخانەکەی بەو شێوە هونەرییەی کە لەجیهاندا هەیە. رۆمان هونەرێکە وەك هەموو هونەرەکانی دیکە، بەڵام هونەرێکی پێشکەوتوو و باڵابەرز. بەرهەمی کۆمەڵگای شارستانی‌و پیشەسازیی ئەوروپایەو پێویستی بەدەستڕەنگینی‌و وردبینی‌و ئەزموون‌و شارەزایی‌و رۆشنبیرییەکی فراوانتر لە لقەکانی دیکە هەیە. چونکە رۆمان تەنیا خۆی نییەو تێکەڵاوێکە لەشیعرو شێوەکاری‌و شانۆو مۆسیقاو سینەماو فیکرو فەلسەفەو مێژوو و جوگرافیاو دەروونناسی‌و فەنتازیاناسی‌و ئەوانی دیکە. دیارە ئەدەبێك ئەم هەموو ژانرە لەخۆبگرێ چەند زەحمەتەو چەند درەنگ دەستەمۆ دەبێ. بۆیە پێویستی بە رۆمانووسی هونەرمەند هەیەو هەموو کەسێ ناتوانێ دەستە مۆی بکا، هێشتا رۆمان لەناو هێلکەدان دابوو و لەنیوەی دووەمی هەشتاکان هێلکەکە تروکاو لەسەردەستی کۆمەڵێ رۆماننووس هەنگاوی یەکەمی ناو هاتە سەردووڕیانی سەرکێشی، بەڵام سەرکێشییەکی گەورە بۆچوونە ناو دەریای بێبنی رۆمانەوە. لەوانە حوسێن عارف‌و خەسرەو جاف‌و عەبدوڵڵا سەراج‌و عەزیزی مەلای رەش‌و حیسام بەرزنجی بەکۆمەڵێ رۆمان هاتنە مەیدانەکە. رۆمانی شارو ئەندێشەی مرۆڤێك‌و کۆردەرەو هەڵکشان بەرەو لووتکەو توانەوەی غەفور ساڵح عەبدوڵڵاو رۆمانەکانی موکری.. هەرەس.. توانەوەو کانگای بەلای حیسام بەرزنجی لەدەیەی هەشتاکان نووسراون‌و بۆمان هەیە بەڕۆمانی هونەرییان بزانین‌و بیانکەین بەکۆڵەگەی باڵەخانەی رۆمانی کوردی، رەنگە کۆمەڵێ چیرۆکنووس‌و رۆماننووسی تریش هەبن کە رۆمانەکانیان لەم دەیەیەدا نووسیبێ، بەڵام لەبەرئەوەی بواریان بۆ نەڕەخساوە

چاپی بکەن لەپاش راپەڕین رۆمانەکانیان چاپکردووە وەك بەختیار عەلی‌و مەرگی تاقانەی دووەم‌و من خۆم کە هەردوو رۆمانی تاریکستانی لم‌و ولاتی تارمـاییم لەکۆتایی هەشتاکان نووسیوە، بەلام پـاش سـالانی (۹۰) چـاپم کردوون.

لەهەمان کاتدا نابێ (محەمەد مەولود مەم) لەیادبکەین کـە رۆمـانی رێگـای لەوسـاتەوە نووسـیوەو بەهـەموو مانایەکەوە رۆمانێکی هونەرییەو رۆمانێکی پێشکەوتووە. گـەلێ نۆڤلێتیـش وەك نۆڤلێتەکـەی پـاییزە خـەون لەهەشتاکان نووسراون. ئەگەرچی ئەمە ئەوە ناگەیێنێ کە پێش ئەم مێژووە رۆمانی کوردی نەنووسراوە.

–رەخنـەی کـوردی وەك زۆربـەی نووسـەرو ئـەدیب‌و شـاعیران بـۆی دەچـن سسـت‌و لاوازەو لەقەیراندایـەو نـەیتوانیوە ئـەو ئەرکـە قورسـەی کەوتۆتـە سەرشـانی جێبـەجێی بکات. رەنگـە خـودی ئـەو کەسـانەیش کـە مومارەسەی رەخنە دەکـەن هـەندێکیان لـەو باوەڕەدابن کـە بەتـەواوی نـەیانتوانیوە زانسـتییانەو هونەرییانـە بەرهەمە ئەدەبییەکان بەسەربکەنەوەو لێیـان بدوێن. کە ئەمە وابێ چۆن دەتوانن لەژانرێکی تـازەی زەحمـەت‌و ئـالۆزی وەك رۆمـان بدوێـن‌و بـەپێی رێچکـەو رێبـازە رەخنەییـەکانی رۆژئـاواو وەك رەخنـەگرانی جیـهانی لەبەرهەمێکی شارستانی بەرزو بالا بکۆلنەوەو لەباوەشـی شیکردنەوەیەکی زانستی–هونەری شوێنی بۆ بکەنـەوە؟ رۆمـان وەك پێکهاتەیـەکی زینـدووی فـرە دەنـگ‌و فـرە رەنگ‌و فرە لایەن‌و فـرە هونـەر کـەی بەسەرنج‌و تێبینی تاکە کەسی پێش دەکەوێ؟ کە رەخنـە لەشیعرو چیرۆك هەولی تاکە کەسی بێت‌و پتر بەلای سەرنج‌و تێبینییەوە بچێ چ جای لە ژانرێکی تـازە کـە تـا ئێستا لەهـەنگاوی یەکەمیدایە. ئەو کەسانەی خۆیان لەقـەرەی ئـەم ئەرکە قـورس‌و زەحمەتـە دەدەن زۆر کـەمن‌و هـەر ئەوانـەن کـە چیرۆك‌و رۆمانیش دەنووسن. بۆیـە ئـەمرۆ رەخنـەگر بـەو مانایە نییە بتوانێ بەتەواوی خزمەتی رۆمـان بکـات جگـە لە رۆماننووسان خۆیان نەبێ، مـەیدانی رەخنـەی رۆمـان ئـەمرۆ تاڕادەیـەك چۆلـەو رۆماننووسـان، چیرۆکنووسـان خۆیان کارێکی چاك دەکەن ئەگەر بکەونە نووسین لەسەر رۆمانەکان‌و بەسەریان بکەنەوە، چونکە چاکترە چاوەڕێی ئەوەبکەین تـا رەخنـەگرێ بـەو شـێوەیەی لەئـەوروپاو جیـهان هـەیە دەربکـەوێ‌و بێـت رۆمانـەکان بخاتـە ژێـر رۆشنایی رەخنەیەکی وردی زانستی.. هونەری.

کاك سابیر رەشید یەکێکە لەو قەلەمانەی خۆی بۆ ئـەم بـوارە تـەرخان کـردووەو زۆربـەی رۆمانـەکانی کـە کەوتوونەتـە بـازاڕ بەسـەرکردۆتەوەو تاڕادەیـەکی چـاك زانسـتیانە کەوتۆتـە شـەن‌و کـەو کردنیـان‌و لـەگۆڤاری راماندا لەزۆربەی ژمارەکاندا نووسینی لەسەر رۆمانە تـازە دەرچووەکاندا هەیە.

–رۆماننووسـانی یـەکێتی سـۆڤیەتی جـاران بـەپێی رەوتێکـی فیکـری.. فەلسـەفی دیـارکراو پـاش شۆڕشـی ئۆکتۆبەر کەوتنە جموجۆل‌و دەستیان کرد بە گوزارشت کردن لەبەرهەمە ئەدەبی‌و فیکرییەکانی خۆیان‌و توانییـان خەسلەت‌و تایبەتمـەندی کۆمـەلگای سۆڤیەتی کـەخۆی لەفەلسـەفەی مارکسـی دەنوێنـێ بگوازنـەوە. بـەلام ئـەو رەوتـە فیکرییـە فەلسـەفییە پێـی وابـوو کۆمـەلگا بەنیشـاندان‌و دروسـتکردنی پالـەوانی ئیجـابی دەچێتـە پێش‌و ئەوەی لـەدەرەوەی ئـەم چـەمك‌و تێگەیشتنە بێ دووره لـەواقیع‌و فیکـری مارکسـی‌و سۆسیالیسـتی‌و زیـان بەکۆمەلگاو بـەرەو پێشـچوونی ژیـان‌و گەشبینی‌و چینـی چەوسـاوە دەگەیـەنێ. ئـەوان باوەڕیـان بـە پالـەوانی نموونەیی نەبوو کە بیرو بۆچوون‌و هەلسوکەوت‌و دیدی بۆ ژیان‌و کۆمەل‌و دنیا جیاوازبێ، کەسایەتی ناجێگیرو دۆڕاو و شکسـت خـواردووی هـەبێ. لای ئـەوان پالـەوانی فەرامۆشـکراوو پـەراوێزکراوو دۆڕاو وەك پالەوانـەکانی دیستویفسکی دەبێ لەدەرەوەی کۆمەلگای ئـەوان بژی، بـەلکو دەبـێ پالـەوانێك بێ بەرلـەوەی مشتومڕ لەسـەر جێبەجێکردنی بڕیارێ بکات بلێ بەلێ. بۆیـە تاماوەیـەکی زۆر رۆمانەکانی دیستویفسکی لەوێ فەرامۆش کرابوون.


رۆماننووسەکانیان دووربـوون لـەو هەمووشـتە تازانـەی ئـەوروپاو نەدەبوایـە بەشـێوەی رۆژئـاوایی بنووسـن. رێبازییـە ئەدەبییـەکانی رۆژئـاوا جگـە لـە واقیعیـەتی ئیشـتراکی قەدەغـەبوو. بۆیـە زۆرکـەم رۆماننووسـی وەك رۆماننووسانی رۆژئاوا لەوێ هەلکەوتوون. بەهەرحال ئەمە رەوتێکـی فیکـری‌و فەلسـەفی‌و ئـەدەبی بـووەو لـەژیان‌و بەرهـەمی مرۆڤـی سـۆڤیەتیدا رەنگـی دایـەوەو بـوو بـەرێبازێکی ئـەدەبی. لـەبارەی کۆمـەلگاکانی ولاتـانی ئـەمریکای لاتـین‌و رۆمانـەکانی مـارکیز‌و ئـەوانی دیکـە تایبەتمەندی واقیعیەتی سیحری کە خاسیەتێکەو ولاتـانی

ئەوێ دەگرێتەوەو پڕیەتی لەسیحرو شتی سەرنجڕاکێش‌و فەنتازی. کە کۆمەڵگای کوردیش زۆرنزیکە لەو کۆمەڵگایەو ئێمەش خاوەنی زۆر شتی سەرنجڕاکێشین. بەڵام وەك ڕۆماننووسانی ئەوێ نەمانتوانیوە هونەرمەندانە تەعبیریان لێ بکەین‌و خاسیەتەکان بگوازینەوەو کەش‌و هەوای سیحراوی‌و فەنتازی خۆمان لەناو ڕۆمانەکانمان بەرجەستە بکەین، کە ئەگەر توانیمان هونەرمەندانەو شارەزایانە بەتەکنیکی تازە بیانگوازینەوەو تەعبیر لەو تایبەتمەندیانەی ناو کۆمەڵگاکەمان بکەین ئەوا شتێکی چاك دەکەین.

—لەبەرئەوەی ڕۆمانی کوردی هێشتا لەسەرەتادایەو بەم شێوەیەی لەئەوروپاو جیهان دەنووسرێ پێ نەگەییووە، بۆیە ناتوانین هیچ ڕێبازو ڕەوتێکی ئەدەبی ڕۆژئاوایی یا جیهانی بەتەواوی بەسەردا بسەپێنین. وەك لەپرسیاری پێشتر باسمان کرد تەمەنی ڕۆمانی کوردی.. ڕۆمان وەك هونەر.. لەپازدەو چەند ساڵێك پترنییەو لەسەرەتای نیوەی دووەمی هەشتاکان دەستکراوە بەدانانی بەردی بناغەی‌و جارێ باڵەخانەکەی توکمە نەکراوە، بۆیە هەموو ڕەوتە فیکری‌و فەلسەفی‌و ئەدەبییەکان—لەڕووی تەکنیك‌و شێوازەوە کە ئەوکات باوبوون شوێنەواریان بەسەر جەستەی ڕۆمانەکانی ئەوکات جێهێشتووە. واقیعییەت‌و ڕەمزیەت بەشێوەیەکی دیار بۆ دەربڕینی ئێش‌و ئازارو کارەسات‌و ڕووداوەکانی میللەت‌و گوزارشتکردن لەو مەینەتیەی کۆمەڵگای کوردی پەیڕەوکراوەو ڕۆماننووس هەوڵیداوە سوودیان لێ ببینێ. ئەگەرچی دواتر واقیعیەتی سیحری پاش سەرهەڵدانی‌و وەرگێڕانی سەدساڵ گۆشەگیری‌و پاییزی بەتریك—ی مارکیز بۆ زمانی عەرەبی کە خەڵاتی نۆبڵی پێ بەخشرا تەواوکاری لەچیرۆکنووسان‌و ڕۆماننووسان کرد نەك لەلای خۆمان بەڵکو هەموو دنیا بەو ڕەوتە ئەدەبییە سیحراوییە کاریگەربوو. بەتایبەتی لای خۆمان پاش ڕاپەڕین نەوەی نەوەدەکان بەتەواوی کەوتنە ژێر کاریگەری ئەم ڕەوتە، زۆربەی چیرۆکنووسانی کەش‌و هەوای مارکیز دەگوازنەوە ناو چیرۆکەکانیان. نموونە زۆرن‌و پێم وایە لیستی دوورو درێژی دەوێ‌و پێویست بەناوهێنان ناکات.

## گەلاوێژی نوێ


یاسین عدنان


علی شلاة

ئەم ساڵ شاعیری عیراقی (علی الشلاه)و شاعیری مەغریبی (یاسین عدنان) خەڵاتی (بلند الحیدری)یان پێبەخشرا ئەویش لەوەرزی (أصیلة)ی ڕۆشنبیریی نێودەوڵەتیدا. لیژنەی هەڵسەنگاندن بەنیوەیی ئەم خەڵاتەی پێشکەشکردن کە بە پەنجا هەزار درهەم دەنرخێنرێ‌و لەبەر ڕۆڵی دیاری بڵند حەیدەری ناوی بڵندی لێنراوە ئەمیش وەك ڕێزلێنان لەهەوڵو تەقەلای بڵند بۆ نوێکردنەوەی شیعر.


لەیاسای خەڵاتەکەدا هاتووە: کە دەبێت ئەو کارانەی پێشکەشدەکرێن نرخێکی مرۆڤایەتی‌و هونەریی بەرزیان تیابێت‌و ئاسۆیەکی نوێ بۆ زەوقی شیعریی بکەنەوەو بەشداریش بکەن لەفرەکردنی هۆشیاری دەربارەی شیعرو گرنگیی لەژیاندا.

لیژنەکە ڕایگەیاند کە لەنێوان نەوەد پاڵێوراودا لەهەموو وڵاتانی عەربەوە ناوی عەلی الشلاەو عەدنان یاسین هەڵبژێردراوە..

شایانی باسکردنە عەلی الشلاە شاعیرێکی عێراقییە لەهەشتاکاندا دەرکەوت بەڕێوەبەری مەڵبەندێکی ڕۆشنبیریی بیانییە لە بەغداد. عەدنان یاسینیش چەند ساڵێك لەمەوبەر سەردانی کوردستانی کرد.

# دیمانەیەک لەگەڵ گەورە ڕۆماننوسی کورد محەمەد موکری

سازدانی: ئەرخەوان



ئەم دیمانەیە، گەشتێکی رەهایە بەلایەنە شاراوەو دیارەکانی ژیانی محمد موکریدا.. هەر لەمناڵیەوە تا ئێستا، ئاشنابوونە بە بیروباوەڕو بۆچوونەکانی موکری لەئەنجامی وەڵامدانەوەی زنجیرە پرسیارێکی هەمەچەشنەی ئەدەبیو سیاسیو کۆمەڵایەتیو تایبەتەوە. محەمەد موکری زۆر بەراشکاوی وەڵامی ئەو پرسیارانە ئەداتەوە، کە زۆرجار کراوەو بێ وەڵام ماوەتەوە، یان زۆر کەس مەبەستێتی بیانزانێ.

محەمەد موکری، وەکو زۆربەی نووسەران بەشیعر دەستی پێکردووەو پاشان چۆتە سەر چیرۆكو کۆمەڵێ چیرۆکی ناوازەو سەرکەوتووی بەرهەم هێناوە کاتێ هەست دەکات خەرمانی بیری بەبرشتی لەچوارچێوەی چیرۆکدا جێی نابێتەوە، دەست ئەداتە رۆمانو چەندین رۆمانی سەرکەوتوو دەکاتە شاکاری نێو ئەدەبی کوردی، موکری لەبواری شانۆ وەرگێڕانیشدا دەستێکی باڵای هەیەو بەرهەمی زۆری لەچەند زمانەوە وەرگێڕاوە.

ئێستا سەرنووسەری گۆڤاری (پەیڤین)ە، کە بەکوردیو عەرەبی دەردەچێ.

بۆ زۆرتر ناسینی رۆمان نووسی گەورە محەمەد موکری واباشترە هەندێ لەبەرهەمە چاپکراوەکانی بخەینەڕوو:

أ/بەرهەمەکانی خۆی:

١-سەگوەڕ-رۆمان- پێنج جار چاپکراوە-یەك جاریش بەعەرەبی چاپکراوە ١٩٨٢.

٢-هەرەس-رۆمان دووبەرگ-سێ جار چاپکراوە- ١٩٨٥.

٣-تۆڵە-رۆمان-١٩٨٥ چوارجار چاپکراوە -یەکجاریش بەعەرەبی.

٤-نێچیر-کۆمەڵە چیرۆك-١٩٨٦ دووجار چاپکراوە.. بۆ عەرەبیو فارسی تەرجەمەکراوە. رەسوڵ محەمەدی کردوویەتە فارسی.

٥-سێ دادگا-شانۆنامە-١٩٨٣ چوارجار چاپکراوە، یەکجاریش بەعەرەبی.

٦-ئەژدیها-رۆمان ١٩٩٨.

٧-هارون ئەلرەشید-شانۆ نامە-٢٠٠١ یەکجاریش بەعەرەبی چاپکراوە.

٨-تاراس بۆلبا-رۆمان-گۆگول. سێ جار چاپکراوە.

٩-ڤیڤازاباتا-رۆمان-شتاینبیك-سێ جار چاپکراوە.

١٠-هەمەنگوای-لێکۆڵینەوە-فیلیپ یۆنگ.

١١-هنری جیمس-لێکۆڵینەوە-لیون ئیدل.

١٢-یاداشتەکانی قوام السلطنة-سێ جار بڵاوبووەتەوە.

١٣-ئیسماعیل بێشکچیو کورد-سێ جار بڵاوبووەتەوە.

١٤-خەسرەوی گولسوخری-لێکۆڵینەوە-سیامیك- سێ جار بڵاوبووەتەوە.

١٥-تەرجەمەی شیعرەکانی بریخت.

١٦-مردووەکان -شانۆنامە- جەلیل محمد قولی زادە- لەئازەرییەوە تەرجەمەکراوە.

١٧-نادرشا-شانۆنامە-نەریمان نەریمانۆف- لەئازەرییەوە تەرجەمەکراوە.

١٨-پردی ئارتا-شانۆنامە-جۆرج سیۆتۆکا-لەگەڵ شێرکۆبێکەس تەرجەمەکراوە.

١٩-باغچەی ئاژەڵ-شانۆنامە- ئەدوار ئەلبی.

٢٠-مەرحوم-شانۆنامە-برانسیلاف.

٢١-سێتاری ئاسنین -شانۆنامە-جۆزیف ئۆکۆنۆر.

٢٢-گالیسکەی مەرگ-یۆجین ئونیل-ئامادەکردنی جەلیل زەنگەنە.

٢٣-تەمتومان-شانۆنامە-یوجین ئۆنیل.

٢٤-تینوویەتی-شانۆنامە-یوجین ئۆنیل.

٢٥-مسزژولیا-شانۆنامە-سترێنبیری.

٢٦-ساعات من قصب-بەعەرەبی-شیعری شێرکۆبێکەس بەهاوکاری لەگەڵ کەریم دەشتی و جەلال زەنگاباری.

٢٧-تەرجەمەی شاعیرانی کورد بۆ عەرەبی: قوبادی جەلی زادە-شێرکۆبێکەس سەلاح شوان.

٢٨-تەرجەمەی شاعیرانی فارسی بۆ کوردی: فەریدونی موشیری-مەهدی ئیخوان ثالث، ئەحمەدی شاملو، نادر نادر پور وفروغ وفرخزاد.

٢٩-تەرجەمەی چیرۆکنووسانی فارسی بۆکوردی- صادق هیدایەت-حسن حسام.

٣٠-سەقاقوش-شانۆنامە-سترێنبیری.

٣١-گەمە بەئاگر-شانۆنامە-سترێنبیری.

٣٢-سەموم-شانۆنامە-سترێنبیری.

٣٣-خەونی پاشا-شانۆنامە-محدالدین زەنگەنە.

٣٤-کوترە باریکە-شانۆنامە-محی الدین زەنگەنە.



–با سەرەتا بەم پرسیارە تەقلیدییە دەستپێبکەین: محەمەد موکری کێیە؟

–چاکە بامنیش وڵامێکی غەیرە تەقلیدییەت بدەمەوە.. بەڕاستی نازانم کێیە چونکە مرۆڤ تا لەژیاندابێ ماهیەتی دروست نابێ، خۆناسین یەکێکە لەکارە هەرە قورسەکان. بەڵام کەمتا کورتێ لەخۆم گەیشتووم کە کائینێکم بەخوا شتەرخوازی خۆم، خۆمم خستووەتە بەر غەزەبی خواوەندی وەعی.. ئەو وەعیەی کە تاسەر ئێسقان دوژمنایەتیو خزمەتم دەکات، مانەندی پرۆمیسیۆس، رۆژانە داڵێك جەرگی دەخوات، ئەوا من هەموو ساتێ ستەمکارانی بەشەرییەت جەرگم دەخۆن.. ئەگەر پرۆمیسیۆس بۆ بەردەوامی ئەشکەنجەکەی شەوان جەرگی دەڕوێتەوە، ئەوا منیش بزەی منالان و تێربوونی برسیانو بەئومێد گەیشتنی بێئومێدان–دیسانەوە بۆ بەردەوامی ئەشکەنجە ئەمانە جەرگم تیا دەڕوێننەوە، ئامادەم دەکەنەوە تا داڵی ستەمکاران رۆژانە جەرگم بخۆن.. ئەگەر خەتاکەی پرۆمیسیۆس ئەوە بووبێ ئاگری لەخواوەند دزیوەو رۆشنایی بۆ بەشەرییەت هێناوە، لەسەر ئەم خەتایەی سزای هەمیشەیی دەدرێ ئەوا خەتای منیش ئەوەیە، نوری ئەو ئاگرەم وەرگرتووەو هاویشتوومەتە نێوچاوانمەوە کونو کەلەبەرەکانی ناخی خۆمی پێ رووناکدەکەمەوە تا ئامادەی ئاشنایەتی ئینسانە کلۆڵەکان بم.. ئەڵبەتە ئەم کارەش بۆ ستەمکارانو خوێنمژانی هەژاران خەتایەکەو هی بەخشین نییە.. بۆیە خۆم دەبینمەوە رۆژانە لەجەنگێکی هەمیشەییدامو ئومێدی ئەوسەرکەوتنەم نییە کە سەر لەبەری بەشەرییەت ئاسوودەبێت. مانەندی سیزیفیشم بەیانیان بەردی هەوڵو ئازاری برسیەکانو بێ دەرەتانان لەکۆڵ دەگرم بەرەو لوتکەی (ئۆخەی) دەکەومەڕێ، کەچی هەڵپەی دەسەڵاتدارانو تەماحی خۆشگوزەرانیان بەردەکەم لە لوتکەوە پێ غلۆر دەکەنەوە بۆ دامێنو ئامادەم دەکەن بۆ رۆژێکی پڕ ئەشکەنجەتر.. بەکورتی بوومەتە کائینێ لەنێوان میکانیکیەتو رۆتینی ئەم هەولانەدا لەتر دەدەم.. بەواتایێکی دی بومەتە کەسێك رۆژانە دەکەومە بەر چەقۆی ماتماتیکی ئەم ژیانە سەپاوەدا کە هەرگیز ئیرادەی رۆشنایی بینینیم لەسەر نەبووە، تەرحو جەمعو زەرب دەکرێم پاشانیش دابەشدەکرێمە سەر ئەو ئینسانانەی لەناخمدا دەژێن، ئینسانگەلێکن بوونەتە بەشێ لەئەندامەکانی جەستەو روحم، جارێ گلێنەی چاوێکم دەبێتە دینارێکی ئاسنو رۆدەچێتە نێو کڵاوی بەشێکی جەستەم کە پیرەمێردێکی لەرو لاوازو یەکباسکە، لەسەر شوستەکاندا کەوتووە، هەر بە باپیرەم دەچێ، بەزەیی ئینسانەکان دەکاتە پاروەنان، سۆزی بەسۆزانیش دڵە شکاوەکەی رادەگرێ، عینادی ژیانوویسی هانی دەدات بەردەوامی بەو کۆڵە مەرگیە بداتو خۆی بکاتە دۆزەخی کەسانی دی.. هەرچەند شەقاوێکی ئەولاتری ئەم پیرە مێردە، دڵ لەسینەم دەردەچێ لەنێو لەپی ئەو ئافرەتە شێتە شەبقە لەسەرە دەنیشێتەوە، کە هەمیشە بەزەردەخەنە ساکارەکەی جوانییێکی بێ ئارایشت دەبەخشێتە شێتایەتی، زمانحاڵیشی دەڵێ ژیانی بێ شێتی بێ تامترە

لەژیانی ئـەو تـەلار نشـینانەی کـە بـێ برسـی بـوون ژەمەکانیان دەخۆن، چ چێژێکیـش لەو خۆراکە نابینن‌و ئێرەیی بەو هەژارە برسیانە دەبەن کە بە ئیشتهایێکی زۆرەوە نانە وشکەکە دەخۆن، ئای کە سادەو بـێ گرێن، نە فێڵ‌و ساختە دەزانن نەچاڵ هەڵکەندن‌و ملشکاندنی خـەڵکی دەکەنـە پێپیلکـە بـۆ وەدەسـتهێنانی سـاتە کەمتەمەنـەکانی خۆشـگوزەرانی.. هـەر پـاش چـەند مـەترێکی دی نووری چاوەکەی دیـم رووەو دیـدی ئـەو پیرەمێردە نابینایـە دەچـێ کـە لەسـەر شۆسـتەکاندا بەئاسپایی هـەنگاو دەنـێ‌و لەسـەریەك دەڵـێ (یـاخوا نابینانـەبن) ئـەندامێکی دیـی جەسـتەم تێکـەڵی ئـەو هـەنگاوە خاوانـەی ریش سپێیکی نابینـا دەبێـت، کـە سەدان جار بەوردی گوێم بـۆ هەڵخستووە، تـا ئێستایش نـازانم بـەچ زمانـێ داوای بـەزەیی دەکـات.. ئـەو پیرێژنـە گەرمیانیە شەڵە، رۆژانە بەشێك لەسـۆزم وەردەگرێ، بە ریتمێکی جـەرگبڕەوە ئـەو سـۆزەم دەکاتـە پاڕانـەوە دەیپژێنێتە سەر روخسارو ویژدانی رێبواران... ئەو کچۆڵە تەمـەن گوڵانـەی بنیشـت دەفرۆشـن، منالـە جگـەرە فرۆشەکان‌و بۆیاخچیەکان، ئەو منالە بـێ لانانـەی لەسـەر شۆستەکاندا دەنوون. ئەمانە دەمکەنـە چیـاێکی رق‌و بەڕووی چینـە چەوسێنەرەکەدا دەمتەقێننـەوە... ئیدی من دەبمە هەگبـەی کەلیمـە سەر شێتەکانی بێدەنگی.. شـەرمە تاسـاوەکانی بـێ دەرەتـانی فرمێسـکە پـڕ کیبریائـەکانی هـەژاری.. شـەکەتی هـەنگاوەکانی دەربەدەری.. چاوە بیناکانی نابینایـانی ئـازارودەرد.. ئیدی من دەبمە کۆڵکێشـی کەلیمـەی یـاخی.. کـاس دەبم دەنگـی برسیەتی‌و پاڕانـەوەی پشـیلە بـێ خاوەنـەکان دەبیستم.. هـەندەی سـەگە بێ نازەکانی وڵاتەکـەم پـێ سووتاوم.. خـۆم بـەنامۆترین نـامۆ لـەخۆ دەبینـم.. کـە ئێـواران دادێ، منـی پـەرت‌و بـڵاو، منـی دابـەش بـوو، سەیردەکەم هەرچی سۆزو بەزەییم هەبووە، هەر هـەمووم خەرجکردووەو هیچم پێ نەماوە. ئیدی وردە وردە هەوڵی ئـەوە دەدەم، بۆخـەرجی سـبەینێ بەنووسـینی چـەند دێڕێ، منی پەرت‌و بڵاو و دابەشبوو کۆکەمەوە ئەو دێڕانە بمکاتـەوە بـەو کەسـەی کـە رۆژانـە بـە بـەهاترین شـتە ئینسـانییەکانی دابەشـدەکاتە سـەر شـەریفترین‌و بێگەردترین ئەو خەڵقەندانـەی کـە خـودای مـەزن خـەڵقی کـردوون، زۆربـەی ئێمـەی ئینسـانیش فەرامۆشـیان دەکەین..

—بەم پێیە بێ ئێوە خۆتان دەنووسنەوە

—ئەگـەر خـۆ نەنووسمـەوە، نـاتوانم لەخـەڵکانی دی بگەم.

—هەموو رۆژێ دەنووسی؟

—زۆربـەی رۆژان.. تەنانـەت ئەگـەر یـەك دێڕیـش بـێ.. مەرجیش نییە، ئەو دێڕە لەبەرهەمێکدا دەرکەوێ.. گەلێ جار دەنووسم‌و پاشان نووسینەکە دەدڕێنم.

—بۆ؟

—لەبـەر دوو سـونگەی سـەرەکی، کـە هـەردووکیان مەشـقن، ئـەم دوو مەشـقەش وەك سـەر ئـەنجام بـۆ بەرژەوەندی خۆمن..

مەشقی یەکەمیان بۆ ئەوەیە، دەستم هەمیشە بتوانـێ قەڵـەم بگـرێ‌و دانـەمێنێ بـۆ وشـەو دەسـەواژە، بـا نموونەیێك بهێنمەوە دڵی ئـەو کەسانە خۆشـکەم کـە بـە سەلەفی لە قەڵممان دەدەن.. حەزیش دەکەم نموونەکەم نموونەیێکی زراعی بێت، تا ئەو کەسانەی پێیـان وایـە لـە کۆمەڵگای زراعی رۆمان سـەرهەڵنادات، بڵێین فـەرموون سەیری ئەم فەلاحانە بکەن چۆن لەئـەدەب دەدوێن: من وشەو دەستەواژە بە بەری ئـەو دانەوێڵەیـە دەژمێرن کـە دەبێ لەپێشدا زەوی بۆ بکێڵم، پاشـان زەوی کێڵـراو تـۆو کەم، ئەوجا تێر ئاوبێ پاشانیش دروێنـەی کـەم، پـاش جەنجەڕکردنی خەرمانەکە، شەنی کەم، ئەوجا خاپەرۆکی لێ جیاکەمەوە تا بیهاڕم، کەبووە ئارد، دەشبێتە هـەویر، ئەوجا بەئاسـانی دەتـوانم لـەو هـەویرە پەیکـەری وشـەی نەرم‌و دەستەواژەی شەفاف دروست کەم، نەك پێخاوسـی بکەومـەناو دانەوێڵـەو خاپـەرۆك بەچەسـپی سـیکوتین بیانلکێنمەیەکەوە، پێشم وایـە بـێ (عـوزەولات‌و هوبـەل‌و مـەنات) دروسـتکردووە، لەکەهـەنووتی دەسـتەواژە پێچراوەکـانی جاهیلیـەتدا، بـۆ پەرسـتن دایـاننیم‌و پێشمـوابێ ئەوانـەی مـن چەسـپاندوومەتە قەدیەکـەوە موقەدەسـن‌و کـاهینن لەکەهـەنووتدا جێـی شایسـتەی خۆیان هەیەو ئیدی کەس نابێ لەڕوی ئەو موقەدەسـانەدا بڵێ لەل.. نـەخێر.. بـەلای منـەوە نووسـین وەکـو هـەموو



کارێکی دی پێویستی بەمەشقە.. دابڕان لەنووسین و خوێندنەوە، دابڕانە لە کەلیمەو دەستەواژە.. ئەم جۆرە دابڕانە دوورکەوتنەوەیە لەمەعریفە.. قوتابییێکی منداڵ ڕۆژانە دەرسەکانی دووبارەو سێ بارە نەکاتەوە.. ڕۆژانە نەچێتە پولەوە.. پاش پۆلیش سەعی نەکات، بەجوانی فێرنابێت.. منیش خۆم بەنووسەرێکی هەمیشە قوتابی دەزانم، پێویستم بەوەیە ڕۆژانە سەعی بکەمو ئەرکەکانی فێربوون وەجێ بێنم.. گەر ئەمە نەکەم ئەوا لە ئاستێکدا دەوەستم.. پێموایە نووسەری وەستاو.. ئەو نووسەرەی حەیەویەتی تیا نەما، ئەوا بەئاسانی لەگەڵ تەوژمدا دەڕواتو ناتوانێ دژە تەوژم وتەی هەبێ..

سونگەی دووهەمیش ئەوەیە من بەنووسین مەشق لەسەر ئەوە دەکەم کە چۆن ببم بەئینسان، واتە سەر لەبەری ژیانم، ژیانی ئینسانی بێ، نەك لەڕۆژێکدا شەش سەعات ئینسانو دوو سەعات حەیوانو سەعاتێ دڕندەو نیو سەعات سۆزگوژو چەند دەقیقەیێکیش بەخشەندەو چەند سانیەیەکیش پەپولەکوژ.. وەك گوتم بەنووسین مەشق لەسەر ئەوە دەکەم کە چۆن ببم بە ئینسان.. پێموایە ئەم مەشقە قورسترین مەشقێکە روو بەڕووی نووسەر دەبێتەوە.. زۆرشت ئاسانە: دەوڵەمەند بوون، دەسەڵاتدار، خاوەن وەزیفەی گەورە، ئەمانە ئاسانن، بەڵام زەحمەتە ئینسان بتوانێ ئینسانیەتی خۆی بپارێزێ، نەبێتە ئەو ئامێرەی ئینسانەکانی دی کەوڵ کات.. هەوڵدان بۆ ئەوەی ئینسان بتوانێ ئینسانیەتی خۆی بپارێزێ، ئەوا قورسترینو سەختترین ڕێگای ژیانی هەڵبژاردووە، ئەڵبەتە ئەو هەوڵەیش تێکەڵی زەمەنەکانی تەمەن دەبێ دەشبێتە ئەو ئاوێنەیەی تەنها رەنگ بە بەدکارییەکانی خۆ دەداتەوە.. ئیدی لێپرسینەوە لەخۆ دەبێتە کارێکی ڕۆژانە، دواتر مانەندی غەریزە دەکەوێتەڕوو، بێ ئەو لەخۆ پرسینە بۆ ئینسانێ بیەوێ هەمیشە ئینسان بێ، ئەوا ژیانەکەی بێ تامتر دەبێ لەمردوویێك بخواو بخەوێو بژنەوێ..

–پرسیارێکی تری تەقلیدیت لێدەکەم، کەیو لەچ شوێنێکدا لەدایك بوویت؟

–رقم لەم جۆرە پرسیارانەیە.. کەی لەدایك بوویتو کەی دەمریت؟

سەرەڕای ئەم رقەشم وەڵامت دەدەمەوە.. ئەویش نازانم کەی لەدایك بووم.. دایكو باوكم ئێرانی بوونو جنسییەیان نەبوو، بەبیرم دێ بەدوو دینار بەرتیل لیژنەیێك تەمەنمی بەوە خەملاند كە لەدایك بووی ساڵی ١٩٤٥ بم، دیاریشە وەكو زۆربەی عێراقییەكان لەڕۆژی یەكی مانگی حەوتدا بەدەستەجەمعی لەدایك بووین.. بۆ بڕگەی دووەمی ئەو پرسیارەی كە نەتكردووە، ئەویش كەی دەمرم.. هەركاتێ دەستم قەڵەمی نەگرت ئەوە كاتی مردنی منە.. حەزدەكەم ئەوەش بخەمەڕوو لەدایك بوونو مردن ئەم دوو ئەزموونە رۆژانە بەسەرم دەكەنەوە رۆژانە دەیانجار دەمرمو زیندوو دەبمەوە. بزەی منالی بتاسێ.. لەنێو ئەو بزە تاساوەدا روحم دەمەیێ، دەمرمو چاوەڕێی دەستێ دەبم، بزەكە بخاتە سەر لێوی منالەكە، من لەسەردەمێكدا ناژێم ورچو گورگو پلنگ ئینسان بچەوسێننەوە.. من لەسەردەمێكدا دەژێم ئینسان لەژێر كەڵبەی ئینساندایە، هەر ئینسانەو ئینسان دەكوژێو دەیچەوسێنێتەوە.. وەك گوتم رۆژانە دەیانجار دەمرمو زیندوو دەبمەوە، چڤەیەكی ناحەق لەسەگێ بكرێ، بەردێ بەر چۆلەگەیێك بكەوێ، منیش لەباڵفڕێ دەكەوم.. لەپێكی پانكراوە ببینم، روحم دەبێتە ئاسنێكی سارد، نێو لەپەكەیش دەكاتە گۆڕێكی ساردتر بۆخۆی، ژیان لەشوێنێكدا بزە تاساندنی تیا بووبێتەوە عادەت، ئیدی چۆن دەكرێ، رۆژانە ئینسان نەبێتە گۆڕستانێكی گەڕۆكی خۆی، هەزاران خۆی لەمێشكو دڵدا نەنێژێ.

—گوتت ئێمە ئێرانین؟

—بەڵێ.. باوكو دایكم ئێرانین، ناشزانم بۆچی رویان لەعێراق كردووەو لەكەركووك نیشتەجێ بوون.. پێدەچێ برسیەتی سونگەی كۆچەكەیان بووبێ.. من باوكی خۆمم نەبینیوە، راستتر بەر لەوەی فام بكەمەوە باوكم مردووە، دایكم شووی كردەوە، باوە بیارەكەم یەكێك بوو لەو هەژارە دڵپاكانەی كە تامرد وەك باوكی راستەقینە سەیری دەكردم.. هەرگیز ئەو نەسیحەتەیم لەبیرناچێ كە پێی دەگوتم: ئنسانی بەئیمان نابێ بترسێ، نابێ لەغەیری نانی رۆژانە چ شتێكی دیی بوێت.. ئەو نانەش دەبێ بەعارەقی نێوچاوان پەیدابكرێ.. ترس بۆ ئەو كەسانەیە بەهەڵپەنو هەموو شتێكیان دەوێ.. ئەوەی هەموو شتێكی بوێ، ترس تێكەڵ بەخوێنی دەبێ، دەترسێ ئەوەی هەیەتیو پەیدای كردووە بۆی نەپارێزرێ.. گوناهترین گوناه ئەوەیە ئنسان بترسێ.. تەنانەت نابێ لەمەرگیش بترسێ.. مادامێ مردن هەیە، هیچ شتێك لەژیاندا بەهای ئەوەی نییە كە ئینسان ئینسانیەتی خۆی پێ كەمكاتەوە.. ئەوەی بەبیرم بێت، تا ئەو باوە پیارەیەم لەژیاندا بوو دە دیناری پاشەكەوتمان نەبوو، ئەوەی هەمان بوو، بۆ شەوی رۆژەكە گیرفان خاڵی تربوو لەو دڵە گەورەیەی كە خەمی ژیانی خۆشگوزەرانی جێی تیادا نەدەبووەوە.. دڵێكی گەورەی بێخەم بۆ موڵكداری.. بەبیرم دێ لەكەركوكدا لەبیستو حەوت ماڵ كرێچی بووین.. ئێستا خۆیشم لەهەولێردا لەسێ ماڵو لەسلێمانیش لەسێ ماڵ كرێچیم..

—گوتت بەدوو دینار بەرتیل جنسەیان بۆ دەركردووی، ئەوسا چویتە قوتابخانە.. ئایە قوتابیێكی زیرەك بوویت؟

—بەڵێ.. سالانی پەنجا لەكەركوكدا حاڵەتی هەبوو پێیان دەگوت (ئێرانی بگیێن) پۆلیسەكان ئێرانییەكانیان دەگرت، پاش حەپسو ئەزیەت دان، رەوانەی ئێران دەكرانەوە.. لەڕێی هەندێ ناسیاوەوە، بە بەرتیل جنسیەمان بۆ دەردەكەن.. ناردمیانە قوتابخانە، ئەو دەمە ئێمە ماڵمان لەگەرەكە هەژارنشینەكانی قەلای كەركوك بوو. من لەقوتابخانەی (القلعة الثانية للبنين) دەمخوێند پاشان ناوی قوتابخانەكە گۆڕاو كرا بە (مدرسة العراقية للبنين) دەرسەكان ئەگەرچی عەرەبی بوون بەلام بەتوركمانی شەرح دەكران، ئێمە زیاتر لە شەرحەكان



تێدەگەیشتین.. بۆ مەسەلەی زیرەکیو تەمەڵیش، دوو قوتابی کورد بووین هەمیشە یەکەمی پۆلەکە بووین.. لەهەر پۆلێکدا باین هاوڕێکەم لەم ساڵانەی دواییەدا کۆچی دوایی کرد، بەڕەحمەت بێ ناوی عادلی مەلا وەیسی بوو.. زیرەکی دەردی سەری بۆ دەنامەوە.. لەپۆلی دووی سەرەتای بووم، لەپۆلی چوارەوە مامۆستایێك بەناوی ئەحمەد عەلی غالب ناردییە دووم، كە چوومە پۆلی چوار، سەیرم کرد، کوڕی موختاری گەرەکەکەمان کە ناوی صەباح محەمەد ئەفەندی بوو، لەبەردەم تەختە ڕەشەکەدا لەئاستی موعادەلەیێکی حیسابی زۆر ئاساندا دۆش دامابوو:

مامۆستا ئەحمەد بەمنی گوت:

(بو ئەشەگ بیلمر، سەن حەل ئێلە ئۆزنی)

واتە ئەم کەرە نازانێ تۆ ئەم موعادەلەیە حەلکە.. منیش دەستم نەدەگەیشتە موعادەلەکە، تەنەکەی خۆڵی پۆلەکەیان، خاڵی کردو قلپیان کردەوەو چوومە سەریو حەلم کرد مامۆستا ئەحمەد ڕووی لەقوتابیانی پۆلەکە کردو گوتی (چایخون) یانی چەپڵە. قوتابیان زۆر بەخاوییەوە چەپڵەیان بۆ لێدام، جگە لەسێ چوار قوتابی کورد، ئەوان بەگەرمییەوە چەپڵەیان بۆ لێدام پاشانیش ئەو سێ چوار قوتابییە لەسەر ئەو چەپڵەیە سزادران. مامۆستا ئەحمەد پێی گوتم (تفر سەباحن ئۆزنە) واتە (تف بکە ڕوی سەباح) منیش نەمدەوێراو تفم لێنەکرد، چونکە دەمزانی گەر تفی لێبکەم ئەوا تورکمانەکان لەدەرێی قوتابخانە بێکەس کوژیان دەکرم.. مامۆستا یەکدووجار قسەکەی دووبارە کردەوە، بەقسەم نەکرد.. ئەوجا ڕووی لەسەباح کردو پێی گوت (گێت ئەغاج گیاتر) واتە (بچۆ داربێنە) دارەکانیش لەژووری مودیر بوو، سەباحیش نەیکردە نامەردی چوو ئەستورترین داری هێناو دایە دەستی مامۆستا.. مامۆستاش پێی گوتم دەست بکەرەوە، ئەو دەمە پێمان وابو قوتابی ئازا هەریەك دەست دەکاتەوە، تا هەموو دارەکان لەو دەستە بدرێ.. مامۆستا پاش داری یەکەم، چاوەڕێی ئەوەی دەکرد دەستەکەی ترم بکەمەوە. کە بینی هەریەك دەستم (دەستی چەپم کردووەتەوە تامێزی تیابوو لەسەریەك پیایدا دەکێشا تا یەکێ لەپەنجەکانم شکاو خوێن فیچقەی کرد.. مامۆستا هەرکە خوێنی بینی وەکو گای ئیسپانی شێتو هاربوو، بەشەقو زلە تێمبەربوو، کەوتم بەپێلەقە، چووەسەر جەستەم، نیوەمردووی کردم.. هەڵیانساندم مامۆستا کە بینی ناگریم، ئەوەندەی تر شێت بوو.. فەراشێکمان هەبوو ناوی خومەیس بوو بەتەنتریۆك پەنجەیان بۆ شۆردمو بەستیان.. ئەوجا نۆرە هاتە سەر ئەو سێ چوار قوتابیە کوردەی کە بەگەرمییەوە چەپڵەیان بۆ لێدابووم، ئەوانیش کەوتنە بەدارەبێ بەزەیەکەی مامۆستاو چەند شەقو زلەیەکیشیان بەرکەوت.. نازانم، ئەو دەمە بۆ خوێنی کورد، هەندێ لەتورکمانە شۆڤینیەکانی شێتو هاردەکرد.. پێیان وابوو کورد حەقی ژیانی نییە، لەسەرچکۆلەترین شت تێیان هەڵدەداین..

–ئەمەی باسی دەکەی لەبەشی یەکەمی ڕۆمانی هەرەسدا هەیە!

–ئەی پێم نەگوتی من خۆم دەنووسمەوە.

–ئەی دوای ئەوە؟

–بۆ سبەینێ دەستو پەنجەم پەنمابوو، دایکم پەلیگرتمو هێنامییە قوتابخانەو بە مودیرەکەی گوت: خوا قبوڵ ناکات، باوکی نییە بۆ واتان لێکردووە.. مودیرەکەمان، کورتە باڵاو لاوازبوو، فێسی لەسەردانا، بەکوردییەکی تێکەڵ بەتورکمانی بەدایکمی گوت: ئەگەر سەن تەربیەت وێرمەسەن ئاوها تەربیەت دەدەین.. واتە ئەگەر تۆ تەربیەتی نادەیت، ئێمە ئاوها تەربییەتی دەدەین.. کە بینی دایکم بێدەنگەو فرمێسك بەچاوانیا دێتە خوارێ، بە تورکمانی پێی گوت (چغ یازییە، قەحپە، کورد کۆپەکی، یانی، بچۆ دەرێ، قەحپەی کوردی سەگ.. دایکم بت ئاسا وەستابوو، هۆن هۆن، فرمێسك بەچاوانیا دەهاتە خوارێ، چۆن خوێنی پەنجەم مامۆستا ئەحمەد عەلی غالبی شێتو هارکرد ئەو فرمێسکانەی دایکیشم مودیرەکەمانی بەجۆرێ هارکرد پڕ بەقوتابخانەکە دەینەڕاند: قەحپە چغ یازییە.. با ئەوەشم لەبیرنەچێ ناوی محەمەد عەلی بوو، هەندێ قوتابی مەسیحی لەقوتابخانەکەماندا بوون بەزۆرو بەدارو تێهەڵدان: شایەتیمانی پێ دەهێنان. هەر کە بەستەزمانێ بەگریانەوە دەیگوت: اشهد ان محمدا رسول الله مدیرەکە

پێدەکـەنیو دەیگـوت: کــافر لغــتن چغتــوو ئینــدی ئیسلامسەن، واتە لەکافری دەرچوویت ئێستا ئیسلامیت بەزۆری دارکاریش ئێمەی منالّی فـێرە نوێژکردن دەکرد، دەبوو نییەت هێنانەکە بەتورکمانی با..

لەحالّەتی یەکەمدا کە ئەحمەد عەلی غالب لێی دەدام، نەگریام، من ئێستا حالّەتەکـە دەبەستمەوە بەقسەیێکی سارتەر کە دەلّێ: (جـەلاد کـە بینـی نێچیرەکـە شکستی هێنـاوە، دەگاتـە قەناعـەت لەسـەر حـەق بـووە).. بـۆ حالّەتەکـەی دایکیشـم "ئێستا" دەلّێم صـائبی تـەبریزی لەبەیتـە شیعرێکیدا جوانـی گوتـووە: إظـهار عجـز نـزد ستمگر أبلهیست

اشك کباب باعث طغیان آتش است

واتە: گەوجییە لەئاستی ستەمکاراندا مرۆ خۆی بـەلاواز بخاتە روو، فرمێسکی کەباب دەبێتە مایـەی گەشانەوەی ئاگرەکە.. دایکم لەئاست ئـەو زولّمــە لەڕادەبـەدەرەی مودیرەکــەمان، تەنــها فرمێســکی پێبــوو، کــەچی فرمێسـکەکانی، لــەبری ئــەوەی بــەزەیی مودیرەکــە بووروژێنێ، کەچی ئەو فرمێسکانە مانەندی بەنزین ئاگری رقی گەشتر دەکردەوە.. ئـەو دەمـە نـەمدەزانی بۆ چ تـا ئـەم رادەیـە رقیـان لـەکوردە، تـا رۆژێکیـان هـاوڕێی هاوپۆلەکەم عادلی مەلا وەیسی پێی گوتم: ئـەمڕۆ، رەنگـە لێمان بدەن، پێم گوت: بۆ؟ گوتی، ئەمڕۆ نمـرەی سـەری ســالّ وەردەگریــن.. لەڕاســتیدا ئـەودەم کـە نمرەمــان وەرگرت، هەردووکمان یەکەمی پۆل بووین. ئیدی بەهـەر بیانوویەکـەوە بووبـێ، یـەکدوو دارمـان بەرکـەوت.. ئـەم دارانەش باجی زیرەکی بوو..

—باشە، ئەوان تا ئەم رادەیە رقیان لـەکورد بوو، ئـەی چۆن لەدەرسەکاندا غـەدریان لێنـەدەکردن، لـەبری ئێـوە ئەوانەی خۆیان بکەن بەیەکەم..

—راستە، ئەمەیان لەگەلّ نەدەکردین.. ئەمەش بۆ ئەوە بو بەتەلّەبە تورکمانـەکان بلّێـین، داوەشـێن، چـاو لـەمان بکـەن، بـە کورتـی ئێمـەیان کردبــووە بێچــووە گــورگو لەڕووی دەرس خوێندنەوە قوتابییـە تورکمانـەکانیان پـێ دەترساند.. دووەمیش یەك مامۆستا هــەموو دەرسـەکانی پێنەدەگوتین تا بەئارەزووی خۆی نمرە دانێ.

—ئەی دایکت کە ئەم زولّمەی مودیرەکەتانی بینی چـی بەتۆ گوت؟

—دلّی دامەوەو گوتی: باشتکرد تفت لەسـەباحی کـوڕی محەمەد ئەفەنی نەکرد، دەنـا شـار بـەدەریان دەکردیـن.. کـوڕم قـەیناکات ئێمـەیش خوامــان هەیـە.. ئـەو دەمـە نەمدەزانی خوا چییە، هەر جارەو بەشێوەیێك لەمێشکمدا وێنام دەکرد.. هەر هـەمان سالّو لەهـەمان پۆلـدا، پـاش پەنجە شکاندنەکەم، مامۆستایەکمان هـەبوو کـورد بـوو، قەدیش بەکوردی قسەی نەدەکرد ناوی مامۆستا ئیـبراهیم بـوو دەرسـی قرائـەتی پێدەدایـن، رۆژێك هاتـە پۆلــەوە، موراقیب گوتی: قیام، ئێمە هەلّسـاین، زۆر بەتووڕەییـەوە گوتی: جلـوس، چووە لای تەختـە رەشـەکە، کاغـەزێکی لـەگیرفان دەرهێنـا، وردە وردە دەیخوێنــدەوەو رەنگــی تێکدەچـو.. پاشــان بەقوتابییــەکانی گــوت: کاغــەز دەربێنـنو رەسم بکـەن. هـەمووومان رەسمـان کـرد، ئـەو رەسمەی من کردبووم، هەندێ خـەت خەتۆکـەی تێکـەلّو پێکـەلّ بـوو.. مامۆسـتا ئیـبراهیم، بەسـەر قوتابییـەکاندا دەهات یەك بەیەك لێی دەپرسین: ئەم رەسمەی دروستت کردووە چییە؟ قوتابییەك دەیگوت: مامۆستا ئەمە شێلم فرۆشە یەکێکی دی دەیگوت: ئەمە قەمەرەیـە.. یـەکێکی دی دەیگـوت سـێوە: هاتـە لای منو لێـی پرسـیم: ئـەم رەسمـەی تـۆ دروسـتت کـردووە چییـە؟ منیــش زۆر بــە بەرائەتــەوە گــوتم: ئــەلّلاهن رەسمــدی، واتــە رەسمــی خوایە.. چووە لای تەختەڕەشـەکەوە، بــەدەنگی بــەرز گوتی: رەسمی چی؟ منیـش بـەدەنگی بـەرزو بـە هـەمان بەرائەتـەوە گـوتم: رەسمـی خوایـە.. بــانگی کردمــە لای خۆیو لەپڕ شەقازللەیەکی پیاکێشام، بلّاچە لەچاوانمەوە بەرزبووەوەو لەجێدا میزم بەخۆمدا کرد.. کـە گەڕامـەوەو تاگەیشتمە سەر تەختەی خۆم، هێلّی میز بەنێو پۆلەکەدا رێچکـەی بەسـتبوو.. قوتابیـان بەتەشــەفییەوە پێـم پێدەکەنین.. گەڕامەوە بۆمـالّ دایکمزانـی میـزم بـەخۆمدا کـردووە.. مەسـەلەکەم بۆ باســکرد، زۆر بەمەلولییــەوە گوتی: قەیناکات، ئێمەیش خوامـان هەیـە.. تاسـەرەتاییم تەواو کرد لەوشەی خوا گەلیّ دەترسام.. وامدەزانی نـاوی خـوا بێنـم ئیـدی مـیز بـەخۆدا دەکـەم.. گـەلێجار خۆمــم هـاندەدا، بەترســەوە نــاوی خــوام دەهێنــا، پاشــانیش

بەئاسپایی دەستم بۆ ناوگەڵی خۆم دەبرد کە دڵنیادەبووم لەوەی میزم بەخۆدا نەکردووە.. گەلێ دڵخۆش دەبووم، ئیدی بۆ ئەوەش ئەو ترسە بڕەوێنمەوە بەموناسەبەتو بێ موناسەبەتەوە، ڕۆژی چەند جارێ ناوی خوام دەهێنا.. (ئێستا) دەمەوێ بڵێم، هەژاران و بێ نەوایان ئیمانیان بەخوا پتەوترە، هەمیشە خۆیان بەنزیک لەخوا دەزانن، گەلێجار بەکڵۆڵییەوە خوا دەدوێنن..

–وەك بزانم ئێوە ئیمانتان بەخواهەیە

–بەڵێ، ئیمانێکی پتەو، بتەوتر لەئیمانی سەردەمی منداڵیم، بەلای منەوە ئیمان گرنگە.. بەڵام ئیتاعەت


هۆڵی زووری بازرگانی ١٩٩٨/٤/٢٥

مەسئەلەیێکی دییە.. ئەو خوا مەزنەی مـن ئیمانم پێیەتی: ئەو خوایە نییە کە زۆربەی ئاینەکان باسی دەکەن..

–حەزدەکەم نموونەی ئاینێکم بدەیتێ کە چۆن باسی خوا دەکات..

–سەیری ئاینی جولەکە بکە چۆن لەعەهدی قەدیمدا باسی خوادەکاتو دەڵێ یەعقوب پاش ئەوەی وەحی بۆ هات ناوی خۆی لەیەعقوبەوە بکاتە ئیسرائیل.. شەوێك تا بەرەبەیان لەگەڵ خوادا زۆرانیان گرت! یا لەسفری تەسنیەی ئیستشراعدا دەڵێ: هارون بەموسا بڵێ، لەبیاباندا کە دەچێتە سەر ئاو سنگێ لەگەڵ خۆیدا ببات بۆ ئەوەی چاڵێ هەڵکەنێو پیساییەکەی تێبکاتو داپۆشێ.. ئەو خوایەی من دەیناسم عەرشەکەی لەدڵی مندایەو فەلسەفەی ئیمانیشم–ئەوەیە، هەرچییەکم بۆخۆم ناوێ بۆ کەسانی دیشم ناوێ..

–دەکرێ ئەم بڕگەیەی دوایت زیاتر ڕوونکەیتەوە..

–بەڵێ.. من نامەوێ، بۆخۆ برسی بم. بێ دەرەتانو چەوساوە بم نامەوێ سەرشۆڕو کڵۆڵ بم.. واتە نامەوێ چ کەسێ برسی بێ چ کەسێ بێ دەرەتانو چەوساوە بێ.. نامەوێ چ کەسێ سەرشۆڕو کڵۆڵ بێ. کەچی هەندێ لەئاینەکان، چاکەیان تەنها بۆ نەتەوەکەی خۆیان دەوێ.

–نموونەت بۆ دوا بڕگەی قسەکەت چییە؟

–پێم وایە دەزانی ٥پێنج ئینجیل هەیەو یەکێکیان لەلای مەسیحییەکاندا ئیعترافی پێ ناکەن، ئەویش ئینجیلی (برنابا)یە چوار ئینجیلەکەی دیش ئەمانەن: لوقا، مەتی، یوحنا، مەرقەس لەیەکێ لەم چوار ئینجیلەدا نووسراوە: ئافرەتێکی کەنعانی بەعیسا دەڵێ: کچەکەم نەخۆشەو چاکی کەوە ئەویش لەوەڵامدا دەڵێ: ما بعثت الا لخرفان بنوا اسرائيل الضالة.. واتە من تەنها بۆ مەڕە ونو سەرلێشێواوەکانی بەنی ئیسرائیل نێردراوم.. مەبەستی نەوەکانی یەعقوبە.

–پێدەچێ حەز بەخوێندنەوەی ئاینو کتێبە ئاینییەکان بکەیت..

–بەڵێ، تا ئێستا نازانم چەندجارو بەچەند زمانێ عەهدی قەدیمو عەهدی جەدیدم خوێندووەتەوە. ڕۆژانەش سەیرێکیان دەکەم

–ئەی قورئان؟

–هەمیشە دەیخوێنمەوە.. زیاتر بەزمانە عەرەبییەکە چێژی لێوەردەگرم بەفارسیو کوردیش خوێندوومەتەوە.. دوو تەرجەمەی کوردی هەیە یەکێکیان

هی "شەپولە" ئەوی دییان هی هەژارە.. زۆربەی تەفسیرەکانم خوێندووەتەوە..

—جگە لەم سێ ئاینە.. ئەی ئاینەکانی دی؟

—بەوردی ئاینی زەردەشتیو بودایی تاویو تەعالیمەکانی کونفوشیۆس وراما کریشنام خوێندووەتەوە.

—چ ئاینێکیان کاری تێکردووی..

—تاوییەکان، بەتایبەتی کە دەڵێن: إن الجهر بالخطيئة تعادل التوبة بەدەنگی بەرز لەخەتاکانت بدوێیت وەکو ئەوە وایە تۆبەت کردبێ.

—دەکرێ زیاتر روونی کەیتەوە؟

—کەس بێ بەری نییە لەخەتاکردن. بۆ نموونە کەسێ خەتاکەی دزی بووبێ، گەر بەدەنگی بەدەنگی بەرز باسی بکاتو بڵێ من دزیم کردووە. ئەمە وەکو ئەوە وایە تۆبە بکاتو چیدی دزی نەکات..

—تۆ دزیت کردووە..

—بەڵێ.. خزمێکمان هەبوو، ناوی برایم بوو پیاوێکی کوتو کوێر بوو ژنێکی تا بڵێی جوانی هەبوو، منالّیان نەدەبوو، پاش ئەوەی شەشی سەرەتایم تەواوکرد، برایم هاتە لای دایکمو پێی گوت: با ئەم عوتلەیە محەمەد بۆ ئەوەی خوێڕی نەبێ بابێتە کەبابخانەکەی من، خۆت دەزانی من کەسم نییە، بالەوێدا لەسەر دەخیلەبێو پارە وەرگرێ.. چوومە کەبابخانەو رۆژی سێ پەنجاییم وەردەگرت نیوەڕوان کەبرایم دەچووەوە بۆ ماڵ ئیستراحەت بکات، من لەسەر دەخیلەکەدادەنیشتم، ئەو دەمە نەفەری کەباب بەشەست فلس بوو.. هەرکە، شەست فلسەکەم وەردەگرت بەپەنجە چکۆلەکەم پەنجا فلسەکەم دەگرت، بەپەنجەکانی دیشم بەتوندی دە فلسەکەم هەڵدەداوەتە نێو دەخێلەکەوە، وایشم هەڵدەدا کە تەقەی بێ، بۆ ئەوەی شاگردەکانی دی بزانن کە پارەکەم هەڵداوەتە نێو دەخیلەکەوە.. لەماڵێشدا دایکم دەخیلەی بۆ دروست کردبووم ئەو رۆژانەیەی وەرم دەگرت، لەگەڵ ئەو چەند پەنجا فلسییەی کە دەمدزیو مەجالی خەرج کردنیم نەبوو، دەیانمخستە نێو دەخیلەکەوە کە سێ مانگەی هاوین تەواو بوو، دایکم دەخیلەکەی شکاندو سەیری کرد، پارەکە چەند بەرابەری رۆژانەی ئەو سێ مانگەمە.. پاش تێهەڵدان ئیعترافم کرد، دایکم دەستی گرتم، عەسرێکی هاوین بوو، بردمی بۆ ماڵی برایم، ئێستایش بۆنی ئاوڕشێنی، ئەو حەوشە گڵەم لە لووت دایە، لەگەڵ ژنەکەی دانیشتبوو چایی عەسری دەخواردەوە، دایکم پەلی گرتبووم هەموو پارەکانی پێ بوو، فرمێسك بەچاوانما دەهاتەخوارێ، لەسەریەكو بەپەلە هەنیسکم دەدا، وەك ئەوەی غەدرێکی گەورەم لێکرابێ خۆمم وا دەهاتە بەرچاو پاش ئەوەی دایکم مەسەلەکەی بۆ برایم گێڕایەوە، بەر لەوەی برایم قسەبکات، خەدیجی ژنی بەبزەیێکی مەلائیکانە کە ئێستایش دگانە سپییەکانیم لەبەرچاوە گوتی: مادامێ بەڕاستی قسەی کردووە، هەموو پارەکان بۆ خۆی، من پاسکیلی بۆ دەکڕم بەشەرتێ وەعد بدات، کە چیتر دزی نەکات، نازانم بۆ ئەو عەسرە هەندعینادبووم، ئەوسێ کەسە هەرچیەکیان کرد، نەیانتوانی وەعدم لێ وەرگرن کە چیدی دزی نەکەم..

—دزییەکەت هەر ئەمەبوو؟.

—نەخێر، بەجۆرێکی دیش دزیم دەکرد، زۆرجاران ئێواران کە برایم لەدوکان نەدەبو، من بەموشتەرییەکانم دەگوت، قیمە نەماوە.. بۆ ئەوەی ئێواران هەچ قیمەیێك دەمایەوە برایم بەشی خۆیو ژنەکەی هەڵدەگرت، ئەوەی دەمایەوە دەیدا بەمنو منیش دەمهێنایەوە بۆ ماڵێ..

—چ یادگاریەکی تری ئەو کەبابخانەیەت نییە؟!

—یادگارییەکەم هەیە، هەرگیز لەبیرم ناچێتەوە، ماڵێکی ئەرمەنی نزیکی کەبابخانەکەمان بوو، لەماڵەکەدا باغێکی گەورەو جۆلانەیەکیشیان هەبوو. ئەو دەمە من مێردمناڵ بووم، ماڵە ئەرمەنییەکەش کچێکی هاوتەمەنی منیان هەبوو.. زۆربەی ئێواران تەلەفۆنی دەکرد، من سینیەکەبابم بۆ دەبرد، ئەو چەندین جارەی کەبابم بۆ دەبرد، دەمبینی جلێکی سپی تەنکی لەبەردایە، بەزەردەخەنەوە سینیەکەی لێووەردەگرتم.. لەدوورە دەوەستام تا کەبابەکەی تەواو دەکرد.. ئەو ئێوارەیەی کەبابم بۆ ئەو کچە بردبا، جوانترینو ناسکترین شەوو خەونم بەسەردەبرد.. تا ئێوارەیەك داوای کەبابی کرد، بۆم برد کەبابەکەی تەواوکرد، چوم سینییەکە هەلگرم، پەنجا فلسێکی وەك بەخشیش لەناو سینییەکەدا

بۆدانابووم، پێم وایە دە بەرابەر بەژمارە پەنجا فرمێسکی گەرم لەچاوانمەوە هاتە خوارێ.. ئیدی هەرگیز کەبابم بۆ نەبرد.. برایم پێی دەگوتم: هەتیوی ساختەچی جاران نەتدەهێشت، هیچ یەك لەشاگردەکان کەباب بۆ ئەو ماڵە ببەن کەچی بەینێکە بە شاگردەکان کەبابیان بۆ دەنێرێ.. چییە مەسەلە. منیش هەر جارەو درۆیەکم بۆ دەکرد دەمگوت سەرم دێشێ.. یادەمگوت بێ تاقەتم پێدەچوو برایم بەوردی سەرنجی رەفتاری دەدام.. تاجارێکیان پێی گوتم: کە تەلەفون دەکەن داوای کەباب دەکەن، تا شاگردەکە دەگەرێتەوە وەك گێژ و حولت لێدێ، چییە پێم بڵێ، منیش نازانم بەچ زمانێکی ئەو دەمەی تەمەنم برایمم حاڵی کرد، کە کچەکەیان پەنجا فلس بەخشیشی لەنێو سینیەکە بۆ دانا بووم.. وام لە برایم گەیاند، کە بەزەیی بەمندا هاتوتەوە، منیش هی ئەوە نیم بەزەییان پێمدابێتەوە برایم زمانەکەی گوڕا زۆر بەحیدەتەوە گوتی.. چیت لە پەنجا فلسیەکە کرد، منیش سەرم داخستبوو زۆر بەزەحمەت دەسەڵاتم بەسەر فرمێسکەکانمدا شکا و بەلاڵە پەتیانەوە گوتم. هەڵمدایە نێو کۆشیێوە... کەسەرم بەرز کردەوە، هیچ کاتێ برایم وانەبینیبوو تووشی شاگەشکەبوو بێ لەسەر یەك چەند جارێ پێی گوتم ئافەرین.. ئافەرین چاکت کرد.. برایم ئەمەی بۆ خەدیجی ژنی گێرا بووە و خەدیجیش پێ گوتم ئافەرین راستە ئێمە هەژارین، بەلام هی بەزیی نیین. ئەوان هی ئەوەن ئێمە بەزییمان پیاندا بێتەوە لە راستیدا لەو دەمەدا لەم قسەیەی خەدیج نەدەگەیشتم.. ئێستا دەزانم دەوڵەمەندان چ بێکەسێکن هیچ یەکێکیان تاقە هاورێیەکی گیانی بەگیانی نییە راستە زۆرکەس دەناسن بەلام هەموو پەیوەندییەکانیان پەیوەندی بەرژەوەندییە.

–کچەکە ناوی چیبوو..

–نازانم لەناویم نەپرسیبوو..

–وابێ ئەمە یەکەم دڵداریت بووە..

–بەمانای دڵداری، دڵداری نەبووە شتێکی یەك تەرەفە بوو ئەویش هەر لەلایەن منەوە بووە. ناتوانم ناوی دڵداری لێنێم..

–باشە بەموناسەبەتی دڵداریەوە.. دەتوانی باسی یەکەم دڵداری خۆت بکەی؟

–هەرزەکاربووم، دوو هاورێم هەبوو زۆربەی کاتەکان بەیەکەوەبووین ئەو دوو هاورێیەم، یەکێکیان مستەفا زەنگەنەبوو کە ئێستا دکتۆرەو لەزانکۆی سەلاحەددین مامۆستایە، ئەوی دیشیان فەرەیدون مەحمود خەیاتەو پێمان دەگوت فەرە چاوشین ئەویش ئێستا مامۆستایەو لەچەمچەماڵە.. ئەو دووە هەر یەکەو دەنکێکیان هەبوو. منیش هیچم نەبوو، هەستم بە کەساسی دەکرد.. درۆم دەکرد لەخۆڕا ناوی کچە خزمێکی خۆمم دەهێناو دەمگوت دەنکی منە.. پێدەچێ ئەو دەمە رووداربوویم رۆژانە لەرێی مەکتەب دەکەوتمە دوای.. نازانم چۆن ئەو کچە بەستەزمانە لەرێی مەکتەبو لەپەنایەکدا کاغەزێکی دامێ.. کاغەزەکەم خوێندەوە تووشی شاگەشکەبووم، بەداخەوە ئێستا تەنها دوو رستەییم لەبیرماوە.. ئەوانیش رستەی یەکەمو رستەی کۆتایین.. رستەی یەکەم بەمە دەستی پێکردبوو، کوردستان یان نەمان.. کۆتایی نامەکەیشی ئەم رستەیەبوو.. ئیتر بۆ پێشەوە لەژێر ئالای مەلا مستەفا.. ئیدی منیش لەچاپخانەدا دەرم دەهێناو بەمناسەبەتو بێ موناسەبەوە بۆ ئەو خەڵکەم دەخوێندەوە کە درۆم لەلایان کردبوو، کە گوایە فلانە کچ دەنکی منە.. ئەوائێستا درۆکەم بووە راستی.. دەبا وەلامی ئەو کاغەزەم بدایەتەوە. ئەو دەمە نەمدەزانی بەکوردی بنووسمو عەرەبییەکەیشم هی ئەوە نەبوو نامەی دڵداری پێ پێنووسم.. هەمیشە نامەی کچەکە لەگیرفانم بوو.. رۆژێك چوومە بازار کتێبێکم کڕی بەناوی، (كيف تكتب الرسائل العصرية).. کتێبەکەم دەخوێندەوە بەجوانی لێی نەدەگەیشتم بەکورتی بەم شێوەیە نامەیەکم بۆ نووسی.. دێرێ لێرەو دێرێ لەوێ.. تەنانەت دێرێکیشم لەنامەیەکی کتێبەکە دەرهێنا، ئێستایش دەکەوێتەوە بیرم خەجاڵەتیو پێکەنین بەجۆرێ دامدەگرێ دەمگەێنیە قەناعەت، کە حەماقەت بەجۆرێ رەگی لەنێو ئینساندا رۆچووە، بووەتە درەختێ، هەر جارەو بەرێ دەخاتەڕوو، جارێ بەری حەماقەت شیرینو جارێکی دی ترش.. جارجارەش تفتو تاڵ.. پێم وانیە مرۆ لەهەر تەمەنێکدابێ بتوانێ رەگو ریشەی حەماقەت لەناخیا دەرهێنێ.. تا تەمەن مابێ، حەماقەتیش دەمێنێ، بەلام بەم جیاوازییە لەلای هەندێ کەس ئەو

داری حەماقەتــە ڕۆژانــە بــەری دەداتــێ.. لــەلای هــەندێ کەسـی دی ســاڵانە.. هــەندێ کەســی کــاملیش ڕەنگــە چارەگــە ســەدەیێك یــەکجار بێتــە بــەر.. بــەڵام چ بــەرێ؟ بەکورتی کەس بێ بەری نییە لە حەماقەت، تا پلـەو پایـە بـەرزتریێ حەماقــەت کــەمتر دەبــێ، بــەڵام جۆرەکــەی پێکــەنین ئــاوەرتر دەبــێ.. بــۆ نموونــە: هــۆراس-ی شاعیریان لەسەردەمی ڕۆمانیەکاندا کردە "قائد فەیلەق" لەشەڕێکدا دۆڕاندی. کەچی شیعرێکی نووسی باسی ئازایەتی خۆی‌و سەرکەوتنەکەی دەکات. ئەنیشتاین، پشیلەیێکی هەبوو لەدەرگایەکی چکۆلەوە دەهاتە موختەبەرەکەی پشیلەکەی دەترەکێ‌و هەشت بێچوو دەهێنێ، ئەنیشتاین هەشت کونی دیی لەتەنیشت دەرگا چکۆلەکەوە دروست کرد.. ئەم جۆرە حەماقەتانە بۆ کەسانی زاناو هونەرمەند هەند کوشندە نیین بە بەراورد لەگەڵ حەماقەتی سیاسیەکان.. هی ئەمان جاری وا هەیە شکست بە میللەتێ دێنێ لە ئەوپەڕی دەسەڵاتەوە میللەتەکەی خۆی زەلیل دەکات.. بەکورتی تا ئینسان مابێ حەماقەتیش دەمێنێ .. چاك وایە لەمەیان گەڕێم بۆ خاوەن تەجرەبەکان.. با بێمەوە سەرنامەکە.. لەکتێبەکە دێڕێکم بەرچاوکەوت بەم مانایە: "عندما رايتك بفستانك الابيض" ئەم دێڕەیشم تێهەڵکێشی نامەکە کرد.. ئەم نامەیەشم لەپاڵ نامەی کچەکەدا لەگیرفان دانا.. لەفرسەتێکدا نامەم دایە کچە. هەر پاش چەند سەعاتێ بۆم دەرکەوت، هەر نامەی کچەم داوەتێ ولێم تێکەڵ بوون.. ئێستا دەڵێم بەختەوەر بووم ئەو نامە بێ سەرو بەرەی نووسیبووم یا ڕاستتر دزی بووم نەگەیشتە دەستی، چونکە درۆی هەند شاخداری تیابوو شەرم ئاوەربوو ئەو کچە بەستەزمانە هەژارە جگە لەتەنوورەیەکی ڕەش کەتایبەت بوو بە پۆشاکی مەکتەب بەهیچ پۆشاکێکی دییەوە نەمبینیبوو.



—ئەی ئەنجامی ئەو دڵدارییە؟

—ئامۆزاییێکی هەبوو ناوی محمد بوو تێری تێهەڵدام‌و عاقڵی کردم!

—وابێ یەکەم کتێبێ کە خوێندبێتەوە.. ئەو کتێبە عەرەبییە بووە؟

—بەڵێ جوانیش لێی نەدەگەیشتم

—ئەی دوای ئەو کتێبە چیت خوێندەوە؟

—تاماوەی چەند ساڵێکیش هیچم نەخوێندەوە، رقیشم لەخوێندنەوەبوو، هەرگیز بەخەیاڵم نەدەهات ڕۆژێ لەڕۆژان ببم بەنووسەر.

—ئەی حەزت دەکرد ببیت بەچی؟

—ئەو دەمە حەزمکرد ببم بەفڕۆکەوان.. لەکەرکوکدا فڕۆکەخانە هەبوو، ڕۆژانە تەیارەی "فیوری" بەئاسمانی کەرکوکدا هەڵدەفڕین‌و تەقڵەیان لێدەدا.. منیش حەزم دەکرد ببم بە فڕۆکەوان ئەوەندە نزم بفڕم‌و لەسەر ماڵی ئەو کچەدا کە گوایە حەزم لێدەکرد، تەقڵە بەتەیارەکە لێدەم.

—گوتت کەمتا کورتێ لەخۆم گەیشتووم دەکرێ زیاتر ڕوونی کەیتەوە؟

—دەبێ بڵێم کەسێکم وەك کەسانی دی، دوو دەست‌و دوو پێ‌و دووگوێ‌و یەك دەم‌و یەك لوت‌و یەك زمانم هەیە.. ئەمە لەڕووی دەرەوەیە‌و ئاوێنەکانیش بەم شێوەیە ڕەنگم دەدەنەوە. بەڵام بۆ دیوی ناوەوە ئەگەر بڵێم بەچاکی خۆم ناناسم ئەوا نەموبالەغە دەکەم‌و نەزیادەڕۆیی، ڕەنگە کەم کەس هەبێ هەندەی من نامۆ بێ بەخۆی.. بۆ نموونە ، هەندێ جار ماتەمینێکی ئەوتۆ دامدەگرێ بەرانبەر بەژیان دەوروبەر تەواوێ بێ ئومێد دەکات، ناشزانم سونگەی ئەم ماتەمینیەم چییە! گەلێ جاریش کەیفەکەرانەیێکی ئەوتۆم هەیە پێموایە ئەم جیهانەو هەرچی جوانییەکانی تیادایە لەبەر خاتری من خوڵقێنراون، دیسانەوە دەڵێم نازانم هۆی ئەم کەیفە

کەرانەیەم چیەو بۆچیە! جامنێ نەزانم–هەندێ جار–بۆ کەیفخۆشم یا بۆ ماتەمینی دایگرتووم، چۆن دەتوانم دەستنیشانی خۆم بکەم کە چیمو کێم.. بەواتاییێکی دی لەمەملەکەتی ناخی خۆمدا غەریبێکی ئەوتۆم، شتە ئاساییە ئینسانییەکانی خۆم بە غەریبم دەزانن، لەخۆڕا نیە یەکەم مامۆستای فەلسەفە کتێبێکی لەمەڕ خۆناسینەوە نووسیوە.. قەناعەتم وایە، قورسترین کارێ کە ڕووبەڕووی مرۆڤ دەبێتەوە ئەوەیە کە خۆی بناسێ.. خۆناسینیش کۆتایی هەموو ناسینەکانە مرۆڤیش کە هەموو ناسینەکانی زانی ئیدی پێویست ناکات بەردەوامی بەژیان بدات.

–بۆ؟

–پێموایە چ بێ تامییێک لەدنیادا نییە هەندەی ئەوە بێ کە مرۆڤ هەموو شتێ بناسێو بزانێ.

–وابێ تۆ چێژ لەنەزانین وەردەگری؟

–بەڵێ. نەزانین عەیب نییە.. عەیب ئەوەیە ئینسان نەزانێ کە نازانێ.. سوقرات دەڵێ: کە نەمدەزانی وام ئەزانی کە دەزانم بەڵام کە فێربووم و زانیم ئەوسا بۆم دەرکەوت کە چەند نەزانم..

عەیب نییە کەسێ نەزانێ ساڵ ٣٦٥ ڕۆژە.. بەڵام سووربێ لەسەرئەوەی ساڵی سەر زەوی ٣٧٠ ڕۆژە، چەندین جاریش دووبارەی کاتەوە بۆیشی ڕاستکەنەوە هەر سووربێ کە ٣٧٠ ڕۆژە ئەمەیان ئەوپەڕی جەهلی مورەکەبە.. گوتت چێژ لەنەزانین وەردەگرم.. بەڵێ هەر هەمان چێژە هانم دەدات هەوڵدەمو بزانم ترسیشم لەسەرنەکەوتنی هەوڵەکانم نییە چینیەکان دەڵێن (ئەمە فەشەلی هەزارو یەکەمم..) مەرج نییە هەموو هەوڵدانێ ئەنجامەکەی سەرکەوتن بێ. گرنگ ئەوەیە مرۆ لەهەوڵداندا کۆڵ نەدات.. قورسترین هەوڵیش ئەوەیە هەولی خۆناسین بکەیتە پێگە. ئەگەر ڕێژەیێک بۆ خۆناسین دابنێین.. ئەوا ئێستا من تەمەنم پەنجاو هەشت ساڵە، ئەگەر لەسەدا دەی خۆناسینم وەدەست هێنابێ، ئەوا ڕەنگە بۆم بکرێ لەدە ڕستەی چڕدا کۆیان کەمەوە. من ئینسانم، وەك دەڵێن گۆشتو خوێنم، سوپەرمان نیم تواناو تاقەتێکی سنووردارم هەیە بۆ ئەوەیش هاتوومەتە دنیاوە تا فێربم، بژێم، ئەوجا بمرم.. بەلای منەوە گرنگ ئەوەیە ئەو مێڵەی لەنێوانی ژیانو مردندایە بەچ جۆر ڕەفتارێ پڕی کەمەوەو چ ڕەنگێکی پێ ببەخشم.. بەڵام گەلێ جاریش مرۆ هەرچەندە تواناو دەسەڵاتو حەزی هەبێ زرووف مەوزوعی دەبێتە بەربەستو بە پێچەوانەی ویستەکانی خۆی هەنگاو دەنێو لەبۆتەی دژە ڕەفتارە ئینسانیەکاندا خۆی دەبینێتەوە بۆ نموونە زۆربەی زۆری ئینسانەکان حەز بەڕاستگۆیی دەکەن کەچی زۆربەیان نازانن بۆ درۆو موبالەغە دەبێتە کاکڵەی ئەو حەزەیان، یا هەندێ ڕەفتاریان دەبێتە توێکڵ ڕاستگۆیەکەیان دادەپۆشێ.. گەر بمرمو زیندووم کەنەوە هەمەان ئەم ژیانەی خۆم بەهەڵەکانمەوە هەڵدەبژێرم.. من نازانم کەسی بێ هەڵە چۆن دەبێتە کەسێکی چاك، ئەوەندە دەزانم هەڵەکان ئەوەندەیان فێرکردووم لەهەڵە خۆ دوورە پەرێزگرم.. گەر بۆیشم نەکرا، قەناعەت بەخۆم دێنم کە ئینسانم دەبێ هەڵەم هەبێ دەنا خۆم بەڕۆبۆت دەزانم.

–خەوشەکانی ئەدەبو هونەری کوردی لەچیدا دەبینی؟

–ئێمە تووشی سێکوچکەی خەتا بووین..

–چین ئەو سێکوچکەیە؟

–یەکەم: سەیری یەکتر ناکەین

دووەم: گوێ لەیەکتر ناگرین

سێهەم: یەکتر ناخوێنینەوە.

–دەکرێ زیاتر مەبەستت ڕوون کەیتەوە؟

–ئێمە چاوەڕێی ئەرەین، لەدەرێی خۆمان کەسێکی نامۆ بە هونەرەکەمان–گەر ئەو کەسەیش عەرەبێکی هونەرمەندی دەرەجە چواربێ لەنێو هونەری عەرەبیدا–بڵێ ئێوە ئەکتەرێکی گەورەی وەکو عەلی کەریم تان هەیە چ کەمتر نییە لەنور ئەلشەریف.. هەرکە ئەم ڕایەمان لەدەمی ئەو عەرەبەوە بیست ئەوجا هەموومان تووتی ئاسا لاسایی ئەو ڕەئیە دەکەینەوە، دووبارەو سێ بارەی دەکەینەوە، قسەی ئەو دەرەجە چوارە دەکەینە بناغە. سونگەی ئەم بێ باوەڕییە بەخۆ دەگرێتەوە بۆ ئەوەی کە خۆ بەکەم دەزانین، متمانەمان بەڕاو بۆچوونی خۆمان نییەو خۆ بەچکۆلە دەزانینو پێشمان وایە (گوێرەکەی خۆماڵی نابێ بەگا) گوێ لەیەکتر ناگرین، تا تورکەکان پێمان دەڵێن ئێوە زەکەریاتان هەیە چ کەمتر نییە لە

ئیبراهیم تاتلساس، ئەوجا بەهەڵە داوان بەدووی سێدیەکانی زەکەریا دەگەڕێین.. نامەوێ باسی هەندێ لەو هونەرمەندە دەنگخۆشانەی خۆمان بکەم کە وەك دوژمنی باوە کوشتەی خۆیان سەیری زەکەریا دەکەن. لەبری ئەوەی شانازی بەوەوە بکەن کە سێدییەکانی زەکەریا لەئیمارات و قەتەرو بەحرین تەنانەت بەغدایش– کە زمانە کوردییەکەش نازانن–عەودالّین.یا راستتر بلّێم نەخوێندەوارین.. نەخوێنەوارترین نەتەوەێیکن تەنانەت زۆربەی زۆری ئەدیبان هەر تەنها ناونیشانی کتێبەکانیان خوێندووەتەوە کەچی رێش بەخۆ دەدەن ناوەڕۆکی ئەو ناونیشانە وەك تانووت بەکاربهێنن:

لەمێژە بەنیازم دۆن کیخوتە تەرجەمە بکەم. کتێبخانەکەم لەهەولێردا بەجێهێشت، لەسەر لەبەری سلیمانیدا "دون کیخۆتەم" دەست نەکەوت تا لەهەولێر برای خۆشەویستم کاك تاریق جامباز بۆی ناردم.. زۆر بەدڵنیاییەوە دەڵێم کەم خوێنەری کورد هەیە هەشت بەرگی (گەڕان بەدوای زەمانی ون بووی) مارسل پروستی خوێندبێتەوە تەنانەت سەدا نەوەت و نۆی سیاسیەکانیشمان سەرلەبری (راس المال)ی مارکس یان نەخوێندووەتەوە.. ئەوا من ئەوە دەسەلمێنم سەدا نەوەتی ئەدیبی کورد ناخوێنێتەوە. سەدا نەوەت و نۆی سیاسیەکانیش ناخوێننەوە. هەر بۆیە پێیان وایە هەموو شتێ دەزانن و لەهەموو شتێکیشدا مەعلانن بەداخەوە بەشێکی ئەو رێژە کەمەش کە دەخوێننەوە لنگەو قوچ تێیدەگەن! یەکتریش ناخوێننەوە، گەر سووکە خوێندنەوەیەکیشمان بۆ یەکدی هەبێ پاش خوێندنەوەکە پرسیارێکی قێزەون روومان تێدەکات دەپرسین ئەو نووسەرە سەر بەچ گروپ و حیزبێکە.

–بەڕای ئێوە گروپکاری لەئەدەبدا واریدنییە؟

–لەمێژووی ئەدەبی جیهاندا گەلێ گروپ هەبوون وەك دادائی و سوریالی و موستەقبەلی و روانگە ئەمانە تا رادەییێك قوتابخانەی ئەدەبی بون بەلاّم مەعمەل نەبون ئەدیبی تیا دروست بکەن، گروپ و یەکێتی نووسەران ئەدیب دروست ناکەن. لەناو ئەو گروپانە چەند کەسێك توانیویانە بمێننەوە، ئەندرێ بریتون و شێرکۆ بێکەس دوو نموونەی زیندوون، سەدان ئەدیب و هونەرمەندی سوریالی و دادائی هەبوون، تەنانەت وەکو ناویش، ئەوانەی شایستەی ئەوەبن ئاماژەیان بۆ بکرێ لەژمارەی پەنجەکانی دەست تێناپەڕن. روانگەی خۆشمان دەیان ئەدیبی لەدەور کۆببووەوە. لەغەیری شێرکۆ بێکەس من لەتۆ دەپرسم کێن ئەوانی دی جێ پەنجەیان دیاربێ.

–راستە شێرکۆ بێکەس دیارترین ناوی روانگەیە بەلاّم هەندێکی دیش هەن بەردەوامن، وەك مامۆستایان حوسێن عارف و صەلاح شوان و..

–من گوتم دیارترینیان شێرکۆ بێکەسە

–بەموناسەبەتەوە، با لەسەر روانگە قسەبکەین..

–من ناتوانم دەوری روانگە بەنادیدە وەرگرم، پێش روانگە - جگە لەمامۆستایان لەتیف حامیدو لەتیف هەڵمەت– ئەدەبی کوردی گۆمێکی مەنگ و قەوزەگرتوو بوو، پێشتر دیوانی خواو شارە بچکۆلەکەمان ئەو گۆمەی شڵەقاند پاشانیش روانگە قەوزەی ئەو گۆمەی چنییەوە..

–بەم حیسابەی ئێوە بێ لەتیف هەڵمەت پێشی روانگە کەوتبوو؟

–ئەمە قسەی من نیە، ئەمە مێژوویێکی رەسەنی ئەدەبی کوردییە لەتیف هەڵمەت بۆمبی تازەگەری تەقاندووە، لەتیف هەڵمەت شیعری لەدیوەخانەوە گەیاندە سەرجادەو چایخانەو مەیخانە، لەتیف هەڵمەت سەر لەبەری کوردستانی بەشیعر راچڵەکاند.. لەتیف هەڵمەت، جگە لەشیعر رەفتاریشی رەفتارێ بوو کە ئەمرۆ گەورە پیاوانی بواری ئەدەب و هونەرو وەرزش پیادەی دەکەن، بۆ نموونە بەر لەسیو پێنج ساڵ لەتیف سەری قۆچکە تاش دەکرد، کەچی یەك دوو ساڵە لەئەوروپاو ئەمریکادا، ناوداران بەهەمان شێوەی ئەو دەمەی کاك لەتیف سەریان دەتاشن، ئەو دەمەو ئێستایش بەڕەفتار دەیسەلمێنێ کە خاوەنی مووەکانی خۆیەتی و ئازادە چییان لێدەکات.. ئێستایش هەر رۆژەو بەجۆرێك دەیبینی، رۆژێك ریش و سمێڵی هەیە، رۆژێکی دی هەردووکیان دەتاشێ، رۆژێ پرچی درێژە، رۆژێکیش دەیبینی سەری تەواو تاشیوە، بەکورتی لەتیف هەڵمەت پیاوێکی ئازادەو تەنانەت ئازادی بەجەستەی خۆی داوە چ بایەخێ نادات بە عورف و عادەتی سواو و بێ

دەربەستە، هەمیشە لەحەیەوییەتدایە، جگە لە کوردایەتییێکی پاکی دوور لەحیزبایەتی، دەق بەهیچ جۆرە بیرو بۆچوونێکەوە ناگرێ، سەردەمانێ مولحیدبوو دوژمنی سەرسەختی ئەدەبی کلاسیکی کوردی بوو، سەردەمانێکی دیش پڕ ئیمانو دەروێشی نالیو سالمو حاجی قادری کۆیی بوو.. ئێستایش پیاوێکی سۆفیە بەدوریشی نابینم سبەینێ بەقەناعەتەوە نەبێتە شێخی سەنعانو کچە گاورێك رایەکێنێو بەرماڵەکەی پێ بباتە قوژبنی مەیخانەیێك، هەمان مەیخانەش بکاتە گۆشەی تەفکیری بەدووری نابینم جارێکی دیش نوری بادەی هەمان مەیخانە کەمەند کێشی بکاتو بەرەو خودا پەرستییێکی ئەوتۆی ببات، ئەوەی مەحوی لەشیعردا نەیگوتووە، ئەوەی حافزو سەعدیو مەولانا پەییان پێ نەبردووە ئەم بیلێو بناغەیێکی بتەوتر بۆ شیعری سوفی دامەزرێنێ.

–دنیای پەیوەندی نێو ئەدیبانی کورد چۆن دەبینی؟

–پەیوەندی زۆربەی هەرە زۆری ئەدیبان لە (حەدیقەی ئەلغام) دەچێ، پڕە لەگوڵی رەنگاو رەنگ، زۆربەی گوڵەکان دڕکاوین بەئیرەیی ئەو گوڵانە ئاو دەدرێن.. هەندێ لەئەدیبان پەنایان بردووەتە بەر ئەوەی بەئاسانی خەتی راستو چەپ بەسەر ئەمو ئەودا دەهێنن، لەبەر هیچ نا لەبەر ئەوەی وەکو ئەوان بیرناکەنەوەو خەریکی رەفزکردنی ئەوی دین. چونکە بەپەڕۆی رەش چاوو گوێی خۆیان بەستووە، نەدەتوانن بخوێنیەوە نەدەشتوانن بژنەون ئەوەندە قەوزە گرتوون یا دەبنە دەروێشو ئەڵقە لەگوێ ناوەندە نیمچە دەسەڵاتە ئەدەبییەکە کە پێیان وایە وەلی نیعمەتیانە یا دەبنە دوژمنی سەرسەختی داهێنەرانو چاویان بەداهێنان کوێر دەبێ..پێیان وایە کە خەڵکی دی یان شکاندووەوە، خۆیان بەرز دەبنەوە، ئەوەی ئەمڕۆ لەنێوەندە ئەدەبییەکەدا هەیە، شتێکی گەلێ سەیرە، هەر ئەوەندە سووکە سەرنجێکت لەسەر رۆمانێ، چیرۆکێ، شیعرێ، هەبێو بەدڵی نووسەرەکە نەبێ، ئەوا جگە لەوەی دەبنە دوژمنو قسەت لەگەڵ ناکەن، دەتکەنە بنێشتە خۆشەی سەر زاریان. دەسەڵاتت لێ بڕدەکەن..

گروپکارییە ئەدەبیەکە مانەندی قەومی قازن، هەریەکێکیان بقیڕێنێ ئەوانی دیش بەدوایەوە دەیقیڕێنن.

–بەکورتی باسی رەخنەی کوردی بکە؟

–بەگشتی رەخنەی کوردی ساوایە، پێموانییە دە کتێبیی رەخنەییمان هەبێ.. ئەوەی هەیە هەندێ لێکۆڵینەوەیە.. لەناو ئەو هەندە لێکۆڵینەوانەدا، باشیان تیادایەو خراپیش.. تا ئێستا رەخنەی کوردی نەیتوانیوە دەقێ بەخوێنەر ئاشنا بکاتو کەشفی وردە فەهمە نادیارەکانی نێو دەقەکە بکات.. زۆربەی ئەو نووسینانەی بەناوی رەخنەوە بڵاودەبنەوە یا ئینشایە یا موجامەلە.. ئەم ئنشاو موجامەلەیە پانتاییێکی زۆری داگیرکردووە شتێکی کەمیشی بۆ بوغزوکینەو ئیرەیی هێشتووەتەوە! میزاجیش دەوری سەرەکی خۆی هەبووە!

–چیرۆکی ئامێردەکانت بڵاوکردەوە لەگۆڤاری بەیان ئەو دەمە هەر زوو لەلایەن میرییەوە لەهەموو شارەکاندا گۆڤارەکە کۆکرایەوە.. پێدەچێ ئەو چیرۆکە کێشەی زۆری بۆ نابێتەوە..

–ئەدەب بۆ هەندێ ئەدیب بووەتە مایەی بەختەوەریو دەوڵەمەند بوونو تەنانەت لەهاوڵاتیە ئاسیاکە ئیمتیازاتی زیاترە. ئەگەر فەرمانبەرێکی ئاسایی حەقی ئەوەی هەبێ پارچە زەوییەك وەرگرێ، هەندێ ئەدیب حەوت پارچە زەویان بۆ خۆیان وەرگرتووە، خزمیش نەماوە بۆی وەرنەگرێ ئەمە جگە لە چەندین سەیارەیان داوەتێ.. ئەدیبی دیش هەن پرتەو بۆڵەیانەو دژ بەهەر هەموو شتێکی دەسەڵاتن، کەچی لەماوەی سی ساڵی شۆڕشو شکستو نەهامەتی، بۆ یەك رۆژ لەژنەکەی دانەبڕاوە، تەنانەت لەسایەی رژێمی کورد کوژدا نەك یەك زللەی بەرنەکەوتووە بەڵکو لەگوڵ کاڵتری پێ نەگوتراوە.. ئەدیبی دیش هەن، ئەدەبەکەیان بووەتە مایەی دەردی سەریو دەربەدەری خۆیوماڵو منالی..

من لەئەدیبە بەختەوەرەکانم، ئەدەبەکەم بووە مایەی دەربەدەریو حیجزکردنی ماڵم لەکەرکوكو دەربەدەری ماڵو منالم، هەر لەبەر ئەدەبەکەم چوومەتە ژووری ئیعدام.. ئەمەیان لەنێو رژێمداو لەدەرەوەو لەنێو شۆڕشیدا، ئەوەی بەسەگ نەکرابێ–لەلایەن هەندێ

نامەسـئولەوە–بـەمن کـراوە.. کـە گـوتم بەختـەوەرم مەبەستم ئەوە بوو بڵێم لەڕێی ئەدەبەکەمەوە بەرەوڕووی سەختترین تەجربەکانی ژیان بوومەتـەوە.. ئـەدیبی بـێ تەجرەبەش مانەندی ئەو ماسییەیە کە دەمی بەر قولاپ نەکەوتبێ.. تەجرەبە بۆ ئەدیب مرەکەبی قەڵەمەکەیەتی. یانی چـی ئـەدیبێ لـەنێو میللـەتێکدا بـێ، سـەدا نـەوەتی میللەتەکە لەبەر زەبرو زەنگی ڕژێمدا پرشکی ئـازاری بەرکەوتبێ. هەر هیچ نـەبێ برسیو دەربەدەربوون. ئـەو ئەدیبە ئەم تەجرەبەیەی نەبێ، کەچی لەسـەر برسییەتی دەنووسێ.

بەختەوەری من وەك ئەدیبی لەوە دایە، نەهامەتیـەکان بوونـە مامۆسـتام ئـەو وانـەیان فـێرکردم کـە لـەهیچ زانکۆیەکدا چ کەسێ فێری نابێ

بەڵـێ کێشـەی زۆری بـۆ نامـەوە.. ئـەو دەمـە لەبـەغدابوومماڵیشـم لەکـەرکوك بـوو. ژنو مناڵەکانیشـم زووتر هاتبوونە سلێمانی تاقە ژورێکیان بـەکرێ گرتبـوو.. لەمفاوەزاتەکەی ٨٤ بینیانم لەژوورێکی کرێدان تەنها یـەك موکێتو پەرەمێزێكو چەند بەتانییێکیان هەبوو..

–چ ساڵێ بوو پەیوەندیت بەهێزی پێشمەرگەوەکرد؟

–سـەرەتای سالّی ١٩٨٢ بو، بـووم بـە پێشـمەرگە، لەیـەکێتی نووسـەرانی شـاخدا ئیشـم دەکـرد، گۆڤـاری نووسـەری کوردستانو گۆڤـاری گزنـگو پاشان گۆڤـاری کـەلتورمان لەگـەڵ چـەند هاوڕێیـەکی نووسـەردا دەردەکرد..

–جگە لەنووسـەرە پێشـمەرگەکان، نووسـەرانی نـاو شارەکان هاریکاریان دەکردن..

–بەڵێ نووسەرانی بەغداو کەرکوكو سلێمانیو هەولێرو بادینان بەرهەمیان بۆ دەناردین ڕاستەوخۆ پـەیوەندییان لەگەڵ منـدا هـەبو،، بەرهەمـەکانیان بـەناوی خـوازراوەوە لەگۆڤارەکاندا بڵاودەبووەوە..

–دەکـرێ نـاوی ئـەو نووسـەرە شۆڕشـگێڕانە، ئـەو نووسـەرە بەجەرگانـەی ملیـان لەچـەقۆ دەدا ئاشکراکەیت؟؟

–نەخێر!

–لەبەرچی؟

–نامەوێ هەندێکیان ئیحراج بن..

–بەچی ئیحراج دەبن؟

–زۆربەیان تەنها یەك بەرهەمیان بڵاوبووەتەوە، ئەویش لـەکاتی مفاوەزاتەکـەی هەشـتاوچواربوو. ئـەو دەمـە مەقەرمان لەسورداش بـوو، بەئاشکرایش هـاتو چوویان دەکردیـن.. پێـش مفـاوەزاتو پـاش مفـاوەزاتیش پەیوەندییـەکانیان پساندبوو.. بـەڵام هـەندێ نووسـەری دیش هـەبوون پێشـی مفـاوەزات پـەیوەندی پتـەویان لەگەڵماندا هەبوو ئەو پەیوەندییە تا پاش ئـەنفالیش هـەر بەردەوام بوو.

–چەند ژمارەتان لەو گۆڤارانە دەرکرد؟

–شـانزە ژمـارەی نووسـەری کوردسـتانو حـەڤدە ژمـارەی گۆڤـاری گزنـگ کـە تایبـەت بو بـەلقی یـەکێتی نووسـەرانی کـەرکوكو چـوار ژمـارە گزنـگ–ی بچوکـانو چوار ژمارە گۆڤاری کەلتور، ئەم گۆڤارە سـەر بەیـەکێتی نووسەران نەبوو، گۆڤارێکی ئازاد بوو، جگە لەم گۆڤارانـە شەسـتو حـەوت کتێبمـان چاپکردو لـەنێو پێشـمەرگەو شارەکاندا بڵاوبوونەوە.

–دەکرێ ناوی هەندێ لەو کتێبانە بهێنی؟

–بەرهەمەکانی خۆم ئەمانەبوون:

سەگوەڕ، هەرەس، سێ دادگا، تۆڵـە، نێچیر، تـاراس بولّبا، ڤیڤازاباتا، یاداشتەکانی قوام السلطنة، ئیسماعیل بێشـکچی، خەسـرەوی گولسـورخی: چـەندین کورتـە چـیرۆكو تەرجەمـەی دیـش بەرهـەکانی کـاك شـێرکۆ بێکەس: ڕووبەڕوو لەسێبەری چیـاو ئاوێنـە بچکۆلـەکان.. کاك حەمە کەریم عـارفیش ئەمانـەی بڵاوکردەوە: نینـا ، هاوماڵـەکان، بـێ ناسنامەکان، بەدحاڵی بـوونو دەیـان کتێبی دی.. هـەروەها کتێبـێ لـەدوو بـەرگدا بـەناوی کۆمـاری مـهاباد چـاپو بڵاوکرایـەوە هـی کـاك مـەحمودی مەلا عیزەت بوو. چـەندین دیوانـە شـیعری کـاك جەوهـەر کرمانجو کاك ئەبو بەکر خۆشناوکاك ئەحمەد عارفو کـاك سابیر صدیقو کـاك عبـدالله کریـم چـاپکرا جگـە لـەکتێبی گەشتەکەی ریچ کە کاك محەمەد حەمە بـاقی تەرجەمـەی کردبوو هەروەها کتێبێکی ئیتمـاتۆف کـە خـاتوو نەجیبـە ئەحمەد تەرجەمـەی کردبـوو.. نـاوی زۆربـەی کتێبـەکانی دیم لەبیرنەماوە داوای لێبوردن لەخاوەنەکانیان دەکەم.

–ئەم هەموو کارانە لەماوەی چەند ساڵا ئەنجام درا؟..

-هەشت نۆ ساڵێ

-ئایە کاتی ئەوە نەهاتووە یەکێتی نووسەرانی کورد جارێکی دی هەموو ئەو گۆڤارو کتێبانە، سەر لەنوێ چاپکاتەوە وەك کەلتورێکی پڕشانازی لەمۆزەخانەیەکدا بیانپارێزی.

-بۆ یەکێتیی نووسەران نە ء .. چونکە لەحەقی ئەوپارە زۆرە نابێت.. بەڵام بۆ یەکێتی نیشتمانی کوردستان پێم چاکە ئەم پێشنیارەم بەهەند وەرگرێ، بودجەیێك تەرخان کات نەك تەنها ئەو گۆڤارو کتێبانەی کەیەکیەتی نووسەرانی کورد لەنێو شۆڕشدا چاپی کردووە چاپیان کاتەوە، بەڵکو هەموو-یائەوەی دەست دەکەوێ- لەبڵاوکراوەکانی راگەیاندنی ی.ن.کدا بڵاوببووەوە، تێکڕا چاپیان کاتەوە، تەنها بۆ ئەوەی بیسەلمێنێ، شۆڕشی نوێی گەلەکەمان تەنها شۆڕشی چەك نەبووە بەڵکو قەڵەمیش شان بەشانی چەك خەباتی هەبووە..

-پرسیارێکم هەیە گەر پێی ئیزعاج نابی..؟

-هەرچی دەپرسی بپرسە..

-بۆچی لەساڵی ٩٨٩ هاتیتەوە؟

-ئەگەر ئەم پرسیارەشت نەکردبا وام لەم گفتوگۆیە دەکرد بەرەو ئەو پرسیارە بچیت.. من کەبووم بە پێشمەرگە بۆ یەك لەحزە بیرم لەوە نەدەکردەوە، دنیای پێشمەرگایەتی بکەم بەوێستگەیێكو پاشان رووەو هەندەران بچم، تا ساڵی ١٩٨٨ چێژم لەتاڵو شیرینی و سەرماو برسیەتیو نەهامەتی دنیای پێشمەرگەو قارەمانی پێشمەرگەو داستانەکانیان وەردەگرت.. ساڵی هەشتاو هەشت ی.ن.ك تووشی گەورەترین شکستی سیاسیو عەسکەری بوو (ئەمەیان لێکۆڵینەوەیێکی وردو بەجورئەتی دەوی) ئەم شکستەوای کرد سەرلەبەری پێشمەرگەو بەشێك لەجەماوەری ناوچەی ژێردەسەلاتی پێشمەرگە روو لەئێران بکەن.. جارێکی دی مێژوو خۆی دووبارە کردەوە، ئەوەی سەلماند کە نابێ هیچ شۆڕشێکی کورد سەد دەر سەد متمانەی بەدوژمنان هەبێ، دەکرێ سوود لەناکۆکیەکانیان وەرگیرێ بەڵام ناکرێ یەکێ لەو دوژمنە نادیارانە ببنە تاقە پشتو پەنا.. گوتم مێژوو بەهەمان خەتای خۆمان خۆیی بۆ دووبارە کردینەوە، لەشکستی ساڵی ١٩٧٥دا بەبێ چەك رومان لەئێران کرد بەڵام لەشکستی ساڵی ١٩٨٨ بەشانێکی چەکدارو دەروونێکی داتەپیو رووومان لەهەمان، ئەو نەخشە سازانەکرد کە هەمیشە وەك بازیجە سەیری کوردو شۆڕشی کوردو حکومەتی کورد دەکەن، نەخشە پیرۆزەکەیان بەسەر ئێمەدا پیادە دەکەن ئەویش تا پێیانبکرێ بمانجەنگێنن. هەر ئەو دەمەیش ئەنفالە بەدناوەکان دەستی پێکرد و هەڵەبجەیش کیمیابارانکرا، یەك بستە زەوی لەکوردستاندا نەما هەمووی داگیرکرا.. ئێمە لەیاخسەمەرەوەبە دۆڵی سەفرەو زەروندا بە ناو بەفرێکی بێ ئاماندا بەرەو شاناخسێ، لەوێشەوە بە گەلابە بەرەو بانە چووین... پاسدارەکان چەکیان کردین و دکتۆر کەمال خۆشناو ئەو کاتە لەوێدا نمایندە بوو داوای لێکردوین موزاهەرە بکەین، نەکراو چەکەکانیان داینەوە.. دەبێ ئەوەیش لە بیرنەکەم کوردی کوردستانی ئێران خزمەتێکی ئەوتۆی ئەو هەزاران پێشمەرگەو جەماوەریان کرد، خزمەتەکەیان نەك هی فەرامۆش کردن نییە بەڵکو هی ئەوەیە تاماوین قەرزاریان بین (لێرەدا بە دێڕێکیش بێ دەبێ بلێم: بە تەجرەبەی ساڵی ٩٧٥ و ساڵی ٩٨٨ و کۆڕەوەکەی ساڵی ٩١ کوردی ئێران و تورکیا سەلماندیان کە کورد شەیدای کوردە.. بۆیە ئەرکی سەرەکی رابەرانی کورد ئەوەیە ئەم خاڵە مەزنە لە نێو رۆحی کوردا بە هێزتر دەکەن)

-پاشان بۆ کۆی چوون؟

-منو حەمە کەریم عارف و چەند برادەرێکی دی لە بانەوە چووینە نێو زەنگ ژورێکمان پەیدا کرد، بە رۆژ لە چیای مامەندەوە بە تۆپ قەسف دەکراین شەوانیش لە چیای جاسوسانەوە پاسدارەکان بە دۆشکە لیێان دەدایین نەحەواینەوە بەناچاری گەڕاینەوە بۆ سەقز.. لە وێدا سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی هانی زۆربەی خەڵك و پێشمەرگەی دەدا کە سود لە عەفووە عامەکەی حکومەت وەرگرن و برۆنەوە تەسلیم بن.

-چۆن سەرکردایەتی ئەم بڕیارەی دا؟

-ئەڵبەتە ئەو دەمە کە بریاریان دا هانی خەڵکە کە بدەن بچنەوە تەسلیم ببنەوە، پاکانەیان ئەوە بوو کە ئیستا وەکو جاران نییە ناتوانرێ ئیحتوای ئەو هەموو

خەڵکە بکرێ لە رووی داراییشەوە دەسکورت بوون و نەیاندەتوانی ئەو هەموو خەڵکە بژێنن... من تا ساڵێکیش هەر لە سەقزدا مامەوە لە دەزگای راگەیاندن سێ ژمارەی گۆڤاری کەلتورمان دەرکرد پێشتریش ژمارەی یەکەممان لە یاخسەمەر دەرکردبوو پاش ئەو ساڵە واتە لە مانگی سێی ١٩٨٩ دا بڕیارم دا بێمەوە، خۆم تەسلیم بە حکومەتی عێراق بکەمەوە.

–دەکرێ هۆیەکانی ئەو بڕیارەت روونتر کەیتەوە؟

–سونگەی ئەو بڕیارەم ئەم خاڵانە بوو:

ی.ن.ك تایەك بستە زەوی بەدەستەوە بوو، من پێشمەرگەی بووم، کە هیچی بەدەستەوە نەما تا ساڵێکی تریش لە سەقزدا وەك پێشمەرگە، پەناهەندە بووین، وەك پێشتر گوتم، هەرگیز بیرم لەوە نەکردبووەوە بەرەو هەندەران بچم و پەناهەندەیی ئێرانیشم پێ قورس بوو، راستە ئەو دەمە مەفرەزە پارتیزانییەکان دروست بوون پوختەی هەرە دڵسۆزان و قارەمانانی کورد لە نێو ئەو مەفرەزانانەدا گیان فیدا بوون... دروست بوونی ئەم مەفرەزانە رێی ئەم پرسیارانەی لێنەدەگرتم

یەکەم : هێشتا عیراق لەگەڵ ئێراندا لە جەنگدا بوو، هێزی پێشمەرگەی ی. ن. ك لە داستانی رزگاریدا، لە شەوێکدا توانی سەدو دە رەبیە بگرێ، کەچی حکومەتی پێ نەکەوت... ئەو دەمەی مەفرەزە پارتیزانەکان دروست بوون، جەنگی نێوان عیراق و ئێران وەستابوو، هێزی ی. ن. ك لە رووی عەسکەری و سیاسی و ئابوورییەوە، لەسەدا نەوەدی لە دەست دابوو، هێزەکانی حکومەتی عیراق موتەفەریغ بوون بۆ قەلاچۆ کردنی کوردو شۆڕشی کورد... رێزو حورمەتێکی زۆرم بۆ ئەو پێشمەرگە قارەمانانەی پاتیزانەکان هەیە، سەری کڕنۆش بۆ برسێتی و بێ نازی و ماندوو بوون و جوامێری یان دادەنەوێنم.. بەڵام ئەو شێرە پیاوانە نەیاندەزانی، حکومەتی جەمهوری ئیسلامی ئێران بڕیاری داوەو دەبێ هەموو ئەوکەسانەی سەر بە ی. ن. ك ولە سەقزو بانەو سەردەشت و دەوروبەردان، ( وەك ئەوەی ئیشی پێ نەمابن یا لەژێر فشاری عیراق یا سەوداو سازشێکی سیاسی بووبێ) یا دەبێ بچنە شارەکانی عومقی ئێران و لە شارەکانی سەر سنوور دوور کەونەوە... یا دەبێ رێگای هەندەران هەڵبژێرن و حکومەتی ئێرانیش کارئاسانیان بۆ دەکات..

– ئەم بڕیارەی ئێران راستە؟

– دەتوانی ئەم پرسیارە لە زۆربەی سەرکردەکانی ئەو دەمە بکەی..

– ئەگەر وابێ، ئێران چارەنووسی کوردو شۆڕشەکەی خستبووە نێوان دوو بەردە ئاشەوە...

– بۆ وەڵامی ئەم پرسیارەت، من لێرەدا گریمانەیێك دەخەمە روو پێم خۆشە بە جورئەتەوە قسەی لەسەر بکرێ.

–چییە ئەو گریمانەیە؟

– گریمان سەدام کویتی نەگرتبا، حکومەتی جەمهوری ئیسلامی ئێرانیش ئەو بڕیارەی جێبەجێ کردبا، ئایە چارەنووسی ئەو دەیان مەفرەزە پێشمەرگە پارتیزانە چی دەبوو..

هەر بە هەمان گریمان، چارەنووسی ئەو هەزاران پێشمەرگانەی کە توانای پارتیزانیان نەبوو، گیرۆدەی وەدەستهێنانی بژێوی ماڵ و منداڵە ئاوارەکانیان بوون، چارەنووسیان چ دەبوو گەر ئێران بەرەو عومقی شارەکانی ناردبان... یا کارئاسانی بۆ کردبان تا بەرەو هەندەران بچن؟ لێرەدا من خۆم وەڵامی ئەم پرسیارەم دەدەمەوە، دەبێ بڵێم ئێستا کورد دەبێ سوپاسی ئەو سەرەرۆییەی صدام حوسێن بکات، کە کویتی داگیر کردو بە زیانی خۆی کەوتەوەو بە قازانجێکی ئەوتۆیش بۆ کورد کەوتەوە کە خەونی پێوە دەبینی، کارێکی کرد کورد حکومەت دروست کات، حکومەتەکەیشی لە ئاستێدا بێ من ئاوها بە راشکاوی قسان بکەم و بڵێم : شۆڕش بەرپا کردن بۆ ئەوە نییە بیسەلمێنین کە ئێمە هەین و میللەتێکی مردوو نین ... ئەگەر ئەمە ئامانج و مەبەست بێ، ئەوا لەناو چوون و فەوتان گەلێ رێکوپێکترە لە شۆڕشێ وەك نەتەوە بتهێڵێتەوەو وەك تاکیش داتشۆرێ لە هەموو بەها ئەخلاقی و ئینسانیەکان ... چونکە میللەتی بێ تاکی رەهای ئازاد، دەبێتە کارگەیێکی ئایدۆلۆژیا، خاوەن کارگەو دەست و پێوەنەکەی دەبنە دیکتاتۆرو دەسەلات و سەرلەبەری میللەتیش دەبنە ئامێرو بورغی ئەو کارگەیە، بە ئارەزووی خۆیان توندو



شل و جێ گۆڕکێیان پێدەکەن، تەنانەت مافی خەو بینین - لە دەرەوەی کارگەکە - داگیر دەکەن ...

— ددووەم:

زۆربەی بەرپرسان پاسەپۆرتیان لە تەنکەی باخەڵ دابوو کەمتریش خەمی برسیەتی خۆیان و ماڵ و منالّیان هەبوو چ پاکانەیێکی ئەوتۆی قەناعەت بەخشیان پێ نەبوو کە بۆ ئاوهامان بەسەر هات؟ خەتای کێ بوو، دۆستە کاتیەکان بوو یا خەتای خۆمان بوو.. لێرەدا ناچارم هەندێ نمونەی رەفتاری دۆستە کاتیەکانت بۆ بگێڕمەوە :

کۆتایی مانگی دووی ساڵی هەشتاوهەشت، هێرشی حکومەت لەهەموو لایەکەوە دەستی پێکردبوو، هێزی پێشمەرگەی ی.ن.ك. بە جۆرێ بەرگری دەکرد،نمونەی فیداکاری بەرجەستە کردبوو، بەڵام هاوسەنگی عەسکەری و چەك یەك بە هەزار بوو، جگە لەوەی کە پێشتریش چەکی کیمیاوی بەکار دەهێنا... ئەو دەمە هەلیکۆپتەری ئێرانی لە بەرگەڵو دەنیشتەوە، لەبری ئەوەی هاریکاری هێزی پێشمەرگەی ی.ن.ك. بکات کە پێشتر ی.ن.ك. هاریکاری ئەوانی کردبوو.. لەبری ئەوەی چەك و ئازوقەی بۆ بێنێ و بریندارەکانی بگوازێتەوە، جارێکیان لەناو شەبەکەی گوریسدا هەلیکۆپتەرێ سەدان مەسینەی لە بەرگەڵودا بۆ جێهێشتین !!

نمونەیێکی دیت بۆ دەگێڕمەوەمانگی یەکی هەشتاونۆ، رۆژێکیان لە سەقزو لە ئوتێلی نەکەرۆز، لە پڕ پاسداران هاتن من و کاك فازل قەسابیان گرت - کاك فازل قەساب ئێستا لە کوردستاندایە و سەرنووسەری گۆڤاری پشووی کوردستانی نوێیە و ئەندامی مەکتەبی راگەیاندنیشە - هەردوکمانیان گرت بە پشتوێنەکانی خۆمان چاویان بەستین، بە سواری ماتۆڕ ئێمەیان برد بۆ قەرارگا... پاش دووسێ سەعات لێیان پرسین : ئێمە ئێوەمان بۆچی گرتووە ؟ منیش بەتەوسەوە پێمگوتن : لەسەرئەوەی پیاوێکمان لەسەر ئەو چوارڕێ یە کوشتووە ! پرسییان بۆ کوشتتان ؟پێمگوتن :ئێمە ئیدیۆمێکمان هەیە دەڵێ (شەڕ لە دەست بەتاڵی باشترە) تا سەعات دوانزەی شەو بە چاوبەستراوی ماینەوە تا کاك عەلی کەمال هات و بەری داین ... هەر ئەوەندەشیان پێ گوتین ببەخشن ئیشتباهمان کردووە !! ئەمە جگە لەوەی رۆژانە ئیهانەی ئەو پێشمەرگانەیان ئەکرد کە خەریکی کوپن فرۆشتن بوون.. باشە من لەتۆ دەپرسم : منێ ماڵم لە کەرکوك حیجز کرابێ، ماڵ و منالّم بەجێ هێشتوە، هەشت ساڵە لەنێو دنیای پێشمەرگەییدا فێری وانەکانی ئازادی و ژیانویستی و پیاوەتی بووم، ئێستا لە بەردەستی ئەم رژێمەدا _ کەپەناهندەییم _

ئاوها بە سوکایەتی سەیر دەکرێم.. ئایە ئەوە ئەو جێیەیە کە تفەنگی شانازیم بۆ لەسەر شان ناوە ؟ ئەم پرسیارەم لە کاتێکدا بوو کە بەهیچ شێوەیەك بە خەیاڵمدا نەدەهات کە صدام حوسێن ئەو ملهوڕیە بکات و بچێ کویت داگیر کات .. پێموایە نەك من بەڵکو زوربەی زۆری پێشمەرگەو سەرکردەکانیش ئەمەیان بە خەیاڵدا نەدەهات... من لەتۆ دەپرسم چ دنیایێك هەندەی ئەو دنیایە تاریکە کە نەتزانیبێ کارەکانت بە سوودی ناحەزانت کەوتووەتەوە، هەمان ناحەزیش، وەك دوژمنێکی ئاشکرای خۆی سەیرت بکات ئەمەیش لە کاتێکدا بێ هەندەی رۆشنایی ئاگری جگەرەیێك روناکی بۆ داهاتووی میللەتەکەت بەدی نەکەیت ... ئایە لەم کاتەدا دەکرێ بیر لەوە بکەیتەوە، چۆن پێستی خۆت رزگار کەیت و رووەو هەندەران مل بنێیت؟ چەندین جار ئەم پرسیارەم لە خۆ دەکرد هەر تەنها روو بەرووی ئەم وەڵامە جەرگبڕە دەبوومەوە کە بەخۆمم دەگوت: کە پێشمەرگە بوویت پەیامێکت هەبوو، ئەم پەیامە هەند

پیرۆز بوو گەلێ زیاتری لەوە دەویست ماڵ و منالی بۆ بسپێریتە برسییەتی و دەربەدەری... تەنانەت ئاشکرا بن باوکیان پێشمەرگەیەو بیانگرن و بەرەو شارەکانی خوارووی عیراقیان بنێرن... بەلام لە سەقزدا هەستم دەکرد هیچ پەیامێکم بۆ نەماوەتەوە ـ پەیامیان لێ داگیر کردم ـ وەکو پێشتریش گوتم، هەرگیز بیرم لەوە نەکردبووەوە، بەرەو هەندەران بچم ـ کە بۆمن گەلێ ئاسان بوو چووبام، (ئێستاش جگە لە سیاحەت کە بۆ من و مانەندەکانی من نالوێت، خۆشترین ولاتی دنیام بۆ بێتە بەر دەرگا ئامادە نیم وەك پەناهەندە رووی تێکەم ـ) ئەوسای منێکی بێ پەیام ـ گەر عیراق کویتی داگیر نەکردبا ـ چ ولامێکم بۆ پرسیارەکانی منالەکانم هەبا .. ئەگەر منالەکانم لەخۆیان پرسیبا کوا باوکمان، پێموایە بەسوکە گازەندەیەکەوە دەیانگوت پێستی خۆی دەرباز کردووە، پەناهەندەیە ئێمەیشی سپاردووەتە ئەم رۆژگارە رەشە.

—ببورە .. ئەم قسانەت دەسپێکی رۆمانی ئەژدیهایە .. هەمان ئەو پرسیارە نەگوتراوانەن کە قارەمانی رۆمانەکە هەست دەکات منالەکانی ئەم پرسیارانەی لێ دەکەن .

— سەرەتا پێمگوتی من خۆم دەنووسمەوە

— ئەوسا چۆن چۆن ولامی ئەو پرسیارە لەخۆ کردانەت دەدایەوە

— بەکورتی ئەو پرسیارانە هەند قورس بوون، لەئاستی ولامدانەوەیان دەستە پاچە بووم،سەرئەنجام گەیشتمە قەناعەت : لەبەر ئەوەی پێشتر پەیامم هەبووە، هەموو برسیەتی و دەربەدەری نەهامەتییێکم قەبول بووە .. ئێستا پەیامیان لێ داماڵیوم، ئامادەیش نیم ببمە پەناهەندەی شوێنێ ـ دوژمنایەتی نەتەوەکەمی بە پەیامی پیرۆزی خۆی بزانێ ـ ئامادەیش نیم بەرەو هەندەران بچم ئێدیلەو پرسیارە نەگوتراوانەی منالەکانم بترسم کە لە دلی خۆیاندا بلێن باوکمان ئێستا لە هەندەرانە وەزعی باشە، خۆی دەرباز کرد و ئێمەیشی سپاردووەتە چارەنووسێکی نادیارەوە ..

—ئەودەمە، ئەمجۆرە بیرکردنەوەیە، لەلای هەمووتان هەبوو ؟

— نەخێر .. هی وا هەبوو ماڵ و منالی لەگەلدا بوو، هەر زوو دەستی کردە کاسپی کردن .. هی وا هەبوو گەنج بوو رەنگبێ حەزی بە روودانی ئەو حالەتە کردبێ، چونکە گەر ئەو حالەتە رووی نەدابا بە ئاسانی بۆی نەدەلوا بەرەو هەندەران بچێ . بەکورتی، گەر حکومەتی عیراق کویتی داگیر نەکردبا، ئەمریکا لە عیراقی نەدەدا گەر ئەمریکا لە عیراقی نەدابا، راپەرینە مەزنەکەی کورد دروست نەدەبوو گەر جارێکی دیش حکومەت هێرشی نەهێنابایەتەوە سەر کورد، کۆرەوە ملیۆنیەکە دروست نەدەبوو، کۆرەوەکەیش نەبا حکومەتی هەرێم دانەدەمەزرا .. گریمان حکومەت پەلاماری کویتی نەدابا، ئایە ئەو چەند سەد پێشمەرگە پارتیزانە کوردیان دەگەیاندە چ دۆخێ؟ ... حکومەتیان ناچار دەکرد سەر بۆ مافە رەواکانمان دانەوێنێ؟! ... مەبەستم ئەو حکومەتەیە کە ئەمریکا و سیوسێ دەولەت بە مۆدێرنترین چەك و راهێنراو ترین سەرباز لێیان داو نەکەوت .. پێموایە ئەم پرسیارانەی من هەندێ کەس قەلس دەکات، بە پرسیاری نابەجێی لە قەلەم دەدات، یا هیچ نەبێ دەلێ : کای کۆن بەبا دەدات .. مەبەستیشم نییە، خوانەخواستە لەئەهمیەتی ئەو پیاوە بەجەرگانە کەمکەمەوە کە تەحەمولی ناخۆشترین ساتەکانی ژیانیان دەکردو لەئێراندا مانەوە خۆیان دایە دەستی قەدەر.. (پێدەچێ لەوەتەی کورد هەبێ یەکمجارە قەدەر بەخواستی کورد گەرابێ) نەخێر.. ئێمە پێشمەرگەی پەناهەندە وەکو یەك بیرمان نەدەکردەوە وەکو یەکیش بریارمان نەدەدا، هەریەکەو بەپێی زروفی تایبەتی خۆی بیری دەکردەوەو بریاری دەدا..

—تەسلیم بوونەوە، تا پێش کیمیابارانو ئەنفال حالەتێکی شەرم ئاوەر بوو چونکە تا ئەو کاتە بەناوو ناوڕۆکیشەوە کەسەکە پێشمەرگەبوو.. بەلام پاش ئەنفال—جگە لەپارتیزانەکانو ئەوانەی کاروباری پارتیزانەکانیان بەرێوە دەبرد، پێشمەرگە نەبوون، ئێستایش کە ئەم قسانە دەکەم وەك ئەوە وایە چنگ لەناخی خۆم گیردەکەمو ناخم دەپچڕێنم کە دەلێم: زۆربەی کۆنە پێشمەرگەکان لەسەقزو شارەکانی دیدا شاگردی مەتعەم بوونو هەندێکیش کۆپینیان

دەفرۆشت.. بۆیە تەسلیم بوونەوەی سەردەمی پەناهەندەیی تەسلیم بوونەوەی (پێشمەرگە)نییە.. تەسلیم بوونەوەی پێشمەرگە، جۆرێکە لە پشت لەمیللەت کردن، بەڵام تەسلیم بوونەوەی پەناهەندە یاخی بوونە لەو ناهەموارییەی بەسەریدا هاتووە لەهەمان کاتیشدا یاخی بوونە لەوەی خۆ تەسلیمی قەدەر بکات. سەرلەبەری شۆڕشەکەمان ئەوەندە سەخت بوو فێری تەسلیم بوونەوەی کردبوون من بەش بەحاڵی خۆم پێنج جار تەسلیم بوومەتەوە لەحەفتاوپێنج تەسلیم بەئێران بووم. هەرهەمان ساڵ تەسلیمی عێراق بوومەوە لەهەشتاو هەشت تەسلیمی ئێران بوومەوە، لەهەشتاو نۆ تەسلیمی عێراق بوومەوە. لەنەوەت‌و شەش تەسلیم بەحیزبێکی کوردی کرام.. ئیدی من‌و تەسلیم بوونەوە بووینەتە جمکێکی خامۆش‌و بێدەنگ لەئاست زەمانسازان کە هەمیشە ئاسوودەو زماندرێژو سینگ دەرپەڕیوو لەڕیزی پێشەوەی هەموو ئیمتیازێکن هەموو سەردەمێکیش سەردەمیانە ! !

من کە بڕیارم دا بێمەوە، لە سەقزدا ئاگاداری بەڕێز دکتۆر کەمال خۆشناوم کرد و گوتم من دەچمەوە، گوتی بڕیارێکی گەلێ ئازایانەیە، بەڵام بە داخەوە من وەکو تۆم پێناکرێ .. گوتیشی راستە حکومەت عەفو عامی دەرکردووە بەڵام لە تۆ نابورێ ...

هەر لەو کاتانەشدا بەڕێز مولازم عومەر لە تارانەوە بۆ سەقز تەلەفۆنی بۆ کردم و گوتی پەلە مەکە چەند رۆژێکی دی بەڕێز مام جەلال دەگەڕێتەوە بۆ ئێران .. بەڵام بەقسەی بەڕێز کاك مولازم عومەریشم نەکرد ..

ئەوە بوو لەگەڵ چەند سەد کەسێکدا ( رۆژانە سەدان کەس لە کۆخلانەوە تەسلیم دەبوونەوە ) خۆمان تەسلیم بە حکومەت کرد .. من لە جنسیەدا ناوم (محمد علی محمد عبدالله) یە هەر بەو ناوەوە تەسلیم بوومەوە .. ناچارم لێرەدا هەندێ شت بگێڕمەوە :

نووسەرانی کوردستان و بەغدا ، گەلێ ترسیان لێ نیشتبوو، پاش یەکدوو رۆژێ زۆربەیان هاتنە سەردانم ... لە دەعوەتێکی نووسەراندا کە زۆر ترسیان لێ نیشتبوو، گوتیان حکومەت بزانێ محمد موکری هاتووەتەوە ئەوا سەد دەرسەد دەتگرێ .. دەمزانی ترسەکەیان لە چییە، پێمگوتن : ئێستا من چوار منالم هەیە .. ئێوەو منالەکانتان چەند سەد نەفەرێکن .. ئامادەم خۆم و منالەکانم لەنێو چین، کارێ نەکەم خوێن لە لوتی منالێکی ئێوەوە بێت دلنیاتان دەکەم کەوڵم بکەن و خوێ بکەنە کەوڵەکەمەوە ناوی یەکێکتان نادرکێنم .. زۆربەیان گوتیان لێت ڕا دەبینین پاشان هاتینە سەر باسێ کە بەڕێز کاك محمد نوری تۆفیق لێی پرسیم :

ئەی ئەو برایانەی لە ئێراندان چۆنن و وەزعیان چۆنە .. پێموایە ئێستا ئەو شایەدییەم بۆ دەدات کە گوتم : ئەوانە زۆربەیان هەمان جوامێرو قارەمانەکەی جارانن .. بەڵام من بۆخۆم ماندوو بووم . کاك محمد نوری توفیق رووی لە برادەران کرد و گوتی، نۆ ساڵە پێشمەرگەیە کێ گلەیی لێیەتی با بڕوات خۆی چەند مانگێ پێشمەرگایەتی بکات ... ئیدی نازانم پاش چەند رۆژ حکومەت زانی محمد موکری هاتووەتەوە .. گیرام، یەکەم قسەی بەڕێوەبەری ئەمنی سلیمانی ئەوە بوو گوتی : عەفوعام شوملی تۆ ناکات .. ئێمە لەسەر تیپ و پێشمەرگە نەفەرەکان دەبوورین، چونکە ئەوان فیشەکیان بە ئێمەوە دەنا .. بەڵام لە تۆ نابوورین تۆ بەقەڵەم جەنگاویت، لەتۆ نابوورین، .. یەکەم پرسیاریشی ئەوە بوو : ئەدیبانی سلیمانی و شارەکانی دی بەرهەمیان لە بڵاوکراوەکانی ئێوەدا (مەبەستی بڵاوکراوەکانی شاخ و پێشمەرگایەتی بوو) بڵاو دەکردەوە ؟ منیش گوتم بەڵێ، ئەویش شاگەشکە بوو وگوتی: بارك الله .. ئیدی موحازەرەیێکی ساردو بێ تامی خستە نێو قسە بێ سەروبەرەکانی .. تەنانەت ئەوەشی گوت : زۆربەی زۆری ئەدیبان و هەموو دکتۆرەکانی جامیعە لەگەڵ ئێمەدان .. پاشان لەپڕ پێی گوتم ناوی ئەو ئەدیبانەمان بدەرێ کە بەرهەمەکانیان لە بڵاوکراوەکانی ئێوەدا بڵاو دەکردەوە .. منیش گوتم : ئەو ئەدیبانە پەیوەندیان لەگەڵ رێکخراوەکانی ناو شاردا هەیە .. رێکخراوەکانیش پەیوەندیان بە مەکتەبی سیاسییەوە هەیە .. من ئەو بەرهەمانەم لەرێی مەکتەبی سیاسییەوەو بە ناوی نهێنییەوە پێدەگەیشت .. من ناوەکانیان نازانم بەڵام دڵنیام مەکتەبی سیاسی ناوەکانیان دەزانێ .. پاش چاو سوور کردنەوەو هەڕەشە گوتی : وەك ناوەکانیان نازانی وەرە بە ئسلوبی

نووسینیان دەستنیشانیان بکە .. منیش پێم گوت : (ئەمە یەکێ بوو لەختەتا هەرە گەورەکانم، چونکە نەمدەزانی لەگەڵ کێدا قسان دەکەم، حاڵەتی ئاوها تەنها بێدەنگی دەخوازێ نەك پرکێشی، پێدەچوو لەبیرم چووبێتەوە کە من تەسلیم بووم، هەر بەعەقڵی پێشمەرگایەتییەوە هاتمە قسە) ناڵێی زۆربەی ئەدیبان و دکتۆرەکانی جامیعەمان لەگەڵدایە، با ئەوان بە ئسلوب ئەو ئەدیبانە دەستنیشان کەن چونکە من ( ئەدیب علی گد حالی ) یانی من ئەدیبێکی بای حاڵی خۆمم .. بەم قسەیەم زۆر قەڵس بوو، گوتی ئێستا بچۆرەوە تا بەیانی بیر بکەوە .. بەیانی وەرەوە .. یەکسەر زانیم و حاڵی بووم ئەم قسەیە بۆسەیە، گەر بمگوتا باشە دەچم بیر دەکەمەوە ئەوابەدەستی خۆم چاڵ بۆ خۆم هەڵدەکەنم.. گوتم پێویست بەبیر کردنەوە ناکات، هەرچییەکی کرد قایل بم بچمەوە بیر بکەمەوە و سبەینێ بە پێی خۆم بێمەوە .. بێ سوود بوو سوور بووم لەسەر ئەوەی پێویست بەبیر کردنەوە ناکات .. وەختێ خۆمم بینی لەژووری ئینفرادی دام .. ئەو دەمە دە ژووری ئینفرادی هەبوو، ئێمە یەکدیمان نەدەبینی تەنها لە ژێر پەنجەرەیێکی چکۆلەی ژێر دەرگاکەوە پێی یەکدیمان دەبینی ..

–ناوی ئەوانە دەزانی کە لە ژوورەکانی دیدا بوون

– ناوی هەندێکیان دەزانم .. یەکێکیان ناوی مامۆستا محیالدین بوو ئەندامی کۆمەڵەیرەنجدەران بوو، لە تەنیشتی ژوورەکەمدا بوو، بە ناوە سەموون و بەدەنگ لەگەڵ یەکدی شەترەنجمان دەکرد ..

– چۆن ؟ .. یاساوڵەکان گوێیان لە دەنگتان نەدەبوو ؟

– ئێمە تا سەعات یانزە وەزعمان باش بوو ..

– بۆ ؟

– لەبەر ئەوەی ئەفسەرەکان تا بەرە بەیان خەریکی تەعزیب بوون .. بەرە بەیان دەخەوتن .. ئێمەیش تا سەعات یانزە .. وەزعمان باش بوو .. ژمارەمان بۆ ژوورەکان دانابوو ، ژووری یەکەممان ناو نابوو بە (دە) زوو زوو دەمانگوت (دە) ئەویش وەڵامی دەداینەوە جار جارە دەیگوت : وریا بن قۆندەرەکەی سورە .. ئەمە مانای ئەوە بوو ئەفسەرێك لە دەرێدایە .. سەربازەکان قۆندەرەی رەشیان لە پێدا بوو ..

– کەسی دیت بە بیر نایێت لەگەڵتان بووبێت

– شەهید مامۆستا ئەحمەدی صناعە .. و پیرەمێردێکی خەڵکی کەلار و برادەرێکی شیوعی و کورێکی قەڵادزییی لەگەڵ دایکیا گیرابوون .. پێموایە حسك بوون ..

- چ یادگارێیکیت لەگەڵ هاو ژوورەکانتا نییە ؟

– ئێمە بە روخسار یەکدیمان نەدەبینی .. پیرەمێردێکی تەمەن زیاتر لە حەفتا ساڵ چەند ژوورێ لە ژوورەکەی منەوە دوور بوو، هەمیشە برسی بوو، بەنەخوێنەکەی شیتاڵ شیتاڵ کردبوو داوێکی لێ دروست کردبوو .. نازانم چۆن پارچە بەردێکی هەندەی شقارتەیێك دەسکەوتبوو، ئەو داوەی بە بەردەکەوە دەبەست لە پەنجەرەی ژێر دەرگای ژوورەکەیەوە بەردەکەی هەڵدەدا بۆ ژووری تەنیشتی .. ئیدی ئەو بەردە بە بەردەم ژوورەکاندا تێدەپەڕی، هەر یەکەو لەتە سەمونێکی بە بەردو داوەکە دەبەستەوە، پیرەمێردەکەیش، داو و لەتە سەمونەکانی رادەکێشا ... ئەمە کاری رۆژانەی بوو

- ئەی شەوان وەزعتان چۆن بوو ؟

– لە ژووری تەعزیبدا ژوورێکی یەك مەتری نزم، پەنجەرەیێکی چکۆلەی لە ژێرەوە هەبووتەنها پێڵاومان دەبینی و هیچی تر ، هەر شەوەو نۆرەی یەکێکمان بوو بە چاو بەستراوی دەیانبردین بۆ ئەو ژوورە ئێمە ئەو ژوورەمان ناو نابوو بە (شیراتۆن)

– هیچ یادگارییێکت لەو ژوورەدا هەیە ..

– شەوێکی درەنگ بە چاو بەستراوی بردمیانە ئەو ژوورە، ئەفسەرێك پێدەچوو مەست بووبێ .. زوو زوو بە کێبڵ لە دیوارەکەی دەدا بە تەعزیب دراویشی دەگوت : کلب ابن الکلب صیّح .. پێدەچوو تەعزیب دراو هەڵواسرابێ، بۆ ئەوەی ئەزیەتی زۆری بەرنەکەوێ کورسیەکی دەخستە ژێر پێی .. ئەفسەرەکە زوو زوو دەچووە بەر دەرگا، بۆ ئەوەی دڵنیا بێ کەس نایبینێ وا ئەم رەفتارە لەگەڵ تەعزیب دراو دەکات ..

– دەتەوێ بڵێیت لەناو دوژمنیشدا کەسان هەن بزانن غەدر دەکەن ؟

– من وەکو تاك سەیری حاڵەتە ئینسانیەکە دەکەم .. بەلای منەوە ئەو جۆرە کەسانە دوژمن نین، بەڵکو ئەدەواتی دوژمنن .. تەنانەت ئەو کەسانەی گوریس دەنێنە ملی ئیعدام کراو یا ئەو کەسانەی پەلەپیتکە دەترازێنن و رەمی دەکەن، ئەمجۆرە کەسانە دوژمن نین، ئەدەواتی دوژمنن، من خۆم بە دوژمنیان نازانم بەڵکو هەوڵدان بۆ رزگار کردنی ئەو جۆرە کەسانە لەو ژیانە پۆخڵەیان تێکۆشانێکی پیرۆزو ئینسانی‌یە، چونکە ئەو جۆرە کەسانە لەبەر بژێوی ئەو کارە دەکەن، ئیعادەی ئەو کارانەیان بووەتە عادە، داشۆراونەتەوە، بەلای منەوە ئەو خەباتە پیرۆزە ئینسانیەت بگەڕێنێتەوە بۆ ئەو جۆرە کەسانە

– پێموایە لە چیرۆکی ئامێردەکاندا کە بەر لە بیست و پێنج ساڵێ بلاوت کردووەتەوە، هەر هەمان شت دەڵێی..

– بەڵێ وایە ..

- چەنێ لە ئینفرادیدا مایتەوە ؟ ..

– مانگێ زیاتر بوو .. پاشان ئێمەیان گواستەوە بۆ ئەمنە سوورەکە .. لەکاتی گواستنەوە، من دواکەس بووم، کە خستمیانە نێو سەیارەێیکی موشەبەکەوە، لەوێدا هاوڕێی خۆشەویستم نظام الدین گلی لەناو سەیارە موشەبەکەکەدا بوو بەیەکەوە هەردووکمانیان بردە ئەمنە سوورەکە ..

- هەر بۆ ئینفرادی ؟ ..

– نەخێر بردیانین بۆ قاعەێیك کە جێی پەنجا کەسی تیا دەبوو کەچی زیاتر لە چوارسەد کەسی تیادا بوو .. نزیکەی سێ چوار شەوێ لەو قاعەیەدا مامەوە، دۆستایەتیم لەگەڵ زۆربەیاندا پەیدا کردبوو لە پڕ بانگیان کردم و بردمیان بۆ ژوورێکی ئینفرادی .. لە کاتی بانگ کردنم و نەگەڕانەوەمدا، ئەو کەسانەی ئاشنایەتیم لەگەڵدا پەیدا کردبوون زۆر غەمبار بوون .. ئەمەیشم لەڕێی برایەکی کاك محمد پێنجوێنی‌یەوە زانی .. ئەو برایەی کاك محمد زیندانی بوو، ئیشیان پێ دەکرد خۆراکی دابەش دەکرد و بە چپەوە لە ژێر دەرگای ژوورەکەوە ئەمەی پێ گوتم ..

– چ یادگارییێکی دیت لەبیر ماوە ..

– نیوە شەوێك بانگیان کردم بردمیانە شوێنەکەوە لەسەر کورسیەك دانیشتم لەپڕ کەسێك دەرگاکەی کردەوە و بەرانبەرم دانیشت گەنجێك بوو ناوی مولازم فارس بوو .. زۆر بە ئەدەبەوە پێی ووتم : انصحك لوجه الله _ لە رێی خوا نەسیحەتت دەکەم ، ئیعتراف بکە و ناوەکان بدرکێنە .. منیش لە حاڵەتێکی نەفسی ئەوتۆدا بووم تەمەنای مردنم دەکرد.، لە رووی جەستەیشەوە تووشی جزام (گەڕی) ببووم بێزم لەخۆم دەبووەوە، منیش ئەم قسەیەی مولازم ئارسم بە هەلزانی بۆ ئەوەی پەلە لە کوشتنم بکەن پێم گوت : تۆ کێیت نەسیحەتی من دەکەی ئێستا لەتەمەنی کوڕی مندای، تۆ پێویستیت بە نەسیحەتی من هەیە .. لەبری ئەوەی هەڵسێ و لێمدات کەچی کورسیەکەی بە پشتدا برد و چەند دەقیقەێیك بێدەنگ بوو دەستی برد لە پاکەتە سۆمەرەکەی جگەرەێیکی دەرهێناو بۆی داگیرسانم و گوتی : تفضل من جگەرەکەم لێوەرگرت بێدەنگ بوو تا جگەرەکە تەواو بوو، ئەو دەستی برد چوار جگەرەی دی دەرهێنا لەگەڵ چوار تەڵە شقارتە و هەندێ لە قاوخی شقارتەکەی دڕاندو دایە دەستم و گوتی بەهیوام کەس نەتبینێ ئەم جگەرانە دەکێشی هەر کە بردیانمە ژوورەکەمەوە، تا رۆژ بووەوە هەر چوار جگەرەکەم کێشا ..

- چۆن بەربوویت .. ؟

– رۆژێکیان دەریانکردمەوە دەستیان گرتم و بردمیان بۆ ژوورێك دەستشۆری لێ بوو موسێکیان دامێ و گوتیان (زەین) تەراش بکە، یەکسەر وامهاتە بەر چاو دەمکوژن، لە ترسانامەندێ روخساری خۆمم بڕی لەو دەمەدا هەستێکی سەیر رووی تێکردم، پێش چەند رۆژێ تەمەنای مردنم دەکرد کەچی لەو ساتەدا لە مردن دەترسام پاش ریشتاشین دەستیان گرتم بەرەو ژووری مودیری ئەمن بردیانم هەر لە دەرگا چوومە ژوورێ کاك عبدالوهاب تاڵەبانی و کاك عبدالله عباس لەوێ بوون .. مودیر ئەمن یەکسەر پێی ووتم : تەسەورت دەکرد مستەفا صالح کریم و رەئوف بێگەرد بێن واستەت بۆ بکەن یا ئەم دوو پیاوە دڵسۆزە؟ .. چاییکیان بۆ بانگ کردم و جگەرەێیکی دانهێل یان دامێ .. پاش چایی‌و، جگەرەکە هەستم دەکرد لەسەر ئەرز نیم سەنگم بووەتە

پەڕە پوشێ .. مودیری ئەمن بە کاك عبدالوهابی گوت : محمد هەموو شتێ دەزانێ و هیچ نالێ دیارە نازانێ ئێمە بەردیش دەهێنینە قسە .. لەڕودا کاك عبدالوهاب زۆر دیفاعی لێکردم و گوتی محمد فڕی بەسەر سیاسەتەوە نیە مودیر ئەمنەکەیش گوتی : خۆ ئێمە لەسەر سیاسەت نەمانگرتووە، ئێمە دەمانەوێ ناوی ئەو ئەدیبانەمان بداتێ کە پەیوەندی یان بە موخەربیبەکانەوە هەبووە .. ئیدی ڕووی لەمن کردو پێی گوتم ئوستاد عبدالوهاب و ئوستاد عبدالله عباس جەریدەیەك دەردەکەن بە ناوی (ئاسۆ) ئێمە بەرت دەدەین بە شەرتێ دوو شت بکەی، یەکەمیان وتارێك دەنووسی باسی جوامێری صدام حوسین دەکەیت و دەشنووسی خوا بیپارێزێ، دووهەمیش دەچیتە بەغدا و لەم شارە دوور دەکەویتەوە لە ڕۆژنامەی ئاسۆ_یش ئیشدەکەی یەکسەر قایل بووم و بەریاندام لەگەڵ ئەو دوو برادەرە هاتمە دەرێ و بردیانم بۆ ماڵی برای خۆشەویستم کاك عبدالله ئاگرین .. ئەویش دەسبەجێ بردمی بۆلای دکتۆرێکی خزمی، دکتۆرەکە گوتی لە جێی پیسدا بووە توشی جذام (گەرووی) هاتووە، خۆشبەختانە دەرمانی هەیە و عیلاجیشی ئاسانە .. دەرمانێکی دامێ دەبا تەنانەت پێڵوەکانی چاویشم چەور کەم .. کە چاك بوومەوە ئەوجا بردمیانەوە بۆ زەرگەتە ئەو دەمە ماڵمان لەوێ بوو .. با ئەوە لەبیر نەکەم پارەی چەند جار دکتۆر و دەرمانێکی زۆر هەر هەموو لەسەر حیسابی کاك عبدالله ئاگرین بوو، هەر لە ماڵەکەی ئەویشدا تیمار دەکرام ..

- وتارەکەت نووسی ؟

— بەڵێ نووسیم و باسی ئەوەم کرد عیراق ئەسیرەکانی ئێران بەرەڵا دەکات و ناوی سەدام حوسینیشم هێنا و نووسیشم خوا بیپارێزێ .. ولە ڕۆژنامەی ئاسۆدا بڵاوم کردەوە ..

- پەشیمان نیت لەو وتارە ؟

— نەخێر .. شانازی پێوە دەکەم کاتێ کە بردمیانە بەردەستی مودیری ئەمن مەعنەویاتم سفر بوو پێموایە ئەو دەمە بەرگەی شەقێکم نەدەگرت و بەدووریشم نەدەزانی ئیعتراف بکەم .. من کە بە نووسینی (خوا بیپارێزێت) سەدان لە منالانی هاوڕێم و دەیان ئەدیب بپارێزم ئیدی بۆ لێی پەشیمان بمەوە .. ئێستایش ئەگەر منالێکی برسی بە نووسینێکی (صدام حوسین خوا بیپارێزێ) تێر دەبێ سەد جار لە پێناوی ئەو منالەدا دەنووسم صدام حوسین خوا بیپارێزێ .. پێشموانیە کەسێ بم دۆعاکەم گیرا بێت .. بەلای منەوە گرنگ ئەوە بوو ماڵ و منالی هاوڕێیانی ئەدیب و ئەدیبانیش بپارێزم .. دڵنیات دەکەم ئیعترافم کردبا زۆربەیان ئیعدام دەکران .. ماڵ و منالیشیان سەرگەردان دەبوون من دەپرسم هەر ئەدیبێکی دی لە جێی من با و بیزانیبا ( بە خوا بیپارێزێك) سەدان ئینسان دەپارێزێ، چی دەکرد ؟

- چوویتە بەغدا و لە ڕۆژنامەی ئاسۆ ئیشت کرد؟

— بەلێ .. عەریزەم نەنووسیبو لەو ڕۆژنامەیە دامبمەزرێنن لە ژووری ئیعدامەوە بەشەق ناردمیانە بەغدا .. مەبەستیشیان بوو لە بەغدا بم و لەبەر دەستیان بم .. من هیچ جیاوازێیك لە نێوان ڕۆژنامەی ئاسۆو هاوکاری و گۆڤاری کاروان و بەیان و ڕۆشنبیری نوێ و ڕەنگین دا نابینم خۆ ناکرێ بڵێین ڕۆژنامەی هاوکاری حکومەتە بەعسی‌یە باشەکە دەری دەکرد (ئاسۆ ـ یش) حکومەتە بەعسی‌یە خراپەکە دەری دەکرد هەموو وریاێیك دەزانێ ئاسۆ و هاوکاری یەك حکومەت دەری دەکرد، ئەو نووسەرانەی لە ئاسۆدا دەیاننوسی هەمان ئەو نووسەرانە بوون کە لە هاوکاریدا دەیاننوسی .. من هەرگیز ڕێ بە خۆم نادەم ، خوا نەخواستە بەم زاتانە بڵێم خەراپن مادامێ لە ڕۆژنامەی ئاسۆدا شتیان نووسیوە .. ئەم زاتانە بە بەردەوامی لە ئاسۆدا دەیاننووسی :

—مەسعود محمد، د . عیزالدین مستەفا ڕەسول، دکتۆر ئەورەحمانی حاجی مارف، د. کەمال مەزهەر، قوبادی جەلی زادە، بەختیار عەلی، شیرزاد حەسەن، مەریوان وریا قانع، ڕەئوف بێگەرد، عەتا قەرەداغی، کەژاڵ ئەحمەد (بۆ ئەمیان ئەگەر شیعرێکی بڵاو کردبا هەڵێیکی چاپی تێکەوتبا ئەوا لە ژمارەی داهاتوودا وێنەکەیان بڵاو دەکردەوەو پۆزشیان بۆ دەهێنایەوە هەروەها ئازاد بەرزنجی‌و دەیان نووسەری دی پێویست ناکات ناویان بهێنم .. ئاسۆ تەمەنی یەك ساڵ و شتێ بوو، سەیری ئەو ژمارەیە بکە بزانە ئەو کەسانەی پیرۆز بایی گەرمیان

لێکردووە، کێن و ئێستایش لە کام دەزگاکاندا کار دەکەن و مەسئولیەتیان چیە ؟

هەندێ جار هەندێ برادەر بەتەوسەوە پێم دەڵێن : غەدرت کرد ئیعترافت نەکرد .. ئەگەر ئیعترافت کردبا ئێستا دەبوویتە ئەندامی پەرلەمان، یاهەندێ برادەری دی دەڵێن : هەندێ لەو ئەدیبانەی کە تۆ لەسەریان گیرابوویت نە ئەو پیاوەن و نە ئەو ئەدیبەن .. دەزانم ئەم برادەرانە بە چ مەبەستێکەوە قسە دەکەن .. من تا مردن دەڵێم هیچ فەزڵێکم بەسەر کەسیانەوە نییە، من هیچ شتێکم بۆ نەکردوون هەر شتێکم کردبێ ئەوا بۆ خۆمم کردووە، من زۆر سوپاسی ئەو برا ئەدیبانە دەکەم چونکە بوونی ئەوان بووە مایەی ئەوەی بە سەربەرزی بە قورسترین تەجرەبەدا تێپەڕم .. ئێستا بە خۆم دەڵێم بۆ ژیانی خۆم زۆر زەرووری بوو بەو تاقیکردنەوەیە تێپەڕێم و دڵنیا بووم لە رادەی بەرگریم، هەر ئەم تاقیکردنەوە مەحەکە وایکرد تەریبێك بۆ نووسینەکانم و رەفتارم بدۆزمەوەو بزانم لە چ خانەو سەنگەرێکی ئینسانیدا پێداگرم ..

–با بێینە سەر باسی رۆمانی سەگوەڕ کە لەسەرەتای ساڵی هەشتاودوودا نووسیوتە تا ئێستا پێنج جار چاپکراوەو تەرجەمەی عەرەبیش کراوە دوا چاپیش بەرێز مام جەلال پێشەکی بۆ نووسیوە هەر لەگەڵ بڵاوبوونەوەیدا مشتومڕو کێشەیەکی زۆری نایەوە ئەو کێشانە چی بوون و دەشڵێن لەسەر ئەو رۆمانە تووشی کێشەو دەردی سەری بوون دەکرێ هەندێکیان باس کەیت ؟

– سەرەتای ساڵی هەشتاودوو ئەو رۆمانەم نووسی پاش ئەوەی چەند جارێ بۆ ئەو ئەدیبانەم خوێندەوە کە لە نێوزەنگ بووین ..

- به موناسەبەتەوە ئەو ئەدیبانە کێ بوون ؟

– ئەوەی بەبیرم بێ ئەم برادەرانە بوون سعداللە پەرۆش، نەوزاد رەفعەت، صلاح عمر ، سامی شۆرش، جەوهەر کرمانج و حمە کریم عارف و ئەحمەد عارف و مدحت کاکەیی و هەڤاڵ کوێستانی و خالید جوتیار و ... هەندێکی دیش هەبوون لەشوێنانی دی بوون.

- پاش ئەوەی بۆیانت خوێندەوە .. چیت کرد ؟

– ئەو دەمە کاك فەرەیدون عبدولقادر لێپرسراوی راگەیاندن بوو، چوومە لای و گوتم ئەم رۆمانەم هەیە، ئەویش یەکسەر گوتی ئامادەین چاپی بکەین و بڵاویشی بکەینەوە، برادەرێکی ئەدیبیش کە ژوورەکەی بەرانبەر بە ژوورەکەی کاك فەرەیدون بوو گوتی : کاك فەرەیدون ئەگەر ئەم رۆمانە بڵاو بکەنەوە خەڵکی گلەیی دەکات .. کاك فەرەیدون گوتی گلەیی چی دەکەن ئەو برادەرەیش گوتی : دەڵێن بۆچی بۆ موکری چاپ دەکەن بۆ ئێمە چاپ ناکەن .. کاك فەرەیدون گوتی کێ ئەو گلەییە دەکات .. ئەو برادەرە ئەدیبە گوتی بۆ نمونە من .. کاك فەرەیدون گوتی : تۆ دەزانی ئێمە کۆمەڵەین نەشەرم دەکەین و نەدەترسین بە جەنابت دەڵێین بۆ موکری چاپ دەکەین و بۆتۆ چاپ ناکەین .. منیش بۆ ئەوەی قسەکە بگۆڕم بە کاك فەرەیدونم گوت : رەنگە لەگەڵ هەندێ بیرو بۆچوونی ئێوەدا نەگونجێ .. کاك فەرەیدون گوتی : گرنگ نییە گرنگ ئەوەیە ئێمە لە شۆڕشدا رۆمان چاپدەکەین و ئازادیش بۆ نووسەر دەپارێزین .. بۆ چاپ کردنی (سەگوەڕ) چوومە وەرتێ .. کاك جەزا تایپی کرد، بووە کتێب بڵاو بووەوە ئیدی لەبەر ئەوەی بە چاوێکی سیاسیانە خوێنرایەوە، تەفسیری جۆراوجۆری بۆ دەکرا...

- تەفسیرەکان چۆن بوون ؟

– هی وا هەبوو دەیانگوت، لەبری ئەوەی نووسێنێ بنووسێ گیانی شۆڕشگێڕی ببەخشێتە پێشمەرگەو جەماوەر، کەچی (سەگوەری) نووسیوە .. هی وا هەبوو هەر لە ناونیشانەکەیەوە بە سەقەتی وەریدەگرت، پێی وابوو هەموو ئەو رەفتارە شۆڕشگێڕانە من بە وەڕین لە قەڵەمم داوە .. زۆربەی زۆری ئەو کەسانەی قەڵس ببون نەیانخوێندبوەوە، بە حاڵەتێکی ئینتیقائی دووسێ رستەیان پێ گوتبوون .. ئەو رستانەش کافی بوون بۆ ئەوەی هەڵچن و دەمارگیر بن .

– بەرێز مام جەلال دیفاعی لە ئێوەو لە رۆمانەکەیش کردبوو، دواجاریش بۆ چاپی پێنجەمی خۆی پێشەکی بۆ نووسی .. دەکرێ ئەوحاڵەتە زیاتر روونکەیتەوە ..

– ئەو دەمەی سەگوەر بڵاو بووەوە جەنابی مام لە (بێژوێ) بوو، کە گەڕایەوە پێشمەرگەو هەندێ کادر لەلای ئەو گلەیی و گازەندەی زۆریان کردبوو .. پێیان گوتبو :

موکری بە قەڵەمەکەی زەهر بڵاو دەکاتەوە، گیانی بەزین و سستی و بێ ئومێدی دەبەخشێتە پێشمەرگەکان .. مام جەلالیش پێی گوتبوون ئەگەر بە کلاشینکۆف هات و دەرگای ناوەندی لێگرتن، ئێوە بەدۆشکە لێیبدەن .. ئەو بەقەڵەم هاتووەتە گۆ، ئێوەیش قەڵەمتان هەیە وڵامی بدەنەوە ئەوەی راستە دەستخۆشی لێبکەن، ئەوەیشی ناراستە بۆی چاککەنەوە.

– ئەمەی باسی دەکەی بە پێشمەرگەو کادیرەکانی گوتبوو، ئەی لەگەڵ تۆدا چی گوت ..

– کە لە (بێژوێ) گەرایەوە من و سامی شۆرش و حەمە کەریم عارف چوینە بە حیسابیکاك سامی مام جەلال خۆیمەوزوع دەکاتەوە .. کەچی مام جەلال رێی قسەکردنی دا بەئێمە .. سەرەتا کاك سامی گوتی : مامە نەوتمان نییە، گوتی چەند دەبەتان ئەوێ کاك سامی گوتی دوو مام جەلال ووتی ئەوە دە دەبە نەوت، بە کورتی داوای هەر شتێکمان کرد بە دە بەرانبەر زیاترەوە بۆی دابین کردین .. هەستمان کرد ئیدی قسە نەما بیکەین، ئەوجا کاك سامی گوتی : کاك موکری رۆمانێکی بلاو کردووەتەوە و هەندێ نارەزایی لە گۆڕێدایە .. مام جەلال فەرمووی : باشە ئەوە خۆتان مەوزوعتان کردەوە .. حەز دەکەم بزانن ، دیموکراتیەت مانای ئەوە نییە، رێ هەبێ بۆ ئەوەی ئێوە بە پێچەوانەی ئێمەوە بیر بکەنەوە، بەڵکو چکۆلەترین حاڵەتی دیموکراتیەت ئەوەیە هەمو کەسێ سەربەست و ئازاد بێ لە جۆری بیر کردنەوەو گوزارشتی ئێمەی دەسەلاتداریش نەك تەنها رێی بۆ خۆشکەین بەڵکو دەبێ بیشیپارێزین .. دیموکراتیەت یانی دیالۆگی عەقڵ .. ئەگەر کاك موکری لێرەدا ئازاد نەبێ ئەی لەکوێدا ئازاد بێ .. پاشان برادەرانی بەرێ خست منی گلدایەوە لەسەر بانی ماڵەکەیدا پیاسەمان کرد لەوێدا پێی گوتم : حەز دەکەم ئەوەندە ئازاد بی لەسەر من و چەوتیەکانی من بنووسیت .. پاش ئەم قسانەی ئەو زاتە هەستم کرد بەرانبەر سەرکردەیەکی لێهاتووی مەزنی میللەتەکەم وەستاوم، تەواوێ دڵخۆش بووم بەرانبەر بە رۆشنبیری و سنگفراوانی و دیدی بەرینی بۆ ئینسان و شۆڕش و داهاتوی نەتەوەکەی .. هەر ئەوەندە دەڵێم دڵم بەوە خۆش بوو کە کوردیش سەرکردەی هەیە .. قسەی گەورە نووسەرێکم هاتەوە بیر کە دەڵێ : قوڕ بەسەر ئەو نەتەوەیەی کە سەرکردەی نییە، قوڕەکەیش خەستترە بۆ ئەو نەتەوەیە کە چاوەڕێی سەرکردە دەکات .. هەستم کرد وەك هەر نەتەوەیێکی شۆڕشگێڕ حەقی شانازیم بە سەرکردەکەمەوە هەبێ وەك ڤێتنامی و هیندی و فەرەنسی و ئەلمانی بڵێم منیش هۆشی مینە و گاندی و دیگۆل و بسمارك ـم هەیە ..

– باشە بۆ ئەم چوار سەرکردەیەت هەڵبژارد وەك نمونە مام جەلالت هێنایە ئاستی ئەوان ؟


– پشکێ لە رەفتارو گوفتاری ئەو چوارەیانی پێوە دیارە

- وەك چی ؟


– یەکەم : هۆشی مینە ڤێتنامی بەرەو سەرکەوتن برد، کەسێکی هەند خاکی بوو خۆی لە چکۆلەترین جەنگاوەریڤێتنامی جیا نەدەکردەوە، هەمیشەوەك جەنگاوەرێ لەنێوجەرگەی جەنگەکاندا بوو، مانەندی جەنگاوەران ماندوو برسی بوو .. هەر خودی هۆشی مینە دەڵێ ئەگەر رۆژگار کوتەك بووبێ و کێشابێتیە سەرمن، ئەوا منیش چەڵتوکم، ئەو کوتەکە تەنهاتۆکڵەکەی لێ کردوومەتەوە، وەکو مەرمەڕی سپی خستوومیەتە روو ... مامی لەمەڕ خۆشمان، کوتەکی رۆژگار هەندی پیاکێشاوە، هەند دەربەدەرو شەونخونی چەشتووەو بەگەلێ تاقیکردنەوەی سەختا تێپەڕیوە، بووەتە ئەو کەسەی خەتاو هەڵەکانی خۆی کردووەتە کوتەك، بەو کوتەکە ئەوەندەی بەخۆدا کێشاوە، گەلێ توێکڵی هەڵەی لەخۆ داماڵیوە لە هەمان کاتدا ئەو توێکڵی خەتاو هەلانەی کردووەتە پێپیلکە بەرەو لوتکەی رەسەنایەتی هەلگژاوە، قوتابێیکی بەئەمەك و فێر بووی دنیای شۆڕش و شۆڕشگێڕییە .

– وا تێدەگەم دەڵێی مام جەلال زیاتر لەهەڵەکانەوە فێر بووە ؟

– بەڵێ .. ئینسان هەڵە نەکات فێر نابێ .. ئینسان هەڵە نەکات ئینسان نییە .. ئینسانی مەزن ئەو کەسەیە دەرس لە هەڵەکانی خۆیەوە وەردەگرێ .. چینیەکان ئدیۆمێکیان هەیە دەڵێ : ئەمە فەشەلی هەزارو یەکەمم .. مەبەستیان ئەوەیە لەفەشەل ناترسن بەردەوام هەوڵ







دەدەن .. ئەگەر مامی خۆشمان لە ژیانی شۆڕشگێڕی خۆیدا چەند جارێ و لەچەند حاڵەتێکدا فەشلی هێنابێ، کۆڵی نەداوەو بەردەوام بووە، ئیمانی تەواوی بە پیرۆزی بیروباوەڕی هەبووە. هەر هەمان ئیمان وایلێکردووە قایل بێت خۆی و نەتەوەکەی لە نەزیفێکی موستەمیردا بن و نایەوێت خوێنی فاسیدی هیچ دەسەڵاتێکی دەوروبەر بچێتە نێو جەستەی خۆی و نەتەوەکەی، نایەوێت ئەو خوێنە فاسیدە گوڕو تینێکی پێببەخشێ و سەرکەوتنێکی شەرم ئاوەری کاتی بۆ مسۆگەر بکات ..

- مامت بەگاندی شوبهاند ؟

– بەڵێ !

- لە چییدا لەیەك دەچن ؟

– یەکەم هەردوو وەکو پیشە پارێزەر بوون . دووهەمیشیان دیدیان بۆ فرە دەنگی بەرینە

– دەمەوێ بەرونی قسە بکەیت

– گاندی دەڵێ : من هەموو دەرگاو پەنجەرەکانم والاّ دەکەم تا هەموو جۆرە (بایەکان) روو لە ماڵەکەم بکەن، بەو مەرجەی هیچ یەك لەو (بایانە) لە رەگ و ریشەوە دەرم نەهێنن .. فیعلاً مام جەلال (نێوزەنگ وچیاو شۆڕشی) کردە ئەو ماڵە، دەرگاو پەنجەرەکانی والاّ کرد، تەنانەت (بای) سەگوەڕیش بە ئازادی لە نێو ئەو ماڵە شۆڕشەدا هات و چووی دەکرد

– ئەی خاڵی وێکچووی لەگەڵ دیگۆلی فەرەنسیدا چییە ؟

– دوو خاڵی سەرەکی هاوبەشیان هەیە .. یەکەمیان روحی مقاوەمەت و سوور بوون و بەردەوامی .. دووهەمیان خوێندنەوەیان بۆ مێژوو ..

– خاڵی دووهەمیان تێناگەم رونتریکەوە ..

– کاتێ فەرەنسا لە ژێر چنگی نازییەکان رزگاری بوو، رۆژنامەنووسێ لە ژەنەرال دیگوڵی پرسی : بۆچی مارشال (بیتان) رێیدا نازییەکان بە ئاسانی بێنە ناو پاریسەوەو داگیریکەن دیگول گوتی : لەبەر ئەوەی مارشال (بیتان) مێژووی فەرەنسای نەخوێندووەتەوە ... مام جەلال نەك تەنها شارەزای مێژووی کوردە، بەڵکو خۆی مێژوونووسە ... رێك پێچەوانەی زۆربەی شاو میرەکانی عەرەبە ..

- مەبەستت لەدوا رستە چییە ؟

– نووسەرێ، لەیەکێ لە کۆنگرەکانی عەرەبیدا بەشداری دەکات، گوێدەگرێ لە خوتبە ئینشائەکانی زۆربەی بەشداران، لەماوەی پشووداندا نووسەرەکە بۆ موجامەلە لە یەکێك لە میرەکان دەپرسێ : قوربان ئێوە دەخوێننەوە، میرەکەیش دەڵێ، بەڵێ، نووسەرەکەیش بۆ زیاتر موجامەلەکردن دەپرسێ : ئەدەب دەخوێننەوە یا مێژوو .. میرەکە تورە دەبێ، بە ئەوپەڕی هەڵچوونەوە دەڵێ ئێمە خۆمان مێژوو دروست دەکەین ..چۆن مێژوو دەخوێنینەوە

– با بێینەوە سەر قسەکانمان، وا تێگەیشتم دەتەوێ بڵێی مام جەلال هەند شارەزایە هەڵە مێژووییەکانی دووبارە نەکردووەتەوە

– مەبەستم ئەمە نەبوو .. بەلام دەمەوێ بڵێم گەلێ جار زرووفە مەوزوعیەکان هەند سەخت دەبن، هەرکەسێکی دی لە جیاتی مام جەلال بێت بۆ پاراستنی نیمچە کیانەکەی هەر هەمان رەفتار دەکات کە هەندێك خەڵك بەهەڵەی کوشندە لەقەڵەمی دەدەن ..

- دەتوانی نمونەێیك بهێنیتەوە ؟

– لە مانگی ئابی ساڵی ١٩٩٦ ی.ن.ك. لە زروفێکی مەوزوعی زۆر سەختدا دەژیا، ئێرانیش پەیی بەم حاڵەتە بردبوو، بۆیە فشارێکی زۆری خستە سەر یەکێتی کە لە دەڤەری ی.ن.ك. وە تۆپبارانی حیزبی دیموکراتی کرد .. کە پێشتر یەکێیەتی حیزبی دیموکراتی ئاگادار کردبووەوە کە شتێکی ئاوها لە گۆڕێدایە ..

خۆشبەختانە کەمترین زیان بەر پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات کەوت .. جا لێرەدا دەمەوێ ئەوە بڵێم : هەر حیزب و سەرکردەیەك لە زروفی ئابی ١٩٩٦ نەوەت و شەشی ئەوسای یەکێتیبا، پێموانیە غەیری رەفتاری یەکیەتی هەڵبژاردبا .. ئەو دەمە گەردنی یەکیەتی باریك بوو دەست و مەچەکی ئێرانیش ئەستورو بەهێز بوو.. حاڵەتی دیش پێچەوانەی ئەم حاڵەتە دروست بووە هەندێ جار کورد توانیویەتی خودداری لە چنگ و کەڵبەی دەوروو بەر بکات راستەو راست مامەڵەی لەگەڵ عەقڵە چکۆلەکەیان بکات و سوودی کاتیان لێوەرگرێ

–بەکورتی پێناسەی مام جەلال بکە

– شۆڕشگێڕێکی دەستو پێ سپی نییە، هەمیشە قوتابی تاقیکردنەوەکانی خۆیەتی بەردەوام لە هەوڵی فێر بوون دایە هەندێ جاریش بە میزاج رەفتار دەکات، بریا ئەم حاڵەتەی لەخۆ دادەتەکاند

– هەست ناکەیت لەم پێناسەیەتدا زیادە رەویت بەرانبەر مام جەلال کردبێت ..

– نەخێر خودی مام جەلال ئەم پێناسەیە بە زیادە رەوی نازانێت رێز لە هەموو بۆچوونێك دەگرێت دەتوانم بڵێم مانەندی ڤۆڵتێرە کە دەڵێ : ئەگەر چی لەگەڵ بۆچوونەکانتا نیم، ئامادەم خۆم بەخت کەم لەپێناوی ئەوەی تۆ بە ئازادی گوزارشت لە ڕاو بۆچوونەکانت بکەیت ... دڵنیام مام جەلال خۆی ئازادەو حەز بە ئازادی هەموو ئینسانەکان دەکات

– با بێینەوە سەر رۆمانی (سەگوەر) بە پێی قسەکانت سەرکردایەتی یەکێیتی نیشتمانی دژی (سەگوەر) نەبوون، بەلام هەندێ کادیرو بەشێ لە پێشمەرگە دژی بوون .. دەڵێی چی ؟

– تەنهام مام جەلال و چەند ئەندامێکی دژی نەبوون، دەنا هەندێ لە کادیرە پێشکەوتووەکان و بەشێکی پێشمەرگەیش بێ ئەوەی سەگوەریان _ خوێندبێتەوە، دژایەتیان دەکرد... تا ئیستاش زۆر بەیان نەیانخوێندۆتەوە

– وەك باس دەکرێ لەرێ "سەگوەر" توشی گەلێ دەردی سەری بویت دەکرێت چەند نمونەیەکی باسکەیت..

– سەرەتا دەبێ ئەوە بڵێم، جەنابی مام جەلال و سەرکردایەتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان هەرگیز لەگەڵ ئەوە نەبوون تەنانەت لە گول کاڵتریشم پێ بوترێت... بەلام هەندێ نامەسئول رەفتاری نابەجێیان لەگەڵ دەکردم.. سێ چوار حاڵەت دەگێڕمەوە یەکەمیان: لەگەڵ برای خوشەویستم پێشمەرگەی قارەمان کاك عەلی شامار لە چایخانەی گوندی (بێتوش) کە گوندێکەو لە کوردستانی ئێراندایە، دانیشتبووین.. مەفرەزێکی پێشمەرگەیش هاتنە چایخانەکە و دانیشن.. هەرکەمنیان بینی هەر هەموویان مۆڕەیان لێکردم من خۆم بە نەدیو خستە روو، پێدە چوو ئەم رەفتارەم زۆری قەڵس کردبن

ئامر مەفرەزەکەیان (کە ئێستا شەهێدە گۆڕی پڕنور بێ) خۆی پێ نەگیرا هات وپێی گوتم : تۆ محمد موکریت..

گوتم: بەڵێ

گوتی : نەمهێشت، دەنا پێشمەرگەکانم تۆیان دەهێنایە بەر پێم تا وەك سەگ بوەڕیت ..

من بێدەنگ بووم، نەخێر دووبارەو سێ بارەی کردەوە و هەندێ جنێوی سوکیشی دامێ .. کاك عەلی شامار لێی راپەڕی و دەستی دایە چەکەکەی ..گەلێ تکام لە کاك عەلی شامار کرد بێدەنگ بێت و پێم گوت : ئەوا من خۆم دانیشتووم و بێدەنگم، تکایە تۆیش بێدەنگ بە .. سوپاسی دەکەم بێدەنگی هەڵبژارد .. پێموایە ئەو دەمە رەنگە کاك عەلی هەستی بەوە کردبێ کە لە ترسانا بێدەنگیم هەڵبژاردووە .. ئەگەر ئەو هەستەی هەبووبێ، ئەوا ئێستا دەڵێم : هەستەکەی لە جێی خۆیدا بووە، بەڵێ لە ترسانا بێدەنگیم هەڵبژارد، ترسی ئەوەم هەبوو حاڵەتێکی پێشتر دووبارە بێتەوە ..

–حاڵەتەکەی پێشتر چی بوو ؟

– لەبەردەم مزگەوتەکەی گوندی (گاپیلۆن) وەستابووم، ئێوارە بوو چاوەڕێی (تەوزیع) بووم ..

- (تەوزیع) چی‌یە ؟

– ئەم پرسیارەم پێ چاکە، نەوەی ئەمڕۆ لەم وشە عەرەبیە تێناگەن منیش بەهەلی دەزانم لە ڕێی ئەم پرسیارەوە گەلێ سوپاس و پێزانینی خۆم دەربڕم بەرانبەر بە گوند نشینانی وڵاتەکەم کە هەمیشە پاروەنانی خۆوخێزانیان لەگەڵ پێشمەرگەدا برابەش کردبوو، پێشمەرگەیان بە یەکێ لە ئەندامانی خێزانی خۆیان دەژمارد .. (تەوزیع) مانای ئەوەیە پێشمەرگە رووی لەهەر گوندێ کردبا، بۆ ئێوارە دەچووە مزگەوتی گوند، مەسئولی گوند دەهات پێشمەرگەی تەوزیع دابەش دەکردە سەرماڵان .. پاش شیف خواردن بەتانیەکمان لەهەمان ماڵ وەردەگرت بۆ خەوتن دەگەڕاینەوە بۆ مزگەوت، بەیانیش کە بەتانیەکەمان دەبردەوە (تێشتیان) دەرخوارد دەداین ...

– سوپاس بۆ ئەم رونکردنەوەیەت، سوپاسیش بۆ سەرلەبەری گوندنشینانی خزمەت گوزار و پێشمەرگە پەرست ... دەمەوێ باسی حاڵەتە نابەجێیەکە بکەیت

– وەك گوتم لەبەردەم مزگەوتەکەدا وەستابووم چاوەڕێی تەوزیع کردن بووم، ئامر کەرتێ پەیدا بوو بێ سێ و دوو لەبەر چاوی هەموو پێشمەرگەکان و گوند نیشینەکان، دەمانچەیێکی چواردەخۆری دەرهێنا، بە کلکە دەمانچە چەند جارێ کێشای بەتەوقی سەرما زیاتر لە چەند جارێکیش بە توڕە بوونەوە دەینەڕاند : ئەم مێشکە بۆگەنەی تۆ هی ئەوەیە بەم دەمانچەیە هەڵیتەکێنم ...


پێدەچوو لادێیەکان زۆریان بەزەیی پیا هاتبمەوە .. بردمیانە ماڵێك و نەیانهێشت بگەڕێمەوە بۆ مزگەوت، ئەو شەوە لەماڵی گوندنشینێکدا مامەوە، تا درەنگانیش خانەخوێ نەخوێندەوارەکەم نەسیحەتی دەکردم کەنابێ دڵی ئەم پێشمەرگانە بشکێنم و خوا نەخواستە قسەی خراپیان پێ بڵێم .. دەیگوت : ئەم پێشمەرگانە ماڵ و منالیان جێهێشتووە، تەحەمولی برسیەتی و دەربەدەری دەکەن بۆ ئەوەی میللەتە چەوساوەکەمان رزگار بکەن

–باشە لەم حاڵەتەدا هەستت بە چ دەکرد ؟

– دوو جۆر هەستی دژ بەیەك رووی تێکردم .. یەکەمیان پڕ بەدڵ دڵخۆش بووم بەوەی پێشمەرگە نەك تەنها بەرگری لە میللەتەکەی دەکات، بەڵکو بەرگری لە ناوەکەی خۆیشی دەکات و دەیەوێ هەمیشە بەرز رایگرێ .. زیاتر دڵخۆشتر بووم کە بینیم بەشێکی تەواوی میللەتەکەیش هەمان بەرگرییان لە پێشمەرگە دەکرد .. ئەمە بۆمن کەم نەبوو .. هەستەکەی دیشم دڵم بە خۆم دەسوتا لەو بەد حاڵی بوونە .. من چیم نووسیوە، خەڵکەکەیش چۆن تێگەیشتوون بە چ جۆرێکیش تەفسیری خراپی دەکەن..

– یانی لە بەختی تۆ هەموو ئەو پێشمەرگانە ببوونە خوێنەوارو رەخنەگر؟

– بەشێکی تەواوی پێشمەرگەی شۆڕشی نوێ خوێنەوار بوون گەلێ موهەندیس و پزیشك و ئەفسەر و دەیان دەرچووی زانکۆ و سەدان مامۆستایشی لێ بوو .. لەناو پێشمەرگەیشدا ئاسایی بوو دەیان نەخوێنەواری لێ بێ .. جارێکیان لە (نێوزەنگەوە) دەچووم بۆ وەرتێ کاك فەرید زامدار ماڵیان لە گوندی( سەرنەوس) بوو، چوومە ماڵی کاك فەرید بۆ ئێوارە چەند پێشمەرگەیێك هاتن بە کاك










فەریدیان گوت : دەبێ ئەو محەمەد موکرییە دەرکەیت و نەیحەوێنیتەوە .. نزیکەی هەفتەیەک لە ماڵی کاک فەرید بووم هەموو ئێوارەیێک ئەم بەزمە دووبارە دەبووەوە، تا کاک فەرید ناچار بوو یەکێکیانی بانگ کرد و پێی گوت : خدر ئەتۆ خوێندەواریت هەیە؟

— گوتی : نەوەڵلا

کاک فەرید پێی گوت : ئەتۆ خوێندەواریت نییە لۆ دەتەوێ ئەم پیاوە بکوژی ..

خدر بە کاک فەریدی گوت : دەرێن ئەم پیاوە تشتێکی نووسیوە پێشمەرگەی کردییە بە سەگ ..

کاک فەریدیش بە زمانەکەی خۆی پێی دەڵێ : بابم وا نییە

خدریش دەیگوت : ئەمن چ بزانم وا دەرێن ...

هەندێ کادری پێشکەوتویش هەبوون، ئێستا یەکێکیان نووسەرە لە زۆربەی رۆژنامەکاندا وتار بلاو دەکاتەوە، بە رێزەوە ناوی دەهێنم، ئەویش برای خۆشەویستم کاک بێستون سابورئاواییە لە خوت و خۆڕایی داوای دەکرد بمکوژن

—کوشتن ؟

— بەڵێ

- ئاخر بۆ؟

— ئەو دەمە هەند گەرم بوون قوڵپیان دەدا

- لە چی گەرم بوون ؟

— لە مارکسیەت !

- چۆن ؟

— لە گفتو گۆی هەندێکیاندا سەر بەقوڕیان دەهێنیایە پێکەنین، گوێم لە دووکەس بوو لە نێو کۆمەڵێکدا لەمەڕ مارکسیەتەوە موناقەشەیان دەکرد .. موناقەشەکەیان چووە حاڵەتی مەلا بەزێنی یەکەمیان بە دووەمی گوت : تۆ فرت بەسەر مارکسیەتەوە نییە، هەر هیچی لێ نازانی، دەی پێم بڵێ ناوی دایکی مارکس چی بوو ؟

دووەم بێدەنگ بوو، یەکەم نەڕاندیە سەری و پێی گوت : فەرموون ناوی دایکی مارکس نازانێ و دەڵێ مارکسیم ..

دووەم گوتی : من نایزانم ناوی دایکی مارکس چی بوو، ئەی تۆ دەیزانی؟

یەکەم گوتی : بەڵێ ناوی (کرۆبسکایا) بوو ..

دووەم رووی لە من کرد و گوتی : مامۆستا ئەمە راستە؟

منیش گوتم : کرۆبسکایە ناوی ژنی لنینە ..

یەکەم هەند بە تورەبوونەوە نەڕاندیە سەرم و پێی گوتم : تۆ گو بخۆ تۆ سەگوەڕت نووسیوە .. نابێ کەس گوێ لە تۆ بگرێ !

—لەرۆمانی تۆڵەدا پاڵەوانێکت هەیەی بەناوی حاجی محی‌الدین، گەلێ بە تەوسەوە باسی مارکسیەت دەکات .. رەنگە تەوسەکانی حاجی محی الدین رەنگدانەوەی تەوسەکانی خۆت بێ ..

— ببورە من بە تەوسەوە باسی مارکسیەت ناکەم، من وەك زانست باسی دەکەم .. زانستی مارکسیەت بە پێی ئاماری یۆنسکۆ لە سەدا هەشتی تەرجەمە کراوەتە عەرەبی زمانی عەرەبیش رافیدێکی باشی رۆشنبیری کوردیە .. جا من لێرەدا دەپرسم، چ کەسێ بۆی نییە ئیدعای شتێك بکات کە لە سەدا هەشتی خوێندبێتەوە و لێی حاڵی بووبێ - ئەگەر بە تەواوی لەو رێژەیەیشی خوێندبێتەوە کەمکەسم بینیوە جلدەکانی کتێبی (راس المال)ی تەواو کردبێ ..

لە کاتێکدا جلدەکانی (راس المال) ـ یش دەچێتە نێو رێژەی سەدا هەشتەکە ..

ئینجا بێینەوە سەر ئەو کتێبە مارکسیانەی لە عەرەبییەوە تەرجەمە کراونەتە سەر کوردی .. زۆربەیان هەند سەقەت تەرجەمە کراون هەر مەپرسە .. لەنێو زۆربەی کوردە مارکسیەکاندا بە جۆرێ مارکسیەتیان وەرگرتبوو رێك لە موعەلەباتی سەردینی دەچوو .. بێ ئەوەی ئیشتقاقاتی لێوەرگرن و بیکەنە ئەبجەدیەتێکی کوردی، وا لە کورد بکەن کە ئەم زانستە نامۆ نییە، کەچی دەهاتن وەك ئەوەی بڵێی پالتاوێکی لنگەیان دەهێنا دایان دەماڵیە سەر کەسە کوردەکەوە ..

—با لەمە گەرێین و بێینەوە سەر (سەگوەر) لە چیادا زۆری لەسەر نووسرا، نووسینەکان چی بوون

— هەر پاش بڵاو بوونوەی (سەگوەر) بە رادان کاك سامی شۆرش کتێبێکی لەسەر نووسی و چاپ و بڵاوی کردەوە پاشانیش سێ کەسی دی بە هەرەوەز کتێبێکی دیان لەسەر نووسی و چاپ و بڵاو بووەوە، جگە لە وتارەکان

— مەبەستت چییە کە دەڵێی بەرادان سامی شۆرش کتێبێکی لەسەرنووسی ..

— بە تەکلیف ئەو کتێبەی نووسی ..

— ئەو سێ کەسەی دی کێ بوون وا کتێبەکەی دییان لەسەر نووسی ؟

— ئەم برا بەرێزانە بوون : کاك ئازاد جوندیانی، کاك مەریوان وریا قانع و کاك برایم جەلال .

— وەك بیستوومە، خۆم نەمخوێندووەتەوە دەڵێن جنێویان زۆر پێداوی .. وایە ؟

— کاك ئازاد جوندیانی و کاك مەریوان وریا قانع جنێویان نەنووسیبو، بە پێی بۆچون و گەرم بوونی ئەو دەمەیان شتیان نووسیبوو بەڵام نووسینەکەی کاك برایم جەلال گەلێ زبر بوو گەردنی ئازاد بێ ..

— گوتت کاك ئازاد جوندیانی وکاك مەریوان وریا قانع بە بۆچوون و گەرم بوونی ئەو دەمەیان شتیان نووسیوە .. مەبەست چییە؟

— کاك ئازاد جوندیانی لە کۆرێکی گەورەی ساڵی ١٩٩٨ دا هاتە سەر مایکرۆفۆن و گوتی : ئێمە زۆر ئەزیەتی موکریمان داوە، من لەو نووسینەی خۆم پەشیمانم .. لێرەوە پەشیمانی خۆم رادەگەێنم و داوای لێبووردن دەکەم .

- ئەی وتارەکان چۆن بوون ؟

— یەکێ لە وتارەکان کە لە گۆڤاری گزنگدا بڵاو کرایەوە، گەلێ زەبرو زەق بوو لە دوا دێرەکانیدا ئەمەی نووسیبوو ( سەگوەر تاوانە هەر کەسێ لە ئاستی ئەم تاوانەدا بێدەنگ بێ تاوانبارترە)

- کێ بوو نووسەرەکەی؟

— ناوی ناهێنم

— ئێمە لە سەرەتادا وا رێکەوتین بێ پەروا پرسیار بکەین و ئێوەیش وەڵام بدەنەوە ..

کەچی وەڵامم نایدەتەوە بۆ ؟

—نامەوێ کای کۆن بەبا کەم .

— پێدەچێ بترسی وا ناوی ناهێنی

— نەخێر ناترسم .. بۆ شان و شەوکەتی ئێستای ئەو، بە جوانی نازام ناوی بێنم ..

—چاکە ئەی وڵامی ئەو نووسینانەت نەدایەوە

—نەخێر

—بۆ

—لەبەر دوو حاڵەت، یەکەمیان هەموو کەسێ شایستەی وڵام دانەوەی نییە، دووهەمیشیان بەد حاڵیبۆنێکی سەیر لە گۆرێدا بوو .. جارێکیان یۆنانییەکان لە شەرێکدا دەدۆرێنن ، پەرلەمانیان کۆ دەبنەوە تا لە هۆی شکستەکەیان بگەن، پاش هەندێ قسە یەکێکیان گوتی : لەبەر ئەوەی مەلائیکەمان لەگەڵ نەبوو بۆیە شکستمان هێنا، یەکێکی دییان گوتی مەلائیکەکان ژنن، چۆن دێنە

هانای ئێمەوە.. مقۆمقۆ کەوتە نێو پەرلەمانەوە، بەشێکیان دەیانگوت مەلائیکە نێرە وبەشەکەی دیش دەیانگوت مێیە.. دەبێتە شەڕە کورسی لەو کاتەدا سەرۆکی پەرلەمان دێتە ژورێ وەزعەکە دەبینێ و دەپرسێ: ئەم شەڕەتان لەسەر چی‌یە؟

بەشێکیان دەڵێن: ئێمە دەڵێین مەلائیکە نێرە. ئەوان دەڵێن نەخێر مێیە.. سەرۆکی پەرلەمان دەپرسێ: ئەی بۆچی کۆبونەتەوە بەستەزمانانە.. هیچ وڵامێکیان نەبوو.. تەنها سەر داخستن نەبێ لەمەڕ سەگوەریشەوە بەد حاڵی بوون لەگوڕێدا بوو.. من هەرچێکم نوسیبوو ڕێك بە پێچەوانەوە وەرگێرابوو..هەر جارە قسەیەك دەکرا..

—وەك چی؟

—جارێ دەیانگوت موکری وجودیە، بیروباوەڕی وجودیەت بلاودەکاتەوە جارێکی دیش دەیانگوت زەهر بلاو دەکاتەوە.. دەیانگوت ورەی پێشمەرگەکان دەداگرێ

—لەو دەمەدا لەمەر سەگوەر چ شتێکت پێ زۆر ناخۆش بوو؟

—مەقەڕەکەمان لە "یاخسەمەر" بوو هەر سەرتیپ و ئامرەکەتێ ترۆ کرابا سەری لەمەقەرەکەی ئێمە دەدا و منی دەبینی و دەیگوت بەراستی سەگوەڕە بەمە زۆر بێزار دەبووم دەگەیشتمە قەناعەت کە نەیخوێندووەتەوە بە پێچەوانەش بۆ یان باسکردووە..

—بابێینە سەر ژن، ڕەئیتان بەرانبەر بەژن چییە؟

—پێموایە ئەم پرسیارە، زۆر موجەرەدە، وەکو ئەوە وایە بلێی ڕەئیت بەرانبەر بەپیاو چییە، بۆیە دەبێ من بپرسم کام ژن؟. پێت وانییە لەنێو ژنانیشدا، بکوژو تاوانبارو خائین، درۆزن، دووڕو یان تیانەبێ تەنانەت دیکتاتۆرو خیانەتکاری ئەوتۆیان تیاهەڵکەوتووە لەبەدکاریدا چ لەپیاوانی بەدکار کەمتر نەبوون.. ناکرێ پێناسەیەکی گشتی بۆ ژن وەکو ژن بکرێ.. ئەگەر پێناسەیەش بکرێ ئەوا هەر تەنها لەبەر جیاوازییە فەسلەجییەکەیە.. گەلێ ژنی چاكو بەسۆزوداوێن پاکیش هەن بۆیە ناکرێ بەیەك پێناسە تێکەڵ بکرێن دەشێ بۆ بەدکارانیان بلێین، خاوەنی ئەو چەکەن پیاوانی دەسەڵاتدار رامدەکەنو بەمانای کەلیمە حوکمی وڵاتان دەکەن کەم مەسئولینی دنیا هەیە چەند ژنێك لەپشتی پەردەوە بڕیاری پێدەرنەکەن: ڕەش نەکەنە سپی‌و سپیش نەکەنە ڕەش.. بەڵام ژنانی چاكو راستگۆو ئۆکسجینو ئەکسیری ژیانن..

—من نامەوێ ژن پۆلین کەین، دەزانین بەدرێژایی مێژوو ژن چەوسێنراوەتەوە تەنانەت یۆنانییە کۆنەکان بەیەك چاو سەیری دەسەڵاتو جنسو خواوەندەکانیان دەکرد، لەیەك پێناسەدا کۆیان دەکردەوە وەك زنجیرەیەك بەیەکەوە گرێی دابوون.. بەحیسابی خۆیان بەحوکمی سروشت ژن کەمتربوو لەپیاو، هەموو ئەرکەکانی ژن جنسو منداڵبوونو بەڕێوەبردنی کاروباری نێوماڵ بوو، بەڵام پەیوەندییە کۆمەڵایەتیە مەغزا دارەکان دەبا بۆ پیاو جێبهێڵرێ..

—ئەمە راستە.. بەڵام دەبێ ئەو حەقیقەتە مێژووییە فەرامۆش نەکەین، ئەویش ئەوەیە لەسەردەمی یۆنانییە کۆنەکاندا دوو جۆر ژن هەبوو.. یەکەمیان ژنی ئازاد بوو دووهەمیشیان ژنی کۆیلە یا کەنیز، یا بەقەولی خۆیان ژنی ئەجنەبی.. ژنی ئازاد ئەو ژنەبوو حیسابی موڵکیەتی خاصی بۆ دەکرا، کرابوو بەکاسەی تەعقیم نەدەبوو بەهیچ جۆری تێکەڵ بێو دەوری لەنێو کۆمەڵگادا هەبێ، مادامێ لەڕێی منداڵەکانییەوە میرات دەمایەوە.. دەبوو بەخاوێنی بمێننەوە.. ئەگەرچی ئیغریقییەکان ئیمانیان بەیەك ژنهێنان هەبوو، یەك ژنی شەرعی.. کەچی ژنانیان چاوپۆشییان لەپیاوان دەکرد گەر لەدەرێی ماڵیدا هەر پەیوەندییێکیان هەبوایە چونکە پیاو خاوەنی دەسەڵاتە گەورەکەبوو.. هەرکە موڵکیەتی تایبەتی پەرەی سەند، پیاو هەستی بەگرنگی داوێن پاکی ژنەکەی کرد، بەر لەوەی موڵکییەتی تایبەتی لەگۆڕێدابێ، شیوعیەتی جنسی هەبوو ئەنسرۆپۆلۆژییەکان ئەوەیان ئاشکراکرد کە هەندێ لەقۆناغەکانی بەشەرییەت عادەتێك هەبووەو ڕێزیان لەمیوان دەگرتو ژنەکانی خۆیانیان پێشکەش دەکرد، وەك ئەسکیمۆییەکانو عادەتی ژن گۆڕینەوەش هەبوو، ئەنگلز لە ئەسڵی خانەوادەو موڵکییەتی تایبەتی بەجوانی ئەم حاڵەتە دەخاتە ڕوو، بەدرێژایی مێژوو پەیوەندی لەنێوان موڵکییەتی تایبەتی‌و ژن لەگۆڕێدا

بووە. دەبا ژن لەماڵێدا بێ کەس نەیبینێ (مەبەستم ژنی ئازادە) بۆ ئەوەی نەوەیێك بخاتەوە لەبەرهەمی خودی پیاوەکەی خۆی بێ.. وەك پێشتر گوتم نەوەکەی دەبێتە میراتگری مومتەلەکاتو ئیمتیازە ماددیو مەعنەوییەکانی پیاو، بۆیە هەمیشە هەوڵدەدرا پاکانە بێننەوە بۆ وەزعی چکۆلەیی ژن، لەرووی عەقڵو تەبیعەتو بیلۆژیاوە تا بیسەلمێنن ئەمە سروشتی شتەکانە.. گوایە سروشتیت، لەم رووەوە جوانترین شتی خۆی فەرزکردووە، یا ئاسمانو سروشت هەردووکیان بەیەکەوە چکۆلەیی ژنانیان فەرزکردووە، گەورەیی پیاوانیان خستووەتەروو، کە دەبێ ئەبێو نەبێی بەدەست بێو ژنیش تابیعێکی ملکەچ و قایل بێ زمان کورتیش بێ لەئاستی کاروباری رۆژانەی گشتیدا.. تەنانەت لەئەفسانە کۆنەکانی یۆناندا گاڵتە بەو خوایە دەکەن کە ژنی خەڵق کردووە.. ئەو خوایەی کە ژنی خەڵکردووە ناوی "هیفاستوس"ەو شەلە.. ئەم ئەفسانەیە نەك تەنها ژنی نالەبارکردووە. بەڵکو ئەو خوایەشی نالەبارکردووە کە خەڵقی کردووە.. بەکورتی ئەفسانەکە دەڵێ "هیرا"ی ژن لە "زیۆس"ی گەورەی خواکان پێش کاتی زاین "هیفاستوسی" هێنایە ژیان، پێیەکانی نالەباربوون پەنجەی پێیەکانی لەپشتەوە بوونو پاژنەکانیشی لەپێشەوە.. ئەفسانەکە دەڵێ، هەر لەگەڵ خەڵقبوونی ژندا، نەخۆشیو قاتو قڕیو هەژاریی لەگەڵ خۆیدا هێنا، زەویی پڕکرد لەکێشەو موسیبەت خەتاکاریش چووە نێو ناخی مرۆڤەوە. هەر لەم رووەوە "هزیود" رای خۆی بەرانبەر بەژن چڕ دەکاتەوە: رەگەزی ژن، لە رەگەزی "بەندۆرا"ی بەدکارەوە هاتووە، کە شەرێکەو پیاوانی داپۆشیوە. ژن هاوڕێی ژیانی پیاونیە، بەشداری مێردەکەی ناکات لەهەژاریو ئازار بەڵکو هەمیشە داوای خۆراکو پۆشاك لەپیاو دەکات، بۆ چڵێسییەکەی هیچ سنوورێ نیە، ژن بۆ ئەوە خەڵق کراوە ببێتە سەرچاوەی شەڕو فەساد.. ئەو دەمە ئەفسانەکانیش دژ بەژن بوون سەر دیر لەگەڵ:- گوتت لەو سەردەمە کۆنانەدا دوو جۆر ژن هەبوو ئازادو کەنیز باسی کەنیزەکانت نەکرد..

—کەنیزەکان ئەو ژنانەبوون لەجەنگدا بەدیل دەگیران یا دەیاندزین.. ئەمانە لەرێی نەخاسەکانەوە دەهێنرانە بازارەکانی کەنیز فرۆشان ئەمجۆرە ژنە بۆیان هەبوو سفووربن، پیاوانی ژنداریش بەشانازیەوە دەچونە لایان.. ئەمجۆرە ژنانە نەدەبوو بەهیچ جۆرێ لاسایی ژنی ئازاد بکەن.. ژنی ئازاد حیجابی هەبوو، بەڵام کەنیز نەدەبوو حیجاب بکات بۆ نموونە: ئیمامی عومەر هەر کەنیزێکی دیبا حیجابی هەیە یا پەچەی پۆشیوە، بەدارەکەی دەستی حیجابەکەی لادەداو پێی دەگووت: نابێ خۆت بەژنی ئازاد بشوبهێنی.. دەبێ بناسرێت کە تۆ کەنیزی!

—سەرچاوەی ئەم قسەیەت چییە؟

—لەسێ چوار سەرچاوەدا ئەمەم خوێندووەتەوە..

—وەك؟

—ژن لەشیعری جاهیلیدا، دکتۆر ئەحمەد الحوفی نووسیوەتی

—چیتر؟

—لسان العرب—ی ئیبنی مەنزور هەروەها کتێبی "الرق ماضیە و حاضرە"

—باشە ئیمامی عومەر بۆ ئەو جیاوازییەی داناوە لەنێوان کەنیزو ژنی ئازاددا؟

—ئالێرەدا جیاوازییەکە کۆمەڵایەتیو ئابوورییە، دوورە لەئاین گەر شەرعی بەسەردا سەپاندبان، دەبا جیاوازی لەنێوان ژنی کەنیزو ژنی ئازاد نەکردبا، مادامێ هەردوو موسڵمانن.. جانازانم بۆچ ئیسلام کەنیزی حەرام نەکرد.. چونکە کەنیز مارە برینو تەڵاقی نییە، ئەو ژنەیە لەبازاڕ دەفرۆشرێ هەرکەسێ پارەی هەبێ بۆی هەبوو دەیان ژن بکڕێ.. زۆربەی خەلیفەکانی ئەمەویو عەباسی بەهەزاران کەنیزیان هەبووەو حەرمسەرای ئەوتۆیان هەبووە نیمچە شارێ بووە..

—با ئەم مەسئەلەیەی "کەنیزو ئاین لێگەڕێن بۆ زانایانی ئاین کە بۆ چ کەنیزو کۆیلەتی حەرام نەکردووە.. جگە لەئاین گەلێ فەیلەسوفی کۆن هەنو بەچاوی سوکەوە سەیری ژنیان کردووە، بۆ نموونە سوقرات ژنەکەی خۆی لەنێو ماڵدا بەندەکردو گاڵتەی بەعەقڵو بیرکردنەوەی دەهات، هەوڵی دەدا پەیوەندی لەگەڵ ژنانی رۆشنبیر دروست بکات..

—نەك هەر ئەوەندە پەیوەندیان لەگەڵ دروست بکات، بەڵکو نەسیحەتی ژنانی جوانی دەکرد کە چۆن

جوانییەکەی خۆی بکات بەداو و پیاوانی دەوڵەمەند کەمەندکێش بکات.. دەڵێن سوقرات گوێبیستی ئەوەبوو کە ژنێکی جوان لەشاردا پێشوازی لە هاورێیان دەکات، جوانی ژنەکەیش لەرادەبەدەرە تەنانەت وێنەکێشەکان دەچن وێنەی دەکێشن.. سوقرات بەهاورێکانی دەڵێ: دەبێ بچین بیبینین.. دەچێتە ماڵی "تیودوتا" هەست بەخۆشی دەکاتو دەڵێ: جوانترین پۆشاکی پۆشیووە، جوانییەکانی خۆیی نیشاندابن..فەیلەسوفی هەرگەورەی ئەسینا لەو ژنە دەپرسێ: پارەت لەکوێ بوو وازیادە مەسرەف دەکەیت؟ ژنە جوانەکەیش پێی دەڵێ: پیاوە هاورێ بەخشندەکانم دەمدەنێ.. سوقرات لێی دەپرسێ: بە چ شێوەیێك ئەو هاورێ بەخشندانەت کەمەندکێش دەکەی؟ پاشان نەسیحەتی ئەو ژنە جوانە دەکات کە چۆن داوەکەی وەك تەونی جاڵجاڵۆکە بۆ راوکردنی پیاوان بتەنێو پێی دەڵێ: راوکردنی پیاو هونەرێکە دەبێ فێری بیت. نابینی راوچیان بۆ راوە کەروێشك چەندین هونەری راو بەکاردەهێنن... لەشەودا بەسەگ راوی دەکەن، بەرۆژیش جۆرێکی دیی سەگ بەکاردەهێنن بەبۆن




کەروێشکەکە بدۆزێتەوە.. پاشانیش تاژی بەکار دەهێنن.. تۆیش لەبری سەگو تاژی دەتوانی پیاوێ هەڵبژێری بتوانێ پیاوە دەوڵەمەندەکان، ئەوانەی عاشقی جوانین بیانکاتە نێچیرو لەداوی تۆیان گیرکات.. پاشانیش جۆری داوەکانی بۆ باسدەکات، هەر لەداوی عەقڵو قسەی ناسكو سۆز تا دەگاتە هونەری سەرنجدانی چاو.. هەروەها ئاگاداری دەکاتەوە کە نابێ خۆی بخاتە بەردەستی هاورێیانی کە لەکاتی تێربووندابن.. بەڵکو دەبێ چاوەرێ کات تا هەست بکەن ئارەزووی دەکەن.. ئیدی گەلێ لەم نەسیحەتە بەنرخانەی دەکات!! لەو دەمەدا بۆ ژنانی ئەجنەبی واتە ئەو ژنانەی خەڵکی ئەسینا نەبوون یا کەنیزبوون ئەم شتانەیان لەگەڵ دەکردن بەڵام ژنی ئەسینا دەبا حیجاب بپۆشێ لەماڵ نەێتەدەر دەشبا بزانن کە پیاو گەورەی هەموو شتێ بوو، خاوەنی هەموو مافێکی مەدەنیو سیاسی بوو، خاوەن ئەرزو ماڵ بوو یاسای سەیری دادەرشت، بۆ نموونە یاسای لەباربردن.. گەر پیاو ویستبای ژنەکەی سکی لەبار ببات، ئەوا ئەو لەباربردنە ئاسایی بو، بەڵام ژنەکە بە بریارێکی خودی خۆی سکەکەی لەباربردبا، ئەوا تووشی سزادەبوو، ئەم جیاوازییەش دەلالەتی زۆربوو، سەیری لەباربردن نەدەکرا کە حاڵەتێکە کائینێکی زیندووی تیادەکوژرێ، بەڵکو واسەیردەکرا، دەستدرێژییە بۆ سەر دەسەڵاتی پیاوو تەعەدا کردنە لەسەر موڵکیەتی خاوەن شەرعییەکە.. جگە لەوەی لەرووی مافی سیاسییەوە ژن هەرگیزو جودی نەبووە بەشداری نەدەکر، لەبوارەکانی سیاسەتداو تەنانەت لەبواری ژیانی گشتیدا چ پەیوەندییێکی بە ئادابو هونەرو رۆشنبیرییەوە نەبوو، لەرووی یاسایشەوە، لەخوار پیاوەوە بوو، نەیدەتوانی لەبەردەم دادگادا ببێتە شاهید، یا ببێتە تەرەفێ لەعەقدێکی یاساییدا.. بەکورتی گەورەو بچووکی ئەسینا (پیاوانیان) بە هیچ جۆرێ حەزیان نەدەکرد باسی ژنەکانیان بکرێ، تەنانەت گەورەترین سیاسی ئەسینا "برکلیز" لەخوتبەیەکی جەنائیزی بەناوبانگیدا دەڵێ: فەزیلەتی ژن لەوەدایە ناوەکەی خۆی بپارێزێ نەهێڵێ بکەوێتە بەر قسەو قسەلۆك تەنانەت گەر قسەکانیش هەر هەمووی پیاهەڵدانو ستایش بن.

هەروەها لەڕووی خۆشەویستییەوە متمانەیان بەژن نەدەکرد پێیان وابوو تەبیعەتیان لاوازە، دەبا لەنێو ماڵدا جێی تایبەتییان هەبێ دووربن لەچاوی پیاوانەوە.. لەم رووەوە زەینەفون دەڵێ: چۆن شاژنی هەنگ لەنێو خانەکانیدایەو چاودێری هەنگەکانی دی دەکات، دەبێ ژن لەماڵیدا ئاوها بێ.. شەرەفمەندی نیە بۆ ژن لەدەرێی ماڵەکەیدابێ، هەروەها شەرەفمەندی نییە بۆ پیاو ئەوەندە لەماڵ بێ زیاتر بێ لەوەی کە لەدەرێدا ژیان دەگوزەرێنێ.. هەروەها پێیان وابوو کە ژن حیجابی کرد ئەوا موڵکیەتی تایبەتییە نابێ دەستی بۆ ببرێت، بەلام کەنیزو سۆزانیەکان دەبا بێ حیجاب بان بەموڵکیەی عام حسێب دەکران..

—ئەگەر ئەمە وەزعی ژن بووبێ.. ئەدی لەڕووی سۆزو خۆشەویستییەوە وەزعی پیاوانی ئیغریق چۆن بووە؟ مەبەستم ئەوەیە کە ژنی حیجاب پۆش مولکی تایبەتی بووە، ئای پیاوانیش لەو دەمەدا ڕێو رەسمێکی وەفاداریان بۆ ژنانیان هەبووە؟

—نەخێر.. چونکە کەلتوری ئەغریقییەکان لەئەفسانەکانیانەوە سەرچاوەی گرتووە هۆمیرۆس لەئەفسانەیەکدا دەڵێ: ژن هەر چکۆڵە بووە، لەئاسمانیشدا هەمان ئەو وەزعەی هەبووە کە لەسەر زەویدا هەیەتی "زیۆس"ی گەورە خوای یۆنانییەکان "هیرا" دەخوازێ.. "زیۆس" دڵسۆزنەبو بۆ ژنەکەی، خیانەتی لێدەکرد، پەیوەندی زۆربوو لەگەڵ ژنانی ئەرزو ژنانی خواوەند لەسنووری خیانەتو ژنبازی نەدەوەستا، بەدزییەوە گەلێ ژنی دی هێنا.. بەکورتی زیۆس حەزی بەخیانەت دەکرد، ئومێدی چاکبوونەوەی لێنەدەکرا، ژنەکەیشی بەناچاری تەسلیمی ئەمری واقیع دەبێ..

—دەتەوێ بڵێی ژنبازی سیفەتێکی خواوەندانەی کلتوری یۆنانیە کۆنەکانەو بەمیراتی بۆیان ماوەتەوە، ئەو کلتورەش کاری کردووەتە سەر هەموو رۆشنبیری جیهانەوە.. دەمەوێ ئەوە بپرسم، چەند ئەو کلتورە کاری کردووەتە سەر کوردەوە..

—دەمەوێ زۆر بەڕاشکاوانەوە وەڵامت بدەمەوە زۆربەی پیاوی کورد لاسایی "زیۆس" دەکەنەوە، مەرج نییە ئەم ناوەیشی بیستبێ یا بزانێ کێیەو چیە، حەزدەکات خیانەت لەژنەکەی بکاتو چەندین پەیوەندیی تر لەگەڵ ژنانی دی پەیدابکات، پێی وایە تازیاترین ناوی ئافرەت بخاتە نێو لیستی پەیوەندییەکانی، ئەوەندە گەڵە پیاوەو توانای بەردەوام بوونی لەژیاندا هەیەو ژیانەکەی هەر پێ جوانە.. زۆربەی ژنانیشمان وەك ژنەخوا "هیرا"ن هەموو شتێکی پیاوەکانیان دەزانن‌و بەناچاری تەسلیمی ئەمری واقیع بوون، یا وەك نەعامە سەریان نوقمی نێو لم کردووە.. کەمیشیان هەن تۆڵەسێن بن..

—واتێدەگەم دەتەوێ بڵێیت هەندێ خیانەتی ژن تۆڵەسەندنەوەیە لە پیاو، بەواتاییکی تر ژنە خیانەتکارەکە دەیەوێ بەپیاوەکەی بڵێ ئەوەی تۆ دەیکەی لەدەستی منیش دێت؟.

—منیش دەڵێم هەندێ خیانەتی ژن تۆڵەسەندنەوەو گوتنی رستەییکی نەگوتراوە

—چییە ئەو رستەیە؟

—زمانحاڵی ژنە تۆڵەسێن بەمێردەکەی دەڵێ: گەلێ چاو هەن لەچاوەکانی تۆ چاکتر جوانییەکانی من دەبینێت..

—با بێینەوە سەر ئەفسانەکان وەك گوتت، زیۆسی گەورە خوای یۆنانییەکانی ژنبازیوو، ئەدی لەنێو ئەو ئەفسانانەدا ژنە خوایەکی پیاوباز بەرچاوناکەوێ؟

—با، "ئەفرۆدێت" ژنە خوایەکی چاو لەدەربوو، خوای جنس‌و سۆزانییەتی پیرۆز بوو چیرۆکەکانی هەند زۆرن کۆتاییان پێ نایێت..لەسەر زەویداو لەشاری ئەسینا بەعەمەلی باوەڕیان بە ئەفرۆدیت هەبوو، بەرەسمی لەلایەن دەوڵەتەوە ناسراوبوو باجیان لەسەر قەحپایەتی دانابوو.

—باج؟

—بەڵێ باج.. بۆ سۆزانییەکان.. غەیرە سۆزانییەکانیش کە زینایان کردبا باجی ئەم کارەی سزاییکی گەورەبوو، دەگەیشتە ئیعدامو رەجم کردن، بەلام بۆ پیاو ڕێ هەبوو لەگەڵ کەنیزو سۆزانییەکاندا جووت بێ‌و هیچ باجێکیش نەدات..

—ئەوساو ئێستایش لەهەندێ کۆمەڵگا.. بەکۆمەڵگای کوردیشەوە ئەم حاڵەتە هەر بەردەوامە.. دەمەوێ بزانم لەلای تۆ ئەم حاڵەتە چ دەگەیێنێ؟

–گوتەیێکی ناحەق هەیە زۆربەی پیاوانی هەندێ کۆمەڵگا.. بەکۆمەڵگای خۆیشمانەوە کردوویەتە پەیڕەو، گوتەکەیش ئەوەیە کە هێز یانی حەق، هەرتەنها بازووی بەهێز دەتوانێ حەق بسەلمێنێو بیپارێزێ.. ئێمەش مادامێ پشت ئەستوورین بەهێزو خۆمان بە بەهێزتر دەزانین لەژنان زەحمەتە، تەنانەت وەك بیرکردنەوەش قایل بین بەیەکسانی ژنو پیاو. چونکە بیرکردنەوەی زۆربەی ژنان لەمەڕ پیاوەوە، وایە کە پیاوی بەهێزی گەرەك بێ کە دەڵێم "هێز" لێرەدا هێزی بازووم مەبەست نییە.. پیاو بەلای زۆربەیانەوە، ئەو پیاوە ئەمینو بەویقارەنیە، بەڵکو کەسێکە لەڕووی دارایییەوە بەهێزەو پلەو پایەی بەرزە، پیاوی خراپیش بەلایانەوە ئەو کەسە مودمنو غەدارو درۆزنە نییە.. بەڵکو ئەو پیاوە کەمهێزو کەمدەسەڵاتەیە..

–هەست ناکەیت غەدر لەو هەندە ژنە دەکەیت کە تەماحیان لەهێزو دەسەڵاتە؟

–پێموایە غەدر لەو هەندە پیاوەیش دەکەم کە ژنی وەك کائینێکی زیندوو ناوێت بەڵکو وەك دەسەڵات و پلەو پایەو خانەوادە سەیری دەکاتو دەیەوێ..

–من دەمەوێ رەئی محەمەد موکری لەسەر ژن بزانم

بەرلەوەی ژن بێت ئینسانە، ئینسانێکە لەئێمەی پیاو ئینسانی ترە بەپێی ئەفسانە کۆنەکانی یۆنان دەبێ ژنو پیاو خۆشەویستیەکەیان مەزن بێتو تێکەڵی یەکدی بن ئەوا دەبن بەکەسێ.. تەئەلوە دەکەن.. ئالیهەیش غیرەیان لێدەکاتو ناهێڵێ بگاتە ئاستی.. جیایانی کردووەتەوە..

من پێم وایە لەیەك کاتدا ژن ئاگرو ئاوە دەتوانێ گەورەترین ئاگر بکوژێنێتەوەو گەورەترین ئاگریش بکاتەوە.. بۆیە ناکرێ بە موجەڕەدی سەیری ژن بکرێ. ناشکرێ ژن لەرووحو جەستە جیاکرێتەوەو بەش بەش بکرێت. کۆی رۆحو جەستەو سۆزو ئەندێشەی ژن لەبۆتەیێکدا کۆببێتەوە ئەوا پیاو خۆی دەبینێتەوە لەئاستی ئاگرە رۆشنایێکدایە زۆر زۆری لێ نزیکبێتەوە، پیاوەکە دەسوتێنێ. گەر زۆریشی لێ دوورکەوتەوە ئەوا لەتاریکیو سەرمادا دەژێ.. بۆ ئەوەی ژنو پیاو رەگەزو ماهیەتی خۆیان بپارێزن دەبێ مەسافەیێك لەنێوانیاندا بمێنێتەوە بۆشایی ئەو مەسافەیەش بەڕاستگۆییو سۆزی خاوێن پڕکرێتەوە.

لەهەموو حاڵەتێکدا ژیانی بێ ژن وەك ژیانی دوا خەلیفەی عەباسیەکان وایە کە هۆلاکۆ گرتیو حەپسی کردو برسیی بوو داوای خواردنی کرد هەرچی زێڕو موجەوهەراتی هەبوو بۆیان دانا.. ئەویش دەیگوت ئەمانە ناخورێن.. دەیانتەپاندە نێو دەمی.. هەرچی زێڕوزیوی دنیا هەیە، هەرچی سامانو موڵك هەیە بێ ژن پولێ ناهێنێ تەنانەت تەبیعەت بەهەموو جوانییەکیەوە گۆران گوتەنی: بێ رووناکییە، بێ بزەی ئازیز.

ژنی چاك بەهەشتی پیاوە، خراپەکەیشی دۆزەخە، نەچاکو نەخراپیش ژیانەکەی ئێمەیە..

–ژنەکەت لەگەڵ تۆدا چۆنە؟

–جارجار باشو جارجاریش خراپ

–ئەی تۆ لەگەڵ ژنەکەتا چۆنی؟

–ئەو لەمن باشترە

–یانی تۆ خراپەکەت لەچاکەکەت زیاترە

–بە تەئکید!


–بۆ؟

–پێدەچێ تەبیعەتم خراپبێ

–وات نابینم

–ژنەکەم وامدەبینێ

–لەمە دەگەڕێین دێینە سەر باسی ئەو ژنانەی لەنێو



چیرۆکو شانۆ نامەو ڕۆمانەکانتدان. با سەرەتا لەچیرۆکی موچرکەوە دەست پێبکەین. ئەم چیرۆکە لەساڵی ١٩٧٧دا لەگۆڤاری بەیاندا بڵاوتان کردەوە وەك بزانم هەرایەکی زۆری نایەوە.. جارێ لەمەڕ هەراکە دەگەڕێینو دواتر دێینە سەری.. پرسیارەکەی ئێمە ئەوەیە لەوچیرۆکەدا بەچ چاوێ سەیری ژن دەکەن، لەو چیرۆکەدا ژن لە پەراوێزدایە وەکو کوتاڵ سەیرکراوە.. ئێوە چ دەڵێن؟

—پێم وایە ئەو حەقیقەتە دەزانن کە ئەدەب باڵاترە لەواقیع.. پێشموایە ناکرێ ئەو ڕستە ڕەخنەیە بێتەگۆڕێو بگوترێ واقیعی ئەمجۆرە کارانەی تیادانییە، ئەگەر بەم ڕستەیە بێینە مەیدان ئەوا کۆمەڵگای خۆمان لەکۆمەڵگای بەشەرییەت جیادەکەینەوە، وادەکەوینەڕوو کە ئێمە لەهەسارەیەکی دیدا ژیابێنو بژین، کۆمەڵگای ئێمە هەموو کرۆمۆسۆمەکانی بەشەریەتی تیادایەو میراتگری چاکەو خراپەی باوو باپیرە هەرە گەورەکانی بەشەریەتین.. ڕاستی نازانم ئەو چیرۆکەم کەی نووسیوە بەڵام دەزانم چ کاتێ و لەکوێ بڵاوبووەتەوە.. ئەو دەمە لەژێرکاریگەری نووسینەکانی، "کۆلن ولسن" دابووم لەکتێبێکدا ڕستەیەکم بەرچاوکەوت باسی (لاتمین)ی دەکردو بەم شێوەیە شەرحی دەکرد: ژنێ دەچێتە سەماگایێك، لەژووری پاڵتاو هەڵواسیندا دەچەمێتەوە بۆ ئەوەی گۆرەوییەکانی هەڵکات پیاوێکیش لەهەمان ژووردا بەوشێوەیە دەیبینێ خۆی پێوە دەنێو لەگەڵیا جووت دەبێ، نەژنە دەیەوێ بزانێ ئەم پیاوە کێیە، نەپیاوەیش دەیەوێ بزانێ ئەم ژنە کێیە.. گرنگ ئەوەیە هەردوولا حاجەتە ئینسانییەکانی خۆیان فەراهەم دەکەن..

لەچیرۆکی موچرکەدا ناڵێم مانەندی ئەم حاڵەتەم دروستکردووە بەڵکو بەبارێکی دیدا وێکچونێك هەیە.. لە موچرکەدا، کەسەکە کە ناوی محەمەدە نیمچە ئیفلیجەو لەسەر عارەبانەی کەمئەندامانداییەو کوڕە دەوڵەمەندەو باوکێکی چاو لەدەری هەیەو داکێکی بێدەنگو شتزانی مێردەکەیو قایلو تەسلیم بوو بەئەمری واقیع–ی هەیە.. لێرەدا دایکەکە نموونەی ئەو ژنانەن کە هەموو شتێکی مێردەکانی خۆیان دەزانن و بێدەنگو قایلن، پێیان وایە شەریعەتی ئەرزو ئاسمانیش ڕێیان داوە پیاوان خاوەنی دەسەڵات بنو بۆیان هەیە جگە لەژنەکانی خۆیان پەیوەندییان لەگەڵ چەندین ژنی دی هەبێ.. ژنانیش دەبێ ملکەچو قایل بن.. دەنا بەئاستەم نارەزا دەربڕینێ دەبێتە تێکدانی لانەکەی.. ئەمە بەنیسبەت دایکی کەسی چیرۆکەکە.. دووەم خوشکی کەسی چیرۆکەکە نموونەی ئەو ئافرەتە سۆزدارانەن کە لەبەر سۆزی خوشکو برایەتی بە تایبەت بۆ برا کەمئەندامەکەی تەحەمولی زیادە ڕەویو تارەدەتێکیش بێ ئەدەبی خەڵکان دەکات کە لەرێی تێکەڵ بوونی دوو خەتی تەلەفون، دەنگێکی گڕ تێکەڵی خەتی خۆیو براکەی دەبێ، لەموغازەلە بەولاتر تا سنووری تەحەڕوشی بێ ئەدەبانە، تەحەمول دەکات لێرەدا بەئەوپەڕی ڕێزەوە لەچیرۆکەکەدا ڕێز لەو خوشکە گیراوەو لەبەر خاتری برا کەمئەندامەکەی تەلەفۆنەکە داناخات.. لەو چیرۆکەدا حاڵەتێکی دیی سایکۆلۆژیەتی ئینسانی برسی دەردەخات، جا برسیەتیەکە بۆ هەرشتێ بێ.. کەسێکی کەمئەندامی مەحروم لەخۆشیەکانی ژیان ئاساییە قەڵسو تووڕەبێ لەوەی کە وەکو دەنگیش قەبوڵ نەکرێو بەخۆی بڵێ وەك جەستە نابودم ئاساییە لەزۆر شوێندا جێم نەبێتەوە، بەڵام لەتەلەفۆندا نابینرێم تەنها دەنگم دەبیستن، وەك دەنگیش هەر قەبوڵ ناکرێم.. ئەمە لەو کاتەدایە، ئەو کەسەی تێکەڵی خەتی تەلەفۆنەکە بووەو موغازەلەی خوشکەکەی دەکات بەهیچ جۆرێ گوێ لەدەنگی ئەم ناگرێ.. کەسی دەنگ گڕی تێکەڵ بووی خەتی تەلەفۆنەکە، بەرووتی باس لەمەمكو سمتو جوانیەکانی ژن دەکات، خەیاڵی کەسی کەمئەندامی چیرۆکەکە کەمەندکێش دەکاتە نێو ئەو دنیایەی کە بەشێکی تەواوی تەمەنی ئەمی کردووەتە دۆزەخ. لەرێی وێنە زەینکردەکانی خۆیدا ئارامیێکی ساتەوەختی بەخۆی دەبەخشی..

—ڕەخنەکان ئەوەبوون کە ئەم حاڵەتە لەواقیعی ئێمەوە دوورن؟

—بەڵێ

—خۆ ئەگەر سەرنجی سجلاتی دادگاکانی کۆمەڵگای ئێمە بدەین سەدان حاڵەتی سەیرتر دەبینین.. بۆچ لەو چیرۆکەدا لەگەڵ تۆ هەند قاسی بوون؟

—ئێستا من سوپاسی ئەو برا رەخنەگرانە دەکەم کە زیرەکانە توانییان چیرۆکەکە بکەنە دەسکەلاو لەپاڵ چیرۆکەکەدا ئەوەی مەبەستیان بوو بیلێن.

—وەك چی؟

—ساڵی ٩٧٧ کە چیرۆکەکە بڵاوبووەوە دوو ساڵ بەسەر شکستی شۆڕشی ئەیلولدا تێپەڕیبوو، ئەو رەخنانەیش سەدیەکی چیرۆکەکەی دەگرتەوە دەنا بەشێکی تەواوی رەخنەکان هاندان بوو بۆ رەفزی ئەو واقیعە ناجۆرە، تەنانەت لەنووسینەکانیاندا بە بیروبۆچوونی مارکسیانە هەڵیاندەسەنگاند.

—کێ بوو ئەمجۆرە هەڵسەنگاندنەی دەکرد؟

—کاك فوئاد قەرەداغی لەبەیاندا لەسەر موچرکەی نووسی، رەخنەکەی بەناوی ئەوەوە بوو (موچرکە چیمان فێردەکات) چیرۆکێکی دیشم بەناوی (ناپلیۆن)ەوە بڵاوکردەوە، لەچیرۆکەکەدا باس لەشۆڕشی ئەیلول دەکەم، پاڵەوانەکە هەند بێ ئومێدە لەسەرکەوتن پەنا دەباتە بەر کاغەزی قومار ناپلیۆنی پێدەکات بەنیازی ئەوەی گەر ناپلیۆنەکە دەرچوو، ئەوا هەر هیچ نەبێ مفاوەزاتێ دەبێ. دیسانەوە کاك فوئاد قەرەداغی وتارێکی رەخنەیی لەسەر نووسی (پێویستمان بە ناپلیۆن نییە) دیسانەوە چیرۆکەکەی کردبووە دەسکەلا، لەرێی ئەو چیرۆکەوە بیروبۆچوونی شۆڕشگێڕانەی خستەڕو.

—پێم وایە کارێکی چاکی کردووە

—راستە، بۆ ئایدیۆلۆژیاکەی خۆیو بۆ بیروبۆچوونە شۆڕشگێڕییەکەی لەو نووسینانەیدا ئەدەبەکەی کردە وەسیلە، بۆ بڵاوکردنەوەی ئایدیۆلۆژیاکەیشی کردە غایە.. بۆ ئەو سەردەمە کارێکی گەلێ چاکی کردو بەجورئەتەوە هاتە مەیدان..

—وابزانم لەسەر ئەو چیرۆکە دوو لاپەڕەییە زۆریان نووسی زۆریش ئەزیەتیان دایت

—بۆ نووسینەکان دەسخۆشیان لێدەکەم، بۆ ئەزیەتدانەکەیش گەردنیان ئازادبێ..

## گەلاوێژی نوێ




لەدنیادا وەرگێڕان بووە بە پردێك بۆ ئاڵوگۆڕکردنی رۆشنبیریو کەناڵێك بۆ گفتوگۆی نێوان رۆشنبیریو شارستانیی جیهان، هەر بۆیە بایەخێکی ئێجگار زۆری پێدەدرێ خەڵاتی بۆ تەرخاندەکرێ دەزگای جۆراو جۆری بۆ دەکرێتەوە، کۆمەڵەی نەتەوەییو نێودەوڵەتیی بۆ دادەمزرێنن..

لەجیهانداو لەم وڵاتانەی دەوروبەرمانا جگە لە کتێب گۆڤاری تایبەت بە وەرگێڕان دەرئەکرێ، چەند دەیەیەکە لەسوریا و عێراق دوو گۆڤاری چاك بۆ وەرگێڕانو ناساندنی رۆشنبیری نەتەوەکانی دنیا تەرخانکراوە هەر لەرێگایانەوە هەزارەها دەقو لێکۆڵینەوەی ئەم سەرو ئەوسەری دنیامان خوێندۆتەوە.

چەند ساڵێکیشە لە سعودیە گۆڤاری (نوافذ) دەرئەچێ بایەخ بە ئەدەبی جیهان ئەدات بێ جیاوازیکردن لەنێوان رۆشنبیریی هیچ میللەتێکدا، ئەمە میللەتێکی پێشکەوتووەو ئەوەیان دواکەوتوو، نەخێر هەوڵی ئەوە ئەدات مۆرکی تایبەتی بیری لای نەتەوەکانی جیهان بدۆزێتەوە.

ژمارە بیستو یەکی (نوافذ) چەند بابەتێکی بەسوودی تیایە لەوانە: (الحداثة والحداثية.. رندال ستيفنسن)، (التحليل النفسي واللغة.. جوليا كريستيفا) (المسرحية باعتبارها مقولة أنثروبولوجية)، هەروەها چەند دەقێکی شیعریی بوسنەو باسترناكو ئەرشیبالد ماکلیشو کۆمەڵێك چیرۆکیش.

لەگۆڤاری (نوافذ)دا هەست بە سیستمێکی تایبەت دەکەیت بۆ کارکردنو هەڵبژاردنی دەقەکان.



## بۆرتریت

# موسا کریدی لەرێگای نادیارا

سەعد هادی

١- لەبەرچاومە، بەخەیاڵی خۆما دەیهێنمەوە لەو جێگایەیدا لای رووە شووشەییەکەی چایخانەی پەرلەماندا دائەنیشت، یا کتێبێکی بەدەستەوەبوو دەیخوێندەوە یا لەگەڵ هاوڕێیەکدا قسەی دەکرد یا دیقەتی دەموچاوی هاتوچۆکەرانی دەدا.

بوونەوەرێکی شیرین‌و هۆگرو لغزاوی بوو، لەوپەڕی پلەی جدییا چەند ساتێکدا دەگۆڕاو دەگەیشتە بەرزترین پلەی گاڵتە.

تووشی خەمۆکی دەبوو لەو کاتانەدا واتئەزانی خەمۆکییەکەی کۆتایی جیهانە، هەر کەمێك دوای ئەوە دەیدایە قاقای پێکەنین‌و کارەکەیش دەبوو بەشتێکی خۆش دووبارەو سێبارە چواربارە دەکرایەوە، بەبێ کۆتایێ، زوو شتی بەمێشکدا دەهات‌و زوویش وەڵامی چنگ دەکەوت. مووسا کرێدی زۆر شەرمن بوو، راستگۆ بوو رووبەڕوو شتی دەرئەبڕی، ئەوەی نەیدەناسی دیمەنی ئەم وای لێدەگەیاند کە کەسێکی گران‌و قورس‌و رەسمییە، بەڵام ئەم بۆچوونەی زوو دەڕەوایەو سەرنجی جیاواز دەکەوتە جێی، هەر یەکە ئەوی دی رەتدەکردەوە، بەڵام ئەم هەموو بۆچوون‌و دیمەنانەی ئەو لەکۆتاییدا کۆدەبوونەوە تا کەسایەتییەکی سەیر پێکبهێنن.

بەخەیاڵی خۆمدا دەیهێنم لەو شوێنەدا کە ئاشنای بوو بوو، بەتەنیا دائەنیشێ، بێدەنگ، لەڕوخساری هاوڕێکانی ورد دەبێتەوە ئەوانەی کە هێشتا هەوڵئەدەن لەدەرەوەی چایخانەکەو دەرەوەی ئەو جیهانەی کە ئەم بەهەنگاوی رێبوارێك بەرەو مردن بۆی رۆیشت، بەپەنجەکانی ئیشارەت بۆ رێگایەك دەکات، لە هاوڕێکانی خۆی گەرەکە لەلای ئامادەبن، بەڵام رێگاکە شاراوەیە، شوێنپێیەکی روون نییە بیانباتە سەری، مووسا بوو بە یادگار جێگاکەیش وەك جاران نەماوە.

٢-لەیەکەم چاوپێکەوتنما لەگەڵ مووسا، سەرەتاکانی ساڵانی حەفتابوو رۆمانێکی دامێ ناونیشانەکەی (زیندوی مردوو بوو) پێی وتم: ئەم رۆمانە بخوێنەرەوە هەوڵبدە نهێنی سەرکەوتن‌و باڵایی بدۆزیتەوە، ئەمەی دەیڵێم پاش تێپەڕبوونی چارەکە سەعاتێك روویدا بەسەر دانیشتنەکەماندا، پاش چارەکە سەعاتێکی تر زۆر بەئاسانی دەمتوانی بڵێم کە بووە بەهاوڕێم.

لەچایخانەی پەرلەمان دەرچووین، گەڕاین، بەدرێژایی رێگا بەهێواشی بڕگەی چەند گۆرانییەکی باوی دەوتەوە، جارنا جارێکیش دەنگی بەرزدەبووەوە تا مقامێك بڵێتەوە، ئەمانەی دەکرد وەك ئەوەی بەتەنیا بێت، گوێی بەڕێبواران نەئەدا ئەو لەجیهانێکی ترابوو. پێش ئەوەی جیابینەوە پرسیارم دەربارەی چیرۆکێکی کورتی خۆم لێکرد کە پێمدابوو، وتی: لەپێشا رۆمانی (مردووی زیندوو) بخوێنەرەوە..

لەماوەی ساڵانی ژیانیا ئەم رۆمانەو رۆمانێکی تری ئەم نووسەرە سەرنجی مووسا کرێدی راکێشتبوو. بەدەستنووسی خوێندبوویەوە، بۆی نەلوا لە عێراقی دوێنێدا چاپبکرێت، ناونیشانەکەی (سەرێکی بێشان) بوو. چیرۆکەکەی منیش بۆی نەکرا بڵاوبکرێتەوە لەگەڵ کۆمەڵێك شتی ترا با بردی.

٣-لەسەرەتادا بڕوامان وابوو هەڵەیەك لە کارەکەدایە هەر یەکەمان لەهاوڕێکەی دەپرسی: باشە بەڕاست بڵێی مووسا کرێدی مردبێت؟ یەکێکمان جورئەتی دا بەخۆی‌و دڵبریندارانە وتی: مووسا لەپشت مردنی خۆیەوە، خۆی دەشارێتەوەو پێدەکەنێ تا بزانێ هاوڕێکانی چۆن هەڵسوکەوت دەکەن.

لەسەرەتادا مردنی ماقول نەبوو، پاشان وترا بەهۆی شتی کەڵەکەوەبووە، وە بوو دەتوانرا وەلا بخرێن. بەڵام هەرچۆنێ بێت ئەمە مردنە بەڕوونی‌و دڵڕەقی‌و واقیعیەتێوە، پێویستە دانی پیابنێین.

---

*مووسا کرێدی چیرۆکنووسێکی ناوداری عێراقە وابزانم چەند ساڵێك لەمەوبەر لەناو تەکسییەکەی خۆیدا مرد، لەهەشتاکانا چیرۆکێکی نووسی باسی کەسێك دەکات لەئۆتۆمبێلێکدا دەمرێ.

چەند ساڵێك پێش ئێستاو لەچەند ژمارەیەکی گەلاوێژدا ئێمە بورتریت یا وێنەی نووسەرمان بەپێنووسی نووسەری تر بڵاوکردەوە. ئەمڕۆ شاعیری عێراقی سەعد هادی لەم گۆشەیەدا وێنەی مووسا کرێدی پێشکەشدەکات.

# زاراوه

## بەشتبوون Reification

چەمکێکــە شەســتەکانی ســـەدەی رابـــردوو لـــە نووسـینەکانی رەخنـەگری نوێـی فەرەنسـی لوسـیان گولدمانـا بەرچاودەکـەوت، ئـەویش بـۆ دەلالـەتکردن لەونبوونی کەسایەتی لەرۆمانی فەرەنسی تازەدا کە شت جێگاکەی دەگرێتەوەو دەیدا بەسەر هەموو کردەوەیەکی مرۆڤایـەتیدا بەواتایـەکی تـر واقیعێکـی مـادی سـەربەخۆ جێگای کەسـێتی نـاو رۆمـانی دەگرتـەوە. بەشـتبوون لـە حـەفتاو هەشـتەکاندا لـەرۆمان‌و چـیرۆکی عەرەبیشـدا رەنگیدایەوە.

## پراکماتیزم pragmatism

کۆمەڵێك بنـەماو پێـوەرە پشـت بـە بـیرێك دەبەسـتێت پوختەکەی ئەوەیە پێوەری راسـتیی هـەر بـیروبۆچوونێك لەنزیکبوونەوەیـەتی لـەواقیع. سـوودیش رەگـەزی راستەقینەی نرخـە. بـەناوبانگترین نوێنـەری ئـەم رەوتـە جیمس و شیلەرو دیوین.

## تاناتوس thanatos

ئەم زاراوە یۆنانییە کە مانای مردن دەبەخشێ هـەندێك جـار بـۆ دەلالـەتدانی نـەزوەی مـردن بـەکاردەهێنرێ لەبەرامبـەر زاراوەی ئیرۆسـدا کـە نـەزوەی ژیانـــە. بـەکارهێنانی لەسـەر مۆرکـی رەگـی دوانـەیی لـەرێگای بەخشینی مانایەکی نیمچە ئەفسانەییەوە پتەودەبێت.

## *شیعری قوتابخانەی گۆرستان
## graveyayd school poetry

زیاتر لـە ئـەدەبی ئینگلـیزیدا دەرکـەوتووە. بەتایبـەتی بەدەسـتەیەك لـەو شـاعیرانە دەوتـرا کـە لەناوەراسـتی سـەدەی هەژدەیـەمدا دەژیـان ئـەم شاعیرانەی کـە سـەر بەقوتابخانەی گۆرسـتان بـوون بـیرو بۆچوونـی خـەماوی‌و تەماوییان هەبوو، شیعرەکانیان پڕبوون لە دیمەنی خـەم‌و مردن‌و نهێنی ئاوابوون. بۆچوونیان پێچەوانـەی بۆچوونـی شاعیرانی کلاسیکی نوێ بـوو. لەشاعیرە بەناوبانگـەکانی ئەم قوتابخانەیە : تۆماس گری، پاریل، روبەرت بلیر.

---

### چاوی وەرگێڕ

*دوو نووسەری ئێرانی بـەرێزان (مـهدي مـؤذن–یوسـف ثقفـي) لـە گۆڤـارێکی ئـێرانیدا سێ شـیعری ئەدۆنیسـیان کـــردووە بـــە فارســـی چـــەند هەڵەیـــەك کەوتۆتـــە وەرگێڕانەکەوە، شێوازی کاتەکان گۆڕاوە.

لەشیعری (الحوار)دا ئەدۆنیس دەڵێ:

هنا نلتقي ونغني ونكتب. فارسییەکەی بـەم شـێوەیە (أکنون دیدار می کنیم/آواز می خوانیم.. هـهنا بەمـەعنای أکنون نایەت (ههنا) لە عـەرەبیدا شـوێنە لەفارسـییەکەدا بووە بـە ئێسـتا واتـە بـووە بەزەمـەن. لەهـەمان شـیعردا ئەدۆنیس دەڵێ: واقترقنا/سیکون لنـا موعـد آخـر للكلام. لەوەرگێڕانەکـەدا هـاتووە: جدا مـی شـویم/ وەعـدە ای نزدیك برای کلامی دگربار.

سەیرکە: افترقنا کـە کرداری رابـردووە لەفارسـییەکەدا کراوە بەکرداری داهاتو:

جدا می شویم. هـەروەها (موعد آخـر) کـە (لـەژوانێکی ترە) بووە بە ژوانێکی نزیك.

*لـەگۆڤارێکی عـەرەبیدا شـیعرێکی کـوردی کـراوە بەعـەرەبی، شـاعیرە کوردەکـە دەڵـێ بـەم تـەرزە خۆشمویستی ئـەم رستەیە لـە وەرگێڕانەکـەدا بـووە بـە (بهذا الحالوب أحببتك) واتا تەرزە (طران)ە یا جۆرە بەڵام بووە بە حالوب واتـە تـەرزە. باشـتربوو وەرگێڕانەکـە وای لێبکرێت: هكذا أحببتك او على هذا الشكل أحببتك.

–تا ژمارەیەکی تر–

# چاوپێکەوتنێک لەگەڵ مەریوان هەڵەبجەیی-دا

سازدانی: گەلاوێژی نوێ

پ١/تۆ ماوەیەکە لە ئێرانی بەتایبەتی لەتاران، چ پەیوەندییەکت لەگەڵ نووسەرە فارسەکاندا دروستکردووە؟

وەڵام/ پەیوەندییەکی زۆر نزیکو دۆستانەم لەگەڵ نووسەرانو هونەرمەندانی گەورەی ئێرانی هەیە، ئەو پەیوەندییەش بەڕادەیەکە کە ڕۆژانە ئەیانبینمو دەستنووسی کارەکانم ئەدەمێو ئەیانخوێنمەوەو ئاگاداری نوێترین بەرهەمەکانیان هەم، پێم وایە هۆی ئەو پەیوەندییە نزیکەم دەگەڕێتەوە بۆ خۆشەویستیم بۆ فەرهەنگو زمانو ئەدەبی فارسی. لەو ماوەیەی کە سەرەتای نیشتەجێبوونم بوو لەتاران، توانیم خۆم نزیک بکەمەوە لەناوەندی نووسەرانی ئێرانو سەرجەم ناوەندە ئەدەبیو هونەرییەکانی تریان. هەروەها ئاشنابووم بە کەڵەنووسەرانی وەك (ئەحمەدی شاملو، مەحمود دەوڵەت ئابادی، هۆشەنگی گولشیری، ئەحمەد مەحمود، محەمەد عەلی سەپانلو، ئەحمەد ڕەزا ئەحمەدیو فەرەیدونی مشیریو بابەکی ئەحمەدیو سەید عەلی صالحیو جەمال میرصادقیو محەمەد موختاری، محەمەد جەعفەر پویەندە، عەلی ئەشرەفی دەروێشیانو پورانی فروخی زاد، دکتور سیمن دانیشوەر، سیمینی بەهە بەهانیو چەندینی تر) کە ناکرێت لێرەدا ناویان بهێنم. هەروەها پەیوەندییەکی پتەویشم لەگەڵ ئەو نووسەرە ئێرانییانە هەیە کە لەدەرەوەی ئێران دادەنیشن. هەروەها ئاگاداری کاری نووسەرانی ئازەری زبانو ئەرمەنیو نووسەرە ئەفغانییەکانی دانیشتووی ئێرانو دەرەوەی ئێرانیش هەم. لەگەڵ زۆربەی فیلمسازە گەورەکانی ئێرانی وەك (عەباس کیاروستمی، بەهرام بهزایی، داریوشی مهرجوی، مەخمەلباف، مەجیدی مەجیدی، خەسرەوی سینای، ڕەخشانی بەنی ئەعتیماد) دانیشتنم هەبووە، لەم ناسینو خۆ نزیککردنەوانە زیاتر مەبەستم ئەوەبووە کە ببمە پردێك لەنێوان فەرهەنگی کوردیو فەرهەنگی فارسیدا. هەمیشەش هەروەك چۆن مەبەستم بووە ئاگاداری نوێترین بەرهەمەکانیان بمو کارەکانیان بەوردی بخوێنمەوەو فەرهەنگی کوردیو فەرهەنگی فارسی زیاتر بناسم، هێندەش مەبەستم بووە فەرهەنگی کورد بەفارسەکان بناسێنم. دیارە ئەمە کارێکی زۆر سەختەو بەکەسێكو دوو کەس ناکرێ، بەڵام من هەرگیز

نائومێدنەبووم بەئاشنابوونم بەکتێبخانەی گەورەی فارسی، ئەو کاریگەرییەی کە هەیبووە لەسەرم وای لێکردووم کە هەمیشە بەردەوام بم، رەنگە لایەنێکی تریشی بگەڕێتەوە بۆ هاونەژادی کوردو فارس‌و رۆمی شەرقی ئێمەو ئەوان. هەربۆیە دەبینین هەردەم رۆشنفکرانی ئێرانی خۆیان بەهاوخەمی گەلی کورد دەزانن. هەروەکو شێخی سەعدی دەفەرموێ (بنی آدم اعضای یکدیگرن) ئەم هاوخەمی‌و هاودەردییە هەر لەسەردەمانی پێشووەوە تاوەکو ئەمڕۆ درێژەی هەبوە بۆیە سەرجەم رۆشنفکرانی هاوچەرخی ئێران هەمیشە راوبۆچوون‌و باسی تایبەتی خۆیان هەبووە، لەسەرگەلی کوردو کێشەکانی. هەروەك لەسەر ئەنفال‌و کیمیاباران زۆریان وتووە. بۆیە ئەگەر کەمێك بەویژدانەوە قسەبکەین ئەتوانین ئەوەبلێین کە رۆشنفکرانی ئێرانی بەگشتی لەنووسەرانی هەموو گەلانی تری دنیا زیاتر خۆیان بەهاودەردو هاوخەمی گەلی کورد زانیوە.



پ٢/هەڵسوکەوت‌و چالاکی کوردەکانی پایتەخت چۆنە؟

وەڵام/چالاکی کوردەکانی پایتەخت زۆر لاوازو کەمە. پێم سەیربوو کاتێك کە لەنزیکەوە لەگەڵ نووسەرانی فارسی زبان دەدوام‌و باسی فەرهەنگی کوردیم بۆ دەکردن زانیم زانیارییەکی کەمیان لەو بارەیەوە هەیە. تاڕادەیەکیش پێی نامۆبوون. دیارە لەم چەند ساڵەی رابردوودا چەندین دەزگاو ناوەندو کۆمەڵە دروستبوون بۆ چالاکی وەك (کۆمەڵەی کوردەکانی نیشتەجێی پایتەخت)و هەروەها (ئەنیستیتۆی کوردی) چەندین جێگای تری لەو بابەتە. بەڵام وەك پێویست کارنەکراوەو هیچی بەرچاو دیارنییە.

پ٣/ چ کارێکتکردووە بەمەبەستی ناساندنی ئەدەبی کوردی بەفارسی؟

وەڵام/ سەرەتا دەمەوێ ئەوەبلێم کە من بەهاوکاریی مامۆستای بەڕێزم کاك (عەلی ئەشرەفی دەروێشیان) کە کوردەو ئەمڕۆش یەکێکە لەنووسەرە ناودارەکانی ئێران کۆمەڵێك کاری وەرگێرانمان پێکەوە ئەنجامداوە. وەك وەرگێرانی رۆمانی (ئێوارەی پەروانە)ی بەختیار عەلی (حەسارو سەگەکانی باوکم)ی مامۆستا شێرزاد حەسەن‌و هەڵبژاردەیەك لەچیرۆکی نوێی کوردی کە (٣٠) چیرۆکە بڕیارە لەکتێبێکدا بەچاپی بگەیەنین، هەروەها دەمەوێت ئەوە بلێم کە لەسەرەتادا بڕیارم وابوو کە ئەم کارانە لەگەڵ چیرۆکنووسی کۆچکردو (هۆشەنگ گولشیری)

ئـەنجام بـدەم، ئـەو هاوكارییـەكی زۆری كـردمو بڕیـــاریدا كاری لەچاپدانی كتێبەكان بگرێتە ئەستۆی خۆی. بـەڵام بەداخەوە مەرگ بواری نەدا. پاشـتر رووم لـە كـاك (عـەلی ئەشـرەف دەروێشـیان) نـا بـۆ ئـەو كـارە. دیـارە ئـەویش زۆری پێ خۆش بوو بەگەرمی پێشوازی لێكـردم. تـاوەكو ئەمڕۆ ئەو كارانە بەئەنجام گەیشـتوون. ئێستا ئەوكارانـە لـەوەزارەتی ڕۆشـنبیری ئـێرانو چـاوەڕوانی مۆڵــەتی لەچاپدانین. خۆشم بەتەنها تاوەكو ئێسـتا چـەند كـارێكم كردووە. وەك وەرگێڕانی شیعری چـەند شـاعیرێكی كـورد بـۆ سـەرزمانی فارسـی وەك شـیعری شـاعیران (شـێركۆ بێكـەسو لــەتیف هەڵمــەتو رەفیــق سـابیرو عــەبدوڵڵا پەشـێوو فـەرهاد شـاكەلیو قوبـادی جـەلی زادەو، فـەرهاد پیربـاڵو كـەژاڵ ئەحمـەدو كـەژاڵ ئیـبراهیم خـدرو، پشـكۆ نەجمەدین)و چەندین كاری شـاعیرانی تـر. هـەروەها چـل گفتوگۆم لەگەڵ شاعیرانو نووسـەرانی كـورد ئـەنجامداوە بـەو نیـازەی وەریـانبگێڕم بۆسـەر زمـانی فارسـیو لەكتێبێكدا بـەچاپیان بگەیـەنم. هـەروەها تـاوەكو ئێسـتا زیاتر لـە (٧٠) گفتوگۆشـم لەگـەڵ نووسـەرانو شـاعیرانو رەخنـــەگرانو فیلمســـازە ئێرانییـــەكان ئـــەنجامداوە، هـەندێكیان لـەگۆڤارەكانی كوردسـتاندا بڵاوكراونەتـەوە. چەند كارێكی تریشم لەبەرنامەدا هەیە بۆ ئاینده.

پ/ تۆ لە نزیكەوە ئەو ئێرانیانـە دەبینـی، رایـان چییـە بەرامبەر ئەو دەقە كوردییانەی كە دەكرێن بەفارسی؟

وەڵام/ دیارە زۆربەی ئەو دەقانەی كـە وەردەگێڕدرێنـە سـەرزمانی فارسـی دەقـە شـیعرییەكانن ئـەو دەقانـە تایبەتمـەندی خۆیـان لەدەسـت دەدەن، هـاوڕێی ئـازیزم (سەید عەلی صالحی) كە تاكە شـاعیرێكی ئێرانییـەو (٢٠) سـاڵە لێكۆڵینـەوەو رەخنـە لەسـەر شـیعری كـوردی دەنووسێ، بۆیەكەم جـار ئـەو شـیعری كـوردی بەفارسـی زمانـان ناسـاند، هەمیشـە دەڵـێ، زۆربـەی ئـەو دەقـە شیعرییانە كەوەردەگێڕدرێنە سەر زمانی فارسـی دەگەنـە دەستی من لـەپاش ئـەوەی كـە بـەوردی دەیانخوێنمـەوە تێئەگەم كە وەرگێڕانەكە زۆرخراپـەو وەرگێڕ نـەیتوانیوە مەبەسـتی دەقەكـە بگەیـەنێ. دەكرێـت بەگشـتی بڵێـین زۆربەی ئـەو دەقانـەی كـە لەكوردییـەوە وەردەگێڕدرێنـە سـەرزمانی فارسـی، خاسیەتی ئەسڵی خۆیـان لەدەسـت دەدەن. بەڵام لەسەرو هەموو ئەوانەشەوە ئەو برادەرانەی كە كـاری وەرگـێڕان دەكـەن زەحمـەتێكی زۆر دەكێشـنو كارەكانیان جێگای رێزە. هەمیشە خوێنـەرانو شـاعیرانی فارسی زمان بەو وەرگێڕانە كەمانەش خۆشحاڵ دەبن.

پ/ چ پێشـنیارێكت هەیـە بـۆ نزیـك بوونـەوەی ئـەو نووسەرە فارسانەو پەیوەندییان بە ئەدەبیاتی ئێرەوە؟

وەڵام/ پێشنیارم ئەوەیە كـە سـەرەتا ئـەو برادەرانـەی كە كاری وەرگێڕان دەكەن لەفارسییەوە بۆ كوردی زۆربەی كاری نووسەرە نوێخوازە فارسەكان وەربگێڕنە سەرزمانی كـوردیو هـەروەها پێویستیشـە دەزگـای چاپو پـەخش زیاتر بایەخ بدەنە ئـەدەبیاتی فارسـیو ئـەو كارانـەی كـە وەردەگێڕێنە سەر زمانی كوردی بەچاپی بگەیەنن. یاخود بتوانن بانگهێشتیان بكەن بۆ كوردستانو لێرە كۆڕیان بـۆ بگێڕێتو گفتوگۆ لەسـەر كارەكانیـان بكرێـت. لـەكۆتاییدا زۆر سوپاسـتان دەكـەمو ئومێـدی بـەردەوامیتان بـۆ دەخوازم.

# کتێبی (شۆڕشی دیار بەکر) و رامانێک لە(مەبەست)و تایبەتمەندییەکانی...

کامەران محەمەد *

هـەر نوسـینێك کـە دەخرێتـە سـەر رووپـەڕی کاغـەز، ئامانجێکجی دیاریکراوو تایبەتمـەندی جیامـەند (ممیز) ی خۆی هەیە .

لێکۆڵینـەوەش لـەو دۆزە گرنگیـی خـۆی هەیـەو ،زۆر جـاریش خوێندنـەوەی نوێـی نوسـینەکە نـرخ وبـەهای نوسـینەکە دیـاری دەکـات . دەتوانـین بڵێـین هـەر ئـەو خوێندنـەوە نوێیـە بـووە کـە زۆر جـار بەرهـەمێکی فەرامۆشـکراوی نـاو کۆمـەڵی هێناوەتـەوە نـاو واقیـع و کردویەتیە باسـی باسـان ،بـە واتایـەکی تـر خوێندنـەوەی نوێ بووە کەزۆر جار بـەهای بۆ نوسـینی ئـەو نوسـەرانە گێڕاوەتەوە کە تـاکو لـە ژیـاندا بـوون قـەدریان نـەزانراوە ،بەڵام لە پاش مردنیان بوونەتە پاڵەوانی گۆڕەپان .

(شۆڕشی دیاربەکر) ی عوسمان عوزێریش کە لە سـاڵی ١٩٦١ دا یەکـەم چـاپی لێ بڵاوکرایـەوە ،دیـارە لـە کـاتی خۆیدا لەناو توێژی خوێندەواراندا جێگـای بایـەخپێدانێکی گەورە بوو ،بـەڵام بـە هێواشـی کتێبەکـە بـەرەو نـەمان و تیاچوون چوو....

ئاشکرایە کە مەبەسـتی داگیرکـەرانیش کوێرکردنـەوەی هەموو بەرهەمێکی عوزێـری بـوو ،بەتایبـەتیش (شۆڕشـی دیاربەکر) کە بەگیانێکی کورد پەروەرانـەو بـە شـێوازێکی پەروەردەییانە نوسرابوو.

هەر کوردێك ئـەم نوسـینە بخوێنێتـەوە بـە دڵنیاییـەوە شـوێنەوارێکی مـەزن لـەناخیدا جێدەهێڵـێ ،کـە ئـەویش بریتییە لە تۆخ بوونەوەی هەستی نەتەوایەتی . بۆیە لـەم ساڵانەی دوایدا چـەند دەسنوسـێك ،یـاخود چـەند کۆپـی کراوێکی کەم نەبێت هیچی تر لـەو کتێبـە نـەمابوو،لەبـەر ئەوە ئەم ساڵ (کاك بەرزانی حاجی برایـم) سـەر لـە نوێ چاپی کردەوە ،کەبەڕاستی جێگای نرخاندن ودەسخۆشی لێکردنە .

لـێرەدا بـە کورتـی هـەوڵدەدەین ئامـاژە بـە(مەبەسـت) و(تایبەتمەندی) یەکانی ئەم کتێبە بکەین :

مەبەست لە نوسینی ئەم کتێبە :

عوزێـری بـە ئاشـکراو راشـکاوانە ئامـانجی نوسـینی کتێبەکـەی رونکردۆتـەوەو دەڵێـت : (هـەموو کوردێکـی

دڵسۆزو رۆشنبیرو تێگەیشتوش هەست بەوە ئەکات کە پێویستە شارەزای مێژووی نەتەوەکەمان بینو وانەو پەندی لێ وەربگرین ولەو تاقی کردنەوەوکردارانەی باوو باپیرمان سود وەرگرین بەتایبەت لەم قۆناغەی ئەمرۆماناو ئیتر لەمەولا بە فشەو بەڵێنی درۆو فرمێسك رشتنی ساختەی بێگانەو خەڵکی باوەڕ ناکەین...هەر ئەو هەستە پیرۆزە بوو کە پاڵی پێوە نام بۆ نوسینەوەی ئەم چەندلاپەڕەیە)[١]

گەر لای مێژوو نوسی گەورەی کورد شەرەفخانی بەدلیسی نوسینی مێژوو بۆ ون نەبوونی ناو بانگی بنەماڵەوخانەوادەکانی کورد بوویێت ٢ کەگەورەترین بەرهەمی مێژوویی وەك شەرەفنامەی لێ بەدیهات . لەلای محەمەد ئەمین زەکیش وەکو وەڵامدانەوەیەکی فشاری تۆرانچێتی وعەرەبچێتی (کوردوکوردستان) گەلاڵە بوویێت٣

تاوەکو بنەڕەتو بوونو رەسەنی مێژوویی خۆمان بسەلمێنین ،کە هەردوکیان گەورەترین شاکاری مێژوویان پێشکەش بە نەتەوەکەیان کرد ،ئەوا لای عوزێری نوسینەوەی مێژوو بۆ ئامانجێکی پەروەردەیی نەتەوە بوو! بۆپەند وەرگرتن بووە لەرووداوەکانی مێژوو ! بۆئەوەی هەڵەکان دووبارە نەکەینەوەو ناسۆرىو کارەساتە جەرگبڕەکان نەبنە ئەنجامی حەتمی! بە واتایەکی تر ئەم بەرهەمە ناوازەیەی عوزێری زیاتر لە بواری(فەلسەفەی مێژوو) ەوە نزیکترە وەك لە (مێژوو) کە دەتوانین بە یەکێك لە سەرچاوە سەرەتاییەکانی ئەم بوارەی ناوزەد بکەین، هەروەکو (د.کەمال مەزهەر) باسی لێوە دەکاتو دەڵێت : (عوسمان عوزێریش بەئەوپەڕی هەست ودڵسۆزییەوە باسی شێخ سەعیدی پیران و شۆڕشگێڕانی دیار بەکرو خەباتی رێکخراوە سیاسیەکانی کوردستانی تورکیای لە کتێبێکی سەربەخۆدا نوسیوە ).[٤]

### تایبەتمەندییەکانی شۆڕشی دیاربەکر

١- ئەدەبیاتێکی بەهێزو زمانێکی کوردیی پەتی :

یەکێك لە سەرنج راکێشترین تایبەتمەندییەکانی (شۆڕشی دیاربەکر)بەهێزیوناسکیو پڕ واتایی دەستەواژەو دەربڕینەکانێتی. بێگومان ئەدەبیاتێکی بەهێزی لەو شێوەیە لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا کارێکی ناوازەیە .ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە عوزێری سەرەتا بەهۆنراوە نوسین چووە ناو دنیای نوسینەوەوزیاتر لە بواری ئەدەب و لەکۆڕی ئەدیباندا ناوی ئەدرەوشێتەوە . هەروەك مامۆستا عومەر مەعروف بەرزنجی دەڵێت : (عوسمان عوزێری لە رۆژگارێکدا چاوی کردەوەو بەحەزو ویست وتامەزرۆییەوە رووی لە میحرابی پیرۆزی شیعر کردو ئالودەی بوو، کە ئەم بابەتەی ئەدەبی کوردی لە شێوەو ناوەڕۆکدا هەنگاوی گەورەی دەناو بەرگی خەملاندن و تازەگەرێتی بەبەردا هەڵکشابوو، دیارە (عوزێری) وەك قوتابیەکی زرنگی قوتابخانەی شیعری تازە لەم گۆڕانکاریەدا لاتەریك نەبوو، بەکولّ ودڵ بەشداری تێدا کردو شیعرەکانی ئەو سەردەمەو دواتری شێوەیەکی هونەری لە بارو کەرەستەو ناوەڕۆك و تانوپۆیەکی نەخشاویان بەخۆوە گرتبوو، لەپاڵ شیعرەکانی گۆران وهەردی و کامەران ودیلان و ع ح ب وعەلی شارباژێڕی دا سەرجەم بوو بوونە نمونەی هەڵبژاردەی شیعری ئەو قۆناغە، دیارە (گۆران)ی گەورەیش مامۆستاو رابەرو سەر دەستەی هەموان بوو ).[٥]

٢- بەهاو نرخی مێژوویی کتێبەکە:

دەتوانین لە دوو لایەنەوە باس لە بەهای مێژوویی کتێبەکە بکەین:

یەکەمیان لە رووی ناوەڕۆکەوە..تا ئەو کاتەی ئەم کتێبەی تێدا نوسراوە هیچ کتێبێکی تایبەت بەو شۆڕشە نەنوسراوە،بۆیە لەم روانگەیەوە کتێبەکە دەبێتە سەرچاوەیەکی بنەڕەتی بۆ مێژووی شۆڕشی کوردستانی باکور لە ساڵی ١٩٢٥ دا . هەروەها تاکە کتێبە کە باس

له بزوتنەوەی مێژووی کورد بکات له ڕوانگەی شۆڕشێکی بەرفراوانی کوردستانەوە. ئەویش بە خەلفییەتێکی مێژوویی پەیوەندی نێوان کوردو دەوڵەتی عوسمانی دەست پێدەکات و پەرەسەندنی پەیوەندییەکان دیاریدەکات ،لەهەمان کاتیشدا هەڵکشانو داکشانی بزوتنەوەکە دەسنیشان دەکات و باس لە شکست و پاشانیش هۆکارەکانی شکست دەخاتە روو، زیاتر جەختی له هۆکاره ناوخۆییەکان کردووەو رۆڵی ترسناکی ئەم فاکتەرەی دەسنیشان کردووە لە شکستی شۆڕشێکی لەو شێوەیە... ئەم جۆرە توێژینەوەیەش نرخی کتێبەکەی بالاّ کردووەو لە(مێژوو) ەوە بۆ (فەلسەفەی مێژوو) ی تێپەڕاندووە .

لایەنی دووەم رەچاو کردنی رێبازی لێکۆڵینەوەی مێژووییە ،هەڵبەته به واتایەکی تەواو نا ! بەڵکو ئەگەر بە پێی سەردەمە مێژووییەکە هەڵی سەنگێنین ئەوا زانستیانە مامەڵەی لەگەڵ بابەتەکەدا کردووە ، (نۆ) سەرچاوەی گرنگی مێژوویی بەکار هێناوەو چاوپێکەوتنی لەگەڵ ئەو کەسانەدا کردووە کە لەکاتی شۆڕشەکەدا ئامادە بوون و بەچاوی خۆیان روداوەکانیان بینیوە ،سەرەڕای ئەوەی کە کتێبەکەی بەچەند وێنەیەکی ناوازە رازاندووەتەوە کە بەهای بالاّتر دەکات .[٦]

٣- گیانێکی نەتەوایەتی بەهێز:

دیارە ناتوانین مافی تەواو بدەین بەڕەچاو کردن ودەرخستنی بەهێزی هەستی نەتەوایەتی کتێبەکە گەر نەزانین هەستی نەتەوەیی لای عوزێری لە چ ئاستێکدا بووە !

عوزێری هەر لەو کاتەوە چاوی کرایەوەو توانی روداوەکانی دەوروبەری راڤە بکات . بە ئازارو سوێ وچەوساندنەوەو ژێردەستەیی نەتەوەکەی ئاشنا بوو ،هەروەك خۆی باس لەو یادە تاڵانە دەکاتو باسکردنی بە پێویستیەك دادەنێتو دەڵێت :(خەڵکی کوردستان لەلایەکەوە هەموو جۆرە زۆرداری وچەوسانەوەو بێ دەرامەتی وکەنەفتی وبەسەرهاتی نەتەوەکەمانیان بیر ئەکەوێتەوە . لەلایەکی کەشەوە ئەوەیان بۆ ئەبێ بە پەندو زیاتر گەرمیان ئەکات لەسەر خەباتی بێوچان وسوور ئەبن لە سەر وەرگرتنی چارەنووس ومافو ئامانجی خۆیان کە بەسەدان کۆرپەی جگەر گۆشەی ئەم کوردستانە لەپێناویا سەریان نایەوە،[٧] هەر بۆیە عوزێری خۆی یەکلایی کردووەتەوە، بۆ خزمەتکردن بەنەتەوە ونیشتیمانەکەی بەهەر نرخ و بەهایەك بێت. ئەوە بوو هەر لەتەمەنی حەڤدە ساڵیەوە خەباتی لەبواری نوسین و بێدار کردنەوەی رۆڵەکانی نەتەوەکەی هەڵبژاردو لەسەردەمی (مامۆستا گۆران) دا بووە پەیامنێری رۆژنامەی ژین. پاش چوونە بەغدای لەگەڵ چەند خۆێندکارێکی کورددا و (کۆمەڵەی ئاوازی کوردی) کەسەر بە(یانەی سەرکەوتنی کوردان) بوو پێکهێنا، کە رۆڵێکی بەرچاوی هەبوو لە پاراستن و بەرز راگرتنی مۆرکە ئەتنیکیەکانی کوردەواریمان. لە ئێزگەی کوردیش لە بەغدا بەرنامەی (خەباتی کوردستان) ی پێشکەش کردووە، کەباسی لەتێکۆشانی کورد دەکرد لە ناوچە جیاواز و دابەشکراوەکانی کوردستاندا. لەگەڵ دەستپێکردنی شۆڕشی ئەیلولی (١٩٦١) چالاکانە بەشداری لەشۆڕشدا کردووە، وەکو کادرێکی لێهاتووی راگەیاندن کاری کردووە. بۆیە دەتوانین بڵێین هەستی نەتەوایەتی لای عوزێری هێندە بەهێز بووە کەبۆمانەوەو بەردەوامی نەتەوەکەی خۆی تواندووەتەوەو فەنابوونی خۆی لەهەر ساتێکدا گەر بەرژەوەندی بالاّی نەتەوە خواستی راگەیاندبوو . کە ئەمەش پلەیەکی بالاّو ناوازەیە لە ژیانی مرۆڤدا ..

عوزێری باس لە دەسپێکی ئەو وەیشومەیە دەکات کەبەسەر نەتەوەکانی خۆرهەلاّتی ناوەڕاستدا هات ،هاوکێشە مرۆییەکان لەوێوە هاوسەنگییەکەیان نەما، کە رەگەزێك بە تەنیا دەست بەسەر رەگەزەکانی تردا بکێشێتو لە بۆتەکەی خۆیدا هەوڵی تواندنەوەیان بدات .بۆ بە ئاکام گەیشتنی ئەم نیازە ئەهریمەنیەش چەندەها پیلانی شومیان دانا .

داگیرکەرانی کوردستان بەتایبەتیش تورك هەمیشە لەهەوڵی چەواشەکردنی کورددا بوون و ئیستیغلالی

ئاینیان کردووە بۆ لاواز کردن وکوێرکردنەوەی هەستی کوردایەتی لای کوردەکان ،بۆیە لەپاش جەنگی جیهانی یەکەم ولێك هەڵوەشانی دەوڵەتی عوسمانی لەباتی ئەو هەستە ئاینیە گشتییەی کەپێشتر لەئارادابوو ! هەستی نەتەوایەتی شوێنی گرتەوە.

ئەمەش لەوەدا بەرجەستە دەبوو کە هەر نەتەوەیەك هەوڵی دەدا حکومەتێکی نەتەوایەتی نوێ بۆ خۆی دروست بکات .

گەلی کوردیش هەوڵێکی زۆری داو لیژنەی لە شارەکاندا پێکهێناو تەنانەت رێکخراوی سیاسیشی دروست کرد بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە پیرۆزە .بەلاّم تورکە شۆفێنیەکان زۆر دڕندانەو دڵڕەقانە رووبەڕووی کوردەکان بوونەوەو بە هەزارەها نەوەی کوردیان لەناو بردو سەدەها گوندو هەزاری کوردستانیان سوتاند. بەشێوەیەکی کرداری سیاسەتەکانی پاکتاو کردنی رەگەزی و ڕاگواستن و وێران کردنی کوردستانیان پەیڕەو کرد .

واتا لای عوزێری هەستی نەتەوایەتی هەستێکی پیرۆزو بالاّ بووە، کە لە مافی ژیان ومومارەسەکردنی کاری سیاسیو خۆبەڕێوەبردن وئازادی لە ژیاندا بە گشتی بەرجەستە بووە . واتا هەڵقولاّوی هەستی مرۆڤایەتی بووە. گەلانی دنیاش دەخاتە ژێر پرسیارو تاوانبار کردنیان سەبارەت بە بێ هەڵوێستییان بەرامبەر بەو رەشەکوژیەی دەرحەق بە کورد کرا کە بەشێکە لە مرۆڤایەتی هەروەك دەڵێت : (لەگەڵ ئەوەشا مرۆڤایەتیو گەلانی سەر رووی جیهان کە بە چاوی خۆیان ئەیان دی وبەگوێی خۆیان ئەیان بیست وهەواڵی گەلی کوردیان ئەزانی،چاویان لە ئاستیا ئەنوقاندو رووی خۆیان لەو باسە وەرئەگێڕاو گوێی خۆیان لێ کەڕ کردبوو، ئەوەیان پەڵەیەکی رەشی گەورەیە بەناوچەوانی گەلانەوە، بەڕووی ئاوێنەی خەباتی بزوتنەوەی رزگاریی نەتەوەکانی سەر رووی زەمینەوە. لام وایەو دڵنیاشم هەڵە نیم وقسەکەم ڕاستە، چونکە مرۆڤایەتی (وەکو ئەڵێن) هەمووی یەك زنجیرەیەو هەر نەتەوەیەك لەسەر زەویدا ئەڵقەیەکە لەو زنجیرەیەو، بە هەموویان ئەو زنجیرەی مرۆڤایەتیەیانان پێکهێناوە، مانای ئەوەیەئەگەر مرۆڤێك لەبەر چاوی یەکێکی تریان بکوژرێت، یان کۆرپەکانی نەتەوەیەك لەبەر دەمی خۆیانا بەبەر چاویانەوە زۆردارێك شەلم کوێرم ناپارێزمانە قڕیان تێ بخاو لەناویان بەرێو بیان کوژێ، پێویستە هەر هیچ نەبێ دڵیان پێی ناخۆش بێو بەلای کەمەوە ناوچەوانیان لۆچ و گرژییەکی پێ ناخۆش بوون وبەزەیی تێکەوێ، بەتاییەتی گەلی کوردیش کە ئەڵقەیەك بێ لەو زنجیرەیەو بەبەر چاوی مرۆڤایەتیەوە وای بەسەر بێ وکەسێك نەبێ تەنانەت پێ ناخۆش بوونی خۆیشی دەربڕێ، بەڕاستی ئەگەر بیری لێ بکەینەوە زۆر جێی داخ و ئەفسوسە، لەکاتێکا ناوی خەباتی گەلان ومرۆڤایەتییەنن ونەتەوەشمان وای بەسەر هاتبێ .[٨]

٤- گرێدانی (مێژوو) و (پرۆسەی پەروەردە) :

وەکو ئاشکرایە مێژوو گێڕانەوەی ڕوداوەکان نییە بەتەنها ، بەڵکو ڕاڤەکردن و هەڵسەنگاندنیشیەتی .. لێکۆڵینەوەو ڕاڤەی مێژوو تەنها دۆزێکی رۆشنبیریو فیکری نییە، بەڵکو لەگەڵ ئەوەشدا دۆزێکی پەروەردەییە.

لەڕاستیدا هیچ دۆزێکی ڕۆشنبیری یاخود مەعریفی نییە کە دابڕاوبێت لە دۆزە پەروەردەییەکان و پەیوەندیی پێوەنەبێت... هەر کێشەیەك پەیوەست بێت بە (مرۆڤ)ەوە لەمێژوودا ئەوا کێشەیەکی پەروەردەییە ! ئەگەر وا داینێین پەروەردە هونەری داڕشتنی(مرۆڤ)ە لەسەر شێوەیەکی دیاری کراو کە رۆشنبیرییەك یاخود ئایدۆلۆژیاو میتۆدێکی دیاریکراو دیاری دەکات و کۆمەڵی پێ پەروەردە دەکات . بۆیە لێکۆڵینەوەی مێژوو بەتایبەت لە کێشە پەروەردەییە ڕاستەوخۆکانە .

مێژوو وەك رەگەزێکی مەعریفی گرنگی مرۆڤ وکۆمەڵگا، رۆڵی بەرچاوی بینیوە لە پێگەیاندن وبەرەو پێش بردنی نەتەوەو کۆمەڵگا جۆراو جۆرەکان، بەڵکو زۆر جار بارودۆخە دەق پێوەگرتووەکانی شڵەقاندووەو بەرەو ئاستێکی پێشکەوتووترو بالاّی تێپەڕاندووە[٩].

گەر لەم روانگەوە بۆ مێژوو بڕوانین و بەهەمان دیدیش بڕوانینە (شۆڕشی دیاربەکر) ی عوزێری، ئەوا سەرسام دەبین لە زیرەکی ولێهاتوویەتی عوزێری لەسود وەرگرتن و بەکارهێنانی مێژوو وەك ئامرازێکی پەروەردەیی بۆ نەتەوە .

عوزێری لەگەڵ ئەوەدا کە ڕۆشنبیرێکی تێگەیشتوو بوو، لە هەمان کاتیشدا کادرێکی سیاسی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردی سەردەمی خۆی بوو. بۆیە دەبینین گرنگیەکی زۆری بە مێژوو داوەو مێژووی وەکو تەرمێکی مۆمیا کراوی (دەستپێکراوی ناو مۆزەخانەکانی دنیا) تەماشا نەکردووە . چونکە دڵنیا بووەلەوەی کە زەمەن مۆزەخانە نییەو مێژوویش تەرمێکی بێ گیان نییە. بەڵکو لەم بەرهەمە ناوازەیدا هەوڵی تەرجەمەکردنی مێژووی داوە بۆ واقیع. تەرجەمە کردنەکەش بەشێوەیەك بووە وەکو نمونەیەکی باڵاو گونجاو لەگەڵ سەردەمدا !

دیارە عوزێری ویستویەتی مێژوو وەکو ئامرازێکی پەروەردەیی بۆ پەروەردە کردنی تاکەکانی نەتەوەکەی بەکار بهێنێت،

بەتایبەت پەروەردە کردنێکی سیاسیانە کە لەو سەردەمەدا پێویستییەك بوو .

دەتوانین کتێبی (شۆڕشی دیاربەکر) بە ناوازەترین بەرهەمی مێژوویی لەم بوارەدا ناوزەد بکەین. چونکەمەبەستی سەرەکی عوزێری لە نوسینی بابەتەکە — وەکو پێشتر باسمان لێوە کرد — تەنها بۆ پەروەردە کردنێکی نەتەوەییانەی تاکی کوردی بووە، بۆیە هەر کوردێك کە ئەم کتێبە دەخوێنێتەوە ناخی دەهەژێنێت وشوێنەوارێکی قوڵ و کاریگەر لە ناخیدا جێدەهێڵێ و تەنانەت کار لە کەسێتیەکەی دەکات وشێوەیەکی نوێی کەسێتی بەرهەم دێنێ. شێوەیەك کە زۆر بە روونی پەنجە دەخاتە سەر خاڵە لاوازە خودییەکان و نەخۆشیەکانی بزوتنەوەی رزگاریخوازیمان دیاریدەکات وپاشان ئەو مەرگەساتانەی کە لێوەی بەرهەم هاتوون، جا ئەو مەرگەساتانە چ لەسەر ئاستی بزوتنەوەکە بێت کە تووشی شکستی کردووە، یاخود لەسەر ئاستی نەتەوەکەمان بێت کە بەرەو هەڵدێرو ژێردەستەیی بردووەو پاشانیش چەوساندنەوەو قڕ کردن و... هتد بوونەتە ئاکامێکی حەتمی رەوشە نالەبارەکە .

لە لایەکی تریشەوە شێوەیەك بوو کە لە پیلان ونەخشە ئەهریمەنیەکانی دوژمنان بەئاگای دێنێتەوەو تێی دەگەیەنێت کە دڵ سافی کوردان چ مەرگەساتێك بە دوای خۆیدا دەهێنێت ، هەروەها بە ئاشکرا ئەو هەستە لای خوێنەر دروست دەکات کە ئێمەی کورد تاکو ئێستا لە سەرتاسەری جیهاندا وڵاتێك نییە دڵسۆزانەو کردەییانە کۆمەکمان بکات .

بۆیە پیرۆزترین ئەرکی سەر شانمان بریتییە لە خۆڕێکخستن وهەوڵدان بۆ سەرخستنی بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلەکەمان کە تاکە هیوای مەشخەڵی رزگاریخوازیمانە .

هەروەها شێوازی نوسینی کتێبەکە شێوازێکی دواندنی راستەو خۆی بەرامبەرە، واتە تەنها گێڕانەوەی رووداوە مێژووییەکان نییە، خوێنەر کاتێك کتێبەکە دەخوێنێتەوە وا هەست دەکات کە پەروەرشیار (المربی) ێك لەبەردەمیدا دانیشتووە ، وانەیەکی پەروەردەیی زۆر گرنگی پێشکەش دەکات . عوزێری هەستی بەوە کردبوو کەپەروەردەکردنی تاك بەچەمکە نەتەوییەکان دەبێت لەپێشەنگی جموجوڵە رزگاریخوازییەکاندا بێت، بەلای عوزێرییەوە دەبێت ڕۆشنبیرییەك کەسێتی تاك دروست بکات و ئاسۆی بیری تاکەکانی بەرامبەر بەدۆزە سیاسی و نەتەوەییەکان فراوان بکات، واتا بوونی ڕۆشنبیرییەکی نەتەویی مێژوویی سیاسی لە پێشەنگی هەموو جموجۆڵو کردە رزگاریخوازییەکاندابێت. واتا پێویستە تاکی کوردی تێبگەیەنرێت کە بۆچی دەکۆشێت و دەست دەداتە خەباتی چەکداری.

گەر بەم شێوەیە بزوتنەوەی رزگاریخوازیی نەتەوەیی فەراهەم هات، ئەوا رەوتێکی راست و بزوتنەوەیەکی سروشتی دەبێت، بەم شێوەیە گەیشتن بە ئامانج و ترۆپکی سەرکەوتن زۆر نزیك دەبێتەوەو لەهەموو وەیشومەیەك بزوتنەوەکە رزگاری دەبێت کەتا

ئەندازەیەك وەكو تایبەتمەندییەكی بزوتنەوەو شۆڕشی نەتەوەكەمانی لێهاتووە كە ئەویش دیاردەی (خیانەت)ە! كە بووەتە شێرپەنجەی جەستەی بزوتنەوەو شۆڕشە رزگاریخوازییەكانمان.

بەكورتی ئەمە خوێندنەوە و دیاریكردنی ئامانج و تایبەتمەندییەكانی كتێبی مێژوویی (شۆڕشی دیار بەكر) بوو، كە هیوادارم خوێندنەوەی نوێترو بابەتی تر بۆ سەرجەم نوسراو و بەرهەمەكانی عوزێری لای پسپۆڕ و تایبەتمەندەكانەوە ئەنجام بدرێت.

---

[1] پەراوێزو سەرچاوەكان:

[1] عوزێری، عوسمان، شۆڕشی دیاریەكر، لا ٢٣-٢٤، چاپی دووەم. سلێمانی ٢٠٠٠

[2] بەدلیسی، شەرەفخان، شەرەفنامە لا ١٤.

[3] زەكی. محەمەد ئەمین. خولاصەیەكی تاریخی كوردو كوردستان. لە دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم سلێمانی ٢٠٠٠

[4] عوزێری، عوسمان، شۆڕشی دیاریەكر لا ١٠-١١

[5] باقر، طه، طرق البحث العلمي في التاريخ والأثار ص٥١ وما بعدها

[6] عوزێری، عوسمان، شۆڕشی دیاریەكر لا٣١

[7] هەمان سەرچاوە لا٥٨

[8] محەمەد، كامەران، پرۆسەی پەروەردەییمان و فەرامۆشكردنی مێژوویی نەتەوەییمان، هەفتەنامەی (زانكۆ) ژ ٢٣ لا ٧ ٢٠٠٠

[9] موعید لە كۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەكان- زانكۆی سلیمانی.

## گەلاوێژی نوێ




سیزا قاسم یەكێكە لە رەخنەگرە بەتواناكانی عەرەب چەندەها كتێبی هەیە بەڵام گرنگترینیان (بناء الرواية)یە، هەروەها كتێبی (القارىء والنص/العلامة والدلالة) وكتێبی (مدخل الى السيموطيقا) بەهاوكاری لەگەڵ نصرحامد ئەبوزەیدا.

لە (بناء الرواية)دا لە روانگەیەكی نوێوە بە بۆچوونی خۆی سەبارەت بە شوێنو كات گەشتێكی دوورودرێژ بە چەند رۆمانێكی نەجیب مەحفوزدا دەكات.

كتێبی (القارىء والنص/العلامة والدلالة) لەمیسر ساڵی ٢٠٠٢ چاپكراوەو لەچەند بەشێك پێكهاتووەو هەموویشیان تایبەتن بە سیموتیكا لەبەشی یەكەمدا باسی مەوداكانی سیمۆتیكاو فرە شفرەیی‌و نیشانە دەكات، لەبەشی دووەمدا بەوردی لەسەر سیمۆتیكای شوێن دەوەستێ هەر بەو بۆنەیەوە شار لەروویەكێوە بە راستییەكی سیمۆتیكانە دەژمێرێ. لە هەموو دەقێكدا بنیاتی سیمۆتیكا وەدەرئەكەوێ خاڵی تاریك بۆ خوێنەر رۆشندەكاتەوە زەینی دەخاتە كار تا دەق لەدەسەڵاتی پێوەندە چەسپاوەكان دەركاتو بەخەیاڵی خوێنەر پەیوەندیی دیكەی بەردەوام بەرهەمبهێنێ. لەم بەشەدا سیزا قاسم جەخت لەسەر سیمۆتیكاو هێرمینوتیكا دەكاتو بەم شێوەیەیش تاریفی سیمۆتیكا دەكات: سیمۆتیكا هەوڵئەدات ئەو نیشانانە تاریفبكات كە بەشەر دایاندەهێنێ‌و شیاندەكاتەوە، هێرمینوتیكایش ئەو شێوازو رێگایانە دەدۆزێتەوە كە دەبن بە یاریدەدەر بۆ گەیشتن لە دەقەكان، بۆیە بەلایەوە سیمۆتیكا فراوانترە چونكە مامەڵە لەگەڵ هەموو نیشانەیەكا دەكات بەڵام هێرمینوتیكا مامەڵە لەگەڵ دەقدا دەكات لە چوارچێوەی زماندا بۆیە سیمۆتیكا زیاتر مۆركێكی كۆمەڵایەتی وەردەگرێ بەڵام لەكۆتاییدا هەردووكیان دەبن بە پاڵپشت بۆ پرۆسەی خوێندنەوە.

# شەن و کەوێکی

# (دراسه تحلیلیه لمنحوته مدفن قزقاپان)

کەمال نوری مەعروف

پەیڤێك: ئەم بەدواداچوونەم دەبوایە بەعەرەبی بنووسیایە چونکە نووسینەکە بەعەرەبی بڵاوکراوەتەوە بەڵام لەبەرهەندێ هۆکاری تایبەت وامبەباش زانی بەکوردی بێت.

لەژمارە (٢٢)ی گۆڤاری هەزارمێردی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٢ شوێنەوارناس کەمال رەشید رەحیم نووسینێکی بەزمانی عەرەبی بڵاوکردۆتەوە بەناونیشانی: (دراسه تحلیلیه لمنحوته مدفن قزقاپان —ص١٦٤-١٧٧). دوای خوێندنەوەی نووسینەکە هەندێك تێبینیم لا تۆماربوون کە پێویستیان بەوەڵامدانەوە هەیە بۆ ئەوەی تیشك بخەمە سەر راستییەکان بەو هیوایەی خزمەتێکی گچکە بەو شوێنەوارە بکەم کە چمکێکە لەمێژووی دێرینمان.. تێبینییەکانیشم لەم چەند خاڵەدا دەخەمەڕوو:

١—رەشید لە لاپەڕە (١٦٤)ی گۆڤارەکەدا دەڵێ: (ومنژ القرن الماچی بقیت هژه المنحوته دون اهتمام علمی وعملی، فعلی الصعید العلمی فالژی کتب عن منحوته قزقابان کان مجرد اراو دون تفاصیل للاشخاص ورموز الالهه تناولها اقلام اجنبیه فیها من الاخگاو الکپیر وللاسف حتی علی مستوی اقلام الکرد لم تنل حڤا علمیا وتاریخیا وکل الژین کتبوا عنها مجرد ببغاوات یعیدون مایردده الاخرون عن هژه المنحوته دون دراستها بعمق من الناحیه التاریخیه والفنیه).

من لای خۆمەوە وەڵامی ئەم برگەیە دەکەم بەدوو بەشەوە بەشێکیان لەسەر ئەوبیانییانە قسەدەکەم کە زانستییانە توانیویانە لەسەر نەخشە هەڵکۆڵراوەکەی قزقەپان بدوێن و هێماو نیگارەکانیی و جل و بەرگی کەسەکانی ساغ بکەنەوەو ئەو سەردەمەش دیارییبکەن کە شوێنەوارەکەی بۆ دەگەڕێتەوە خۆئەگەر لەناویشیا هەندێ جیاوازی لەبۆچوونەکاندا هەبێت بۆ دیاریکردنی قۆناغی فەرمانڕەوایەتی خاوەنی نەخشەکە ئەوەش هەر کارێکی ئاسایییە چونکە سەردەمەکە کۆنەو سەرچاوە لەبارەیەوە کەمە. لەلایەکی تر هەموو ئەو بەڕێزانە هاوڕان لەکردنەوەی هێماکانیدا کە دەربڕین لەچیدەکەن یان ئەو جل و بەرگانەی لەبەری کەسەکاندان بۆ کام سەردەم دەگەڕێنەوە یان خاوەنەکانیان کێن. من لەقسەکانی رەشید گوماندەکەم کە چۆن بەوشێوەیە راو بۆچوونی ئەو بیانییانە هەڵدەسەنگێنێ لەکاتێکدا خۆی پێویستی بەو جۆرە زانیاریانەی ئەوان هەیە. لەم بەدواداچوونەمدا ناچارم ناوی هەموو ئەو شوێنەوارناسانەو پسپۆرانی مێژووی دێرین بهێنم کە لەسەر شوێنی ناوبراویان نووسیوەو توانیویانە خزمەتی شارستانێتی دێرینی کوردی پێبکەن کە (رەشید) پێیان دەڵێ: کەوتوونەتە هەڵەوە، ناوەکانیش ئەمانەن:

أ/مامۆستایان تەها باقرو فوئاد سەفەر رایان وایە کە ئەم گۆڕە بەردینە سەردەمەکەی بەتەواوی نازانرێ بەڵام

دوای بەراوردکردنی ئەم ئەشکەوتە بەئەشکەوتەکانی تری هاوشێوەی لەولاتی ئێراندا کە یەکێکیان لەشاخەکانی هەورامانە، سەرئەنجام گەیشتوونەتە ئەوەی کە بلێین: بوونی بەلگەی ئەوتەرزە ئایۆنیەی کە لەو دووکەلەکەیەی هەیوانی نەخشەکەی قزقەپاندا نیشاندراوە دەریئەخات کە سەردەمی ئەم گۆڕە بەردینە دەکەوێتە نێوان (٦٠٠-٥٥٠پ.ن) واتە سەردەمی (ماد)ی دوایی.. هەروەها دەلێن: لەوانەشە گۆڕی فەرمانڕەوایەکی ناوچەکە بووبێت کە سەربەمادەکان بووە لە (ئەکبەتانە)ی پایتەختیان کە (هەمەدان)ی ئێستایەو فەرمانڕەوایەتییان تیاداکردووە.[i] ساخکردنەوەکەی ئەم دوو شوێنەوارناسە جارێکی تر ئەو راستییەی نیشاندا کە ئەم گۆڕە هەلکۆلراوە بەهۆی ئەو دوو کۆلەکە ئایۆنییەوە سەردەمەکەی دیاریکراوە چونکە سەرچاوە مێژووییەکان لەسەر ئەو رایەن کە ئەو تەرزە کۆلەکەیە لەچاخی شەشەمی بەرلەزایین لەولاتی یۆنان دەرکەوتووەو لەچاخی (٥) بەدواوە بەشوێنە دورەکانی تردا بلاوبۆتەوەو[ii] گرنگی پێدراوەو لەگۆڕە بەردینەکان‌و کۆشکی پادشاکانا بۆجوانی بەکارهێنراون.

ب-ئەدمۆنسی کۆنە ئەفسەری بەریتانی‌و دیبلۆماتی ناسراوو شارەزای شوێنەوارو مێژووی دێرین‌و زمانزان‌و پسپۆڕ لەداب‌و نەریتی گەلەکەماندا، لەکتێبی (کورد، تورك، عەرەب لا١٨٩٧-١٩٤) زانستی یانە لەسەر نەخشە دواوە، ئەمەش دوای ئەو گەشتەی دێ کە لەسالی ١٩٣٤ بۆ شوێنەوارەکە ئەنجامیداوەو زانیاری لەسەروەرگرتووەو هێماکانی شیکردۆتەوە دوای ئەوەی بەراوردی کردووە بەشوێنەوارەکانی تر لەوجۆرەی کە لەئێران هەن.. لەکۆتاییدا بەگومانەوە دەلێ: لەوانەیە بۆچاخی هەخامەنشی لەعێراق بگەڕێتەوە. (٥٥٠-٣٣٠پ.ن)[iii].

ج-هێرزفیلد (١٨٧٩-١٩٤٨) زانای ئاسەواری گەورەی ئەلمانی کە جیهانی شوێنەوارناسی شانازی بەکارە ئارکیۆلۆژیەکانیەوە دەکات. نووسینەکانی لەسەر شوێنەواری پەیکولی سەردەمی (نەرسی) ساسانی خزمەتێکی گەورەیە بۆ شارستانێتی کورد.. جگە لەوەش لەسەر نەخشەکەی قزقەپانیشی نووسیوە، ئەمەش دوای گەشتێکی دێ بۆ ئێران کە تیایا گۆڕە بەردینەکانیشی دیوەو توانیویەتی سەردەمی قزقەپانیش بەهۆیانەوە دیاری بکاو لایەنە جیاجیاکانی ساخ بکاتەوەو بلێ: ئەم گۆڕە لەشێوەدا وەکو ئەو گۆڕەی باکووری خۆرئاوای ئێران وایە کە (فەقرەقا)یەو کۆلەکەی بەردینی هەلکۆلراوی تیایە کە بۆهەمان سەردەمی (ماد) دەگەڕێتەوە.[iv]

د-دکتۆر (c.g.g.cameron)ی دانیشگای شیکاگۆ باسێکی بەبایەخی لەسەر شوێنەواری قزقەپان نووسیوەو، وادەبینێ کە شوێنەواری ناوبراو بۆ سەردەمێکی دواتر لەگۆڕی هەلکۆلراوی (کوڕوکچ) دەگەڕێـەوە. ئەمەی دواییان شوێنەوارێکی تری نزیك قزقەپانە کە ناوبراو بۆ سەردەمی (ماد)ی بردۆتەوە، هەروەکو دەلێ: لەوانەیە گۆڕی فراوەرتیسی کوڕی دایۆکیشی باوکی کەیخوسرەو بێت کە هێرۆدۆت لەبارەیەوە وتوویە: لەهێرشێکدا بۆ سەر ئاشوور لەشوێنێك کوژراوە کە دوورنییە لەسورداش.[v]

هـ-خاتوو پرۆفیسۆر (هاید ماری کخ) وادەبینێ کە هەندێ: لەو گۆڕە بەردینە هەلکۆلراوانەی باکووری خۆرئاوی ئێران‌و کوردستانی عێراق کە لەوەو پێش وادانراون بۆ سەردەمی (ماد) دەگەڕێنەوە، یان بۆسەرەتای پادشایەتی دارای یەکەم (٥٢٢-٤٨٦پ.ن) ئێستا لەڕووی هونەرییەوە دەرکەوت کارتێکردنی گۆڕی دارای گەورەیان بەسەرەوەیە.[vi] من لای خۆمەوە ئەو بۆچوونە ئەدەمە دواوەو بۆ ئەوە دەچم ئەگەر بەراوردێك لەنێوان گۆڕە هەلکۆلراوەکەی قزقەپان‌و گۆڕەکەی دارای هاخەمەنشی گەورە لەنەخشی رۆستەم بکەین دەمانگەیەنێتە ئەو ئەنجامەی کە هەردوو گۆڕەکە لەشێوەی بیناسازیدا دووکاری جیاوازن، هەروەها لەڕووی هونەریشەوە بەپێی هێما هەلکۆلراوەکان‌و دیاردەکانی تری نەخشەسازی ناچنەوە سەرهونەرێك بۆیە دەلێم: ئەو رایەی ناوبراو شوێنی گومانە کەئەو جۆرە گۆڕانە بۆچاخی هاخامەنشی بەرێتەوە، چونکە گۆڕە هەلکۆلراوەکەی قزقەپان ئەگەر وەکو قۆناغی دابەشکردنەکەش بێت قۆناغی ناوەڕاست دەگرێتەوە واتە کۆنترە لەکۆمەلەی گۆڕەکانی داریۆش.

و-(دیاکۆنۆف)ی باوکی مێژووی ئاشوورو پسپۆر لەمێژووی مادا گرنگی زۆری بەنەخشە هەلکۆلراوەکەی قزقەپان داوەو لەگەل ژمایەك گۆڕی هەلکۆلراوی بەردیندا لەئێران ناوی هێناوەو زانیاری لەسەرنووسیوە.. سەرئەنجام گەیشتۆتە ئەورایەی کە بلێ: قزقەپان گۆڕی کیاکسارەو (دوکان داود)یش گۆڕی ئاستیاگە[vii].

لەبەشی دووەمی بۆچوونەکەی (ڕەشید)دا کە خامەی نووسەرانی کوردی گرتۆتەوە واتە ئەوانەی لەسەر قزقەپانیان نووسیوە بەلایەوە ئەوەی وتوویانە هەرجوینەوەی بۆچوونی نووسەرانی بێگانەیە هەروەکو دەڵی: (علی مستوی اقلام الکرد لم تنل خگا علمیا وتاریخیا وکل الزین کتبوا عنها مجرد ببغاوات یعیدون مایردده الاخرون عن هژه المنحوته دون دراستها بحق من الناحیه التاریخیه والفنیه).[viii]

من لای خۆمەوە لەسەر ئەو قسانە دەڵێم: تۆ بڵێی بۆچوونەکەی (ڕەشید) وابێ‌و خامەی نووسەرە کوردەکان ئەوانەی لەسەر قزقەپانیان نووسیوە (تووتی) ئاسا بۆچوونەکانیان جوینەوەی قسەی نووسەرە بێگانەکان بێ یان ئەو قسەیەی (ڕەشید) بۆ ئەوەیە پلەو پایەی نووسینەکەی پێبەرزبکاتەوە. لێرەدا بەپێویستی دەزانم جارێ بزانین خامەی نووسەرە کوردەکان لەو ڕووەوە چییان نووسیوە ئەوسا بکەوینە شیکردنەوەی نووسینەکەی (زیۆیی) بۆ ئەوەی بیخەینە بەرچاوی ڕۆشنبیران کە تا چ سنوورێك ڕاستی پێکاوە یان کەوتۆتە هەڵەوەو پێویستە بۆی ڕاستبکەینەوە.

سەرەتا دێمە سەرباسەکەی مامۆستا تۆفیق وەهبی کە لەسەر شارستانێتی دۆڵی چەرمەگای نووسیوە لەچاخی مێژووییدا بەناونیشانی: (دژێکی کەیانی لەباکووری سلێمانی) کەلەدووەم ژمارەی تەمموزی ١٩٥٨ی یەکەمساڵی گۆڤاری کتێب بڵاوی کردۆتەوە کە لەو ڕووەوە دەڵێ: (دەتوانین بۆ نموونە بڵێین: کۆنترین شوێنەواری مێژوویی کەلەم ناوچەیەدا دۆزرابێتەوە ئەو دوو گۆڕستانە شاهانەیە کەلەناو دوو ئەشکەوتی دەسکردان یەکەمیان لەدۆڵی تابین لەسەربناری باشووری (سەرسرد) لەپشت گوندی زەرزییەوەیە کە پێیدەڵێن قزقەپان‌و دووەمیان دەکەوێتە خۆرئاوای شاخی عەوالان لە باکووری خۆرئاوای دۆڵی چەرمەگا کە پێیدەڵێن (کوڕو کچ).. هەروەها دەڵی: هەردوو ئەشکەوتی (قزقەپان)و (کوڕوکچ) لەو ئەشکەوتە دەسکردانەن کە بۆ پادشاکانی (ماد) دەگەڕێنەوە.[ix] کە بەلاپەڕەکانی ئەو باسەدا دەچێتەوە بۆت دەرئەکەوێ بۆچوونەکانی ناوبراو هەرجوینەوەی ڕای بێگانەکان نییە بەڵکو شتی تازەی تیادایە کەنووسەرانی تر بۆی نەچوون بەتایبەتی هێماکان کە مێژوونووسە بیانییەکانیش سوودیان لێبینیوە.

لەلایەکی تر نووسەری ئەم بەدواچوونە واتە (کەمال نوری مەعروف) هەتاکو ئێستا لە ساڵی ١٩٨٣ بەدواوە دووجار لەسەر نەخشە هەڵکۆڵراوەکەی (قزقەپان) باسو لێکۆڵینەوەم نووسیوە، بۆیە بەپێویستی دەزانم ئاماژە بەو دوونووسینەبدەم بۆ ئەوەی (ڕەشید) بەچاوی ویژدانەوە بیانخوێنێتەوەو بزانێت کە هەرجوینەوەی ڕاو بۆچوونی بیانییەکانە یان شتی تازەیان تیادان. باسی یەکەمیان لەژمارە (٣٨)ی گۆڤاری (سۆمەر) بەزمانی عەرەبی بڵاوم کردەوە بەناونیشانی: ( منحوتە قزقپان ص٣٠٩-٣١٥)[x] باسەکەش بڵاوکردنەوەی لەو گۆڤارە ئاکادیمییەدا کە شوێنەوارناسێکی وەکو زیۆیی لەماوەی (٢٠) ساڵدا نەیتوانیوە وشەیەکی تیادا بڵاوبکاتەوە لەخۆیدا مانایەکی گەورەدەبەخشێت. چونکە ئەو نووسینانەی لەو گۆڤارەدا بڵاو دەبنەوە دەبێ شتی تازەیان تیادابن دەنا بڵاونابنەوە .. جگە لەوەش جارێکی تر لە ژمارە(٤)ی گۆڤاری هەزارمێردی حوزەیرانی ١٩٩٨ باسێکی ترم بڵاوکردەوە بەناونیشانی: (هێما لەنەخشە هەڵکۆڵراوەکەی (قزقەپان)[xi] دا. (لا٤٠١-١٠٩) لەم باسەمدا زیاتر هێماکانم شیکردووەتەوەو لەسەریانم نووسیوەو دەرگای کڵۆم دراویانم کردوونەتەوە، ئەوەشم وتووە کە بۆچی هەڵکۆڵراون‌و دەربڕین لەچیدەکەن.. ئەگەر (ڕەشید) بەچاوی ویژدان ئەو وتارەش بخوێنێتەوە بۆی دەرئەکەوێ ئەونووسینەش جوینەوەی نووسینەکانی پێش خۆم نین.

٢-ڕەشید لەلاپەڕە (١٦٥)ی گۆڤارەکەدا دەڵێ: (ونڤرا لاهمیه هژا المقال والکشف عن الکپیر من الخفائق والتی غابت علی الکپیر ف ژوی الاختصاص ف هژا المجال لژا اعگیت الاولویه لنشر هژا المقال..). ڕاستییەکەی دەبوایە (زیۆیی) بەو جۆرە ستایشی نووسینەکەی نەکردایە ئەگەر ڕاستە ئەو نووسینە بەو جۆرە گرنگە کە نووسەر دەڵێ، دەبوایە وەکو داب‌و نەریت سەرنووسەری گۆڤارەکە ئەوەی بۆ بنووسیایە چونکە نەبووە نووسەر بەشان‌و باڵی نووسینی خۆیدا هەڵبدات.

٣-ڕەشید لەلاپەڕە (١٦٥)ی گۆڤارەکەدا جارێکی تر، دەڵێ: (کونها مدفنایچم بعچ افراد الاسره المیدیه الحاکمه). وادیارە (ڕەشید) لێرەشدا بەدرشتی چۆتە ناو باسەکەوە دەنا ئەبوایە ئەوەی بزانیایە کە گۆڕە هەڵکۆڵراوەکەی قزقەپان تایبەتە بەپادشای (ماد) خۆی

ئەمەش بیرێکە مادەکان سەرەتا سوودیان لە سکاییەکان و ئۆراتۆرییەکان بینیوە بۆ ئەو جۆرە کارانە ئەمەش بەجۆرێك بووە پادشاو پیاوانی گەورەی سکایی گۆڕی تایبەتی خۆیان هەبووەو دەست و پێوەندەکانیشیان لەنزیکییانەوە گۆڕی بەکۆمەڵیان بۆ ئامادەکراوە بۆ ئەوەی لەزیندوو بوونەوەدا لەخزمەتیانا بن [xii]. بۆیە بەڵگە بەدەستەوە نییە کە قزقەپان گۆڕێکی بەکۆمەڵ بێت بەڵکو سەرچاوەکان لەسەر ئەوەهاوڕان کە تایبەت بێت بە ناودارێکی وەکو کەیخوسرەوی پادشای ماد کە دامەزرێنەری ئەو ئیمپەڕاتۆریەتە گەورەیە بووە ئەمەش لەگەڵ پلەو پایەیدا گونجاوە. لێرەدا رەشید دەبوایە ئەوەی بزانیایە کەبوونی (٣) گۆڕ لەو شوێنەدا مانای ئەوە ناگەیەنێت کە هەر (٣) گۆڕەکە بۆ مرۆڤ هەڵکۆڵراون بەڵکو داب و نەریت وابووە ئەو جۆرە گۆڕانە یەکێکیان بۆ ئارامگای پادشابووە کە زیاتر ئەوەی ناوەڕاستی گرتۆتەوە، دووانەکەی تریش بۆ دانانی کەل و پەلی تایبەت بەمردووەکە بووە. ئەم دیاردەیەش لەناو سکاییەکانیشدا پەیڕەو کراوە هەروەها لەگۆڕەکەی دارای گەورەشدا شێوەکە دووبارە بۆتەوە [xiii].

٤-رەشید لە لاپەڕ (١٦٨)ی گۆڤارەکەدا دەڵێ: (فالشخص الڑی علی یسار الناڤر بگول ١٤٧ سم یرتدی لباس رأس علی شکل خڑه معڤم تغگی معڤم الرأس بالاچافه الی الخد وتڤهر من اسفل الخوڑه بقایا اللحیه.. والانف. یغگی بقتایا اللحیه.. هەروەها دەڵێ: (اما ملامح الوجه فهی واچحه ڤ الشارب والانف. یغگی الجسم عباوه غگت معڤم الجسم وتصل الی القدمین وهی معقوده ڤ اعلی الصدر..) لەراستیدا (رەشید) لەباسی سەروپێچی کەسەکەداو جل و بەرگی یا نەشارەزایانا بۆی چووە بەڵگەش ئەوەیە لەکاتێکدا (رەشید) لەوە ئەدوێ کە ئەم گۆڕە بۆ سەردەمی (ماد) دەگەڕێتەوەو ئاینی زەردەشتی لەوێنەکانیدا پەیڕەو کراوە کەواتە چۆن بەو شێوە ساکارە دەچێتە ناو باسی سەروپێچی کەسەکەوە کە بەئاشکرا دیاردەی تیایە کە پیرۆزی ئاگرەکەی تیادا پارێزراوە. خۆ ئەگەر (رەشید) تۆزێك گرنگی بەباسەکەی بدایەو سەیری سەرچاوە بیانییەکانی بکردایە بۆشێوەی جل و بەرگی ئەو دوو کەسە ئابەو جۆرە نەدەکەوتە گومانەوەو راستی دەپێکا. با جارێکی تر بگەڕێینەوە لای کەسی چەپ و بزانین جل و بەرگی چۆنەو لەچی پێکهاتووە: کەسەکە بەجل و بەرگیدا دیارە جەنگاوەرێکی شاخنشینی کوردستانە واتە پادشایەکە رۆڵێکی گەورەی بینیوە بۆسەرکەوتن و کۆتایی هێنان بەشەڕێك. جلکەکەی پێکهاتووە لەدووپارچە یەکەمیان هەروەکو لەوێنەکەدا دیارە هەتاکو سەرئەژنۆی هاتووەو هێڵکاری تیادا کراوەو پشتێنێکی لەسەر بەستووەو بەسەریا پاڵتۆیەکی بەسەر شانیاداوە. ئەم پۆشاکە تەنیا خواو پادشاکان لەبەریانکردووە هەر بەوەش لە کەسانی تر جیاکراوەتەوە. پۆشاکەکەی سەری بەپێی سەیرکردنی لەوێنە کە دانزیکە لەپۆشاکی سەری پیاوە ئاینییەکە، کە پێکهاتووە لەسەر پۆش و کڵاو. لەبەشی سەرەوەی سەرپۆشەکەدا کە دەکەوێتە ژێر کڵاوەکەوە، ریزێك هێڵی چناو بەرچاودەکەوێ وادیارە سەرپۆشەو بەهەمان شێوەی پیاوە ئاینییەکە دەمیشی گرتۆتەوە [xiv].

رەشید لە لاپەڕە (١٦٨)ی باسەکەیدا جارێکی تر دەڵێ: (اما الشخص الڑی علی یمین الناڤر بگول ١٣٧ سم یرتدی لباس رأس علی شکل خوڑه غگت معڤم الرأس بالاچافه الی الخد والحنك ومن اسفل الخوڑه عند الحنك بقایا اللحیه اما ملامح الوجه فهی واچحه ڤ الانف والشارب یرتدی قمیصا غگی الجسم الی اسفل الرکبه). وادیارە نووسەر جارێکی تر ساکارانە باسی جل و بەرگی کەسەکە دەکات، دەنابەوشێوەیە لێی نەدەدوا، کەسەکە بەپێی سەرچاوە باوەڕپێکراوەکان پیاوێکی ئاینییە واتە موغێکەنەك پادشا، هەروەکو (رەشید) بۆی چووە، کراسێکی ئاودامان پۆشی لەبەردایە هەتاکو خوار ئەژنۆی هاتووە. ئەم جۆرە کراسە لەلۆکە دروستکراوەو لای پیاوە ئاینییەکانیش شوێنی تایبەتی خۆی هەبووەو هەر بەوەش لەپۆشاکی ترجیاکراوەتەوە. گەورە پیاوانی ئاینیش لەجەژنە ئاینییەکاندا پۆشاویانە چونکە (موغ) یان (موبەد) هێمای پاکێتی بووە. پۆشاکەکەی سەری کەلەوێنەکەدا دیارە لەدووبەش پێکهاتووە کە سەرپۆش و کڵاوە نەك خودەی سەربازی هەروەکو رەشید دەڵێ ئەمەش هەرلە لۆکە یان خوری دروستکراوە. لەوێنەکەدا سەرپۆشەکە دەمی موغەکەی داپۆشیوە بۆ ئەوەی لەتەپوتۆز بیپارێزی وادیارە ئەمەش هەر بۆ ئەوەبووە کە هەناسەی پیسی مرۆڤ بەرشتی پیرۆز نەکەوێت کە ئاگرەکەیە چونکە ئاگر یەکێکە لەو چوارشتە

پیرۆزە کە هێمای پاکێتی‌یە، ئەمەش لەکاتی ئەنجامدانی ئەرکێکی ئاینی وادا شتێکی گونجاوبووە.[XV]

هەردوو کەسەکەش دەستی راستیان بۆسەر سەکۆی ئاگرەکە درێژ کردووە نەك (سەکۆ) هەروەکو (زێویی) دەڵی، هەروەها دەستی چەپیشیان کۆتایی کەوانێکیان پێگرتوو. بابەتەکەش باسی سەرکەوتنە لەشەڕداو سوێندخواردنە بەئاگری پیرۆز بەپێچەوانەی بۆچوونەکەی (رەشید) کە، دەڵێ: (پەیمان بەستنێکی ئاشتییە) کە بەڵگەی دەوێ.

٥-رەشید لەباسی شیکردنەوەی هێما هونەرییەکانی خواکاندا کە لەڕووی هەیوانی گۆڕەکە هەڵکۆڵراون لەلاپەڕە (١٧٢)ی گۆڤارەکەدا دەڵێ : (بالرغم من كون الموقع مدفنا تاريخيا لوجود پلاپ قبور فيه الا ان واجتهته احتوت على الكپير من التفاصيل والعناصر الفنيه.. هەروەها دەڵێ: (بالاچافه الى پلاپ رموز للالهه والتي بقيت غير معروفه ومجهوله القصد). لەڕاستیدا ئەم بۆچوونەی رەشید لەخۆبایی بوونی پێوە دیارە چونکە نووسەر بەوشێوەیە مەبەستی دەخاتەڕوو لەکاتێکدا لەزووەوە شوێنەوارناسان‌و شارەزایانی مێژووی دێرین ئەو هێمایانەیان بەئێمە ئاشکرا کردووەو مەبەستی بوونیانیان پێکاون.

نووسەر گەر شارەزای زمانی بیانی بوایە دەبوایە بەکتێبەکەی (هێرز فیلد)دا بچوایەتەوە کە لەسەر شارستانێتی ئێرانی کۆنەو لەناویا لەسەر گۆڕە هەڵکۆڵراوە بەردینەکانیش دواوە بەوەی قزقەپانیشەوە کە هێماکانیشی دەگرێتەوە. من بۆ ئەو قسانەی نووسەر بۆ ئەوە دەچم کە دەیەوێ هەرچۆنێك بێت جێگایەك بۆ قسەکانی بکاتەوە بۆ ئەوەی شتێك بڵێ بەو جۆرە کە دوورە لەزانستی شوێنەوار. لێرەدا دەبوایە نووسەر سەیری هەموو ئەو نووسینانەی بکردایە کە ئاماژەم پێدان ئەوسا بۆی دەرئەکەوت ئەوەی کە ناوبراو بەهەڵە دەڵێ: (٣) هێمای خواکان کە مەبەست لەهەڵکۆڵینیان نەزانراوە من لەسەرەتای هەشتاکاندا لەسەریان دواوم‌و لەمانایان تێگەیشتووم بەڵام بەو شێوەیەی نووسەرنا، کە بێ بەڵگە لەسەریان ئەدوێ.

٦-رەشید لەلاپەڕە (١٧٢)ی نووسینەکەیدا دەڵێ: (تبين ان واجهه المدفن فيها رموز الهه ليست لها علاقه بالميدين اصلا). وادیارە (رەشید) بێ ئەوەی پەنابەرێتە بەر سەرچاوەی مێژوویی یان ئاسەواری هاتووە بە بیری خۆی بۆچوونەکەی بەو شێوەیە داڕشتووە. چونکە دەبوایە ئەوەی بزانیایە کە ئەو (٣) هێمایە بۆ (٣) خوا دەگەڕێنەوە کە لەوانەن رۆڵی سەرەکیی‌و گەورەیان لەئاینی زەردەشتی‌و پێش زەردەشتی یا گێڕاوەو هەبوون. هیچ هێمایەکیش دانانرێت ئەگەر پەیوەندی بە نەخشەکەوە نەبووبێت چونکە مرۆڤ رۆژانە لەژێرکارتێکردنی بیرو باوەڕی ئاینی یا ژیانی بەسەربردووە. بەڵام دوای بڵاوبوونەوەی ئاینی زەردەشت لەئێراندا لەچاخی هاخامەنشییەکاندا خوای سەرەکی ئاینەکە ئاهورامزدابووەو ئەوانی تر کە لە نەخشەکەدا هەن واتە (ننار)و (ئانەننا) کە پێیان دەڵێن (ئاناهیتا)و (ماه) بوونەتە دووخوای سانەوی یان دوو فریشتەی رووناکی[XVi].

٧-رەشید لەلاپەڕە (١٧٢-١٧٣)ی گۆڤارەکەدا دەڵێ: (كان مفتاح لغز واجهه مدفن قزقابان هو معرفه الشخصين الواقفين حتى اصبحت رموز الالهه وكل حسب موقع والعلاقه المشتركه بين رموز الالهه والشخصين اكپر وچوحا بعد دراسه اهم الاحداپ التاريخيه الكبيره للملكه الميديه). هەروەها دەڵێ: (.. بعد سقوگ الامبراگوريه الاشوريه على يد الملك الميدى (كى اخسار) والملك البابلى نبو بولاصر حيپ تقاسموا نفوژ هژه الامبراگوريه باستپناو مملكه ليديا فى غرب الاناچول).. هەروەها دەڵێ: (دخلت هژه المملكه فى صراع مع الميد بين فى عهد ملكها (الياتيس).. هەروەها دەڵێ: والسبب الاخر لوقوف هژا الصراع هو حدوپ ڤاهره كسوف الشمس الژى اعتبره الگرفات نژير شؤوم على المملكتين. وانتهاو الصراع بالاتفاق على).. هەروەها دەڵێ : (وبعد هژا العرچ الموجز لهژا البحپ التاريخى لتلك الفتره وهى بلاشك لها علاقه بموچوع واجهه مدفن قزقاپان فها وچعيه الرجلين ف الوقوف وجهالوجه وحركه اليدين والملابس والقرص الژى على الدكه بين الاپنين).

راستییەکەی ناسینی ئەو دوو کەسەو شیکردنەوەی هێماکان وەڵامێکە بۆ ناسینی نەخشەکەو هۆکاری هەڵکۆڵینی. بەڵام کلیلی کردنەوەی مهێنییەکەش تەنیا هەر بەناسینی ئەو دوو کەسە نییە هەروەکو (رەشید) رای وایە چونکە دوو کەسەکەش بەشێکن لەهێماکانی تر کە پێویستە شیبکرێنەوەو لێیان تێبگەین کە بۆچی

هەڵکۆڵراون بەو شێوەیەی کە هەردوو لای سەکۆی ئاگرەکەیان گرتووەو دیارن. ئەوەی لێرەدا جێگای سەرسوڕمانە هەروەکو لەوەوپێش ئاماژەم پێدا ئەوەیە کە (ڕەشید) لەجیاتی ئەوەی بڵێ سەکۆی ئاگر، وشەی سەکۆ بەکاردەهێنێ ئەمەش دەربڕێنێکە لەگەڵ شێوەی وێنەکەدا یەکناگرێتەوە یان ئایا ئەگەر سەکۆیە بۆچی دروستکراوە؟ جگە لەوەی ناوبراو ئاماژە بەدانانی بازنەیەك دەدات لەسەری. من لێرەدا پرسیار لەنووسەردەکەم: ئایا لەوشەی ئاگر سڵ دەکاتەوە کە ناڵێ ئەوە سەکۆی ئاگرە؟ یان ئەوەتا دەیەوێ بۆ مەبەستی خۆی شتەکە بەبارێکی تردا بگۆڕێ بۆ ئەوەی قسەکەی سەربگرێو هێمای ئاگرەکەش بکاتە بازنەیەك هەر وەکو دەڵێ.

جارێکی تر دەگەڕێمەوە لای هێماکان بۆ ئەوەی بڵێم: نووسەر لەمەبەستی هەڵکۆڵینیان تێنەگەیشتووە کە بۆچی دەرهێنراون، یان هونەرمەندەکە لەو کارەیدا ویستوویە بڵێ چی. بەڵام بەشیکردنەوەیان دەرئەکەوێ لەگەڵ وێنەی دوو کەسەکەو شێوەی دەستدرێژکردنیان بۆسەر سەکۆی ئاگرەکەو گرتنی کۆتایی کەوانەکان بەدەستەکەی تریان، هەموو وێنەکان زنجیرێکن، ئەڵقەکانیان بەیەکەوە جۆشدراون واتە تەواوکەرییەکترین کە ماناو مەبەستێك دەخەنەڕوو دوورە لەو بۆچوونەی (ڕەشید) کە نیشانیداوە. ئەگەر نووسەر خۆی بەڕاست دەزانێت لەو بۆچوونەیدا پرسیار دەکەم بەڵگەی دەستی لەم بۆچوونەیدا چییە ئایا هیچ بەڵگەیەکی ئاسەواری یان سەرچاوەیەکی مێژوویی هەیە کە پاڵپشتی بۆچوونەکەی بێت نەبوونی ئەو شتانە بۆچوونەکەی لاوازدەکات کە لێی وەرنەگیرێ. لێرەدا جارێکی تر پرسیار لەنووسەر دەکەم: ئەگەر دەستدرێژکردنی ئەو دووانە بۆ سەر سەکۆی ئاگرەکە هەر بۆ سەلامکردنە ئایا نەیاندەتوانی بێ ئەو سەکۆیە ڕووبەڕووی یەکتری بوەستن‌و ئەو سەلامە لەیەکتری بکەن یان لەنێوانی هەردووکیان ئەو بازنەیە هەڵبکۆڵن‌و دەستی بۆ درێژبکەن. لەلایەکەی تر دەتوانم بڵێم: ئەوەی کە لەسەر ئەو سەکۆیە بەرچاو دەکەوێ هیچ شتێك نییە جگە لەوەی هێمای ئاگرەکەیە یان کڵپەکەیەتی کە لەشێوەی نیوەبازنەیەکدایەو سەرچاوەی مێژوویی‌و ئاسەواریش لەو ڕووەوە زۆرن. بۆ ڕاستی قسەکەمان نموونەی بەرچاویش لەمەدا گەر (ڕەشید) سەیری زۆپایماڵەکەی بکردایە کە بۆ خۆ گەرمکردنەوە ڕۆژانە لەزستانا بەکاری دەهێنێ بۆی دەردەکەوێت کە ئەو بەشەی ئاگرەکەی داپۆشیوە کە لەشێوەی لولەیەکدایە،و سەرەکەی نیوە بازنەیەکە تۆڕێکی نیوبازنە داپیۆشیوەو تیشکی ئاگرەکەی تیادا کۆبۆتەوە کە دەتوانین پێی بڵێین: ئەو نیوە بازنەیە هەمان شێوەی نیوە بازنەکەی سەکۆی ئاگری قزقەپانە کە دەکەوێتە بەرچاو.

–ڕەشید لە لاپەڕە (١٧٣)ی گۆڤارەکەدا بۆ سەلماندنی بۆچوونەکانی پەنادەباتە بەر ئەم خاڵانەی خوارەوە کە لەباسەکەیدا ئاماژەی پێداون من لای خۆمەوە بە باشی دەزانم خاڵ بەخاڵ بیانخەمەڕوو لەهەمان کاتیشدا قسەیان لەسەر بکەم کە ئایا ئەوانە بەڵگەی ڕاست‌و دروستن یان لاوازن‌و دوورن لەبۆچوونی زانستی.

ڕەشید لەخاڵی یەکەمیدا دەڵێ: (لباس الرأس للشخصين وكما يظهر فى المنحوته عباره عن خوذه تغگى معظم الرأس فى الجزو العلوى والجهه بالاچافه الى الجزو الخلفى والحنك، والخوذه احدى اهم اجزاو الملابس والتجهيزات العسكريه).

ڕاستییەکەی هەروەکو لەوەوپێش ئاماژەم بەجل‌و بەرگی ئەو دووکەسەو سەروپێچیاندا ئەوە نیشاندەدەن کە پۆشاکی سەریان ناچنەوە سەر (خودەی سەربازی) بۆ ئەم بۆچوونەشم سەرچاوە زۆرە خۆ ئەگەر نووسەر سەیری وێنەی (نەرام سین)ی لەمیلی سەرکەوتندا بکردایە یان وێنەی زمریلمی بدیایە لەوێنە دیواریەکانی (ماری) یان وێنەی پیاوەکانی ماری ڕەچاوبکردایە ئەوسا شێوەی (خودە)ی زیاتر بۆ دەردەکەوت کە چۆنەو بڕیاری گونجاوتری دەدا کە دووکەسەکەی نەخشەکەی قزقەپان شێوەی سەروپێچەکانیان چۆنن یان دەربڕین لەچیدەکەن.[XVII]

ڕەشید لەخاڵی دووەمیدا دەڵێ: (حركه اليد اليمنى للرجلين كما صورها النحات فى هذه الواجهه، اليد محدوده الى الامام اعلى من مستوى الصدر، تصل فوق القرص الدائرى على الدكه، والكف فيه مفتوح، وهذه الحركه هى اداو التحيه كل منهم الى الاخر).

لەڕاستیدا ئەوەی ڕەشید بۆی چووە بێبەڵگەیەو بۆچوونێکە دوورە لەکاری زانستی شوێنەواری بەڵگەش لەمەدا ئەوەیە کە هەموو سەرچاوە ڕەسەنەکان لەسەر

ئەو خاڵە یەکدەگرنەوە کە دەسدرێژکردنی ئەو دووکەسە بۆ سەر سەکۆی ئاگرەکە بۆ سوێند خواردنە بەئاگری پیرۆز و هاوبەشیکردنە لەو جەنگەیاندا کەچەکی کەوانی تیادا بەکارهاتووە کە بەدەستی چەپ گرتوویانەو هێمای سەرکەوتنە. لەلایەکی تر ئەو دەسدرێژکردنەیان بۆ سەر سەکۆی ئاگرەکە کە دەستی راستیانی گرتۆتەوە بۆ سڵاوکردن نییە هەروەکو رەشید دەڵێ. بەڵکو بابەتەکە سوێندخواردنەو هاوبەشیکردنی دەسەڵاتی ئاینیو دنیاییە کە لە (موغ)و پادشادا کۆبۆتەوە بۆ هەنگاونان بۆ شەڕێك کە سەرئەنجام پیرۆزییان تیادا بەدەستهێناوە. وەکو دیاریشە پیاوی ئاینی لەو سەردەمە مێژووییەدا وادانراوە کە نموونەی مرۆڤێکی چاکو بێهاوتابووەو باڵیۆزێکە لەنێوان خەڵكو خوادا.

جارێکی تر بۆ وەڵامی ئەم خاڵە دەڵێم: ئەگەر (رەشید) جارێك سەردانی دادگای سلێمانی بکردایەو سەیری ئەو تاوانبارەی بکردایە کە چۆن دادوەر دەستی راستی پێدرێژ دەکات بۆ سەر قورئانی پیرۆز بۆ سوێند خواردن بۆ ئەوەی لەقسەکانیدا درۆنەکات. لێرەدا دەبوایە ناوبراو ئەوەی بزانیایە کە دەستی راست بۆ سڵاو کردن نییە لەنەخشەکەدا بەڵکو بۆ سوێندخواردنەو بۆ بابەتی تر راڤەی بۆ ناکرێ. ئەم جۆرە نەخشانەش یادەوەرینو کەسەکە ئەوەی لەژیانیدا ئەنجامیداوە لەسەر گۆڕەکەی بەو شێوەیە هونەرمەندەکە بۆی دەرهێناوە. ماوەتەوە بڵێین هەڵکۆڵینی وێنەی (موغەکە) لەنێوان دوو کۆڵەکەی هەیوانەکەدا بەڵگەی ئەوەیە پادشاو پێشەواکان بەڕێزەوە نێژراونو مووغەکە خۆی نەریتی ناشتنی مردووەکەی لە ئەستۆ گرتووە.[xviii] بەراردێك لەنێوان سەکۆی ئاگری ناو نەخشەکەو ئەو سەکۆی ئاگرەی کە لەسەرمۆری هاخامەنشییەکان بەرچاو دەکەوێ دەمانگەیەنێ ئەو ئەنجامەی کە لەیەکترەوە نزیکن واتە هاوشێوەن[xix]. ئەمەش دەریئەخات کە دەرکەوتنی ئەو جۆرە سەکۆی ئاگرە بۆپێش مادەکان بگەڕێتەوە واتە بۆ چاخی دەرکەوتنی ئاینی ڤیدا لەهیند.[xx] ئاگریش لەم ئاینەدا رۆڵی سەرەکی بینیوە، وەکو دیاریشە ئاگر تاکە توخمێکە گرنگی گەورەی هەبووە لە کۆنترین وێنەی ئاینی لای بنەماڵەکانی هیندوئەوروپی[xxi]. بۆیە ئەوەی بەرامبەر ئاگر وتراوە کە پیرۆزە هەر لەبەر ئەوە بووە کە سەرچاوەی گەرمییو رووناکیە، مادەکانیش کارتێکردنی ئەم ئاینەیان بەسەرەوەبووە.[xxii] نەوەك ئاینی زەردەشتی کە بەڵگە بەدەستەوە نییە لەسەردەمی مادەکاندا ئازادی بڵاوکردنەوەی هەبووبێت. لەلایەکی تر وادەردەکەوێت پێشکەوتنێك لەبیری ئاینییەکەدا لەسەردەمی نەخشە هەڵکۆڵراوەکەی قزقەپاندا روویدابێت بەڵگەش بۆ ئەمە وێنەی موغەکەیە کە لەهونەرەکەدا رەنگیداوەتەوە بە پێچەوانەی سەردەمە مێژووییە دێرینەکانی پێشووتر کە خوا عەشتار (ئاناهیتا) لەنەخشەکاندا دەبینرێ. گەڕانەوەیەك بۆ نەخشی مۆرە هەڵکۆڵراوە لولەییەکانی چاخی بابلی کۆن بەڵگەی سەلمێنەرن[xxiii] لەوڕووەوە جارێکی تر دەگەڕێمەوە سەر بۆچوونەکەی (رەشید) کە، دەڵێ: (.. تصل فوق القرص الدائری علی الدکە). راستییەکەی لێکدانەوەی نووسەر بۆ ئەو دەسدرێژکردنەیان بۆ سەربازنەی سەر سەکۆکە بۆچوونێکە دەتوانین بیخەینە ناو چوارچێوەی خەیاڵەوە کە مرۆڤ بەو جۆرە لێکدانەوەی بۆ دروستبکات چونکە ئەو جۆرە بۆچوونانە پێویستی بە بەڵگەی سەلمێنەر هەیە. لێرەدا پرسیارێك لەنووسەردەکەم: ئایا رێکەوتووە لەناو سەرچاوە ئاسەوارییەکاندا نەخشێك بەرچاوکەوتبێت کە بۆ خۆر بگەڕێتەوەو شێوەی نیوە بازنەی هەبێت؟ لەلایەکی تر ئەوەی بە ئێمە گەیشتووە لەو رووەوە نەخشە هەڵکۆڵراوەکانی سەردەمی میتانییە کە دەربڕین لەخوای خۆربکەن کە لەشێوەی تۆپێکی خڕدان لە هەردوولاوەی دوو باڵی هەیە نەك نیوە بازنەیەك. لەلایەکی تر دەتوانین هەمان وێنە لەمیلەکەی (نەرام سین)و بەردی کودوروی سەردەمی میلیشیخۆی دووەم ببینین بەڵام لەشێوەی ئەستێرەیەکی فر تیشکدان. من بۆ ئەو هێمایە هەر ئەوەندە دەڵێم: هێمای ئاگرەکە کە شێوەی نیوە بازنەیەکی وەرگرتووەو لەسەر سەکۆی ئاگرەکەیە پەیوەندی بە بۆچوونی نووسەرەوە نییە کە بەلایەوە ئەو هێمایە دەربڕین لەخۆر دەکات. لای زەردەشتی‌یەکانو پێش ئەوانیش وایان راڤەکردووە کە ئاگر چاوی خۆرە. بۆیە من وای بۆ دەچم ئەگەر هونەرمەندەکە بیویستایە هێمای خۆر نیشانبدات نەدەهات وەکو نیوە هێلکەیەك دەریبهێنێ بەڵکو شێوەی بازنەیەکی تەواوی دەدایە هەروەکو لەهونەری میتانیدا بەرچاو دەکەوێ.

رەشید لەخاڵی سێیەمیدا دەڵێ: (حرکە الید الیسری للرجلین وهی ممسکە سلاح القوس قصد الفنان بهژه الحرکه حاله اللاحرب، السلام بعکس الحاله التی یکون السلاح فیها بالید الیمنی والتی تعنی حاله الحرب او الاستعداد للحرب). راستییەکەی نووسەر بۆ بۆچوونەکەی دەیەوێ پاساوێك بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی بڵێ: ئەم شێوەی گرتنی کەوانە بۆشەڕ نییە بەڵکو بۆ ئاشتییەو پەیمان بەستن. من بۆ ئەم بۆچوونە پرسیار لەنووسەرەکەم ئایا ئەم زانیاریانەی لەکام سەرچاوە وەرگرتووە کەوا بەڕاشکاوی قسەدەکات یان بەڵگەی ئاسەواری چی بەدەستەوە هەیە کە بڵێین ئەو قسەیە راستە. بەلای منەوە ئەم رایە پەیوەندی بەخودی نووسەرەوە هەیە کە دوورە لەراستی. باشە با بڵێین ئەوەی کە نووسەر دەیڵێ: بوونی چەك لەدەستی راستدا شێوەی شەڕ نیشاندەدات یان ئامادەبوون بۆشەڕ ئەی ئەگەر دەستی راست بۆ سوێند خواردن لەوێنەکەدا بەکارهاتبوو ئایا ئەوە ناگەیەنێت کە سوێندخواردنەکە زیاتر گرنگی پێدراوە لەچەکەکە بەو هۆیەی کە هەردوو سوڵتەی ئاینیو دنیایی هاوبەشی تێداکردووە واتە پیرۆزی سوێندخواردنەکە لەسەر بنەمای ئاینەکە. دەپێوڕێ بۆیە لەو هەنگاوەدا دەبێ چەکی کەوانەکە بکەوێتە دەستی چەپ چونکە ئەو دوو کەسە لەیەك کاتدا دووکاری سەرەکییان ئەنجامداوە. لای هەموانیش ئاشکرایە کەبەدەستی چەپ سوێند ناخورێت. لەلایەکی تر ئەگەر رەشید وێنە هەڵکۆڵراوەکەی سەر گۆڕە بەردینەکەی ئیسحاق وەندی بدیایە بۆی دەرئەکەوت کە هەمان دابو نەریتی ناو نەخشەکەی قزقەپانیش لێر دووبارە بۆتەوە بەڵام لەگەڵ هەندێ جیاوازی لەشێوەی وێنەکانی دووەمدا کە ناوەڕۆك تیایدا وەکو خۆی دەمێنێتەوە. لەلایەکی تر رەشید لەلاپەڕە ١٧٤ی گۆڤارەکەدا دەڵێ: (وان القرص الزی فوق الدکە بین الملکین واحده من اسباب وقوف الصراع بین المملکتین والمتمپله بقاهره کسوف الشمس). بۆ وەڵامی ئەم برگەیە من لە وەڵامدانەوەکانی پێشوومدا لەسەر زۆرینەی ئەو شتانە دواوم ئەوەی ماوەتەوە بیڵێم: ئەو دیاردەیەی کە نووسەر لەسەر نەخشە هەڵکۆڵراوەکە بۆچوونەکەی بناغە رێژکردووە بازنەی سەر سەرکۆی ئاگرەکەیە کە بەدیاردەی رۆژگیرانی داناوە.. من بۆ ئەمە هەر ئەوەندە دەڵێم: ئایا نووسەر بەڵگەی ئاسەواری بەدەستەوە هەیە کە ئەو قسەیە دەکات یان ئێمە چیمان لەئاسەواری لیدی پێگەیشتووە هەتاکو بڵێین ئەو قسەیە راستە بۆیە بەلامەوە ئەو بۆچوونە لاوازەو کارتێکردنی نابێت. لەلایەکی تر نووسەر وادەزانێت سنووری وڵاتی لیدیای کۆن نووساوە بەناوچەی سلێمانییەوە کە بەو جۆرە نەخشەکە دەبەستێتەوە بەڕووداوێکەوە کە تایبەتە بەو وڵاتە خۆی، لەکاتێکدا لیدیا کەوتۆتە نێوان تورکیای ئێستاو وڵاتی یۆنان خۆ ئەگەر بەو بۆچوونەی نووسەربێت دەبوایە گۆڕە بەردینەکەی قزقەپان لەنێوان ئەو دوو وڵاتەدا بوایە نەك ناوچەی سلێمانی کەشوێنەوارەکەی لەخۆگرتووە. لای هەموانیش ئاشکرایە نەخشە هەڵکۆڵراوەکە دەبێت هاوسنووری شوێنی رووداوەکە بێت چونکە لەکوێدا رووداوەکە ئەنجامدراوە لەو سنوورەدا نەخشەکەی بۆ دەرهێنراوە. لەلایەکی تر گەڕانەوەیەك بۆ نەخشەکە ئەوە دەگەیەنێت کە دەربڕین لەکارێکی یادەوەری دەکات کە لەسەر گۆڕەکە دەرهێنراوە ئەمەش بەلای منەوە دەربڕین لەو سەرکەوتنەی مادەکان دەکات کە لەساڵی ٦١٢ی پ.ز بەسەر ئاشوورییەکاندا بەدەستیان هێناوە. دیاردەکانی ناو نەخشەکەو گۆڕە بەردینە هەڵکۆڵراوەکەش ئەوە نیشاندەدات کە کارتێکردنی هونەری سکایی پێوە دیارەو مادەکانیش وادیارە سوودیان لێ بینیوە.[xxiv] لای یۆنانییەکانیش هەمان ئەو جۆرە نەخشو نیگارانە بە پاشماوەی گۆڕەکانیانەوە دیارن لەسەردەمێکی دواتردا.

٩-رەشید لەبارەی هێمای خواکانەوە لەلاپەڕە (١٧٤)ی گۆڤارەکەدا دەڵێ: (أن وجود الالە سین (القمر) ف اعلی واجهه مدفن قزقابان بین الملك المیدی (کی اخسار) والملك اللیدی (الیاتس) یشیر الکبیر من التاؤل وکما تشیر المصادر التاریخیه ان الاله (سین) لم یکن چمن قائمه الالهه الرئیسیه التی عبدهاالمیدیون وکژلك اللیدیون ولابد من بحپ لسبب لوجوده فی اعلی المنحوتە، وکما ژکرنا سابقا النزاع المیدی اللیدی والژی انتهی بعد ان توسگ نبونا ئید قائد الجیوش البابلیه.. هەروەها دەڵێ: (وهنا تقهر العلاقه بین الاله سین ونبونائید.. هەروەها لەسەری دەوا دەڵێ: (واماسبب اختیاره لهژا الاله فناشیو عن اسباب عائلیه وقومیه، فأن جدته لابیه واباؤه کانوا من کهنه معبد الاله (سین). بۆ وەڵامی ئەم برگەیە ئەوە دەڵێم: راستە ئەم خوایە واتە (سین) تایبەتە بەخواکانی

شیوی نێوان دووروبار کـە لەسـەردەمی سۆمەرییەکانەوە ناسراوەو سامی‌یەکانیش ڕۆڵی سـەرەکییان پێداوە بـەڵام ئـەوە ناگەیـەنێت کـە لـەنا مادەکانـا نـەیان پەرسـتبێت. هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە گـەلانی ئـاری لەزووەوە کارتێکردنی پەرستنی ئەو خوایە لە ناویانـا بـاو بووە. وەکو زانراویشـە (سـین) خـوای ڕووناکیی‌و تاجـەو مانگیش هێماکەیەتی. ئەوەی لەناو نەخشی ئـەو خوایـەدا دەرئەکەوێ لەشێوەی بەلەمێکدایـە، کەسێکی تیایە کـە جلێکی ئاودامـانی لەبەردایـە کـە بـەجوانی دەرهێـنراوەو لۆچـەکانی دیـارە. کەسـەکەش ریشـێکی درێـژی هەیـەو تـاجێکی لەسـەرناوە بـەمانا سـەرچاوەی بەخشـینی سـوڵتەی پادشـایەتییە. بـەباوەڕی دانیشـتوانی میسۆپۆتامیاش خوامانگ لەبەلەمەکەیدا ئاسمان دەبـڕێ. وەکو زانراویشە مانگ بەخوای چاکەو بەربـەرەکانی کـاری خراپە دانراوە. لەزمانی سۆمەریشدا بـە (ئـانزۆ) ناسـراوە کـە مانـای خـوای زانسـتە هـەروەها بەهێمایـەکیش دەنووسرێ کە مانـای ڕۆژە.[xxv] لەئاوێستای بچووکیشدا گرنگی پێدراوەو باسیکراوە.[xxvi] ئەم خوایە لەتابلۆکـەیدا دەستی راستی بەرزکردۆتـەوەو کاسـەیەکی پێگرتـووە هەروەکو شەرابی پیرۆز بخواتەوە.

ماماۆستا تۆفیـق وەهـبی رایوایـە کـە ئـەو شـەرابە لەئاوێسـتادا بـە (هەومـە) ناسـراوە کـە شـەرابی نەمرییە.[xxvii]

من نازانم (رەشـید) ئـەم بۆچوونـەی لـەکوێوە هێنـاوە، هەروەکو خۆی لەناو ڕووداوەکانیا ژیابێت وایە کـە دەڵـێ: هـەڵبژاردنی ئـەم خوایـەو هـەڵکۆڵینی لەنەخشـەکەدا بـۆ هۆکـاری خێزانی‌و قـەومی دەگەڕێتـەوە. لـێرەدا پرسـیار دەکـەم بۆ ئـەو قسـانەی پاسـاوی هەیـە واتەبەڵگـەی مێژوویـی بەدەسـتەوە هەیـە کـە قسـەکەی لەسـەر سـەقامگیربکات ئەگـەر بێبەڵگـە لەبابـەتێکی مێژوویـی وابـدوێ ئاسـان نییـە رایەکـەی بـڕوات. لەلایـەکی تـر سەردەمی (نابونائید) لەو سـەردەمانە نـەبووە کـە لەبـەر دڵـی ئـەمو ئـەو وێنـەی ئـەو خوایە دابـنرێ کـە پادشـا پێیرازیبێت چونکە دەسـەڵات بەدەست پیـاوانی ئاینـەوە بووە واتە ئاین وێنەی کۆمەڵگاکەی کێشاوە. بۆیـە هـەر کارێك کرابێت لەو چوارچێوەیەدا نەڕۆشـتۆتەدەر. خـودی هونەرەکەش لەژێر سێبەری باوەڕە ئاینییەکـەدا گەشـەی کردووە.[xxviii] ئەمەش پێچەوانەی بۆچوونەکەی (رەشید)

نیشـاندەدات کـە، دەڵـێ: (وهـی تمپـل حالـه توسـگ (نبونـائید) فی الـنزاع المیدی اللیـدی وهـو الالـه والمعبـود الشخصی للملك نبونائید احتوی المقگع الا یسر من واجهه مدفن قزقابان وتحدیدا خلـف الملك اللیدی (کـی اخسـان) الالـه (اهورامـزدا). سـەرەتا لـەبارەی ئـەیو نەخشـەوە دەمەوێ ئاماژە بەراپۆرتی (ئەحمەد حاجی مەهدی) بدەم کە لـە سـاڵانی زوودا سـەردانی نەخشـەکەی کـردووەو توانیویـەتی زانیـاری بەسـوود لەسـەر گـۆڕە بەردینەکـەوەریگرێت. نـاوبراو کـە دێتـە سەرباسـی ئـەو هێمایـە بەگومانـەوە لێـی ئـەدوێ چونکـە بـۆی سـاغ نەبۆتەوە کە خاوەنەکـەی ئاهورامزدایـە سـەرئەنجام هـەر ئـەوەندە دەڵـی: لەشێوەدا لـەئاهورامزدا دەچێـت.[xxix]

لەلایەکی تر زانای شوێنەوارناسی ئەڵمانی (هێرزفیلد) کـە دێتـە سـەر ئـەو نەخشـە بـە (خـۆر) راڤـەی دەکـات کـە (رەشید) بەئاهورامزدای داناوە وەکو سەیرکردنیش ئەگەر بـەراوردی بکـەین بەنەخشـی هـەڵکۆڵراوی ئـاهورامزدای بێستوون یان نەخشەکانی تری هەمان خوا لەشوێنەکانی تر وەکـو (پەرسەپۆلیس) دەرئەکـەوێت کـە نەخشـەکەی قزقـەپان لەشـێوەدا ناچێتـەوە سـەر نەخشـی ئـاهورامزدا واتـە دوو وێنـەی جیـاوازن چونکـە وێنەکـەی قزقـەپان شـێوەی باڵـەکانی کورتـن‌و بەکەوانـەیی هاتوونەتـەوە. بـەراوردێك لـەنێوان وێنـە باڵدارەکـەی قزقـەپان‌و وێنـە باڵدارەکەی کتێبی: (اززبان داریـوش لا٢٥١) دەرئەکـەوێت کـە هـەردوو وێنەکـە لەشـێوەدا لەیـەکتری دەچـن کـە بۆخـۆری بـاڵدار دەگەڕێنـەوە نـەك ئـاهورامزدا. ئـەوەی راستە ئێرانییـەکان ئـەو خوایـە (مەبەست لـەخۆرە) بـە (میـترا) ناودەبـەن کـە خـوای روناکییـەو لەشـوێنی (ڕۆژ) دایاننـاوە. (میـترا)ش یەکێکـە لـەو خوایانـەی کـە (زوراوسـتەر) بەیارمـەتیدەری ئـاهورامزدای دانـاوە کـە پاڵـەوانی روناکییـە، هـەروەها شـوێنی خـوای خۆریشـی گرتۆتـەوە کـە تیشـکەکەی ئاهورامزدای گۆتۆتـەوە.[xxx]

لەلایەکی تر هەروەکو سەرچاوەکانیش ئاماژەیـان پێداوە ئـاینی زەردەشـت لەسـەردەمی فەرمانڕەوایـەتی (مـاد)دا دەرنەکەوتووە بەڵکو سەرچاوەکان لەسـەر ئەوڕایـەن کـە ئەو ئاینەی لەسەردەمی (ماد)دا پەیڕەوکراوە نزیـك بـووە لـەئاینی (ڤیدا)ی هیندی کـە بـۆ کۆمەڵـەی ئارییـەکان دەگەڕێتـەوەو مادەکـانیش کـارتێکردنی ئـەوانیان بەسـەرەوە بـووە کـە کۆڵەکـەی ئاینەکـە لەسـەرخوای

ڕووناکی دانراوه کە (ئاهوراها)یە. ئەم ئاینەش لەزەردەشتی‌یەوە نزیکە کە پێدەچێت هەمان خوا لای زەردەشتی‌یەکان بە ئاهورامزدا ناوزەد کرابێت کە مانای خوای خێرو چاکە، یان ڕووناکی دێ.[xxxi] ئەوەی لەنەخشەکەدا بەرچاو دەکەوێ باڵەکانیەتی کە لەشێوەی کڵپەی ئاگردەچێ، کاتێك بەرز دەبێتەوەو ڕووناکی دەبەخشێت.

١١–ڕەشید لەلاپەڕە (١٧٦)ی گۆڤارەکەدا دەڵێ: (فی الجهه العلیا من المقگع الایمن لوحه دائریه بقگر ٤٥سم احتوت علی احدی عشر كأسا موزعه بصوره منقمه حول دائره مرکزیه تقع خلف الملك اللیدی (الیاتس). هەروەها دەڵێ: (وموقع الاله ارتمیس فی الواجهه خلف الملك لتشهد حاله احتفال مبارکه ومسانده حاله السلم بین الگرفین بعد صراع لاکپر من خمس سنوات. هەروەها دەڵی: (یعزز هـژا الرأی بالاحتفال المشترك بین الالهه). ڕاستییەکەی ئەمبۆچوونەی (ڕەشید) بێبەڵگەیەو پاشماوەی ئاسەواری لیدی‌یەکانیش بە ئێمە نەگەیشتووە هەروەکو لەوەوپێش ئاماژەم پێدا بۆئەوەی بەراوردێك لەنێوانیانا بکەین‌و بڕیار لەسەر ئەوە بدەین کە ئایە ڕاستە ئەوە نەخشێ خوا (ئارتمیسە) یان عەشتار (ئاناهیتا)ی ئێرانی کۆنە. ئەو ڕاشکاوییەی نووسەریش کە بەو جۆرە بڕیار لەسەر بۆچوونەکانی دەدا، تۆ بڵێی عەساکەی حەزرەتی مووسای پێبێی‌و بەر لەکەسانی تر هەست بەو شتانە بکاو جیایان بکاتەوە، ئەمەش شوێنی گومانەو باوەڕکردن پێی گرانە.

من جارێکی تر ڕووی دەمم دەکەمە نووسەر بۆ ساخکردنەوەی ئەو خوایە، ئایە (ئارتمیسە) یان خوا عەشتارە، چونکە شوێنەوارناس (هاشم حەمە) لەچاوپێکەوتنەکەی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێی ژمارە (٢٩٧٣)ی ڕۆژی ٢٠٠٣/١/٢٧ بەوناوە ناوی هێناوە. نەخشە هەڵکۆڵراوەکەی لای ڕاستیش بەپێی سەرچاوەکان‌و بەڵگە ئاسەوارییەکان هێمای خوا عەشتارە کە بەخوای شەڕو خۆشەویستی‌و یەکسانیی‌و دانایی ناسراوە. لەسەرو ئەوە شەوە لەوڵاتی میسۆپۆتامیاش لەخواناسراوەکانەو کۆنترین خوای ئاریشە کە ئاوێستا لەنێوان هورمزی خوای چاکەو ئەهریمەنی خوای شەڕو تاریکی دایناوە.

شێوەی ئەم خوایەش ئەستێرەی زوهرەیە ئەمەش بۆ ئەوکاتەیە کە عەشتار بە (Ninansiana) یان (ninsinna) یاوەکو بە (ninisnna)ناسراوە.[xxxii] ئەم نازناوەش بەشێوەیەکی گشتی مانای خاتونی ئاسمان یان ڕووناکی ئاسمان دەبەخشێ‌و لەنەخشە هەڵکۆڵراوەکەی قزقەپانیشدا ئەو وێنەیەی دوایی بەرچاو دەکەوێت. لێرەدا لەگەڵ ڕای زانای شوێنەوارناس (هێرزفیلد) دام کە دەڵێت: ڕواڵەتی دوایی لەخۆرهەڵاتی کۆندا بەپێی نەریتی باو ئەستێرەی (زهرە)یە کە پێیدەچێت ڕواڵەتی (ئاناهیتا بێت)[xxxiii] ئەو ئەستێرەیە بە (گەلاوێژ) ناسراوە کە لەبەرەبەیاندا هەڵدێ‌و دەدرەوشێتەوە. هێماکەش پێکهاتووە لە (٣) بازنەی لەناو یەکتراو تیرەی گەورەکەیان ٤٥سم. بازنەکەی دەرەوەی ئەگەر بەراورد بکەین بە بازنەی ناوەڕاست بەشێوەیەکی دەرکەوتوتر هەڵکۆڵراوە. لەئەڵقەی دەرەوەیدا یانزە هاوشێوەی یەکتری نەخش کراو دەبینین کە لەکاسەی شەراب دەچن، بنکێکی خڕیان هەیەو هەڵکۆڵراون. وادەرئەکەوێت بازنەکەی ناوەوە سورترە لەو بەردەی کە لێیهەڵکۆڵراوە ئەمەش نیشانەی ئەوەیە نەخشەکە لەڕۆژگاری خۆیدا بۆ یەکرابێت.[xxxiv] خاڵێکی تر کە پێویستە لەبارەی ئەم خوایەوە لەیادی نەکەین ئەوەیە کە (ئارتمیس) بەزۆر لەشوێنی (عەشتار) دانراوە بۆ ڕاستی ئەوەش دەتوانین بڵێین: سەرچاوە مێژووییەکان لەوەدەدوێن کە وڵاتی ئەغریق خواکانی خۆرهەڵاتیان پەرستووە بەڵام ڕێنەکەوتووە گەلانی خۆرهەڵات خواکانی (ئەغریق) یان پەرستبێت‌و لەهونەرەکەیاندا ڕەنگیدابێتەوە[xxxv]. بۆیە دانانی (ئارتمیس) لەشوێنی نەخشەکەی (عەشتار) وەکو دانانی هێلکەی کیسەڵ وایە لەژێر مریشکی کڕکەوتوودا.

١٢–ڕەشید لە لاپەڕە (١٧٦)ی گۆڤارەکەدا دەڵێ: (زینت واجهه قزقابان زوج من انصاف الاعمده الدائره الملتصقه علی الجدار والتی تعرف (engaged Column) ان هژا الگراز من الاعمده قهر لاول مره فی (ایولیدیا) فی الشمال الغربی من الاناچول فی نهایه القرن السابع ق.م) هەروەها دەڵێ: ان قهور الاعمده الایونیه فی واجهه مدفن قزقابان دلیل یؤکد علی التأپیر اللیدی علیه ژات الاصول الشرقیه).

راستییەکەی ئەم تەرزە ئایۆنییە کەلەو دووکەلۆکەیەدا بەرچاو دەکەون و رووی هەیوانەکەیان جوانکردووە تێکەڵاوە لەتەرزی خۆرهەڵاتیی و ئایۆنی. کۆڵەکەی ئایۆنیش ئەستوورییەکەی کەمترە لەکۆڵەکەی دوری، یان کۆرەنسی. سەرەتای سەرهەڵدانی ئەم کۆڵەکەیەش دەگەڕێتەوە بۆ چاخی شەشەمی بەر لەزایین لەناوچەی ئایۆنیا.

لەچاخی (٥)ی بەر لەزایین شێوەی تەواوی خۆی وەرگرتووەو بەناوچەکانی دەریای ئیجەو ئاسیای بچوکدا بڵاوبۆتەوە.[xxxvi] لێرەدا بەپێویستی دەزانم بڵێم: من لەگەڵ ئەو رایەدانیم کە رەشید دەڵێ: (ان هڑە الاعمدە الموجودە فی الواجهە تعتبر من اقدم نماڑج الاعمدە الایونیە فی العراق کونها تعاصر البدایات الاولی لڤهور هڑا الگراز. وکما ورد فی وصف سرجون الاشوری للمدن التی تقع فی کوردستان العراق وایران حیپ کانت هڑە الاعمدە من الخشب مغگاە بالمدن وتغلف السقوف باجر من الڑهب والفچە).

سەرەتا داوا لەناوبراو دەکەم کە زاراوەی عێراق رونبکاتەوە لەبری چی بەکاری هێناوە لەکاتێکدا ئەو زاراوەیە لەو سەردەمەدا ناسراو نەبووەو سەرچاوە مێژووییەکانیش زیاتر ئاشنای زاراوەی شیوی نێوان دووروباربوون. لەلایەکی تر دەبوایە (رەشید) سەرەتای سەرهەڵدانی ئەو جۆرە کۆڵەکانەی پەیوەست بکردایە بەکوردستان کە نموونەی لەبەرچاو دووکەڵەکە بەردینەکەی قزقەپان و فەقرە قایە چونکە سروشتی کوردستان ئەو تایبەتمەندییەی تیادایە بەهۆی ئەوەی ناوچەیەکی شاخاوییە.

جارێکی تر دەگەڕێمەوە لای نووسەر کە، دەڵێ: ئەم جۆرە کۆڵەکانە لەسەردەمی سەرجۆنی ئاشوورییا لە دار دروستکراوەو بەکانزا داپۆشراوە.) من بۆ ئەو رایە پرسیار دەکەم ئایە ئەو شێوە کۆڵەکەیە کە لەچاخی ٦ی پ.ز لەوڵاتی یۆناندا سەری هەڵدابێ و لەچاخی (٥)ی بەرلەزایین بەرەو دەرەوە رۆشتبێت چۆن لەسەردەمی سەرجۆنی ئاشوورییا ئەو جۆرە کۆڵەکانە هەبووەو لەدار دروستکراوە لەکاتێکدا ئەو پادشایە لە (٧٢١-٧٠٥پ.ن) فەرمانڕەوایەتی کردووە کە هێشتا ئەو تەرزە کۆڵەکەیە ئەگەر لەداریش بێت هەر دەرنەکەوتووە. من پێم وایە ئەو وەسفەی سەرجۆن لەو رووەوە بۆ کۆڵەکەی تریووەو پەیوەندی بەوتەرزە ئایۆنییەوە نەبووە خاڵێکی تریش کە پێویستە ئاماژەی پێبدەم و لای نووسەر پشتگوێ خراوە ئەویش شێوەی گۆڕە هەڵکۆڵراوەکەیە کەلەسەر شێوەی خانوبەرەی کوردی دەرهێنراوە ئەمەش بەئاشکرا بەدارە رای بنمیچی هەیوانەکەو ژورەکانیەوە دیارن کە لەبەردەکە دەرهێنراون. ئەم تەرزە خانووەش لەسەردەمی مادەکانەوە بۆ ئێمە ماوەتەوە.

سەرەئەنجام: لەبەرتیشکی هەموو ئەو زانیاریانەی سەرەوە دەتوانین ئەم خاڵانەی خوارەوە لەسەر نەخشەکە بخەینەڕوو جگە لەوانەی کە باسمانکردن:

١-هەموو ئەو هێمایانەی کە لەبەشی سەرەوەی هەیوانەکەدا دەرهێنراون گوزارشت لەچاخی پەرستنی دیاردەی فرە خوایەتی دەکات ئەمەش پێچەوانەی رای ژمارەیەك لەشارەزایانی شوێنەوارو مێژووی دێرینە کە نەخشەکە بۆچاخی یەکتا پەرستی دەبەنەوە کە جێگای گومانە.

٢-پاشماوەی ئەو رەنگە سوورەی کە بەنەخشی بنمیچی لای راسی هەیوانەکەوە دیارە نیشانیدەدات کە نەخشەکە لەسەردەمی مادەکانا بەو رەنگە بۆ یەکرابێت. ئەو رەنگەش نیشانەی خوێنە کەسەرچاوەکەی لەشەڕەکەوە وەرگیراوە کە تابلۆکە بەگشتی دەربڕینی لێدەکات. نەك وەکو ئەوەی نووسەر بۆی چووە کە هێمای خوای مانگ بەدوو رەنگی سەوزو سوور بۆیەکراوە. ئەو شێوە سەوزەی کە رەشید بە بۆیەی داناوە وادیارە پەیوەندی بەو بارانە ترشەلۆکییە وەهەیە کەلەوەرزی زستاندا دەبارێ و بەهۆیەوە ئەو توێژە سەوزە بەسەر بەردەکەوە بەجێدەهێڵێت. ئەو رەنگە سوورەش پێیدەچێت لەبیرێکی فەلسەفییەوە سەریهەڵدابێت کەکارتێکردنی بیری فەلسەفی یۆنانی بەسەرەوە هەبێت.

٣-ئەو چاخەی ئەو نەخشەی تیادا هەڵکۆڵراوە پێیدەچێت سەردەمی ئاوەدانی و خۆشگوزەرانی دانیشتوانەکە بووبێت بەهۆی ئەوەی هێمای مانگو ئەستێرەی زوهرەی لەسەر هەڵکۆڵراوە،[xxxvii] ئەو ئەستێرانەش گیاندارێکی پیرۆزن و بەردەوامی بەژیان دەدەن هەروەها لەدایکبوانیش زۆر دەکەن. مرۆڤیش لەشەودا بۆ ئاسمان دەڕوانێ و ئەو ئەستێرانە دەکەونە

بەرچاوی هەر بەوەش دەیانکاتە هێماو دەیانپەرستی هەروەها لەڕۆژیشدا خۆر دەبینێ.

---

پەراوێزەکان

[i]–طه باقر وفؤاد سفرز المرشد الى مواطن الاثار والحضارة الرحلة الرابعة. بغداد. كركوك. السليمانية. بغداد ١٩٦٥ ص٣١.

[ii]–د. تقي الدباغ. محاضرات على طلاب كلية الاداب. قسم الاثار القديم. التاريخ اليوناني. السنة الثالثة ١٩٦٧–١٩٦٨.

[iii]–ادموندس. كردوترك وعرب. ترجمة جرجيس فتح الله. بغداد ١٩٧٣ ص١٩٣.

[iv]–ادموندس. كردوترك وعرب. ص١٩٣.

[v]–-ادموندس. كردو ترك وعرب ص١٩٣.

[vi]–خانم پروفسور (هايد مارى كخ) اززبان داريوش. مترجم. د پرويز رجبى ١٣٧٧ چاپ چهارم ص٣٢٨.

[vii]–ئى. م. دیاكۆنۆف. میدیا. برهان قانع لەفارسییەوە كردوویەتی بەكوردی چاپی یەكەم ١٩٧٨. ل٥٧٧–٥٧٨.

[viii]– كمال رشيد رحيم. دراسه تحليليه لمنحوتة مدفن قزقابان. مجله هزار مرد العدد ٢٢. كانون الاول ٢٠٠٢ ص١٦٤.

[ix]–تۆفیق وەهبی. دژێكی كەیانی لەباكووری سلێمانی. گۆڤاری كتێب. ژ. ٢تەمووزی ١٩٥٨ لا ٨٧.

[x]–كمال نوری مەعروف.منحوتة قزقبان. مجله سومر. العدد ٣٨ الجزء الاول والثاني ص٣٠٩–٣١٥.

[xi]–كمال نوری مەعروف. هێما لەنەخشە هەڵكۆڵراوەكەی قزقەپاندا . گۆڤاری هەزارمێرد ژ ٤ی حوزەیرانی ١٩٩٨.

[xii]–عباس قدياني. تاريخ اديان ومذاهب در ايران. تهران ١٣٧٤–ص٦٦–٧٠.

[xiii]–بڕوانە: خانم پروفسۆر (هايد مارى كخ). اززبان داريوش ص٣٣٦.

[xiv]–د. وليد الجادر وضياء العزاوي. الملابس والحلي عند الاشوريين. وزارة الثقافة والاعلام. بغداد ١٩٧٠ ص١١. كذلك: مجلة هزارمرد العدد ٤ السنة الاولى. حزيران ١٩٩٨ ص١١٣.

[xv]–د. وليد الجادر وضياء العزاوي. ص١٢ كذلك: محمدامين زكي. خلاصة تاريخ الكورد وكوردستان ج ١ ص٢٨٧ كذلك: مرى بوس. هخامنشيان. جلد دوم. ترجمة همايون صنعتي ص٣١–٣٢.

[xvi]– خانم پرفسور (هايد مارى كخ) اززبان داريوش. ص٢٣١.

[xvii]–انطوان مورتكات. الفن في العراق القديم. ترجمة وتعليق د. عيسى سلمان وسليم طه التكريتي. وزارة الاعلام. ص١٧٧–١٧٩–٢٣٠–٢٣٩. بغداد ١٩٨٠.

[xviii]–محمدأمين زكي. خلاصة تاريخ الكورد وكوردستان ص٢٨٧.

[xix]–اندرية بارو. بلاد اشور. ترجمة وتعليق د.عيسى سلمان وسليم طه التكريتي بغداد ١٩٨٠. ص٢٢٤ صورة E.

[xx]–د.غوستاف لوبون. حضارة الهند. نقله الى العربية عادل زعتر ط١ ١٩٤٨ ص٢٨١. كذلك: مرى بويس. هخامنشيان. ص٣٢.

[xxi]–تاريخ العالم. المجلد الثاني ص٤٤١–٤٤٢.

[xxii]–بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: خانم پروفسور (هايد مارى كخ) اززبان داريوش لا ٣٢٤ بەدواوە.

[xxiii]–عباس قدياني. تاريخ اديان ومذاهب در ايران ص٧١.

[xxiv]–د. فاضل عبدالواحد علي. محاضرات على طلاب كلية الاداب قسم الاثار القديم. مادة الشرق. السنة الثالثة ١٩٦٧–١٩٦٨. كذلك: جورج كونتينو. الحياة اليومية في بلاد بابل واشور. ترجمة وتعليق سليم طه التكريتي ط٢ بغداد ١٩٨٦ ص٤١٤.

[xxv]–بۆ زیاتر زانیاری لەسەر ئەو خوایە بڕوانە: جليل دوستخواەو. اوستا كهن ترين سرودهاى ايرانيان. چاپ چهارم. جلد اول تهران ١٣٧٧. لا٣٢٥ بەدواوە.

[xxvi]–ارنولد هاوزر. الفن والمجتمع عبر التاريخ. ترجمة فؤاد ذكريا. مراجعة احمد خاكي ج ١ ط٢ ص٤٦ /١٩٨٠.

[xxvii]–بڕوانە : ڕاپۆرتی مامۆستا ئەحمەدی حاجی مەهدی كە لەفایلی قزقەپان لەبەڕێوەبەرێتی شوێنەواری سلێمانی پارێزراوە. ژمارەكەی ٣/٣٧.

[xxviii]–دیاكۆنۆف. میدیا. لا٥٥٨.

[xxix]–مهندس جلال الدين اشتياني. زرتشت. مزديسناو حكومت. چاپ هفتم ١٣٧٤ ص٣٧.

[xxx]–مرى بويس. هخامنشيان.ص٣٢.

[xxxi]–نائل حنون. الالهة الام ودور الالهة (انانا–عشتار) في النصوص السومريةوالاكدية. مجلة سومر. العدد ٣٤. الجزء الاول والثاني ١٩٧٨.ص٢٥.

[xxxii]–دیاكۆنۆف. میدیا. لا٥٥٨

[xxxiii]–بڕوانە ڕاپۆرتەكەی مامۆستا ئەحمەدی حاجی مەهدی.

[xxxiv]–د. واثق اسماعيل الصالحي. المعتقدات الدينية في فترة الاحتلال الاخميني والسلوقي والفرثي. موسوعة الموصل الحضارية. المجلد الاول ط١. جامعة الموصل. ص٣٢١.

[xxxv]–هـ.د.ف.كيتو الاغريق، ترجمه عبدالرزاق يسرى. مراجعه د. محمد ضفر خفاجة دار الفكر العربى ١٩٦٢. ص١٠٩.

[xxxvi]–مجله المسكوكات ج١. المجلد الاول. تموز ١٩٦٩. ص١٣.

[xxxvii]–علي حسين الجابري الحوار الفلسفي بين حضارات الشرق القديمة وحضارة اليونان ١٩٨٥ ص٨٠.